# کوردستان! ئەی خۆشەویستم

پێشکێش بە باوکم
شێخ فەرەجولڵا زەکی کوردیی مەریوانی کە فێری کردم
مرۆڤایەتی و کوردستانم خۆش بوێ

# کوردستان! ئەی خۆشەویستم

بیرەوەرییەکانی
بەهیە فەرەجوڵا زەکیی مەریوانی

ئەنوەر سوڵتانی
لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
بۆ: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس و
کۆڕی ناوچەیی روحانیی بەهائییەکان لە سلێمانی
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بەهیە فەرەجوڵا زەکیی مەریوانی
کوردستان! ئەی خۆشەویستم – بیرەوەری
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٤١
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٢٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٢٧١ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: تریسکە ئەحمەد حەمید
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

"هەرچەندە ڕەنجی دووریت بکێشم، زیاتر باوەڕت پێ دەهێنم"

مەم و زین (*)

(*) ئەحمەدی خانی، مەم و زین (دێری ١٨٠٥)

لەبەر وەرگێڕاوی فرەنسایی مەم و زین.

وەرگێڕان: ساندرین ئەلێکسی و عاکیف حەسەن

(٢٠٠١)، لاپەڕە ٢٣٤

لە وەرگێڕاەکەی ئەلێکسی و حەسەندا ئاوای دەخوێنینەوە:

Et plus je souffrirai de la séparation/ Plus jaurai despoir en toi

# سوپاسنامه

له هیچ خەونێکیشمدا نەمدەدیت کە لە کۆتاییی ژیاندا بتوانم ئەم کتێبە بنووسم. لە ڕاستیدا، ئەوەم هەرگیز بۆ نەدەگونجا ئەگەر یارمەتیی گەلێک برادەری خۆشەویستم نەبوایە. یەکەم و لە هەمووان خۆشەویستتر، بەڕێز عەلی نەخجەوانی، کە سەرەڕای کاری زۆر هەرگیز لە هاندانم نەوەستا. ئەوەی من بەو قەرزدارم، وشە ناتوانێ بیگەیێنێ. من هەرگیز ڕێزدار هۆمەر دزەیی، سەرۆکی بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا لە بیر ناکەم، کە وەرگێڕانی شیعرەکەی من لە عەرەبییەوە بۆ ئینگلیزی تەنیا بەشێک بوو لە یارمەتییە گەورەکانی، من سوپاسی لەبن نەهاتووم ئاراستەی ئەو و هەر ئەو دەکەم.

سوپاسی پڕ بەدڵم بۆ خاتوو نەسرین بالوو، بۆ پێداچوونەوەی نووسراوەکە و ڕێزدار عەبدولقادر بریفکانی و خاتوونەکەی، دوکتۆر وریا ڕەواندزی، ڕێزدار فوئاد عارف، خاتوون دوڕییە عەونی و دوکتۆر موعین ئەفنانی، بۆ ئەو وێنانەی بۆیان ناردم، هەروەها بۆ هاندان و یاریدەی میهرەبانانەیان.

دڵم ئاسوودە نابێ ئەگەر هەروەها سوپاسی خۆم ئاراستەی هەموو ئەوانە نەکەم کە ناویانم لە بیر چووتەوە بەڵام یارمەتییەکانیان بۆ پوختەکردنی ئەم کارە، گەلێک گرینگ بوو. دواین، بەڵام نە کەمترین سوپاسم، ئاراستەی دوکتۆر موحسین عینایەت دەکەم بۆ سەرەتا نووسینی دڵئاوایانە و پێشنیازە بەنرخەکانی و هەروەها بۆ "فێلیسیتی" و هاوکاریکردنیان لەگەڵمدا لە نزیکەوە.

بەهیە فەرەجوللا گولیک

# وشەیەک

ئەوە دەسکەوت و هاندەرێک بوو بۆ من کە بۆ پێکهاتنی ئەم کتێبە ماوەیەکی زیاد لە دوو ساڵ لەگەڵ بەهیەدا کار بکەم. بەشی یەکەمی لەسەر بنەمای یاداشتەکانی خۆی و دوای وتووێژمان لەسەر تەلەفۆن و هەروەها سەردانێکی یەک هەفتەییدا نووسرا، کە ئەو هاتە مۆنترال بۆ ئەوەی لە پێناو ئامادەکردنی کتێبەکەدا داوای هاوکاریمان لێ بکا.

پێش کۆچی دواییکردنی، بەشی زۆری کتێبەکەی بۆ خوێنرایەوە و پەسندایەتیشی لێ وەرگیرا. خەڵکانی تر کاری بەشەکانی تریان ڕاپەڕاندووە، کە ئەگەرچی دوای خۆی نووسراون، دەرخەری ئەو شتانەن وا بەگوێرەی زانیارییان لەو، پێیان وایە خۆیشی هەر دەیویست ئەو شتانە بڵێت.

بەهیە دەیویست مافی کۆپیکردنی کتێبەکە بدرێتە ئەنجوومەنی بەهاییانی عێراق یا سلێمانی و دەقی کوردیی کتێبەکەش بکەوێتە بەردەستی هاووڵاتییانی کوردی خۆی لە ناوچەکە.

فێلیسیتی عینایەت

# پێشەکیی وەرگێڕ

هەموو کارەکە، لە تەلەفۆنێکی ڕێزدار هۆمەر دزەییەوە دەستی پێ کرد. ساڵی ٢٠٠٠ بوو من بەنووسینی بەرنامەیەکی هەفتانە بەناوی "چاپکراوی نوێ" کە تێیدا کتێبی کوردی و سەبارەت بە کوردم دەناساند، سووکە هاوکارییەکی دەنگی کوردیی ڕادیۆ ئەمەریکام دەکرد. لە ڕێگەی بەرنامەکەوە پێوەندییەکی مانگانەم لەگەڵ کاک هۆمەر، سەرۆکی ئەو دەمی ڕادیۆکە و بەرپرسانی تری دەنگی کوردی هەبوو، کە وتارەکانیان بەهۆی تەلەفۆنەوە بۆ تۆمار دەکردم.

پێشتر من کەوتبوومە سەروشوێنی دانەی دەستنووسی شەرەفنامەی بدلیسی لە کتێبخانەکانی جیهان و بە سۆراغی ٣٥ نوسخەم زانیبوو، تایبەتمەندییەکانیانم لە کتێبێکدا چاپ کردبوو[١]. کاک هۆمەر لە تەلەفۆنەکەیدا باسی خاتوونێکی بۆ کردم و گوتی کچی نەمر فەرەجولا زەکیی مەریوانییە و ٨٠ ساڵێکی تەمەنە و لە ئەمەریکا دەژی، ژمارە تەلەفۆنی ماڵەکەشی پێ دام و گوتی دەتوانی تەلەفۆنی بۆ بکەی و هەواڵی بپرسی. من کە هەرگیز نەمدەزانی لە وەچەی فەرەجولا زەکی کەسێک مابێتەوە و بەم هاسانییە دەنگم پێی بگا، لە خۆشییان هەر شاگەشکە بووم و دەستبەجێ هەمان شەو تەلەفۆنم کردە خزمەت کچی کەسێک کە مێژووی کورد قەرزداری کار و خەباتیەتی[٢].

---

١- بڕوانە: ئەنوەری سوڵتانی، "٣٥ دەستنووسی شەرەفنامەی بەتلیسی لە کتێبخانەکانی جیهان"، کتێبی ئەرزان، سوێد، ١٩٩٧.

٢- فەرەجولا زەکی دوای چاپەکەی ڤلادیمیر زێرنۆف لە سەنت پیترزبورگ، دووەم چاپی شەرەفنامەی بە هاوکاریی محەمەد عەلی عەونی، لە قاهیرە بڵاو کردەوە (ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی مانگی و، ١٨٨٦ یا ١٨٨٧ی زاینی) و دانەی =

"بەهیە خاتوون فەرەجولا زەکی" بەرووخۆشییەوە لەگەڵم دوا و بەدڵئاواییەوە وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە و هەر ئەو پێوەندییە ساکارە بووە هۆی دۆستایەتییەکی گەرم لە نێوانماندا، دۆستایەتییەک، کە هەتا ساڵی ٢٠٠٥ درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا من چەند نامەم ناردە خزمەتی و لای کەم مانگی جارێک تەلەفۆنم بۆ کرد. گەلێک پرسیاری بنەماڵەکەیان و بەتایبەت باوکیم لێ کرد و ویستم بزانم گەلۆ لە "چاپخانەی زانستیی کوردستان" ی باوکی لە قاهیرە هیچ نیشانەیەک ماوە؟ بەهیە خاتوون پیر بووبوو، مێردە ئەمەریکاییەکەی رۆبێرت گولیک، کۆچی دوایی کردبوو و تاقەتێکی زۆری بۆ نووسین نەمابوو. جگە لە چەند وشەیەک هیچی لە زمانی کوردی نەدەزانی و چەند رستەیەکی فارسیشی لە بیر مابوو کە لە دایکی وەرگرتبوو، منیش خۆ عەرەبیم نەدەزانی و لە ئەنجامدا پێوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتر بەزمانی ئینگلیزی بوو. تکام لێ کرد ئەگەر بتوانێ بیرەوەرییەکانی خۆی لەبارەی بەباوکیەوە بنووسێتەوە و تەنانەت تاقمێک پرسیارم بە نامە ناردە خزمەتی و داوام لێ کرد وەڵامیان بداتەوە. گوتی خەریکی رێکخستنی بیرەوەرییەکانیەتی

=وێنەهەڵگیراوی ئەو چاپەش بوو، کە محەمەدلوی عەباسی جارێکی تر لە تاران چاپی کردەوە و بوو بەبنەمای کاری مامۆستا هەژاری موکریانی بۆ وەرگێرانی کوردییە سۆرانییەکەی. دانەی چاپی فەرەجولا زەکی "ژیل" – واتە زیادکراوێکی لەمەڕ ئەمیرانی گەڵباخی هەیە، کە دوور نییە هەر خۆی نووسیبێتی. محەمەدلوی عەباسی لە سەرەتای چاپەکەی خۆیدا دەنووسێ: "شێخ فەرەجولا زەکی ئەلکوردی لە کاری ساغکردنەوە و پاککردنەوەی دەقی کتێبەکەدا ئەوپەڕی هەوڵ و وردبوونەوەی بەکار هێناوە." (بڕوانە: "شـرفنامـه – تاریخ مفـصل کردستان"، تألیف امیر شرفخان بدلیسي، با مقدمة و تعلیقات و فهارس به قلم محمد عباسي، چاپ سوم: انتشارات علمی، تهران ١٣٤٣ خورشیدی [ ١٩٦٥ میلادی]، صفحه صد و هفت مقدمه). بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دانەی ئەمیر سورەییا بەدرخان و دانەی مەدرەسەی عوسمانلی لە شاری حەڵەب کە سەرچاوەی کاری شێخ فەرەجولا بوون، بڕوانە سەرەوەتر (پەراوێزی ١)، لا ٩٣ تا ٩٦.

لەبارەی باوکیەوە، بەڵام زیاتر خزمەتەکانی باوکی بە ئاینی بەهایی تێدا باس کــــردووە و هەوڵ دەدا ئاوڕ لە لایەنی نەتەوایەتی و هەڵســــووڕاوییــــە کوردییەکانیشی بداتەوە و وەڵامی پرسیارەکانی منیش کەم و زۆر لەوێدا بگونجێنێ.

"شێخ فەرەجولا زەکیی مەریوانی" لە ساڵانی ژیانی قاهیرەیدا بووبووە ئیماندارێکی بەباوەڕی بەهایی و کتێبەکانی بەهائولا و ڕێبەرانی تری ئاینی بەهاییی لە چاپخانەکەیدا چاپ کردبوو. بەهیە خاتوون خۆی و مێردە ئەمەریکاییەکەشی هەر بەهایی بوون. ئەو دەیزانی من هیچ باوەڕێکی ئاینیم نییە و باس و خواسی نێوانمان تەنیا بەرەو کوردایەتی دەکێشم، بەڵام ئەو لە منیش کوردتر بوو، لە دوورەوڵاتیش هەر بیری لە کوردستان دەکردەوە. لە ڕاستیدا بەهیە خاتوون دوو ئەوینی گەورە لە دڵیدا پەنگیان خواردبووەوە: ئەوینی کوردستان و خۆشەویستیی ئاینی بەهایی. ئەو، ئەم دوو وانەیە لە قوتابخانەی مامۆستای باوکی فێر بووبوو، بەدرێژاییی تەمەن، لە قاهیرە و بەغدا و ئاریزۆنا لە بیری نەکردبوون. شتێک کە توانای پێ دابوو ئەو دوو شووتییە گەورەیە بە دەستێک هەڵبگرێ وا هەیە دڵفراوانی بەهاییيان بووبێت بۆ "تەحەمول" ی خەڵکانی تر و ڕێزگرتن لە هەموو بیر و بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی، تەنانەت هی ناحەزانی خۆشیان.

لە ساڵی ٢٠٠٥دا پێوەندیم لەگەڵ بەهیە خاتوون پچڕا و نامە و تەلەفۆنەکانم بێ وەڵام مانەوە. دەمزانی بەپێی تەمەن و نەخۆشی، ئەو بێ وەڵامییە دەبێ واتایەکی تاڵی هەبێت، هەرواش بوو. دۆستە جێگەی ڕێزەکەم لەو ساڵەدا کۆچی دوایيی کردبوو و بەمردنی ئەو، وەجاخی بنەماڵەی فەرەجولا زەکیی مەریوانی کوێر بووەوە، بەڵام یادی باوک و کچە خزمەتگوزارەکەی بۆ هەموو کات لەسەر تەتەڵەی زەینی ڕووناکبیرانی کورد دەمێنێ. گیانیان شاد بێت.

دوا بەدوای کۆچی دوایيی بەهیە خاتوون، کەوتمە هەوڵی دۆزینەوەی سەرەهەودایەک بۆ دەست ڕاگەیشتن بەو بیرەوەرییانەی وا خەریکی نووسینیان

بوو، بەشێکی کەمی لەسەر تەلەفۆن بۆ خوێندبوومەوە و لام وابوو دەبوایە لە شوێنێکی دانابێت. کەوتمە نامە نووسین بۆ ئەملا و ئەولا و بەهۆی میهرەبانیی دۆستێکەوە دووجار بەشداریی کۆنفرانسی ساڵانەی بەهاییانم کرد لە لەندەن و چاوم بەچەند کەس لە بەرپرسان و یەک لەوان، نوێنەرێکی "بیت العدلی جیهانیی بەهائیان" کەوت و لە هەموویانم تکا کرد، بەڵکو شوێنی ئەو بیرەوەرییانەم بۆ هەڵبگرن و ئامادەیی خۆم بۆ وەرگێڕانی کوردیی کتێبەکە پێ ڕاگەیاندن؛ بەتەلەفۆن و نامەش هەراسم بە هەمووان هەڵگرت. لە ماوەی ئەو هاتوچۆ و پێوەندییانەدا سینگ فراوانی و دڵ گەورەییی بەهاییانم بە کردەوە بینی. ئەوان گەرچی دەیانزانی من بەهایی نیم و هەر بەگشتی باوەڕی ئاینیم نییە، ئەوپەڕی هاوکارییان کردم و بەڕاستگۆیی و بێ فێڵییەوە حەواڵەی لایەنی جیاوازیان دەکردم کە هەر کام هەنگاوێک لە ئامانجەکەم نزیکیان دەکردمەوە. سەرەنجام لە "بیت العدلی جیهانیی بەهائیان" لە عەککا-وە بەنامە پێیان ڕاگەیاندم کە نوسخەی تایپکراوی بیرەوەرییەکانی بەهیە خاتوون نێردراوە بۆ ئەنجوومەنی بەهائیانی عێراق و ئەوان خۆیان وەری دەگێڕنە سەر "کوردیی عێراق" واتە نایدەنە من کە خەڵکی ڕۆهەڵاتی کوردستانم.

ئیتر وەک کەسێک کە ڕێگەیەکی دووری بڕیبێت و گەڕابێتەوە ماڵی خۆی، پاڵم لێ دایەوە و ئۆخژنێک بەدڵمدا هات کە بیرەوەرییەکانی دۆستی خۆشەویستم نەفەوتاون و ڕووی ڕووناکی دەبینن و لە ڕێگەی نووسینەکانی ئەوەوە گەلەکەمان ئاگەداری ژیان و هەڵسووڕانەکانی گەورەپیاوێکی وەک "فەرەجوڵا زەکی" دەبێت، کە مخابن تا ئێستا ژیننامەیەکی هەمەلایەنەی بۆ نەنووسراوە. ئیتر بڕیارم دا شوێنی مەسەلەکە نەگرم و وازی لێ بهێنم تا کاتێک کە کتێبەکە بەچاپکراوی دەبینم.

زۆری پێ نەچوو برای بەڕێزم کاک ڕەفیق ساڵح لە (بنکەی ژینەوە) ئیمەیلی بۆ ناردم و نووسی کە هەندێک برادەری بەهایی دەقی ئینگلیزیی بیرەوەرییەکانی (بەهیە خاتوون)یان هاوڕێ لەگەڵ تاقمێک وێنەی مێژوویی بەنرخ بردووەتە لای ئەو و ڕاوێژی ئەوەیان لەگەڵدا کردووە، کێ بۆیانی وەری

بگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ئەویش منی پێ پێشنیاز کردوون. کارەکە هەمیسان ڕووبەڕووی من بووەوە و نامە و ئیمەیل گەیشتنەوە دەستم. لە وەڵامی ئیمەیلی برادەرانی بەهایی عەرەبی عێراقدا ئامادەیی خۆم بۆ وەرگێڕانی بیرەوەرییەکان ڕاگەیاند و بەم کارەم ویستم بەینەتداریی خۆم بە بەهیە خاتوون دەرخستبێ و هەنگاوێکیشم بۆ ناساندنی ئەمر فەرەجوڵا زەکیی مەریوانی بە کۆمەڵگەی کورد هەڵهێنابێتەوە.

دەستم بەوەرگێڕانی بیرەوەرییەکان کرد و بە ماوەی دوو مانگێک کردمە کوردی و ناردمەوە بۆ برادەرانی بەهایی لە عێراق، بەو هیوایەی هاوڕێ لەگەڵ وێنەکاندا چاپ و بڵاوی بکەنەوە. ئەم چەند دێرەی ئێستاشم وەک پێشەکی نووسی بۆ ئەوەی ڕەوتی کارەکە و چۆنیەتیی پێوەندیم لەگەڵ نووسەر و کتێبەکەی ڕوون بکەمەوە و سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بەتایبەت "بیت العدلی جیهانیی بەهائیان" و بەتایبەت خاتوون میهرنوش مەجیدی بکەم لە لەندەن کە بەدەنگمەوە هات و سەرەتای پێوەندییەکانی بۆ دامەزراندم. ئەنجامی کارەکە بوو بەوەی دانەی بیرەوەرییەک زیندوو کرایەوە، کە زۆر وا هەبوو لەژێر تۆزی کتێبخانە و عەمباردا بخنکێ و لەناو بچێت. شایانی باسە کە وەرگێڕانی من لەبەر دەقێکی ئینگلیزی بەڕێوە چووە کە پێشتر ڕێزدار دوکتۆر موحسین عینایەت و خاتوو فیلیسی عینایەت پێیەوە خەریک بوون و بەتایپکراوی و بەهەندێک پەراوێز و یەک دوو بەشی زیادکراوەوە، نێرراوە بۆ لای من. گەرچی ئامانجی من تەنیا بیرەوەرییەکانی بەهیە خاتوون سەبارەت بە خۆی و باوکی و بنەماڵەکەی بوو، بەڵام بەشە ئاینییەکانی نەک هەر زیانێک بە کارەکە ناگەیەنن بگرە زانیارییەکی زۆریش دەدەن بە گەلی کورد و چارەنووسی پڕ ئازاری بەهاییان بە دەست مەلاکانی ئێرانەوە هاوچەشنە لەگەڵ چارەنووسی کورد، کە زیندانە و مەنفایە و ئاوارەیی بۆ خەڵکەکە و دواکەوتوویی ئابووری بۆ ناوچە لێقەوماوەکە.

سەرەتای ساڵی ٢٠١٠

ئەنوەر سوڵتانی – لەندەن

# پێشەکی

لە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوی گەورەی سەردەمی منداڵیدا، بەهیە فەرەجولا گولیک بەزمانێکی ساکار بەڵام ڕازاوە، بەرەو هەندێک نرخ و بایەخ دەئاژوێت کە ماوەیەکی زۆرە لە جیهاندا لە بیر کراون، بەڵام هێشتا بەشێکن لە کاراکتەری گەلی کورد. لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا کە دەیگێڕێتەوە، خوێنەر بەردەوام بایەخ دەداتە قورسی و قایمبوونی پێوەندیی لێک نزیکیی بنەماڵەیی و خۆشەویستیی قووڵ و وەفادارییان بەدایک و باوک. خوێنەر سەرنجی بەرەو نیشانەیەکی جیاکەرەوەی تریش دەکشێت: بیرئاواڵەییەک کە خۆی لە لاساییکردنەوەی کوێرانە دوور دەخاتەوە و تێگەیشتنێکی بەهێز لە حەقیقەت. کورد بەدرێژاییی مێژوو بەوە ناسراون کە ئازایەتییەکی نەترسانەیان هەبووە بۆ شەڕ لە پێناوی ئەو شتانەی وا باوەڕیان بەڕاستبوونیان بووە و بۆ سەربەخۆیی بیرکردنەوەیەک کە هیچ گوێ ناداتە باوەڕی مۆدەی ڕۆژ، بەڵام هێشتا، سەرەڕای ماتریالیسمی پەرەئەستێن لە جیهاندا، تێکەڵاوە لەگەڵ پێوەستبوونێک بە بایەخە ڕۆحییەکان و ئەوینی ڕاستەقینەی نیشتمانی کەسەکە (لەم باسەی ئێستادا، کوردستان) بەبێ ئەوەی پێشداوەرییەک لەسەر گەلانی تر بکرێ. نووسەر خۆی نموونەیەکە. سەرەڕای ئەوەی کە بەهیە لە پەروەردەی ڕۆئاواییدا چووبووە پێشەوە، مێردی بە ئەمەریکاییەک کردبوو، لە داوودەزگایەکی خاوەن دەسەڵات لە وڵاتە یەکگرتووەکان کاری دەکرد و لە هەموو ماوەی ژیانیدا تێکەڵاوی چالاکیی ڕووناکبیری بووبوو، ڕێز و خۆشەویستیی سەردەمی منداڵیی بۆ باوکی، واتە شێخ فەرەجولا زەکی خەڵکی گەلیەی کوردستان لە کەمیی نەدابوو و هیچ شوێنێکی دانەنابووە سەر ڕادەی شانازیکردنی بەکوردبوونەکەی خۆیشی. لە ئاواتەکانیدا، لە ڕوانگەیدا

و لەو بیر و بۆچوونەیدا کە باوەڕی پێی بوو و لە هەموو ماوەی ژیانیدا برەوی پێ دەدا، بەهەمان شێوەی باوکی خۆی مایەوە کوردێکی ڕاستەقینەی هاوولاتیی جیهان. بەبێ ئەوەی ناسنامەی کوردیی خۆی ون بکات، باوەڕی بەجیهانێکی یەکگرتوو هەبوو و کاریشی بۆ دەکرد. لە ڕاستیدا بەهیە ڕاستەوخۆ خزمەتی گەلەکەی خۆی کرد و نەیویست عێراق بەجێ بهێڵێ، بەلام تەنیا کاتێ لەوێ ڕۆیشت، لە پڕێکدا لەو شوێنەی وا بۆ ماوەی نزیک بە دە ساڵ بەدڵسۆزییەوە کار و خزمەتی تێدا دەکرد، دەرکرا، بەبێ ئەوەی هۆکارێکی بۆ دیاری بکەن.

گەرچی لە خاکی باو و باپیرانی دەرکرابوو، هەردەم خۆی لە پێناو چاکسازیی بارودۆخی جیهان بەخت کردبوو، بەلام وەک مامۆستایەکی کۆلێج لە ولاتە یەکگرتووەکان و لە گەلێک دۆستایەتی و چالاکیی خۆیدا، درێژەی دا بەدۆستایەتی و پەروەردەکردنی زۆر خوێندکاری کورد و عێراقی و برا و خوشکانێک کە لە پێوەندیاندا بوو.

هەندێک نووسراوەی بەهیە لە سەرانسەری جیهاندا بلاو بوونەتەوە. لەوانە، بەشداریکردنی لە هەندێک کتێبدا وەک ئەفریقیاییی خوێندەوار (١٩٦٢)، یا وەرگێڕدراوی عەرەبیی نهێنییەکانی شارسانیەتیی خوایی نووسراوی عەبدولبەها، بەڵێنی هەموو تەمەن نووسراوی جۆرج تاونس هێند و دوو بلاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەناوی منداڵەکەتان لە یەک سالانەوە تا شەش سالان و منداڵەکەتان داهاتووتانە (١٩٨٤). هەر چۆنێک بێت، نووسەر لەلایەن گەلی کوردەوە ڕێزی زۆری لێ گیراوە و دەگیرێت. مەیل و لایەنگریی کوردێکی زۆر، کە وەک گەنج یا منداڵ ئەوینداری بەرنامەیەکی ڕادیۆیی بەناوی "صديقة الاطفال" (دۆستی منداڵان) بوون، تا ئێستاش هەر زیندوو ماوەتەوە، بەرنامەیەک کە بەهیە بۆ ماوەی زیاد لە هەشت ساڵ لەسەر ڕادیۆی بەغدا بەڕێوەی دەبرد،

بەهەمان شێوە، مەیل و لایەنگریی ئەویش بەو منداڵانە و گەلێک خوشک و برایانی تری کوردی خۆی کە لەگەڵیاندا پێوەندیی مابوو. ناسراوترین

بیرەوەریی بەهیە لەلایەن عەبدولخالق عەلائەدینەوە تۆمار کراوە لە کتێبەکەیدا بەناوی دڵدار: شاعیری شۆڕشگێری کورد (بەغدا ١٩٨٥). یونس ڕەئووف دڵدار، کە مێشکی بەئاراستەی ڕۆحیدا دەڕۆیشت و گەلێکیش هەستیار بوو، تەنانەت دوای ئەوەش کە کوردی خوێندنی بەهیە بەهۆی پاڵپەستۆی ئەرک و کارەوە کۆتاییی پێ هات، بە بەردەوامی بەشداریی ئەو کۆبوونەوانەی دەکرد وا بەهیە و دایکی میوانداری بوون. دڵدار ئەوی بەباشی ناسیبوو و لە ڕادەیەکی بەرزی ئەخلاقیدا ڕێزی لێ دەگرت. لە ئەنجامدا، شەوقی دەرسەکانی بەهیەی هەبوو. وا دەردەکەوێ کە خۆشویستنەکەی ئەو لەو ئەزموونانەوە سەریان هەڵدابێ، گەرچی ئەو، بەگوێرەی تێگەیشتنی بەهیە، کەسێکی شەرمنیش بوو. بەهیە بەهەواڵی ئەویندار‌بوونی ئەو بەخۆی، نەزانیبوو. ئەو هەستیارییەکەی خۆی لە چەند شیعردا ڕاگەیاندووە کە بەهیە تەنیا چەند ساڵێک پێش ئێستا لێی ئاگەدار کرایەوە ئەویش کاتێک بوو کە داوایان لێ کرد بەشداریی وتووێژێکی ڕادیۆیی بکا سەبارەت بەدڵدار. شیعرەکەی دڵدار بەناوی "خەندەکەی بابی"، بزەی نائاسایی و تایبەخۆی بەهیەی خستووەتە بەرچاو کە هاوقوتابخانەییەکەی، مستەفا ئەمین، نووسەری ناودار و ڕۆژنامەنووسی میسر، تەنانەت لە تەمەنی پیریشدا هەر لە بیری مابوو، لە نامەیەکدا بۆ بەهیە ئاماژەی پێ کردبوو. ڕوانگەی دڵدار سەبارەت بە ڕۆناهی "بێ گەرد و خوایی" و "پەرییەکان کە دەستە دەستە... مەخمەر ڕادەخەن" هەروەها سڵاوکردنی لە "تیشکی هەتاو"، هەموو ئەوانە ڕێزی شاعیر لە ژیانی بێ خەوشی بەهیە دەردەخەن. ئەمڕۆ، نیوسەدە دوای مردنی ناوادەی، هەستی دڵدار بەنیسبەت ئەو، کە وەک سەرچاوەیەکی هیوای سەیر دەکا، دەکرێ وەک پێزانییەک دابنرێ بۆ تێکەڵاوبوونی بەهیە لەگەڵ کوردستان. ئێستا ئیتر ئەوە کە ڕێزی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی دەردەبڕێ. لەبەرئەوەی لە کتێبی (کوردستان! ئەی خۆشەویستم)دا، بەهیە دواین قسەکانی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکا کە ئەویش وشەی هیوا و خۆشەویستییە.

ئەو سەردەمەی وا جێگەی باسی کتێبەکەیە، پڕ بوو لە ڕووداو. میسر،

شوێنێک کە باوکی نووسەری لێ دەژیا و ئەویشی تێدا لەدایک بووبوو، لەگەڵ خۆ دوورخستنەوەی لە ئیمپراتۆریەتی پووکاوەی عوسمانی و لەناوچوونی دەزگای خەلافەت، لە ڕاگواستنێکی هەمەلایەنیدا بەرەو ئەوە دەڕۆیشت ببێتە ڕێبەری ڕووناکبیریی جیهانی عەرەب، خۆ ئەگەر سەرجەمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش نەبێت. میسرییەکان کەوتبوونە نێوان هێزەکانی نەریتیی ئیسلامی، کە جەمالودینی ئەفغانی ڕێبەرایەتیی دەکردن و ئاواتی مانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لەژێر ناوێکی تازەدا دەخواست و هێزی سەرهەڵداوی ڕووناکبیرانی نوێخواز، کە لوتفی ئەسید، قاسم ئەمین، سەعد زەغلوول، شێخ محەمەد عەبدە و ئەوانی تر ڕێبەرایەتییان دەکرد و هاندەریان نموونەی پێشکەوتووەکانی ئەورووپا بوو.

نووسەر، کاتێ باسی باوکی دەکا، بێ فیز و هەوایە و کاتێکیش کە رووی شێخ فەرەجولا، وەک مێردێکی باش و باوکێکی چاوەدێر، توێژینەرێکی ئازا و خاوەن بیرێکی سەربەخۆ دەکێشێتەوە، هێمن و لەسەرخۆیە. لە ڕاستیشدا ناوبراو مرۆڤێکی لە ڕادەی ئاسایی بەرزتر بوو، ئەو دەورەی کە لە ماوەی ئاژاوەکانی میسردا گێڕای، سەربەخۆیی ڕاستەقینەی کەسایەتیی کوردی و هۆشیاریی زگماکی ئەوی دەرخست. ئەو، شارەکەی خۆی بەشوێن زانیاریدا بەجێ هێشت، بەڵام بەو زانیارییە نەریتییانە ڕازی نەبوو کە دەیتوانی هەموو ئەو شتانەی بداتێ کە خەڵکانی تر لە بارودۆخی ئەودا دەیانویست: ڕێز، ناوبەدەرەوەیی و ژیانی باش. ئەو بەزەحمەتی زۆر بەدوای ئەو ڕاستییەدا گەڕا کە دەیتوانی یارمەتیی گەلەکەی بدا و جیهانی نەخۆش چاک بکاتەوە و بە ڕێنوێنیی دەنگێکی دەروونی بەرەو ئاراستەیەکی دوورەدەست ڕۆیی، بەدوای وەڵام بۆ ئەو پرسیارە سەرنجڕاکێشانەدا گەڕا کە چۆن چارەسەری ئازارەکانی گەلەکەی بکا. کاتێکیش کە خواستی دڵی خۆی دۆزییەوە، بەوە ڕازی نەبوو کە وەک بیروباوەڕێکی تاکەکەسی، تەنیا بۆ خۆی ڕابگرێ، لەبەرئەوەی کارتێکەریی بیروباوەڕەکەی لە پێناو چارەسەرکردندا هەست پێ دەکرد و دەیزانی کە بیروباوەڕەکە دەبێ بەهەموو واتایەکی وشە ڕابگوێزرێتە

ناو وڵاتەکەی. ئەو بە ئەرکی خۆی دەزانی کۆمەڵانی هەرچەندە زیاتر و بەرفراوانتری خەڵک لەگەڵ خۆیدا هاوبەش بکا و بەم شێوەیە، شێخ فەرەجوڵا بوو بەنووسەر و بڵاوکەرەوەی ئەدەبیاتی بەهایی و یەک لەو "خوێندکار و مامۆستا بەنرخەکانی زانستگەی ئەلئەزهەر" کە چووە بەر ڕووناکیی شۆڕشی نوێ* و درێژەی دا بە بڵاوکردنەوەی ڕووناکی لە میسر و بەشداریی کرد لە بەرەو پێشبردنی ئەو وڵاتە پڕ لە شانازییە، بەرەو ئامانجە ڕۆحییەکانی.

دۆزینەوەی ئاینی بەهایی لەو سەردەمەدا نابێ کارێکی ئاسایی بووبێت. وەک لە سەرەوە گوترا، میسری ئەودەم گۆڕەپانی شەڕی نێوان تێزی کۆنباو و نوێباو بوو، چ لە بواری سیاسەتدا بووبێت و چ ئاین. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە پووچانەوەدا بوو لەبەرئەوەی هەرێمە ئەوروپاییەکانی لێ جیا بووبوونەوە، دەسەڵاتێکی کەمی لە باکوری ئەفریقیا مابوو، چنگیشی خەریک بوو لە هەرێمە عەرەبەکان دەبووەوە. بۆ ماوەی نزیک بە شەش سەدە، دوو داوودەزگا لە تورکیا هەبوون کە کۆنترۆڵی سەرتاسەری ئیمپراتۆریەتەکەیان دەکرد: دەزگا ئاینییەکانی ئیمپراتۆری و سوپا گەورەکەی، کە پێش سەرهەڵدانی هێزە عەلمانییەکانی ڕۆئاوا، ناسیۆنالیسمی عەرەب و تەنگژە داراییەکانی خۆی، هەردووکیان خەریک بوون دەسەڵاتیان لە دەست دەچوو. کاتێ کەلەبەری نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا کەمتر بووەوە و بەربەستە کولتوورییەکان لاواز بوون، دانیشتوانی موسڵمان، بەتایبەت لە میسر، بەسەرسوورمانەوە دیتیان چەندە لە ئەوروپاییەکان دواکەوتوون. هەموو لەسەر ئەوە پێک هاتبوون کە بۆ گەیشتن و گرتنەوەی شارسانیەتی بەخێرایی پێشکەوتووی ڕۆئاوا، گۆڕانکاریی بنەڕەتی پێویستە. ڕێبەرەکان تەنیا لەسەر ئەوە ناکۆک بوون کە دەبوایە لە کوێوە دەست پێ بکرایە. هەندێکیان لەگەڵ باوەڕی جەمالودینی ئەفغانیدا بوون کە گۆڕانکاریی سیاسی دەبوایە خاڵی دەسپێک بێت، بەڵام لەسەر ئەو خاڵە جیاوازییان لە ناودا هەبوو کە گەلۆ ئەو گۆڕانکارییانە دەبێ لەناو چەمکی ئیسلامیدا بێت یا لەسەر هێڵی دیموکراسییەکانی ڕۆئاوا. ئەوانی تر، وەک شێخ محەمەد عەبدە، وایان بیر

دەکـردەوە کـە کـاریگـەرترین ڕێگا برێتـی بێت لـە گـۆڕانکاری لە خـوێندن و داوودەزگای پەروەردەیی، وەک (ئەلئەزهەر).

هیچ کام لەو زێدەڕۆییانە مێشکی ئەو لاوە کوردەیان ڕازی نەدەکرد، کە لە دڵیدا هەسـتی دەکرد هەرگیـز هیچ شـتێک کـەمتر لە نوێکردنەوەی بەگوڕ و توندوتیـژیی هەمـان ئەو هێزەی وا لە کۆندا هەناسـەی ژیـانی خسـتە ناو هۆزە مردووە عـەرەبەکـان، ناتوانێ نەتەوە موسڵمـانەکان بووبووژێنێـتەوە و جـارێکی تر بیـانبـاتەوە بەرزاییی شـانازییەکانی ڕابردوو. بـووژاندنەوەی نەتەوەش بەبێ دادپەروەری، بـەبێ ئـازادیی بیـرکـردنەوە جـێـبـەجێ نابێت؛ ئەو بنەمـا سەرەکییانەشی لە هیچ کام لە ڕێبازە چاکسازییەکاندا نەدەدیت. چاکسازیی سیـاسی تەنیـا کـەمێک زیاتر لە گـۆڕانی دەزگا و سـیاسـەت وەدی دەهێنێ. چاکـسـازی لە پەروەردەدا دەتـوانێ بـەرگـر بێت لە کـەمـبـوونـەوەی ڕێژەی بووژاندنەوەی ئەو دانیـشتـوانە کە پێشتـر ئاواتەکانیـان گۆڕیبێت و ڕوانگەیان لە ڕێگەی نـاسیـۆنالیـزم یا نوێخـوازییـەکی لە ڕادەبەدەرەوە، یـەک خسـتـبێت، دانیشتوانێک کە گەندەڵی و جیاوازی تێیاندا گەیشـتبێتە ڕادەیەک کە هیچ شتێک جگە لە ڕێنوێنییە ئاسمانییەکان و هێزی خوایی نەتوانێ لە خەستاییی تاریکیی ڕۆحییان دەربهێنێ.

زۆرێک لـە نەریت و فـەرمـوودەکـان ئـامـاژەیان بەو دووڕێـیـانە کـردووە، گـۆڕانکارییـەکـانی داهاتوو سـەلماندی کـە شـێخ فـەرەج ڕاسـتی دەکـرد. بیـرۆکـەکـانی ئەفغـانی گـەیشـتنە ئوسـووڵخـوازی و فـەناتیـزم، لە کـاتێکدا چاکسازییە پەروەردەییـەکانیش تەنیا باس و خواسی فێڵبازانە و گەندەڵیی زیاتریان بـەرهـەم هێنا. ژەنگی ئاکاریی فـەوتێنەری کـۆمـەڵگە ڕووی لە زیادی ناوە و پێشکەوتی زانست لە نەبوونی پێشکەوتێکی هاوڕێژە لە بایەخە ئاکاری و ئاینییەکاندا سەرلێشێواوی و وێرانکارییـەکی بەرهـەم هێناوە کە سالانێ پێ دەچێت چاک ببێـتـەوە. چاوگێـڕانی شـێخ فـەرەج لە ئەنجـامـدا گـەیاندییـە وانەکـانی بەهائیـەت و یـەک لە خـاوەن بیـرانـی زانیـار و نووسـەرانی هەمـوو سـەردەمـەکان، میـرزا ئەبولفـەزڵ. ژیان دڵی ئاخنیبوو، ڕووناکییەکی ئاسمانی

وای لێ کردبوو سەرلەنوێ هیوایەک بۆ مرۆڤایەتی بەچاو بکا. ئەو لە کۆتاییدا، سەرەڕای ئاگەداربوون لە ئەنجامی توندوتیژیی کارەکە، گەیشتە لایەنگریکردنی ئاینی بەهایی. بۆ هەڵوێست گرتنێکی بوێرانەی ئەوتۆ، ئەو لە پەناگەی سەلامەتیی زۆرایەتی هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی بچێتە ناو ڕیزی کەمایەتییەکی ئاینی کە ڕاو دەنران. ئەم هەنگاوە بەتەنیا بەسە بۆ ئەوەی فەرەجولا وەک مرۆڤێکی لە ڕادەی ئاسایی بەرزتر لە قەڵەم بدرێ.

بەڵام شێخ فەرەج کاری لەوە زیاتریشی کرد. ئەو بەخێرایی دەستی بەوە کرد مەناسیکی ئاینە نوێکەی جێبەجێ بکا و بە وردی لە پەیڕەوەکانی ورد ببێتەوە. ڕوانینی وردی بەپەیڕەوەکانیدا زەق و بەرچاون، جا چ سەرنجەکانی لەسەر هاوسەرەکەی وەک هاوبەشێکی هاومافی ژیانی بگرینە بەرچاو (ئەوەش لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی میسردا)، یا ئەو هەنگاوانەی وا بۆ پڕکردنەوەی کەلەبەری ڕووناکبیری لە نێوان نەخوێندەواریی هاوسەر و خوێندەواریی پێشکەوتووی خۆی هەڵی دەهێناوە، یا دڵنیابوونی لەوەی کە کچێک هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کوڕدا نییە، دڵنیاییەک کە توانای پێ دا بوو (بەهیە) بەچەشنێک پەروەردە بکا کە "جێگەی شانازیی پیاوان بێت"، یاخۆ، نووسینی کتێبێک کە تێیدا داوای لەناوبردنی شەڕ وەک کەرەسەیەکی جیاوازی دانانی نێوان نەتەوەکان و کۆمەڵانی مرۆڤ دەکرا و حەفتا ساڵ پێش ئێستا (لە ١٩٣٠یەکاندا) لە ناوچەیەک نووسی کە ئێستاش شەڕ بەدامەزراوێکی یاسایی دەزانرێ و ئێستاش جار بەجار دەبیسین کە داواکاری بۆ جیهادی پیرۆز وەک کەرەسەیەک بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکان بەرز دەبێتەوە.

بەنووسینی ئەم کتێبە، بەهیە بەشێک لەو قەرزە دەداتەوە کە بە شێخ فەرەجی هەیە و درێژە دەدا بەهەر ئەو وتووێژەی وا باوکی لەگەڵ هاوڕەگەزانی کوردی خۆی دەستی پێ کردبوو. بەهەمان پەتەش، ڕوانگەیەک ئاشکرا دەکا کە سەبارەت بەچارەنووسی گەلی کورد لە بواری تێگەیشتن لە نوێبوونەوەی ئاینی هەیەتی، کارێک کە ئێستا بەبەرچاوی هەموومانەوە ڕوو دەدا.

موحسین عینایەت – دیسەمبەری ٢٠٠٠

بەشی یەکەم

# ئەوینی کوردستان

"هۆ دڵەکەم، هێز لە لەشم وەربگرە

هۆ ڕۆحەکەم، هاوڕێی دڵم بە!

هەردووک پێکەوە بڕۆن و بچنە دیداری مەم....."

(مەم و زین)(١)

کاتێ باوکم مرد، بیست ساڵان بووم و تازە گەیشتبوومە بەغدا. ئەودەم لە شیعرێکدا نووسیم: "باوکە! ئەی خۆشەویستی ڕۆحم!" هەموو باوکان چەشنە ناسنامەیەک لەسەر منداڵەکانیان بەجێ دەهێڵن. شێخ فەرەجولاّ زیاد لە ڕادەیەکی ئاسایی شتی بەمن بەخشیوە. ئەو هەموو هیواکانی لە مندا کۆ کردبووەوە. بە بەردەوامی فێری دەکردم ئەوانەم خۆش بوێت کە لە کۆمەڵگەدا بە نزمی سەیر کراون و لە پەراوێزدا ڕاگیراون. لە کۆتاییدا تەنانەت مردنیشی دەرگەیەک بوو بۆم کرایەوە بەرەو گەیشتن بەو شتانەی کە خۆی فێری کردبووم. لەو ڕێگەیەوە فێر دەبووم کەسایەتیی ڕاستەقینەی گەلی کورد بناسم و ڕێبازێک بەرەو خودی کوردستان بگرمە بەر.

---

(١) ئەحمەدی خانی، مەم و زین (دێری ١٨٦٢ تا ١٨٦٣) لەبەر وەرگێڕاوی فرەنسایییەوە. مەم و زین، وەرگێڕانی ساندرین ئالێکسی و عاکیف حەسەن (٢٠٠١)، لاپەڕە ٢٣٩. وەرگێڕاوەکەی ئەوان بەم چەشنەیە:

mon coeur, sors de mon corps/ mon âme, accompagne mon coeur! / Partez tous les deux et allez voir Mem./Apportez-moi des nouvelles de Mem

من لە سەردەمێکدا گەورە بووم کە ڕێزگرتن لە دایک و باوک ئەوەندە گرینگ بوو، کە هیچ کەس وشەیەکی بە زماندا نەدەهات یا تەنانەت بیرێکی بەمێشکدا تێ نەدەپەڕی کە بۆ ئەوە ببێت ئەوان پێیان ناخۆش بێت. لەناو بنەماڵەی ئێمەدا ئەو ڕێزگرتنە زۆرە، لە ڕادەی ئاساییش بەدەر بوو. هەڵبەتە ئەو شێوە ڕاهاتنەی منیش لە ڕووی ترسەوە نەبوو. هەرگیز سزایەکی وا نەدەدرام کە ببێتە هۆی ئەوەی لە دایک و باوکم بترسم. ئەوە خۆشەویستیی ئەوان بوو لەوەی دەترساندم هەستیان بریندار بکەم.

هەستێکی سەمەرەی بنەماڵەیی هەموومانی بەیەکەوە بەستبوو، وەک ئەوەی کەسەکانی تریش ڕوخساری خۆمان بن، یا ئێمە، پەلێک، دەستێک، گوێچکەیەکی کەسەکان بین. بۆ ئێمە، ئەو پێوەندە ساکارە بەهۆی پێبەستێکی گەلێک گرینگترەوە قایمتر دەبوو. ئاینەکەمان ئێمەی بەیەکەوە بەستبوو. بیری نوێ، ڕوانینی نوێ بەرەو جیهان، ئەوینی نوێ کە دەوری بەهەر کاممان دەبەخشی بۆ ئەوەی لە جیهاندا بیگێڕین. هەر کاممان لەسەر ئەو باوەڕە بووین کە دەمانتوانی کارێک بکەین دەرد و ڕەنجی مرۆڤایەتیی پێ تیمار بکرێ.

گەرچی دەستمان بەهەموو مرۆڤایەتیش نەدەگەیشت، کورد ئەو بەشەی مرۆڤایەتی بوو، کە سەرنجی سەرەکیمان دەدایە سەری. شێخ فەرەجوڵا، کوردستانی بەجێ هێشتبوو بۆ ئەوەی وەڵامی پرسی گەلەکەی بدۆزێتەوە و هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەگەڕێتەوە ئەوێ. هەر چۆنێک بێت، ئەو خواستانەی وا لە وڵاتی جێگەی نیشتەجێبوون لێی دەخوازران و ئەو خزمەتانەی وا وەئەستۆی گرتبوون، بەرگریی بەڕێوەبردنی بەنامەکەیان لێ دەکرد. چوونی من بۆ بەغدا، تەنیا نوێنەرایەتیی یەکەم هەنگاوی ئەوی بەرەو خەون و حەزەکەی دەکرد. بەرنامەکەی برێتی بوو لەوەی کە دوای سەقامگیربوونی من، ئەویش و دایکیشم بێن بۆ لام و پێکەوە خزمەتی گەلەکەمان بکەین.

من لە کۆلێجی مامۆستایان لە بەغدا دەستم بە ئیش کردبوو، کە هەواڵی

مەرگی ئەوم پێ گەیشت بەرنامەکە ئیتر هەرگیز بەڕێوە نەدەچوو. خاتوونی بەڕێوەبەری کۆلێج ویستی قسەی لەگەڵدا بکەم و پێی گوتم تێلگرافێکم بۆ هاتووە.

دەستبەجێ کەوتمەوە بیری تکاکاریی دایکم بۆ ئەوەی ماوەیەکی درێژتر لە قاهیرە لەلای دایک و باوکم بمێنمەوە. ئەودەم دایکم لێم پاڕابووەوە لەوێ بمێنمـــــەوە و لە نزیک ئەوان بم. بەڵام باوکم هانی ڕۆیشـــتنی دابووم. هەڵبژاردنێکی ئەستەمم لە بەردەم بوو. بەڵام دەمزانی چ قەرزێکی گەورەمان لەسەر شانە، بەوڵاتەکەمان قەرزدار بووم و پێداویستییەکانی گەلەکەمم دەناسین. لە هەمووان گەورەتر، پێداویستیی بنەما ڕۆحییەکان بوو، من دەمویست هەر ئەو وانانە بڵێمەوە کە لەگەڵیاندا گەورە بووبووم. لە هەموو ماوەی تەمەنمدا چاوەڕوانی ئەوە بووم لە وڵاتەکەم نزیک ببمەوە و ئێستا لە کۆتاییدا هەڵبــژاردنی ڕاست لێم نزیک بووبووەوە. دەمــزانی ڕێگەم بەرەو کوردستانە. کاتێ هەواڵی تێلگرافەکەم پێ گەیشت، هەست بەتاوانکردن بۆ ئەوەی بە قسەی دایکم نەکردووە، دڵمی بریندار کرد. لام وابوو تێلگرافەکە باسی مردنی ئەوی تێدایە. بەڵام کە خوێندمەوە دیتم ئەوە باوکمە کۆچی دوایی کردووە. لەوە دەچوو هەردووکیانم لە دەست چووبێت. لەو کاتەدا، هەموو ئەو ساڵانەی وا لە قاهیرە بووم و شتیان لێ فێر بووبووم، هاتنە کۆتایی. ئەو گەمییە ئەوینەی وا هەرگاف بە پڕی ڕایان گرتبوو من تێیدا بە پارێزراوی وەستا بووم، ئێستا بووبووە جامێک و بەدەستمەوە بوو.

ئەو کارانەی وا وەک منداڵێک بەچاو بینیبووم یا لەگەڵ باوکم بەشداریم تێدا کردبوون، ساکار بوون. بەڵام دوای ئەوەی باوکم دڵێرانە هانی دام سەفەری بەغدا بکەم، زانیم کە پاڵنەرەکەی گەلێک قووڵ و ڕیشەدار بووە. بەبێ هیچ گومانێک ئەو لە کارەکەدا خواستەکانی خۆی دەبینی، کە زۆر پێش ئەوەش پەسند و ڕێنوێنیی "عەبدولبەها"ی لەسەر وەرگرتبوون. ئەو لە ڕێگەی ئاینی بەهاییەوە تێ گەیشتبوو کە ڕادەربڕین و بەشداربوونی خەڵکە کەمینەکان کارێکی سەرەکییە. ئەسڵ ئەوە بوو کە ئەو "هەمەچەشنییە،

گەوهەری کەماڵ و هۆکاری دەرکەوتنی جیلوەی خوایە."(٢)

تێگەیشتنی نوێ لە دەوری گەلی کورد لە جیهانی نوێدا هۆکارێکی زیاتر بوون بۆ ئەو پێوەندییانەی وا باوکم بەشێوەیەکی سروشتی و زۆر بەتوند و قایمی هەستی پێ دەکرد. کەسانی نزیک لە هەستی گەرمی باوکم لە قاهیرە، هەر ئەو کوردانە بوون کە بەدەورییەوە بوون. ئەوانیش، گەرچی لە کوردستان دوور کەوتبوونەوە، بەڵام خۆشەویستییان بەرانبەر بە گەل و وڵاتەکەیان پاراستبوو. هەروەها لەگەڵ بنەماڵەی گرینگی "سورەییا بەگ بەدرخان"دا برادەریمان هەبوو کە لە کوردستان وەک شا سەیر دەکرا. منداڵەکانیان، "حەققی" و "قودرەت"، زۆر جاران لەگەڵ مندا یارییان دەکرد لەبەرئەوەی باوکم دەیویست لە گەلەکەمان نزیک بم. هەروا لەگەڵیاندا بەدۆستیش ماینەوە هەتا خوێندنی من لە زانستگەی ئەمەریکاییی قاهیرە کۆتایی هات و لە بیرمە هەستێکی بەهێزمان هەبوو کە وەک کورد هەموومان یەک گەلین. کاتێ کە من هەڵبژێردرام بۆ ئەوەی پەیامی خواحافیزیی خوێندکاران بخوێنمەوە، ئەوان هەستیان دەکرد کە وەک کورد، هەست بەشانازی دەکەن.

بەم شێوەیە، ئەوەش هەر باوکم بوو کە ئەرکی پێوەندیدەر و میوانداریەتیی بۆ ئەو خوێندکارە کوردانە بەڕێوە دەبرد کە دەیانویست بچن بۆ زانستگەی ناوداری ئیسلامیی ئەزهەر. ڕێبەرانی کورد لە عێراق کە لەگەڵ باوکمدا ناسیاوییان هەبوو، قوتابییەکانیان دەنارده لای ئەو. وەک منداڵێک گوێم بۆ ئەوان ڕادەگرت و بەخۆمم دەگوت تۆ بڵێی هەرگیز فێری زمانەکە ببم. کاتێکیش یاریی نەریتیی خۆیان دەکرد من بەشەوقەوە سەیرم دەکردن، بەتایبەت (دامە)، کە باوکم تەختەیەکی گەورەی بۆ دروست کردبوو. دایکیشم لەم بابەتەوە بەشداریی دەکرد، یاخۆ لای کەم لەوانەدا کە ڕووداوێکی کولتوورییان تێدا بوو، پێوەندییان بەژیانی ناوماڵەوە پەیدا دەکرد، بەشدار

(٢) عەبدولبەها، هەڵبژاردەی نووسراوەکانی عەبدولبەها (١٩٧٨)، ژمارە ٢٢٥، لاپەڕە ٢٩١.

دەبوو. کاتێ کە باوکم پێی دەگوت خواردنی کوردی ئامادە دەکەم، دایکم و منیش دڵخۆش دەبووین، هەرچییەک باوکم لێی دەنا زۆر بەتام بوو!

من هەرگیز چیا ئەفسووناوییەکانی کوردستانم نەدیتبوو، ڕووبارە پڕ ئاوازەکانیشیم چاو پێ نەکەوتبوو. بەڵام ئەوینی بەربڵاوی باوکم بەسروشت و هەموو جانەوەرێک و حیکایەتەکانی سەبارەت بەو جیهانە سروشتییەی وا تێیدا گەورە ببووبوو، بووبووە بەشێک لە ڕوانینم سەبارەت بە وڵاتەکەمەوە. باوکم زۆر جاران دەیبردمە باغی ئاژەڵانی ناو بەدەرەوەی قاهیرە و پارکە ڕازاوەکانی، هەموو جارێکیش لەو کاتانەدا، دیتنی شتی زیندوو شوێنی لەسەر دادەنام. ئەو حیکایەتانەی وا لە پیشی خەودا بۆی دەگوتم باسی سەردەمی منداڵیی خۆی تێدا دەکرد و وا دەردەکەوت کە زۆر جاران سروشتیشی ئاوێتە دەبوو. یەکیانم لە بیرە، کە زۆریش سەرنجمی ڕاکێشا بوو. باوکم باسی ڕووداوێکی بۆ کردم کە لە شاخێ بوو هەوڵی دۆزینەوەی هەنگوینی دەدا کە زۆری پێ خۆش بوو. لە ناکاو ورچێک لێی نزیک بووبووەوە و باوکم ترسی زۆری لێ نیشتبوو. بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێ درێژ بووبوو خۆی لە خەو دابوو. فێڵەکەی سوودی بەخشیبوو! ورچەکە بەلایدا ڕۆیشتبوو بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێ بگەیێنێ.

باوکم هەروەها حیکایەتی سەلاحەدینی مەزن و کەسانی تری بۆ دەگێڕامەوە، کە وایان لێ دەکردم هەست بکەم منیش وەک ئەوم، واتە کوردم و نەوەی قارەمانانم. لەبەرئەوەی تاقە منداڵی بووم، زۆرم لێ نزیک بوو هەر ئەو پێوەرانەی بۆ دادەنام کە ئەگەر کوڕی بووبوایە بۆی دادەنا. من هەم کوڕی بووم و هەم کچ. بۆ شێخ و مەلایەک و پیاوێکی ئەو سەردەمە زۆر شتێکی نائاسایی بوو پێوەندیی وای لەگەڵ کچەکەیدا هەبێت و ئەوەندە بایەخ بداتە سەر پێشکەوتی هۆشیاریی ئەو. کاتێ کە ئێستا بیر لەو دەکەمەوە دەبینم شێوازی مۆدێرنی پەروەردەکردنی کچی لە ژینگەی نەریتیی ئیسلامیدا ڕەچاو کردبوو. هەر بەمنداڵی زۆر جار دەیبردمە ئەو چاوپێکەوتنانەی وا لەگەڵ خەڵکانی گرینگدا دەیکرد. ئەو کارە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئەو

سـەردەمـانەدا بـەڕێوە نەدەبرا. بۆ شـێخ و مـەلایەک بـەکـارێکی بـەڕێ و جێ دەزانرا کە کوڕەکەی لەگەڵیدا بڕوا، نەک کچـەکەی. بەڵام هـەر چۆنێک بێت ئەو ئەم کارەی لەژێر کارتێکەری ڕاسپاردەکانی بەهائیـەتدا دەکرد، کە یەکیـان بەرانبەربوونی پیاو و ژنە و هانی ژنان دەدا "قارەمـانییەت و توانا و نەترسیی پیاوان لە خۆیان بنوێنن."(٣)

باوکم بنەمـای نوێی لەناو تێگەیشـتنێکی نوێ لە نەریتی کـوردەواریدا تواندبووەوە. لە هـەوڵی ئەوەدا بوو کە فێرم بکا ببمـە خاوەن کەسایەتییەکی وا باش، باوکم گەلێک جار دەستنیشـانی ناسنامـەی کوردیی خۆمانی دەکرد. کاتێ کە من لە تەمـەنی مێرمنداڵیدا بووم، شەوێکیان کارێکی پێ ئەسپاردم. تاریک بوو منیش گـوتم دەترسم. ئەو لە دژم وەسـتـا و گـوتی: "بۆ کـورد دەترسێ؟" لەم ڕێگەیەوە یارمـەتیی دام بزانم چۆن ئازایەتیم بهێنمـە کایەوە و بەسەر ترسدا زاڵ بم.

باوکی خـۆشـەویسـتم گـەلێک لـە سـەردەمی خـۆی پێش کـەوتبـوو. بنەمـای بەهائییـەت چووبووە قووڵاییی دڵیەوە و خـۆیشی لە کەڵک لێ وەرگرتنیاندا زۆر بەجـەرگ بوو. کاتێ لەگەڵ دایکمدا ژیانی خێزانیی پێک هێنا، تەمـەنی دایکم پازدە سـاڵ بوو، ژنێکی جوانی گەنج. گـەرچی لە خـوێندنی فـەرمـی بێ بەش کرابوو، بەڵام کەسێکی هۆشیار بوو، هەردەم خوازیاری چوونە قوتابخانە بوو. باوکم ئاگـەداری خـواسـتـەکەی بووبوو، ناوی لە قـوتابخـانە نووسـیـبـوو. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پێی ڕاگەیاندبوو کە "مـەهێڵە کەس بزانێ ئەوە ژنی تۆیـە." لەو سـەردەمـەدا ژنانی بە مـێـرد مـۆڵەتی ئەوەیان پـێ نەدەدرا بچـنە قـوتابخـانە، تەنانەت باوکی خـۆیشی ڕقی هەسـتـابوو و بە باوکـمی گوتبـوو: "شێخ فەرەجوڵا، من کچم نەداوەتە تۆ بینێریە قوتابخانە!" و داوای لێ کردبوو تەڵاقی بدا.

---

(٣) عەبدولبەها، سەبارەت بە ژنان، لە گردەکۆییەکاندا، بەرگی ٢، گردەکۆیی بەشی لێکۆڵینەوەی بەیتولعەدلی گەردوونی (١٩٩١)، لاپەڕە ٣٦٠

له هەنگاوێکی تردا بۆ بەڕێوەبردنی نەریتی کوردەواری لە پێناو ڕێزگرتن لە ژنان و بەرەو یەکسانیی پیاو و ژن، باوکم رووپۆشی لەسەر دایکم لابرد و بەوەش جارێکی تر تا ئەوپەڕی تووڕەیی برد. باپیرەم داوای کرد کچەکەی لە باوکم جیا بێتەوە، بەڵام باوکم وەڵامی دایەوە و گوتی: "من ژنێکم هەیە هۆشیارە و خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزە، دەمەوێ خواستی لە پێناو زانین و تێگەیشتن بێتە جێ و شانازییەکانی بە تەواوەتی بپارێزرێن."

تامەزرۆیی باوکم بۆ فێربوون و خوێندن دەرەتانی ئەوەی پێ دەدا کە هەموو دەرفەتێک بداتە هاوسەرەکەی بۆ ئەوەی فێری شت بێت. مامۆستایەکی تایبەتی بۆ گرت فێری عەرەبیی بکا و مامۆستایەکی تریش بۆ زمانی فرەنسی. ئای لەبەر ئەو خۆشییەی بەنسیبی دایکم بوو! هەموو ڕۆژێک بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی مامۆستاکان دەمایەوە. لە بیرمە چەند سەعاتێکی زۆر خۆی بۆ وانەکان ئامادە دەکرد. دەستخەتی جوان بوو، پەرۆشی ئەوەی هەبوو نهێنییەکانی زانین بۆ خۆی ئاشکرا بکا.

بۆچوونی دایک و باوکم لەمەڕ گرینگایەتیدان بەپەروەردە و خوێندن گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە هەرچی کات زیاتر تێپەڕ دەبوو، من زێتر لە وانەکانی بەهائیەت تێ دەگەیشتم و زیاتریش پێ دەگەیشتم. هەر لە سەرەتاکانی گەنجیمەوە هەوڵی ئەوەم دەدا ببم بەمامۆستا. بە بەردەوامی ئەو وانانەی "عەبدولبەها"م لە بیر بوو کە فێری باوکمی کردبوو، ئەویش ئەوەی کە "مامۆستای باش بۆ ڕووناکی بەخشین وەک مۆم خۆی دەسووتێنێ."

ڕۆحێکی کراوە ماڵەکەمانی داگرتبوو. دایک و باوکم، پێکەوە، ڕۆحێکی بەردەوامی خۆشەویستی و "تەحەموول" یان هێنابووە ماڵەکەمانەوە، بەبێ ئەوەی سەبارەت بەهیچ ئاین و ڕەگەزێک دەمارگیریمان هەبێ. مزگەوتێک، کڵێسایەکی مەسیحییان و کەنیسەیەکی مووسایییان لە نزیک ماڵەکەمان بوون، من زۆرم پێ خۆش بوو گوێم لە دەنگی ناقووسی کڵێسا و بانگی بانگدەر بۆ نوێژکردن بێت. ڕۆژێکیان بە باوکم گوت: "باوە، جوولەکەکان ئەمرۆ جەژنیان بوو، دیتم دەچوون بۆ کەنیسە، لە دەرگەوە سەیری ژوورێم کرد و

جلوبەرگە بریقەدارەکەیانم بینی و گوێم بۆ ئاوازە ڕۆحانییەکانیان ڕاگرت."
باوکم گوتی: "بۆچی لە دەرگەوە سەیرت کردن؟ بۆ نەچوویتە ناوەوە و بەشداریی ڕێوڕەسمەکەیانت نەکرد؟" ئەوە ئاکاری باوکم بوو، ئاکاری پیاوێک کە فێری ئەوە بووبوو ڕێز لە هەموو ئاینێک بگرێت.

باشم لە بیرە، کاتێ کە مێرمنداڵێک بووم و دەچوومە قوتابخانەی ئەمەریکاییەکان لە قاهیرە، هەندێک لە هاوپۆلە موسڵمانەکانم، کە زۆریشم خۆش دەویستن و دەمویست ببنە هاوڕێم، خۆیان لێ دوور دەخستەوە، بەڕواڵەت لەبەرئەوەی وەک ڕێوڕەسمی ئاینەکانی تر، لە دەرسی ڕۆژانی یەکشەمی مەسیحییەکان و پۆلی ئینجیلی ئەوان و ئەو وتارانەدا بەشداریم کردبوو کە هەندێک جار لەلایەن قەشەی میوانی قوتابخانەکەمانەوە دەدرا. لە ڕوانگەی هاوپۆلەکانم، ئەو کارە بۆ من کە کچی شێخێک بووم ئابڕووچوونێکی لە ڕادەبەدەر بوو.

من لای باوکم قیژاندم و گوتم "ئەوان لەبەرچی دەبێ خۆم لێ لابدەن؟" "بۆچی لێپرسینەوەم لێ دەکەن؟" دایک و باوکم دڵنەواییان کردم و هانی ئەوەیان دام کە زیاتر تاقەت بێنم و زیاتر خەڵکم خۆش بوێت. ئەگەر بڕوای بەتینی ئەوان بەفێرکردنەکانی بەهائیەت نەبوایە، من کەسێکی هەناسەسارد دەبووم. ئەمڕۆکە من بەرهەمی ئەو شتانە وەردەگرم کە لە ماڵی بەهاییەکی کورددا فێریان بووم. تەنانەت ئەو هاوپۆلانەم کە ئەودەم سەریان دەنا سەرم، دواتر بوون بەخۆشەویستترین هاوڕێم، وا هەیە لەبەرئەوەی کە ئیتر گەورە بووبوون و پێ گەیشتبوون و زیاتر تێ دەگەیشتن.

لە سەردەمی مێرمنداڵیمدا مامۆستایەکم، ئەمەریکاییەک، کە بەگوێرەی سروشت زۆرخوێنگەرم بوو، نامەیەکی بۆ ناردم کە بمباتە سەر ئاینی مەسیح لەبەرئەوەی ئەویندارییی منی سەبارەت بەکۆبوونەوە ئاینی و چالاکییە مەسیحییەکان بینیبوو. من نامەکەیم ئاوا وەڵام دایەوە:

خاتوو.......... ی خۆشەویست!

بەگوێرەی بنەمایەکان "درەنگ کەوتن باشترە لە نەگەیشتن"، من لێرە ئەرکی وەڵامدانەوە بە پەیامە خۆشەویستەکەی تۆ لەسەر خۆم لادەبەم. وەک کەسێک کە لە هاماجێکی ئاینیدا گەورە بووە، مێشکم هەردەم پڕ بووە لە تەحەموول و ڕێزگرتنی هەموو تیپێک. دایک و باوکم بە بەردەوامی ئەو ڕاستییەیان تێدا پەروەردە کردووم کە هەموو ئاینێک لە یەک ڕەگەزدا پێکەوە یەک دەگرنەوە و هەر کامیان، لە باری مێژووییەوە تەواوکەری ئەوی تریانە. لەبەرئەوەی هەموویان درەوشاوەکانی ڕۆحیی سەرچاوەی یەک خوان... من هەمووکات حەزم لە خوێندنەوەی "پەندی سەر چیا"یە و وەک یەک لە گەورەترین نیعمەتەکانی خوای دەبینم کە بۆ مرۆڤایەتی دەرکەوتووە.

بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو فێرکردنە مەزنانەی وا پێشاندەری هەمان ڕۆح و هەمان ئاوازی ڕۆحین، هەروەها ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەرە مەزن و سرووشی پێکراوەکانی تر و ئەوانەی وا چاکە و خێریان گەیاندووەتە مرۆڤایەتی، لە هەمان ئاستدا دەبینم. ئەو سەدان ملیۆنە خەڵکەی چین، هیند و ئەفریقیا چییان لێ دەهات ئەگەر راسپاردەکانی محەمەد، گۆتاما بوودا، کۆنفوسیووس، لائوتسێ و ئەوانی تر نەبوایە؟ من بێگومان دان بەوەدا دەنێم کە بەهەڵە ناتەواوییەکی زۆر دراوەتە پاڵ ئەو وەدیهێنەرانەی گۆڕانکاری.

لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیات دەکەم کە بەڕۆحێکی تەحەمووڵەوە، کە یەک لە بنەما سەرەکییەکانی عیسایە، کەسان دەتوانن تێ بگەن کە ئەوەی وا هەندێک جار ئەو نەتەوانە لە باری ئاکارییەوە (ئەخلاقییەوە) گەڕاونەتەوە دواوە، بەهۆی هەڵەی ئەوانەوە نەبووە و ناشبێت.

لەگەڵ هەر ئیمانداریکی غەیرە مەسیحیدا دەتەوێت ڕاوێژ بکە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت و بێگومان سەریشت سووڕ بمێنێ لەوەی کە ئەو خەڵکانەش هەمان باوەڕیان هەیە کە تۆ هەتە، بڕوایان بەهەر ئەو بنەمایانە هێناوە کە بە بێ ئەملا و ئەولا وەک بناغەکانی عیسان. بە دڵنیاییەوە، ناسیاوی ڕاسپاردەکانی ئاینی بوودی هەی. ئاکادیمیستە ئەوروپییەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە عیسا شوێنی فێرکردنەکانی ئاینی بوودیی لەسەر بووە. من کتێبێکم هەیە کە پرۆفیسۆرێک بە ناوی "دوایت گودار" نووسیویەتی؛ ناوی کتێبەکە ئەوەیە: "گەلۆ عیسا باندۆری ( کاریگەری) بوودییەکانی لەسەر بووە؟" لەوێدا، نووسەر پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە بێگومان عیسا شوێنی بوودییەکانی لەسەر بووە.

بەش بەحاڵی خۆم، وەک بەهاییەک، لەگەڵ نووسەری کتێبەکەدا نیم و لام وایە کە عیسا و گواتما بوودا هەردووکیان کوڕی خوان و لە یەک سەرچاوەی خواییان نۆشیوە، گەورەیی خواش وەهایە کە جار بەجار بە گوێرەی خولە سیستەمێک، عیسا، محەمەد، مووسا و ئەوانی تر دەنێرێ و مەزنایەتیی خواش هیچ بەوە ناگۆڕێ. ئێمە کەسایەتیی پێغەمبەران وەک چەند ئاسۆیەکی جیاواز سەیر دەکەین کە هەمان دەلاقەیە هەتاوی لێ دەردێ. ئەوەش کە ئەوان دەیڵێن، قسەی خوایە.

هیوادارم لە هەموو ئەو قسانە ئەو ڕاستییە تێ بگەی کە من ئەوەندە نامەسیحی نیم کە تۆ لات وابوو. تاقە جیاوازیی نێوان تۆ و من ئەوەیە کە من لە مەسەلەی سیستەمی خواییدا ڕوانگەیەکی بەرفراوانترم هەیە لە تۆ. من ئەو پێغەمبەرانەی کە تۆ لات وایە درۆ و ساختەن، وەک قسەکەری خوا و وەک کوڕانی خوایان سەیر دەکەم. لام وایە بەڕوانگەیەکی ئەوتۆوە خەڵک باشتر لەگەڵ هاوتیرەی مرۆڤی خۆیاندا دەگونجێن تا ئەو ڕوانگە بەرچاوتەنگەی

کە ئەرکی ڕێزگرتن، لە چوارچێوەی تاقە پێغەمبەرێکدا بەربەست دەکـا. ڕوانگەیەکی وا، بەبۆچوونی هەژارانەی من، زیاتر لەگەڵ ئوسووڵی باوەڕی عیسادا یەک دەگرێتەوە کە هەموو مرۆڤێک وەک برای یەکتر سەیر دەکا، هەتا ئەو باوەڕەی کە بەداخەوە تۆ هەتە. جا تکایە لێم ببووری بۆ نامە دوور و درێژەکەم. من بەشێوەیەکی ساکار دەمەوێ قایلتان بکەم کە لە بنەماکانی مەسیحییەت تێ گەیشتووم و باوەڕیشم پێیان هەیە....

دڵسۆزتان

لە خوێندنەوەی دووبارەی ئەم نامەیەدا سووربوونێکی قورس و قایم دەبینم، کەوا هەیە زۆریش توندوتیژ بێت. باوکم تا کوێ چووبوو، سەیری چەند دیاردەی نوێی کردبوو و بە پێشوازیی چەند گۆڕانکاریی نوێوە چووبوو؟ ئەوانە بۆی زۆر ئەستەمتر بوون لە مانەوە لەسەر یەک تاقە ئاین کە تاکێک دەکرێ هەیبێت. ئەم سووربوونە لەسەر بڕیار، گەرچی دایک و باوک فێریان کردبووم و بەهۆی تەنگژەی ژیان لە ڕێگەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگەی دەوروبەرەوە لە زیادیی دابوو، بەڵام بۆم یارمەتیدەرێک بوو.

لەسەر خوێندنەوەکەم مامەوە. کاتێ کە بەکالۆریۆسم تەواو کرد، دەرفەتی ئەوەم بۆ گونجا کە بوورسییەیەک بۆ خوێندن لە ئەمەریکا وەربگرم. بیرم لەوە کردەوە بچم و لەوێ لەسەر دوکتۆراکەم کار بکەم. بەڵام هەر چۆنێک بێت، تاسەم بۆ دیتنی خاکی باو و باپیرانم گەلێک بەهێزتر بوو، جا کاتێ کە خوێندنەکەم کۆتاییی هات، بڕیارم دا بچم بۆ بەغدا.

لەوێ دەرفەتێکی باشم دەست کەوت بۆ دامەزران وەک وانەبێژی کچان لە کۆلێجی مامۆستایانی ژن (دار المعلمات). ئەم کارە لە هەندێک بنەماڵەی گەلێک بەڕێزی کورد نزیکی کردمەوە. ئەوەش لە سەردەمێکدا بوو کە باوکم کۆچی دوایی کرد، جا زۆرێک لەو خەڵکانە ماڵەکەی منیان دۆزییەوە و بۆ سەرەخۆشیکردن و پشتگیری نواندن هاتنە ماڵێ. ئەو خەڵکانە کارێکی وایان

کرد کە هەست بکەم کچی ئەوانم، کچی هەموویانم، چیی تر بێ باوکیش نیم.

ناتوانم ئەمین ڕەواندزی نەجیب زادە فەرامۆش بکەم کە ئەویش هاتە سەردانم و دایکم و منی بانگهێشتن کرد بچین بۆ کوردستان. ئێمەش بانگهێشتنەکەیمان وەرگرت و خۆشیمان لەو میوانداری و میهرەبانی و ئەوینە بینی کە هاوسەرە خۆشەویستەکەی (ناجیە) بۆ ئێمەی پیشان دا. ناوبراو ژنێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو (پیرۆز)ی کچیشیان بەهەمان شێوە. پیرۆز لە کۆلێجی پەروەردەی مامۆستایان قوتابیی خۆم بوو. ئەو و قوتابییانی کوردی تر گەلێک شانازییان بەوە دەکرد کە مامۆستای وانەی سایکۆلۆجیی پەروەردەیان (من)ی کورد بوو.

لەو ماوەیەدا کە لە کوردستان بووین، تاسەی ئەوەم هەبوو سلێمانی ببینم. ئەوە هەمان ئەو ناوچەیە بوو کە بەباشی دەمناسی و بۆ ماوەیەکی زۆر پێش دیتنیشی، هەستی خۆشەویستیم بۆی هەبوو. هۆکاری ئەوەش ئەوە بوو کە سلێمانی شوێنێک بوو وا بەهائوللا بناغەدانەری ئاینی بەهایی، وەک پەناگەیەکی تاکەکەسیی خۆی هەڵی بژاردبوو و لەوێدا لەگەڵ خوا ڕاز و نیازی دەکرد. لەسەر ڕێگەی ڕۆیشتن بۆ سلێمانی، چەند ڕۆژێک لە کەرکووک ماینەوە و میوانی بنەماڵەی ڕەواندزی بووین. لەوێ دەرفەتی ئەوەمان هەبوو کە چاومان بەکوردانی مەزن ماڵی تریش بکەوێت. بە تایبەت ئەحمەد خانەقا و کچەکەی (مریەم خاتوون). هێشتا ڕوخساریان لە مێشکمدا بەڕوونی ماوەتەوە. ئەحمەد خانەقا کوڕی زۆری بوون کە ئەوانیشم چاو پێ کەوت. لە بیرمە ماڵێکی گەورەیان هەبوو، کە سۆفییەکان زۆر جار سەردانیان دەکرد. ئەو سەبارەت بە بەهائوللا شتی دەزانی و پێی گوتم کە هەندێک نووسراوەی ئەوی لەلایە و پێمیان دەدا، بەڵام کاتێ کە چوو مینەیان بکا وەبیری هاتەوە کە برادەرێکی بەئەمانەت لێی وەرگرتوون و ئیتر پێی نەداونەتەوە.

لە سلێمانی، خەڵکانی وام بینی کە باوکمیان دەناسی و یەکسەر دەستنیشانی ئەو کتێبەیان دەکرد کە لەسەر مێژووی کوردستان چاپی کردبوو (شەرەفنامەی بدلیسی. وەرگێڕ). دیسان لەلایەن برا و

خوشکەکانمەوە پێشوازیم لێ کرا وەک ئەوەی لەناو بنەماڵەی خۆماندا بم. قایمقامی سلێمانی، کە باوکمی دەناسی، کارێکی وای کرد کە هەست بکەم لەناو ماڵی خۆماندام. هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە چۆن ڕۆژێکیان هاوسەرەکەی جلوبەرگی کوردیی کردە بەرم و وێنەی گرتم.

لە چەند دەرفەتدا سەردانی (حەفسە خان) ژن برای شێخ مەحموودی حەفیدم کرد. ناوبراو ژنێکی مەزن بوو کە لەناو کۆمەڵگەی کورددا ڕێزی زۆری لێ دەگیرا. لە ماوەی مانەوەمدا لە سلێمانی، سەرنجم دا چۆن خەڵک بۆ ئامۆژگاری وەرگرتن، ڕێنوێنی وەرگرتن دەچوونە ماڵەکەی و کاتێک کە خۆیشم قسەم لەگەڵدا کرد تێگەیشتوویییەکەی شوێنی گەلێک زۆری لەسەر دانام. ناوبراو جوانترین دەستەی جلوبەرگی کوردیی دامێ، کە بۆ ماوەی چەندان ساڵ هەڵم گرتبوون و ئێستا لە مۆزەخانەی کوردیی شاری نیویۆرکن.

بانگهێشتنم بۆ کوردستان بۆ هەردەم وەک بەنرخترین دیاری لە یادمدا دەمێنێتەوە کە بنەماڵەی ڕەواندزی خەلاتیان کردم. بەلام لە ڕاستیدا ئەوان میهرەبانیی خۆیان لە زۆر ڕێگەوە پێ پێشان داین. جارێکیان ئەمین ڕەواندزی هەستی کرد زۆرم ئاژەڵ و باڵندە خۆش دەوێت. جا بە بەردەوامی باڵندەی جوانی بەدیاری بۆ دەناردم: کۆتر، کەڵەباب و تەنانەت سوێسکە، لەناو ڕکەدا. حەوشی پشتەوەی ماڵەکەم بەو بوونەوەرە پیرۆزانە ئاخنراو و ڕازاوە بووبوو، دایکی خۆشەویستم لەو شوێنەدا، کە بووبووە باخچەیەکی بچووکی ئاژەلان، دەحەوایەوە.

هیچ وشەیەک ناتوانێ دەربڕی ئەو خێروبێرە بێت کە ئێمە لە چاوەدێریی میهرەبانانەی برادەرانی کورد پێمان دەگەیشت. یونس ڕەئووف (دڵدار)، کە ئەوەندە بێ فیز و خاکەسار بوو هەرگیز تەنانەت پێی نەگوتم شاعیر بێت. ناوبراو بۆ ماوەی چەند مانگ وانەی کوردیی پێ دەگوتمەوە. زۆرجار دەهات بۆ سەردانمان و بۆ ئاخافتن سەبارەت بەبابەتی ڕۆحی لەگەڵ دایکمدا، بگرە فوئاد عارف و خەڵکانی تریشی لەگەڵ خۆی دەهێنا، کە ئەوانیش بوونە برادەری خۆشەویستمان.

ئەو لاوانەی وا دەهاتنە ماڵمان بۆ قسە و وتوویژ یا چاوپێکەوتن، هەموویان گەنجانی خوێندەواری کورد بوون. یونس گەلێک زانا و هۆشمەند بوو. ئەوەی کە ئەودەم باسی چیمان کردبێت ئێستا لە یادمدا نەماوە، گەرچی لە بیرمە هەردەم باسی خوای دەکرد و سەلماندنی بوونی خوا. زۆریش سەرنجی بەرەو ئاینی بەهایی ڕاکشابوو. دەبێ قسە و باسمان سەبارەت بەبوونی خواوە چووبێتە سەر نووسراوەکانی بەهایی و دووریش نییە بۆ سەر ڕوونکردنەوەکانی ئەبولفەزڵ لەمەڕ کاریگەریی سەرچاوەی هەموو (بوون) و دەرکەوتنی خوا (ئەبولفەزڵ یەکەم کەس بوو کە ئاینی بەهاییی فێری باوکم کرد. ئەو پیاوە مەزنە، پێش ئەوەی لە ساڵی ١٨٧٦دا ببێتە بەهایی، بەژیانی توێژینەوە لە ئاین ڕاهاتبوو و جارێکیش گەیشتبووە پلەی سەرۆکایەتیی کۆلێجێکی ئاینی)(٤). ئەبولفەزڵ دەنووسێ:

"داوەرییەکی بێ هەڵە ڕاستبوونی ئەو حەقیقەتە دەردەخا، کە دەست تێوەردانی هەوڵ لەلایەن خودێکی رووتەڵ (یەکەم هۆ)وە، نابەجێیە و شتێکی تەواو نەگونجاوە کە هەر چەشنە کردەوەیەک کە لە زاتی (موجەڕەد) بوەشێتەوە، بەهۆی کاریگەریی هەیکەل (قاوغ)ەوە نەبێت. ئەوە ڕاستییەکی وا بەرچاوە کە لە باس و وتوویژی مەنتیقیشدا دەردەکەوێ و لە ڕێگەی هەناسەی گرینگی خوایی و ڕوونبوونەوەی سروشتییەوە خەڵات (ی مرۆڤ) دەکرێت. نە یەکیی سەرەکی بەهۆی پتربوونەوەی درەوشانەوەکانییەوە بێ بایەخ دەبێت و نە هەتاو بەهۆی ژمارەی ئەو شوێنانەوە کە رۆناهییان دەداتێ دەبێتە شتێکی فرەچەشن. ڕۆحی هیچ تاکێکی مرۆڤ بەهۆی گۆڕانی لەشیەوە نە زیاد دەکا و نە کەم، ئەوەش بەهۆی گۆڕانی مەوادی ئەندامەکانیەوە هەر لە سەرەتای

(٤) مەدرەسەی مادەر شاه. مووجان مومێن، "حەواریوونی بەهائوڵا" لە حەسەن باڵیۆزیدا، پلە و پایەی بەها لە سەردەمی بەهائوڵادایە، بەهەندێک پێشینەی مێژووییەوە (١٩٨٥)، لاپەڕە ٢٦٤.

منداڵییەوە تا ئەودەمەی کە پەرپووت دەبێت و لەناو دەچێت.

لەبەرئەوەی تاقە شتێک کە لە تێگەیشتنی پێناسە و دەرکەوتنی وەحدەتدا دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ، یەکەتیی ڕۆحە نەک لەش. وەک پێشتر گوترا، لەش واتە هەیکەل هیچ نییە جگە لە کەرەسەی گەوهەر. گەوهەری خوا. گەوهەری خوای خاوەن شکۆش بەوە نابێت کە دەرخستنێکی کۆ، خۆی لە دەرخستنێکی کۆدا بنوێنێ. باوەڕهێنان بە وەحدەت بریتییە لەوەی کە ئەو زاتە تاکە لە چەندان خۆدەرخستندا بناسی؛ ئیمان بە یەکەتی بوون، گەڕانە بەدوای ڕووناکیی تاقە یەک خۆری ڕاستی لەناو شەوقی ڕۆژی هەمەڕەنگدا..."(٥)

من سەیری هەموو ئەو برادەرانەم وەک برا و خوشکی ڕاستەقینەی خۆم دەکرد. ئەوەشم لە بیرە کە لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنمەوە، ماجید مستەفا و هاوسەرەکەی (خاڵ و پووری فوئاد عارف) لە ڕێگەکەی خۆیان لایان دا بۆ ئەوەی بەخێرهاتنی من بکەن. ڕۆژێکیش سەرم بەوە سووڕما، کە شێخ مەحموود خۆی، کاتێ کە نەخۆش کەوتبووم، هاتە ماڵەکەم لە بەغدا. ناوبراو بایەخێکی وا زۆری بە شێخ فەرەجوڵا دابوو، کە لەگەڵ پیاوەکانیدا هاتبووە ماڵمان بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە چاوەدێریم لێ دەکرێ.

ئەوانە تەنیا چەند بیرەوەرییەکی منن لەو میهرەبانییانەی کە پێمان کرا. من هەموو ئەوانە لە باوکی خۆشەویستمەوە دەزانم. نەک تەنیا لەبەرئەوەی فێری کردم هاوڕێیانی کوردی خۆم خۆش بوێت، بگرە خۆشەویستنی ئەو بووبووە هۆی خۆشویستنی ئێمەش و وای لێ کردبوون کە لەو کاتانەدا کە ئێمە زیاترین پێویستیمان پێی هەبوو، برادەرمان بن.

---

(٥) میرزا ئەبولفەزڵ، سەلماندنی بەهائیەت (حجوج البهائیة) وەرگێڕان لە دەقی سەرەکیی عەرەبی لەلایەن عەلیقولی خانەوە، دانەی فەکس، لەبەر چاپی ١٩٢٩ (ساڵی ١٩٨٣)، لاپەڕە ١٤٧–١٤٨.

بەشی دووەم

# باوکم، شێخ فەرەجوڵا زەکی کوردی مەریوانی

١٨٦٩-١٩٣٧ز

"ڕۆشنایی لە دڵیدا سەری هەڵدا
نهێنییەکان خۆیان لە بەردەمی ئاشکرا کرد،
ئاوێنەی دڵی شەوقی دایەوە و
ڕاستەقینە جێی خەیاڵی گرت."
(مەم و زین)[١]

باوکم لە ساڵی (١٢٨٦ی کۆچی ١٨٦٩ ز) لە ( گەلیە) لەدایک بووە و بەهەموو نیشانەیەکدا وا دەردەکەوێ کە منداڵێکی ئاسایی کورد بووە. گەلیە گوندێکە لە ناو چیاکانی دەوروبەری مەریوان، شارێکی هێمن لە ڕۆئاوای کوردستانی ئێران و بەگوێرەی ئەو هێڵەی وا سنووری پێ دیاری دەکرێ، لە نزیکی سنوورەکانی عێراق هەڵکەوتووە. پێنج تا دە هەزار دانیشتووی هەیە. کاتێ کە لەدایک دەبێت، باوکی واتە حاجی عەبدوڕەحیم، مەزن (کوێخا)ی گوندەکە بووە.

(١) ئەحمەدی خانی، مەم و زین (دێری ١٨٢٢-١٨٣٣)، وەرگێڕراو لەبەر دەقی فەرەنسایی، مەم و زین، ل ٢٣٦. لە وەرگێڕاوی ئەلێکسی و حەسەندا ئاوا دەخوێنینەوە:

Les lumières apparaissent dans son coeur,/ Les secrets se dévoilent devant lui/. Le" ".miroir de son coeur se fait étincelant,/ Et limage est remplacée par le sens

ناوی دایکی باوکم (لەیلا) بووە. من ئەوە بۆیە دەزانم کە لە منداڵیدا و دوای (مـردنـی) ئەو، منی بـە (لەیلا) بانـگ دەکـرد. ئەو دایـکی زۆر خـۆش دەویـست، بەڵام بەشـێکی زۆری منداڵیی لەژێر دەسـتی باوەژندا گـەورە بووبوو. ئەو زۆر جـار ناوی "ئوم عـایشـە"ی دەبرد کـە پـوور واتە خـوشکی باوکی بوو، زۆری میـهرەبانیی لەگـەڵ باوکم کردبوو. ژیـانی ناو گوندەکەی شـێوە و شـێوازی بەباوکم دابوو. کـورد، بایەخی زۆر بەخــوێندن دەدەن و تـەنانـەت خــەڵکەکـە ئامـادەن لە گـوندە دوورەکانیشـەوە منداڵ بنێرنە ڕێگەی دوور، بۆ خـوێندن. خـەڵکێکی خاوەن بڕوای ئاینین و گرینگترین بابەت بۆ فـێربوون لەلای ئەوان فێربوونی ئاینییە، لەبەرئەوەی زانستی ئاینی لە ژیانیاندا دەورێکی گرینگتر لە زانســتـەکـانـی تر دەبینـێ. باوکم مـوسـڵـمـان بوو، وا گـەورە کـرابـوو کـە موسڵمان بێت. بەم شێوەیە، زۆر کارێکی ئاسایی بوو بۆی کە ببێتە مەلا.

بۆ کوڕێکی گـەلیـەیی، مـەریوان شـارێکی گەورە، سنە پێتـەخـتێکی دوور و بەغدا "دار السلام" ی ناسراوی جیـهان بوو. کوردان هۆگرییـەکی زۆریان بە بەغـدا و قـاهیـرە هـەیە، لەبەرئەوەی (خـەڵکی) هەردووکیـان لەسـەر ئاینزای سـونـەن. بۆ کـوردێک کـە بیـەوێ ببێ بە زانای ئاینی، دەرفـەت و دەرەتان لە شـانی ڕۆئاوای خۆی دەدۆزێتـەوە. بەڵام چۆن کوڕێکی وەک باوکم لە گوندێکی بچووکی کوردیدا بەو شتـە دەزانیێ؟ چی هانی دابێت بۆ ئەوەی بنەماڵە، گوند، عەشیـرەت و خـەڵکەکەی بەجێ بهێڵێت بۆ ئەوەی خۆی و بەختی بچێتـە ناو بێگانانەوە. سنووری عـێـراق تەنیـا دەوروبەری (دە مـیل) لە مـەریوانەوە دوور بوو، ڕێگەی سلێمـانیش بە چیاکـاندا تێپـەڕ دەبـوو و زۆریش لاڕێ بوو. بەڵام ئەگەر دڵ بیەوێت، بەربەستی سـەر ڕێ هیچ نییە. چاوبرسییەتیی کوڕەکەش بۆ خـوێندن هێندە بەهـێـز بوو کـە ئامـادە بێت گـوێڕایەڵی فـەرمـانـی مـحـەمـەد پێغـەمبـەری خـوا بێت کە گوتبووی: "بکەونە شـوێن خـوێندن، تەنانەت گـەر لە چینیش بێت." ئـەو بە گرینگایەتیی زانستیی دەزانـی، کە گرینگترین خـەڵاتی خوایە بۆ مرۆڤ.

"شـێخ فەرەجـولا زەکی کوردیی مـەریوانی"، بەو شـێوەیەی کە دواتر ناسـرا،

یەکەم جار لە تەمەنی مێرمنداڵیدا شوێنی لەدایکبوونی خۆی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی لە پێتەختی کوردستان (شاری سنە) وانە بخوێنێ. دوای ئەوەی ماوەیەکی کەم کە لە "دار الاحسان" دەخوێنێت، لەگەڵ کوڕانی مەلا ئەحمەددا دەچێ بۆ بەغدا و لەوێ دەچێتە فێرگەیەک بەناوی "أعظمیة". سێ ساڵ لە "دار السلام" دەمێنێتەوە، پاشڕا هەمیسان دەکەوێتە ڕێ و ئەمجار بەرەو قاهیرە.

خەون و ئاواتی ئەوە بوو بەشداریی زانستگەی هەزار ساڵەی ئاینی ئیسلامی یا مەلایەتیی ئەزهەر بکا. بەڵام ئەو ساڵە لە بەشی کوردیدا شوێن نەمابووەوە و ناچار بوو ئەو ساڵە لە فێرگەیەکی بچووکتر لە (منی الرودا) دەرس بخوێنێ. شوێنەکە لە ڕابردوودا دوورگەیەک بوو. کاتێ دەرگە کرایەوە، چوو بۆ ئەزهەر و بوو بەپسپۆڕی شەریعەت (یاسای ئیسلامی) و زمانی عەرەبی. لەوێ بوو کە کەسێک بە ناوی شێخ "بدرالدين القاضي" بە "ئەبولفەزڵ" مامۆستایەکی مەزنی ئاینی بەهاییی ناساند و ئەویش بەرەو توێژینەوە لەو ئاینە نوێیەی کێشا. بەم شێوەیە شێخ فەرەجولڵا "بوو بە چرایەک، کە میرزا ئەبولفەزڵ دای گیرساند." چرایەک کە چوارچێوەی ئاساییی خوێندنی فەلسەفە و ئاینی تێپەڕ کرد. کاتێ کە دڵان بەپاکژییەکی بێ خەوشەوە ڕوو دەکەنە پەیامی خوا، کار تێکەرییەکەش بە تەواوەتی جیاواز دەبێت، بەشێوەیەکی سروشتی، لە هەر کوێیەک شەوانە چرایەک هەڵبکرێ، خەڵکیشی بە دەورەوە کۆ دەبنەوە. کاتێک کە مەکۆیەکی ئەوتۆ دەبینی، وا هەیە بزانی کە چرا، تاریکییەکانی روون کردووەتەوە. چرای وا هەن کە رووناکییان کەمە. چرای واش هەن کە رووناکییان بێ سنوورە.... چرای ڕێنوێنییەکانی خوا، لە هەر کوێ هەڵکرا، ڕووناکیی خۆی دەهاوێتە ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا.[(٢)]

شێخ لە ناوەندی زانستە نەریتییە ئیسلامییەکاندا هانی گەلێک خوێندن و لێکۆڵینەوەی دابوو. گەرچی ڕاڤە و شرۆڤەی بەهایی لە هەندێک سوورەی

---

(٢) عەبدولبەها، یاسای ئاشتیی جیهانی، چاپی دووەم (١٩٨٢)، ل ١٩٤.

دیاریکراوی قورئان کاری تێ کردبوو، مێشکی شێوازخوازی گەنجی، بەسانایی شوێنی لەسەر دانەدەنرا. زۆری توێژینەوە کردبوو. بە شتێک گەیشتبوو کە چاوەڕوانی نەدەکرد، سەرچاوەیەکی نوێی پێشاندەری، کەرەسەیەک بۆ چارەسەری تەنگژەی نوێ و بەکردەوەی خەڵکانی جیهان، چرایەکی هەڵکراوی زانیاریی ڕۆحی کە بتوانێ ڕووناکیی متمانە بخاتە بەردەمی هەر کەسێک کە دەستی دەداتێ. جا بەهۆی ڕاست و بێ خەوشبوونی خۆیەوە، چرای دڵی بەرەو ئەو شتە ڕاگرت، دەشیزانی کە ئەگەر جارێک چرا دۆزرایەوە ئیتر گەڕانی دواتر بێ سوود دەبێت. لەوە بەدواوە بەوە ناسرا کە زانیاریی قووڵ، خۆبەختکەریی ئاینی، بڕوای بەرز و تامەزرۆیی و لەوانە سەرنجڕاکێشتر، ئاینێکی هەیە کە هێزی ئەوەی پێ داوە کاری داهێنەرانە و دلێرانە بکا و لە بەرانبەر ئەو سەختییانەدا بوەستێت کە هاوڕێی کارەکانە.

کاتێ کە میرزا ئەبولفەزل کتێبی "الدر البهائیة" (گەوهەری ڕۆناهیبەخش)ی نووسی، شێخ فەرەجولا ماوەیەکی زۆر نەبوو شارەزای ئاینی بەهایی بووبوو، و هێشتا بەئازایەتییەوە بڕیاری دا چاپی بکا. ئەوە ساڵی ١٩٠٠ بوو، سەرەتای سەدەی بیستەم، سەردەمێک کە چاوەڕوانی، زانستی نوێ، پەردە لادانی دڵڕاکێش و بیر و بۆچوونی ڕووناکیدار چرۆیان دەکرد و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش چاوەنواڕی گۆڕانکاریی قووڵی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری دەکرا. دەرگەی کۆمەڵگەی کۆنی نەریتی لە هەردوو بواری ئاین و سیاسەتدا بەرەو بیری نوێ دەکرایەوە. لەلایەکەوە، شێخ محەمەد عەبدە، لە پێناو گۆڕانکاری لە کردەوە و نەریتی کۆنباوە ئیسلامییەکاندا تێ دەکۆشا. لەلایەکی ترەوە، مامۆستایانی سێکیولار وەک لوتفی ئەسەید و تەها حوسەین و یاسازانی کورد- قاسم ئەمین، بۆ نوێکردنەوەی پەروەردە و ئازادیی ژنان دەجەنگان.

ئەو کتێبەی وا ئەبولفەزڵ نووسیبووی، نە تێکدەر بوو، نە ورووژێنەر. نامیلکەیەکی زانستییانە بوو کە لەوپەڕی ئایەتەکانی قورئانەوە شەوقێکی

نوێی دەخستە سەر دەسەڵاتی ئاسمانی و رەهەندێکی تازەی دەبەخشی بەباوەڕی ناو کتێبی خوا، کە هەر خۆی پەرجووێک (موعجیزە) بوو. کتێبەکە، بیری زانستیی لەگەڵ ڕوانگەی ئاینیدا ئاشت دەکردەوە و پردێکی لە نێوان زانست و ئاین، وەک دوو فەکتی حەقیقەت و بەرەو پێشچوونی مرۆڤ، هەڵدەبەست. هەروەها وەڵامی نوێی دەدایەوە بە هەندێک ئاڵۆزیی نێوان زانست و ئاین کە ئێستاش هەر تەنگژەیەکە لە بەردەم وەچەی نوێدا.(*)

کتێبەکە هەروەها لە باری چەسپاندن و بەڵگەهێنانەوە بۆ قورئان وەک پەسندی راستیی پەیامی خوایی حەزرەتی محەمەد، شاکارێکە. کتێبەکە جەخت دەکاتە سەر هێزی گۆڕانکار و ڕزگارییەخشی قورئان، نەک هەر بەرزیی شێواز و زمان پاراوییەکەی. ئەبولفەزڵ دەڵێ:

قورئان هۆزانی نەزان و بێ بەزەییی عەرەبستانی گۆڕی و کردنیە ڕێبەرانی زانین و گەلی خاوەن شارسانیەت. ئەبولفەزڵ دەڵێ ئەوە پەرجووێک بوو کە حەزرەتی محەمەد بەهۆی قورئانەوە کردی.

بەهەمان شێوە، ئەوەش گەلێک گرینگە کە کتێبی ئەبولفەزڵ لایەنگریی لە ئاشتیی نێوان موسڵمان و مەسیحی دەکرد. جیاوازییەکی ئەوەندە زۆر، کە کەم کەسێک لە هەردوو کۆمەڵگەی موسڵمان و مەسیحیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەن ئازایەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەویان هەبێت. بەتەنیشت بەرپەرچدانەوەی گەلێک ڕاگەیاندنی هەڵەی ئاسایی مەسیحیيان سەبارەت بەئیسلامەوە، ئەبولفەزڵ ناو لە هەندێ خەڵکانی تریش دەبات و پێیاندا هەڵدەڵێت کە ڕێز لە هاوبەشیی نێوان ئاینەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەگرن. نموونە لە (گاد عید) دەهێنێتەوە کە خاوەنی مەسیحیی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سووریاییە بەناوی (ثمرات الفنون)، کە لە وەڵامی توورەییەک کە بەهۆی هێرش ردنە سەر ئیسلامەوە لە ڕۆژنامەیەکی فەرەنساییدا وەدی هاتبوو، داکۆکیی لە "ئاینی ئیسلام"ی کردبوو وەک یەکێک لەو شارسانییەتانە

---

(*) بۆ هەڵبژاردەیەک لەم کتێبە، بڕوانە پاشکۆی ٤.

ناوی لێ بردبوو کە "خاوەن بیری ڕەسەن، ئازایەتی و ئازادیی بێ خەوشن"(٣)

ئەو ڕێز لێگرتنە زۆرە لە هەموو ئاینەکان و هەوڵدان لە پێناوی ئەو شتانەدا کە دەتوانێ لە نێوان ئیماندارەکانیاندا برادەری بئافرێنێت، بە تەواوەتی لەلایەن شێخ فەرەجولاوە ڕەچاو دەکرا. ئەو سەرنجی دایە سەر دۆزینەوەی ڕێگە بۆ بەرەو پێشبردنی هاودەنگی و لێک نزیککردنەوەی ئاینەکان بە ڕۆحێکی ڕێز لێگرتن و خۆشەویستییەوە کە بنەمای ئاینی بەهایین. هیچ گومانێک نییە کە ئەبولفەزڵ لەم ڕێبازەدا هەوڵی تایبەتی داوە و ئەوەش باندۆری زۆری لەسەر باوکم هەبووە. ئەبولفەزڵ بەشێوەیەکی بەربڵاو و بەخاوەن هەستییەوە، پێوەندیی لەگەڵ ئەندامان و ڕێبەرانی ئاینیی جیاجیادا هەبوو، هەردەم بە گشتی هەستی گەرمی بەنیسبەت خەڵکانی خاوەن کولتووری جیاواز لەناو هەردوو ئاینەکە و لەناو کۆمەڵگەی سەرەتایی بەهاییەکانیشدا پیشان دەدا. لەلای هەموو چاوەدێرێک ئاشکرا بوو کە ئەو ئەم برایەتییە جیهانییەی لە قووڵاییی دڵەوە قەبووڵ کردبوو و هەڵسوکەوتیشی بەبێ هیچ گومانێک شوێنی دانابووە سەر هەموو ئەوانەی وا ناسیبوویان. لەو نامیلکەیەدا کە باوکم چاپی کرد، ئەبولفەزڵ بەبێ پێچوپەنا خۆی بە بەهایی ناساندبوو. ئەو زۆری نووسیبوو، وانەی زۆری دادابوو و گەلێک لە مامۆستایانی ئیسلامی سەردەمی خۆی بەهۆی داکۆکیکردنی ئازایانەیەوە لە ئیسلام و گەنگەشەی سەرکەوتووانەی بۆ پشتگیری لە پەیامی خوایی محەمەد، کەوتبوونە شوێنی.

چاپی کتێبێک کە درێژەی بەو داکۆکییە باشە دابوو، لە هەمان کاتدا ئاماژەی بەوەش کردبوو کە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاینی بەهاییە، نەیدەتوانی هێرشکاریی پارێزخوازانە بەشوێن خۆیدا نەهێنێ، کە ئەوە شێوازی زۆرێک لە ڕێبەرانی هاوچەرخی موسڵمانە. دەربڕینی شتی وەک ئەوەی "ئێمەی بەهایی لامان وایە هەموو ئاینەکان لەلایەن خواوە ڕێک

(٣) میرزا ئەبولفەزڵ، موعجیزە و مەجاز، وەرگێڕاو لە عەرەبی و پەڕاوێز نووسینی خوان ڕیکاردۆ کۆل، (١٩٨١)، ل ٩٤.

خراون،" و " ئێمەی بەهایی لەو باوەڕەداین کە دەرکەوتنی نیشانەکانی خوا و سەرچاوەی دەرکەوتنی ئەو لە ڕاستیدا، بریتییە لە دەرکەوتنی هەموو ناو و سیفەتەکانی و شوێنی هاتنە خوارێی ئایەت و وتەکانی"، ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەبولفەزڵ ئەو ئاینە نوێیەشی خستبووە سەر ڕێبازی ڕووناکیی پەروەردەیەک کە خوا بۆ خەڵکانی جیهانی داناوە و دەرخستنی باوەڕ لەلایەن ئەوەوە، بەبوونی چەشنایەتی لە ئاینی مرۆڤدا، هیچ گومانێکی لەوەدا نەهێشتووەتەوە کە ڕێز لە خەڵکانی تری زیاد لەوانەی وا ئەهلی هەمان کتێبن، دەگرێ.

شێخ فەرەجولا، هاودەنگی ئەو بانگەوازە بوو و لە ئەنجامی چاپی کتێبەکەی ئەبولفەزڵدا تاقمێک لە مەلایانی موسڵمان پەنجەی تاوانیان بۆ درێژ کرد. ئەو تاوانبارکردنە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نەبوو، تا باوەڕ و بڕیارەکانی بشارێتەوە. هەندێک لە قوتابییان بەهاندانی گەورەترانی خۆیان کەوتنە سەروشوێنی.

لەلایەکی ترەوە شێخ محەمەد عەبدە، مەلای پایە بەرزی موسڵمان، داکۆکیی لێ کرد. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، لەو کاتەدا بوونە بەرگر لە بەرانبەر درێژەدانی خوێندنی باوکم لە ئەزهەر.

شێخ فەرەجولا، کە دوور بوو لەوەی بۆ چاپی ئەو کتێبە ڕووناککەرەوەیە داوای لێبووردن لە کەس بکا، دلێرانە درێژەی بەچاپکردنی هەندێک کتێبی تری ئەوتۆ دا، کە ڕووناکاییی نوێیان دەخستە سەر نەریتی کۆنباو و ئەو چەمکە هەڵانەی ڕابردوویان ڕاست دەکردەوە کە بەرەنگاری ڕاستەوخۆی زانستی نوێ و دۆزینەوەگەلی تازەیان دەکرد. لەم کارانەدا باوکم هیچ نەبوو جگە لە بڵاوکەرەوەیەک کە کار و کاسبیی خۆی دەکرد، بەڵام برەو پێدەرێکی بواری نوێکردنەوەی ئاینییش بوو کە دەیتوانی سەرلەنوێ خەڵک لە یەکتر نزیک بکاتەوە و کۆتایی بەگەلێک ئاڵۆزی بهێنێ کە تێیاندا بەردەوام ڕق و کینە بڵاو دەکرایەوە و بەدەنگی بەرز لە خەڵکانی جیهان داوای تۆڵەسەندنەوە دەکرا.

بەو جـەخـتـەدا کـە باوکم لـەسـەر دەوری ئـاوەز (عـەقڵ) بۆ ڕاڤـەی ئـاین و کـردەوەی ئاینیی دەکـرد، هاوڕێ لـەگـەڵ ئـەبـولفـەزڵ، هـەوڵی ئەوەی دەدا شـتی ئەسـتـەم و بـاوەڕی پڕوپووچ لـە ڕوانگـەیـەکی نوێوە باس بکا، بۆ ئـەوەش کـە ئاڵۆزیی نێوان چەمکی نەریتیی وا لەسەر بنەمای باوەڕی هەڵەئامێز دانرا بوون و بیری زانستیـیانەی پێشکەوتووی سـەردەم، لەناو ببـا و یارمـەتیی مێشکی زانستییانەی لاوان بدا بۆ ئەوەی وەک ئیماندارانی قورس و قایم بە خـوا و بەو پەیامـە بمێننەوە کـە خـوا لە مـاوەی سـاڵان و سـەدەدا لە خـەڵکی ئاشکرا کردبوو.

شێخ فەرەجولا سەرەتا چووە کاری فرۆشتنی کتێبەوە و بۆ ئەم ئامانجە، "کتێبخانەی پادشایی"ی کردەوە. پاشان چاپخانەیەکی نوێی دامەزراند، کە پێی دەگوترا: "چاپخـانەی زانسـتی کـوردسـتـان". ئەو، لەوێدا، کـتـێبی جۆراوجۆری زانیـارانی بەهادار و مـامۆسـتـایانی بەنرخی ئیسـلامی، هاوڕێ لەگـەڵ کـتـێبی بەهاییـیـەکـان و کـاری زانسـتی و مـێـژوویەکی کـوردسـتـان (شـەرەفنامـەی بەدلیسی)ی چاپ کرد. یەکەم کتێبی بەهاییی کە خستە ژێر چاپ، بەرگی یەکـەمی (ئەلواحی عـەبدولبـەها) بوو و پاشـان ( بـەرگی ٢ و ٣)شی بەشوێندا هات و ئەوانە هەمووی لەسەر خەرج و مەسرەفی خۆی. ئەو کـتێبـانە، بریتی لـە کۆمـەڵەی هەندێک نامـە و پەیام بوون وا عـەبدولبـەها لە وەڵامی پرسـیـاری تاکەکەس و تاقمی ئەملا و ئەولای جیهاندا سـەبارەت بەو ئاینە نوێیە، یاخۆ لە وەڵامی داواکاری لەمەڕ ڕوونکردنەوەی شوێنی نادیاری قورئان و کتێبە ئاینییەکان، بۆ خەڵکی نووسیبوون.

شێخ فـەرەجولا پاشان هەندێک لە نووسینەکانی بەهائوڵای تەرجەمـە کرد و لە مـاوەی ئەو کـارانەیدا بوو کە لەوحێکی بۆ نازڵ بوو وا ئێستـا وەرگەڕاوەتە سـەر زۆر زمـانان و لەوێدا عـەبدولبـەها فـەرمـانی داوە کە هـەمـوو چاپێکی ئەم نووسـراوانە دەبێت لەلایەن شـووڕایەکی بەرپرسی بەهاییـیـەوە پەسند بکرێ. ئەو دەڵێ، نیـاز لەم کـارەی ئەوەیە خـوێنەران بتوانن دەقـە ئەسـڵـیـیـەکـان لە ڕاگەیاندنی هەڵە جیا بکەنەوە، کە وا هەیە دەستاودەست بگەڕێن. کاری چاپ

و بڵاوکـردنەوە، هـەرچەندە قـورسـیش بـوو، بەڵام هۆکـارێک بوون بـۆ باوکم (و دواتـر بۆ دایکیـــشم)، کـــە وانە و ڕوونکردنـەوەکـــانی ئاینی بـەهایـی زیاتـر بخـــوێننەوە و وەریـان بگرن. بـوونی خـــوا هـەرگـــیـز ئەو بابـەتە نـەبوو کـــە لە سـەرنجی زۆرێک لە نەوەکانی داهاتوو بچێتـە دەرەوە و زۆر بڕگـەی سـەبارەت بەم پرسـیـارە دەتوانرێ لەو کتێبـانەدا بدۆزرێتـەوە کە باوکم چاپی کردن. ئەو ڕوونکردنەوانـەی عــەبدولبــەها بنەمـــایەک بوون کـــە ئەو لە وتـووێژ لـەگـــەڵ داواکـاران و کـەسـانی تردا پەنجـەی بۆ ڕادەداشتن. چـاوخشـاندنێک بـەچەند بڕگـەی ئەوانەدا ڕێگەیەک دەکاتەوە بۆ ئەو گەوهـەرەی عـەقڵ کە باوکم و دایکم لە کارەکەیاندا هەیانبوو.

یەکەم بەش لە قسـەی ناو (نهێنییەکانی شـارسانیەتی خوایی)ی ئەو کتێبەی کـە باوکم لە سـاڵی ١٩١١دا چاپی کـرد، هۆکـاری تێـڕوانینی نیـشـانە بەچاو بینراوەکـانی خـــوا ڕادەگـەیێنێ. لەو کـتـێـبــەدا، عــەبدولبــەها ئامـــاژە بە گرینگایەتیی مێشکی مرۆڤ وەک نیشانەی گرینگی خـوایەتیی خوا دەکا. لە ڕاسـتـیدا ئەگەر ئێمـە بیر لە ڕاز و ڕەمز، هێز، خوڵقێنەری و نەمریی بیری مـرۆڤ بکەینەوە، وا هـەیە بەباشی بتوانین سەرنج بدەینە سـەر ئەو ڕاسـتییـەی کـە گـونجـاوە بیـرێکی وێچـووی هاوچەشن لە ژوور و لـە پشت بیــری مـرۆڤ هـەبێت و لەوێشـــەوە، بیــر لە ڕاز و ڕەمـــز، هێــز، خـــوڵقــێنەری و نەمــرییــەک بکەینەوە کە لە پشتەوەی کائیناتەوە هەیە.

نۆ سـاڵ دواتـر، لە ١٩٢٠دا، شـێخ فـەرەجـوڵا چاپێکی چاککراوەی (هـەندێک پرسیاری وەڵامدراوە)ی وەک کۆمەڵێک ڕوونکردنەوەی زانیاریبەخش چاپ کرد کە عەبدولبەها لە وەڵامی "لۆرا کلیفرد بارنی" دا سەبارەت بەگەلێک کاروباری ئاینی ئاراسـتەی کردبوون. لە پاژی دووهـەمی کتێبەکەدا عەبدولبـەها دەچێتـە سـەر پرسیار لەبارەی بوونی خواوە. یەکەم وتەکانی ئەمانەن:

" یەک لە هۆکـارەکانی سـەلماندن و دەرکەوتنی خـوا لە ڕاسـتـیدا ئەوەیە کـە مـرۆڤ خـۆی خـۆی نەخـوڵقـاندووە، نا، خـوڵقـێنەر و داڕێژەری کـەسـێک جگە لە خـۆی بووە. بـەدڵنیـایی و بێگومـان

خوڵقێنەری مرۆڤ وەک مرۆڤ وا نییە لەبەرئەوەی خوڵقاوێکی بێ دەسەڵات ناتوانێت بوونەوەرێکی دیکە بخوڵقێنێ. خوڵقێنەر دەبێ هەموو تەواوییەکی تێدا بێت کە بتوانێ بخوڵقێنێ".[٤]

ساڵێک دواتر، شێخ فەرەجوڵا بەرگی سێیەمی لەوحەکانی عەبدولبەهای چاپ کرد، کە یەک لەو لەوحانە ئەوە بوو وا لە وەڵامی زانستەوانێکی گرینگی سویسرایی، "دوکتۆر ئارگوست – هێنری فۆرد" سەبارەت بەبوونی خوا نووسیبووی. گەرچی 'پرۆفیسۆر فۆرێل' سەرەتا هیچی لە ئاینی بەهایی نەدەزانی، بەڵام لە ڕێگەی ئەم دەرسانەوە، توێژینەوەکانی لەمەڕ ئاینی بەهایی بەرەوپێش چوون و درەنگتر ڕای گەیاند کە بووەتە بەهایی. ئەم لەوحە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە مرۆڤ جیاوازن لە سروشت:

" مرۆڤ خاوەن هێزی ئیرادەکردن و تێگەیشتنە، بەڵام سروشت ئەوانەی نییە. سروشت جڵەو گیراوە، مرۆڤ ئازادە. سروشت لە تێگەیشتن بێ بەشە، مرۆڤ تێگەیشتووە. سروشت لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بێ ئاگایە، بەڵام مرۆڤ لێیان ئاگەدارە. سروشت پێشبینیی داهاتوو ناکا، مرۆڤ بەهۆی هێزی ڕێ بەدیکردنەوە دەبینێ چی دێتە پێشی. سروشت ئاگای لە خۆی نییە، مرۆڤ لە هەموو شتێک ئاگەدارە".

نامەی نەنووسراو ئەوەیە کە مرۆڤ شتێک خوڵقاندوویەتی کە لە سروشت جیاوازە. ئەنجام وەرگرتن وەستاوەتە سەر ئەو حەقیقەتەی کە "بەش بەهەمووەوە بەستراوە، بەش ناتوانێ کاملی ئەو شتە بێت کە هەموو بەخاوەنی نییە."

ئەبەدیبوونی شتی خوڵقاو، پەسندێکی تری عەبدولبەهایە لەسەر بوونی ئەم هێزە خوڵقێنەرە نەمرە، ژوورسروشتە و ئەو هێزە ئەبەدییە، لەبەرئەوەی "کاتێ سەرنجی یەکگرتنی ئەو توخمانە دەدەین کە سەرهەڵدان دەبەخشنە بوونی

(٤) لەوح بۆ ئۆگۆست فۆرێل، ل ١٢.

بوونەوەران و دەشزانین کە بوون هەمیشەییە، ئەوانەی وا خۆیان تەئسیراتی مەسەلەکەن چۆن دەتوانن فانی بن؟"(٥) لەوحێک کە بۆ دوکتۆر فۆرێل نازڵ بوو، زۆر پەسندی مەعقوولی تر بۆ بوونی هۆی هۆیەکان (علة العلل) دەهێنێتەوە کە تێگەیشتنی مرۆڤ پێیان نازانێ و دەستی پێیان ڕاناگا.

لە لەوحی ناوبراودا عەبدولبەها ئاماژە بە وتارێک دەکا کە لە زانستگەی ستانفرد داویەتی. ئەم وتارەش هەر شێخ فەرەجولا، وەک بەشێک لە گرد و کۆکراوەی وتارەکانی عەبدولبەها لە ئەوروپا، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا، لە ١٩٢١دا چاپی کردووە، کە بەهۆی بۆچوونی نائاساییەوە لەمەڕ یەکەتی و ئاشتی گەلێک سەرنجڕاکێشە. یەکەتی و ئاشتی، وەک دواتر باسیان لێ دەکەین، ئەنجامی سەرەکیی ڕوونبوونەوە و شارسانیەتیی دادپەروەرانەیە کە ئەو لە بەهائولاوەی بەچاو کردووە. ئەوە هەر هەمان بابەتە کە شێخ فەرەجولاش لە کتێبێکی عەرەبیدا بەناوی "بشری العالم بترک المحاربات" (هەواڵی دڵخۆشکەرەوە لەمەڕ جیهانێکی بێ شەڕوشۆڕ)(*) ڕای گەیاندووە. ئەم کتێبە برێتییە لە سەرەتایەک، سێ بەش و ئەنجامێک. سەرەتا کە باسی ئەو زیانانە دەکا کە لە ئەنجامی شەڕدا بەرهەم هاتوون و هەروەها سوود و قازانجی ئاشتی. بەشی یەکەم لەو هەواڵە خۆشانە دەدوێت کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا سەبارەت بەو ڕۆژە هاتوون کە شەڕ نامێنێ و ڕق و کین لەناو دەچن. بەشی دووەم سەیری ئەوە دەکا کە شەڕ بۆچی دەبێ نەمێنێ. لە بەشی سێیەمیشدا لەمەڕ چۆنیەتیی دەست ڕاگەیشتن بەو ئاشتی و هێمنایەتییە دەدوێ. کتێبەکە بەچاوەڕوانییەکی پڕ لە شادی بۆ نزیکبوونەوە لە سەردەمێکی نوێی ئاشتی، کۆتاییی پێ دێت.

لە بۆچوونەکانیدا سەبارەت بە بەشێک لە کتێبی "جەنگ و ئاشتی"ی تۆلستۆی، شێخ فەرەجولا بەڕێزەوە لە و ڕەخنانە دەدوێ کە تۆلستۆی لە هەردوو لایەنی شەڕی دەگرێ، واتە ڕووس و یابانییەکان، کە بەپێچەوانەی

(٥) هەمان، ل ١٦.

(*) بڕوانە پاشکۆی ٥ بۆ هەندێک هەڵبژاردەی ئەم کتێبە.

ئامـۆژگـارییـەکـانی ئاینیـان جـوولانەوە. بەلام هـەر چۆنێک بێت، سـەرکـۆنەی تۆلستۆی دەکا بۆ ئاماژەنەکردنی بە هۆکاری ئەو کەمتەرخەمییە و وەرگەڕانی دڵی خەڵک لە حەقیقەتی ئاین و ئەوەی کە هەرچی لەناو هەردوو نەتەوەکەدا لە ئاین مابێتەوە، تەنیا بیچمەکەیەتی و هیچ ناوەڕۆکێکی نییە.

هۆکـاری ئەو خـراپبـوونەی بارودۆخی ئاین، بەوتەی شـێخ فـەرەجـولا، هیچ نیـیـە جگە لە چاوچنۆکـیی ڕێبـەرەکـانیـان. "ڕێبـەرانی ئاینی خـۆ لە ئامـۆژگـارییـەکـان لادەدەن و یاسـا ئاینیـیـەکـانی خـۆیان دەگـۆڕن بۆ ئەوەی شـاکـانیـان خـۆشـحـاڵ بکەن و لە دیوەخانی شادا، خـۆشـیـان بوێن. بەم پێیـە، بەرژەوەندییـە تاکـەکـەسـیـیـەکـان لاوازیان دەکـەن تا ئەو ڕادەیەی دەبن بەکەرەسەی دەست بۆ هەوەسکاری و گەندەڵیی ڕژێمی سیاسیی فەرمانڕەوا."

شێخ فەرەجولا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت، "هەر کەس لە خەمی گۆڕینی ئەم گەندەڵییەی ناو نەتەوەکەدا بێت، دەبێ بەگۆڕانی ئامۆژگارییە ئاینییەکان دەست پێ بکا و خـەڵک وا پەروەردە بکا کە ئاین تەنیا ناو نییـە و هێـزێکی ڕەوشـتییـە. ئەو دەڵێ، گۆڕانکارییـەکی ئەوتۆ بە بێ هێزی خـوا بەرهەم نایە، لەبەرئەوەی تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەکرێت هەموو نەتەوەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکەیەوە و بەو شێوەیەی وا لە کتێبە پیرۆزەکانی ڕابردوودا گوتراوە، هەموو جیهان لەگەڵ یەکتر تەبا بکەی". (٦)

کتێبەکە هەروەها پێ لە گرینگایەتیی لۆجیک (مەنتیق) و ئازادی دەنێت وەک دوو بنەمای ئاشتی لە ئاماژەکردنی سەرلەنوێ بە تۆلستۆیدا دەڵێت: تۆلسـتـۆی دەبوایە هـانی خـەڵک بدا ئەوەندەی دەتوانن گـۆڕانکاری لە ئاینـدا پێک بهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن بەڕادەی گونجاو، ئامۆژگارییە ئەسڵییەکانی ئاینی خۆیان لەو شتانە جیا بکەنەوە کە ڕێبەرانی نەزانی ئاینی لێیان زیاد کردووە. ئێستا هەر کەسێک کە لە ئاین دەکۆڵێتەوە، لە ڕق و کین سەبارەت بە لۆجـیک و بەسـوودی چاولێکەریی کـوێرانە تێ دەگـات. ئەوە دیاردەیەکی

(٦) لا ٦٢–٦٥.

هاوچەرخـە بۆ فـرێدانـی ئاین لەسـەر بـنەمـای دژایەتیکردنی لەگـەڵ زانست. خاوەن بیری ئازاد و خـەڵکی تێگەیشتوو کە بەدوای ڕاستیدا وێڵن، دەبێ بەم لۆجیک هێنانەوەیە و بەو هێزەی هۆشیارییە پشت ئەستوور بن، بەڵام دەبینین کـە خـەڵکانـی ئاینی تـەنیـا دەکـەونە شـوێن خـەیاڵاتی پووچ و لە ئەنجـامـدا هۆشیان لاواز دەبێت.

بنەمـای ئاینی ڕاسـتـەقـینە، نـە لەگـەڵ زانسـتـدا دژایەتیی هەیە و نـە لە لۆجیکیش جیایە. ئاین و لۆجیک دەستـیان لە دەستی یەکتردایە و بەشوێن حەقیقـەتەوەن. یەک لـە سـوودەکانی ئاین ئازادیی بیروڕایە، (ئاین تەرخانی) ئەوە کـراوە کـە هەر تاقـە کـەسـێک تیـشکدەرەوەی بوونی خـۆی بێت. (هەر بۆیەش) وای پـێ چاکـە ئەوانەی وا ڕێبـەری بیـر و بڕوان، بانگی خـەڵک بکەن تەنیا بگەڕێنەوە بۆ وشەی ئاشکراکراو و تەفسیری ئەوانە بخەنە پشتگوێ، کە شارەزای بەکارهاتنی بەربڵاوی ئاینی ڕاستەقانی نین.

ئەرکی ئێمـە ئێستـا ئەوەیە مێشکمـان لە دەست پێشداوەری و نەریتی بێ بنەما ئازاد بکەین، بۆ ئەوەی خەڵک ئامادە بن بۆ گوێ ڕاگرتنی موژدەدراوەکە لە کـاتی هاتنیـدا و بە هـۆشـیـاری و دوور لە لاسـاییکردنەوە قـسـەکـانی هەڵسەنگێن. بەم شێوەیە، نەریت ڕێگرمان نابێت لە چوون بەرەو راستی.

ئەو دەنووسێ، "هـەمـووان بـەوە دەزانن کـە جـیـهـان لەم سـەدەیەدا چۆن گەیشـتووەتە ڕادەی کەمـاڵی پێشکەوتن و ئازادیی بیرکردنـەوە چۆنی بەرەو پەرەسـەندنی زانست و هونەر و هەروەها تەکنۆلۆجیی نوێی بردووین. بنەمـای پێشکەوتن، لۆجیک و ئازادییە."(٧)

وەبیرهێنانەوەی ئەم بەشانەی نووسراوەکە، زیندووکـەرەوەی ئەو باوەڕانەیە وا شێخ فـەرەجولا تێیـاندا لەگەڵ "شەوکەت عەلی نەقـەوی" هاوبەش بوو، کە لە سـەرەتای دەیەی دووەمی سـەدەی بیـسـتـدا مـارەی کـرد و وا بـە هێـزەوە پشتگیریی لە پێشکەوتی خوێندەوارییـەکەی کرد. کـوڕێکیان بوو کە زۆر بە

(٧) لا ٩١-٩٤.

منداڵی مرد و کچێکیش، کە خۆمم. شەوکەت بوو بەیارمەتیدەرێکی ئەوتۆی شێخ فەرەجوڵا لە کاری چاپدا، کە بەبێ ئەو کاری بۆ نەدەچووە پێشەوە. هەر ئەو بوو کە بەشی زۆری دەقاودەقکردنی نووسراوەکانی بەڕێوە دەبرد، لە زۆر لایەنی وەختگری تری کاری بڵاوکردنەوەدا یارمەتیی دەدا و لە ڕاستیدا بە قورس و قایمی لە هەموو ئەو شتانەدا کە باوکم دەیکرد یاریدەری بوو.

شێخ فەرەجوڵا، کە لە مێرمنداڵیدا ویستبووی ببێ بەپیاوێکی ئاینی، وازی لە چارەنووسەکەی نەهێنا و لە بەرنامەی سەرەتای خۆی جیا نەبووەوە: ئەو زیاتر ڕێڕەوەکەی خۆی ساغ دەکردەوە، ئامانجەکانی بەربڵاوتر دەکرد و بەرەو ئەنجامی کۆتاییی دەبردن. ئەو لە زۆر بواردا خزمەتی مرۆڤایەتیی کرد. ژیانێکی کرد کە نموونەی خزمەتی کارامە بوو، تێیدا بەقسە و بەبەڵگەش بەرامەی بەهەشتیی دەپژاند. کاتێ ئەو و دایکم چوونە قاهیرە، ئەو هەتا توانی یارمەتیی ئەو هاونیشتمانییە کوردانەی دا کە ڕێبەرانی مەزن دەیانناردە لای. ئەو لە هەر ڕێگەیەکەوە دەیتوانی یارمەتیی خەڵکانی تریشی دەدا، وەک هەندێک پسپۆری ئەڵمانیایی کە سەرنجیان بەرەو کولتوور و ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕاکشابوو. لە کۆبوونەوەی نافەرمی بەڵام بە ڕێ و جێ و ڕووناکبیریدا ئوسووڵی ئاینەکەی بۆ برادەران و خوازیاران ڕوون دەکردەوە.

ئەو لە سەردەمێکدا کە هیچ بنکەیەکی چاپەمەنیی بەهایی لە ئارادا نەبوو و هیچ بڵاوکەرەوەیەکی کتێب مەترسیی خەرجی چاپی کتێبی وای نەدەگرتە ئەستۆ کە تێیدا باسی باوەڕی کەمایەتییەکی بچووکی ئاینی کرابێت و ژمارەی چاپیشیان وا کەم بێت، بەڵام باوکم پێش چاپکردن، لە وەرگێڕانی چەند لەوحی بەهائوڵا و عەبدولبەهادا بۆ سەر زمانی عەرەبی و فارسیشدا بەشداریی کرد. لەوانە و لە گەلێک خزمەتی ناسراوی زیاتری تردا، ئەو وەک پەیامبەرێک لە نێوان عەبدولبەها و کەسایەتییە گرینگەکانی عەرەب و کورددا خزمەتی دەکرد. پێوەندیی بەردەوامی باوکم لەگەڵ خەڵکی کوردستان نیشان دەدا کە پێشکەوتی هۆشیارییەکەی بەهۆی وەفادارییی بەنیشتمانەکەی (یا

"خوا"وە) لە کەمی نەداوە. بەڵام هەر چۆنێک بێت، وەفادارییەکەی بە کولتووری نەتەوایەتی ئەو ئاگەدارییەی لێ زیاد بووبوو، کە هەموو شتێکی جیهان لە گۆڕاندایە و نیشتمانپەرستیش دەبێ رەهەندێکی (بوعدێکی) نوێ بەخۆیەوە بگرێ. باوکم – وەک زانستەوانی گرینگی سویسرایی، دوکتۆر فۆرێل، پیاوێک کە ژیانی خۆی تەرخانی چاککردنی بارودۆخی نەتەوەکەی و بەرەو پێشبردنی زانست و پزیشکی کرد و سەرەڕای ئەوانەش باوەشی بۆ چارەیەک کردەوە، کە وەڵامدەری نیازی هەموو جیهانە[٨] ئەویش دەری خست کە تاکە کەس، زیاد لەوەی خزمەتی وڵاتەکەی خۆی دەکا، دەبێ بیری لەلای نیازەکانی سەرجەمی مرۆڤایەتی و خێروبێری هەموو نەتەوەکانیش بێت. چاکەی بەشێکیان جیا نییە لە چاکەی سەرجەم. بەهۆی بەشداربوون لە نیشتمانپەرستییەکی وا تێگەیشتووانەوە باوکم دەیتوانی خزمەتی نەتەوەکەی خۆی و جیهانەکەشی بکات. ئەو هانی گەلێک لێوەشاوەیی جوانی دا کە تایبەتمەندیی کولتووری کوردانن و لە عەینی کاتدا ڕەواجی بەو ئەسڵە بنەڕەتییانەشدا کە زامنی هاندانی ڕادەربڕینن.

ماوەی تەمەنی باوکم لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەرخەری ئەو نرخە زۆرە بوو کە بە پەروەردەی دەدا. هاندەری گەڕان بەدوای حەقیقەتی ڕۆحیدا بزوێنەری خۆی بوو و کاتێکیش کە حەقیقەتەکەی لە شوێنێکی چاوەڕواننەکراوی سەرچاوەیەکی نوێی زانیاریدا دۆزییەوە، ڕووبەڕووی زۆرێک ئەزموون و

(٨) لە ساڵی ١٩٢٠دا جارەکە لەسەر ئەم وەسیەتنامەیە درا، کە لەلایەن زانستەوانی سویسرایی، دوکتۆر ئۆگۆست فۆرێلەوە بڵاو بووەوە: "من لە کارلستروهە زانیم بەهایی چ ئاینێکی مەزنی جیهانە بۆ پاکانەکردن، کە حەفتا ساڵ پێش ئێستا ئێرانییەک بە ناوی بەهائوڵا لە ڕۆهەڵات بنیاتی داناوە. ئەوە ئاینێکی ڕاستەقینەی "خێروبێری کۆمەڵایەتی" یە بەبێ جەزمییەت یا مەلا، کە لەم جیهانە خاکییەی ئێمەدا هەموو مرۆڤان پێکەوە دەبەستێ. من بوومەتە بەهایی. با ئەو ئاینە، بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی زیندوو و سەرکەوتوو بمێنێتەوە! ئەوە بە تەوژمترین ئاواتی منە. خوا بەلاماندا تێپەڕ دەبێت، (١٩٤٤)، ل ٣٧٥.

هەڵبـژاردنـی ئەسـتـەم بووەوە بەڵام مـۆڵەتی پێ نەدان لەسـەر ڕێی بوەستن. بەناویاندا تێـپـەڕ بوو و خـۆی لـە خـواسـتـی وەرگـیـران، نـاو و ئاوازە و ئاسـوودەییی ئابووری لادا بۆ هـەوڵێکی بەردەوامـی داکـۆکـیکردن لـە ئاینـە نوێکەی و مل دانـەواندن بۆ ئـامـۆژگـارییـەکـانـی. هەوڵی مـێـشک کـراوە و بەجـەرگـانـەی لە پێناو پەروەردەی ژنان، گـەرچی لە چوارچێوەی بنەمـاڵەی خۆیدا بەربەست بوو، هەر چۆنێک بێت، دەربڕی خواستیەتی بۆ دوورکەوتنەوە لە خـووی کۆن و نـەریتی هەڵەی هاوچـەرخـەکـانی. بەهەمـان ڕادە یارمـەتییـە مـەزنەکانی بـە پسپـۆڕانـی نەتەوەی جـۆراوجـۆریش لە بواری فەلسـەفـە و ئایندا سەرنجـڕاکێش بوو، بـەهـەمان شێوە بوو هـاندانـی من بۆ شـوێنکەوتنی پڕ بەدڵ و بێ فیزانەی زانیاری لە ڕێگەی هـەموو ئاینێک و بەهـەموو بوارێکی فێربووندا و ئەو بانگەوازە هێمنانەییەی وا بۆ کارە پسپۆڕانەکانی خۆی دەیکرد. دواین، بەڵام نە کەمترین شت ئەو گرینگایەتییە بوو کە بەتایبەتکردنی کات و توانا و دارایی بۆ گرنگترین پێداویستییەکانی مرۆڤایەتیی دەدا.

شـێخ فـەرەجـولا لە ٢٠ی مـانگی دیسـەمـبـەری ١٩٣٧ (١٣٥٦ی کـۆچی مـانگی)دا لە قاهیـرە کۆچی دوایی کـرد. پێیـان گوتم کە ژمـارەیەکی زۆری خەڵک بەشداریی ڕێوڕەسـمی ناشتن و سـەرەخۆشـییـەکانی دواتریـان کـرد. هەواڵی مـردنی بـاوکم لەلایەن بەهاییـیـانی دڵسـۆزەوە بە( شـەوقی ئەفـەندی) پاسەوان و سەرۆکی ئاینی بەهایی[٩] گەیشت، شەوقی ئەفەندی بەپەیامێکی مـیـهـرەبان و بزوێنـەر وەڵامی دایەوە و خـەفـەتی پڕ بەدڵی خـۆی ڕاگـەیاند. پەیامـەکـە سـوپـاسی "خـزمـەتی بەردەوامـی شـێخ فـەرەجـولا بە درێژاییی سـاڵیـان"ی کرد و بە کـەسێکی شـایانی ڕێز لێگرتنی زانی و وەک مرۆڤـێکی پیرۆز ناوی برد. شـەوقی ئەفەندی تەئکیدی ئەوەی کرد کە لە دەرگـانـەی گۆڕی پیرۆزی بەهـائوڵا دەپاڕێتـەوە "ئەو- کە کـۆچ کـردووە بۆ عـەرشی بـاڵا، ببـرێتـە ناوجـەرگـەی بەهەشت و لـەوێ لەگەڵ نیشـتـەجێیـانی خۆشـەویستـی خـوادا

(٩) جێگری شـەوقی ئەفـەندی شۆڕایەکی جیـهـانییـە کە بەهاییـیانی جیـهان هەڵی دەبژێرن.

هاوڕێ بێت و نوقمی دەریای بەخشندەیی و لێبووردوویی خوا بێت و بەمیهر و وەفای خوایی خەڵات بکرێ."

مردنی باوکم لە قاهیرە و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، کە بۆ ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی بوو، بۆ من تراجیدیایەکی کەسانی و دوور لە چاوەڕوانی بوو. ئەو ئازایەتیی کاشیفێکی پیشان دا، بەوەی بەبەردەوامی بەرەو سنووری نوێی تێگەیشتن دەئاژوا و لە هەمان کاتدا کە پارێزگاریی کولتوورەکەی خۆی دەکرد، بیر و هزریشی لە پێناو خەڵکەکەیدا بوو. ئەو، کولتوورەکە و توانا نەتەوەییەکانی خۆی خستە پێناو ئەرکی نوێکردنەوەی ئاسوودەییی هەموو گەلان. لەبەرئەوەی، وەک ئەبولفەزڵ بەباشی لەو کتێبەدا کە فەرەجولا چاپی کرد دەری دەخات، تاقە شتێک کە دەتوانێ پاکی لە دڵی مرۆڤدا بخوڵقێنێ و توانایان پێ بدات لەوێوە چارەسەر بۆ وەڵامدانەوەی ڕاستەقینەی سەردەم بدۆزێتەوە، قسەی خوایە و ئەوەش هەر ئەو شتە بوو کە ئەو بڵاوی دەکردەوە.

بەشی سێیەم

# کورد و ئاینی بەهایی

"ئەگەر سەد ساڵیش زیندانیم بکەیت
هێشتا هەر هیوای بەتۆ گەیشتن نادۆڕێنم."
(مەم و زین)(١)

مێژوومان ڕەنگدەرەوەی ڕوونی سروشتی گەلەکەمانە. وا دەردەکەوێ کە لە سەردەمی دێرینەوە کوردان لایەنگریی بایەخە ڕۆحانییەکانیان کردبێ. تەنانەت ئەمڕۆش لە کولتووری کورددا هەندێک بایەخی دیاریکراو دەبینین کە دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی دوور و سەردەمی ئەو ئاینە سەرەتاییانەی وا لەمێژە فەوتاون. گەلەکەمان وەک ئەمانەتدارێک بەمتمانەوە ڕێبازی پەرەسەندنی ڕۆحییان، هەر لە سەرەتای سەردەمی تۆمارکرانیەوە، پاراستووە. تەنانەت ئەگەر مێژووی ژیانی ڕۆحانیی مرۆڤ لە کۆنەوە شوێنی هەڵبگیرێت، کورد گەیشتوونەتە ئاینی داهاتووش. بۆ نموونە، کولتووری گەلەکەمان برەوی پێ دەری هەستی نزیکایەتی لە ئامۆژگارییەکانی بەهاییە. بەشێکی ئەم نزیکایەتییە بەهۆی پەروەردەیەکی کراوەوەیە، کە لە چەندان پشت و نەوەوە ماوەتەوە، لەبەرئەوەی لە کوردستان چەند بزووتنەوەی ئاینی لە دۆخێکی سنگ فراوانیدا پێکەوە ژیاون. ڕێبەری ناودار (سوڵتان سەهاک) ئەم قسانەی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر ڕاستییەکەی زیاتر

(١) ئەحمەدی خانی، مەم و زین (دێری ١٧٩٨)، بەگوێرەی وەرگێڕاوی فەرنسایی، مەم و زین، ل٣ ٢٣. لە وەرگێڕاوی ئەلێکسی و حەسەندا هاتووە:

Si tu memprisonnes cent années,/ Je ne perdrais pas lespoir de tatteindre

دەردەکەوێ: "ئەگەر پارێزگاری ئاینەکەی خۆت بیت، دەستدرێژی ناکەیتە سەر ئاینی تر."(٢) سنگ فـراوانیـیـەکی وا سـەبارەت بە ئاین و گـەلانی تر، لە پێوەندیی گەلێک نزیکدایە لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی بەهایی، لەبەرئەوەی ئاینی بەهایی هەمـوو ئاین و نەتەوەیەک بەیەک چاو سەیر دەکا. هەروەها، مێژووی دوور و درێژی گـەڕانی سـەربەخـۆیانەی کـورد بە شـوێن ڕاسـتـیدا لەگـەڵ ئامـۆژگاریـیەکی بەهـاییـاندا یەک دەگـرێتـەوە کە دەڵێ: "ئەرکی تاکەکـەس، توێژینەوەیە لە ڕاستی".

گەلێک شاعیرانی ئەفسانەییی کوردستان هۆنراوەی وایان بەجێ هێشتووە کـە تێـیـاندا هـانی وەها توێژینەوەیەک دەدەن. ئەو شـیـعـرانە تـیـشکدەرەوەی دەورێکی سـەرەکین کـە گـەڕان بەدوای ڕاسـتی لـە کـۆمـەڵگە کـوردیـیـەکـاندا بینیویەتی، لێکۆڵینەوە و گەڕانێک کە لە ڕابردوودا شێخەکان، وەک ڕێبەرانی ڕۆحی و لـە هـەمـان کـاتدا وەک ڕێبـەرانی کـۆمـەڵگەش، وروژاندوویانە. ئەو ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوەیە و ئـەو هەستی بەرپرسـیـایەتییـە لـە ژمارەیەکی زۆری بزووتنـەوەی ئاینیـدا سـەری هـەڵداوە کـە ئـەوانیش خـۆبـەخـتکردن لە پێناو خوێندن، سیستـەمی ڕۆحی و سەربەخۆییی بیرکردنەوەیان پەروەراندووە. ئەو تایبەتمەندییانەی کەسایەتییش بەش بەحاڵی خۆیان، بارودۆخیان بۆ کراوەیی لە پێناو تێگەیشتنی زانستی نوێ و ئاینی نوێ ئامادە کردووە.

ئێمـەی کورد هێشـتـا ڕێگەیەکمان ماوە بیبڕین لە کـولتوورەکەمانەوە بۆ ئاینی بەهـایی، ئەویش هاوپێوەندییـەکی ڕێژەییی درێژخـایەنـی دۆخی ژنانە لە کـوردسـتـان. ئەو شـتـە، ئامـۆژگـاریـیە گـەلێک نوێبـاوەکـانی بەهـایی لەمـەڕ بەرانبەریی پیاو و ژن هاسان دەکاتەوە و ڕەنگە یەک لە هۆکارەکان بووبێت بۆ وەڵامـی ئەرێیی دانـەوە بەو پەیامــەی وا "قــرة العین" لە ســەردانـی ناوەنـدە کوردییەکاندا ئاراستەی کرد.

(٢) عبدالله صحیح فروش، استدلالیه برای اهل حق (١٩٦٦)، وەک لە کتێبی هـ. م. باڵیۆزی بە ناوی "بەهائیانی گرینگی سەردەمی بەهائوڵا هاوڕێ لەگەڵ هەندێک پێشینەی مێژوویی" (١٩٨٥)، ل ٣١٨دا هاتووە.

## تاهیرەی بێ گەرد

باوکم بەهۆی هەستێکی دادخوازانە و ڕوانگەیەکی بەتین سەبارەت بەداهاتووی مرۆڤایەتی و ئەوینی بنەمایەک بەناوی بەرەو پێشچوونی ژنانەوە دەجوولا و ڕێزێکی لەبن نەهاتووی بۆ هاندەری لەمێژینەی خۆی، "قرة العين" هەبوو، کە بە تاهیرەی (پاکیزە)ش دەناسرێ. ئەو زۆر جار باسی تاهیرەی بۆ دەکردم. من حیکایەتی باسی ئەوم زۆر پێ خۆش بوون و زوو زوو داوام لێ یدەکرد بۆمیان بگێڕێتەوە. جارێکیان لێم پرسی: "بابە، بۆچی ناوی منت نەنا تاهیرە؟" من ئەو حیکایەتانەم ئەوەندە پێ خۆش بوو کە بۆ دۆست و برادەرەکانم دەگێڕانەوە، بەتایبەت لەبەر ئەو هۆیەی کە لەو سەردەمەدا (کاتێک کە من کیژۆڵەیەک بووم لە میسر)، زۆر کۆنفرانسی ژنان دەبەسترا، بۆ نموونە لەگە "هودا شەعراوی" و خەڵکانی تری وا، کە من خۆشم دەویستن.

چالاکییەکانی تاهیرە بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە بەند، بۆ من و خەڵکی تریش گەلێک سەرنجڕاکێش بوون، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا بزووتنەوەیەکی مەزن لە پێناو ئازادیی ژنان لە میسر بەڕێوە دەچوو. ئازایەتییەکانی تاهیرە هەردەم هاندەری من بوون لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە باوکم ئامۆژگاریی دەکردم کە چونکە کوردم دەبێ بێباک بم. تاهیرە، بەوتەی یەک لەوانەی وا ژینناسەکەیان نووسیوە، "ئازایەتییەکی بێ وێنەی هەبوو نەک هەر بۆ ئەوەی ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە، بگرە بەوەش کە وەک یەکەم ژنی هەموو جیهانی ئیسلامی ڕۆهەلات، رووپۆشی لەسەر خۆی لابرد"(٣) کە ئەوە لەگەڵ داوێن پاکییەکەیدا ناهاوتەریبە. ئەوانەی وا بەباشی دەیانناسی، وەک موفتی مەزنی بەغدا (شێخ مەحموود ئالووسی) گەواهییان لەسەر پاکییەکەی داوە. ئەو هەروەها چاونەترسی و باوەڕبەخۆییی خۆی لەوەدا دەرخست کە

---

(٣) ماریا ڕووپ، "تاهیرەی پاک"، چاپی دوای پێداچوونەوە (١٩٨١)، ل. ٤٥. لە بنەڕەتدا نووسەر خۆی بەم ناوە چاپی کرد: تاهیرەی پاک، گەورەترین ژنی ئێران، کراچی، ١٩٣٨.

بەشـداریی کـۆبوونـەوەیەکی کـرد بـە "کـۆنفـرانـسی بەدەشت" نـاودێرە و لەوێ دەورێکی گـەورەی بینـی لە ڕاوێژکردن سـەبارەت بەو گرینگترین بابەتانەی وا لە تێگەیشـتنی بێ هـەڵەی پەیامی "باب"دا پێویست بوون. ئەو، تاقە ژن بـوو کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کرد و بوو بە کەسایەتیی سەرەکی تێیدا.

باوکم جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە تاهیرە کەسایەتییەکی بێ وێنە بوو. یەکـەم: لەبـەرئەوەی ژیانـی لە پێناو ئـەو هۆیە بـەخت کـرد کـە لایـەنگریـی لێ دەکرد. دووەم: لەبەرئەوەی تا دوایین هـەناسـەی ژیانی بۆ ئازادیی ژنان شـەڕی تر و ئەویش لە سـەردەمێکدا کە تەنانەت لە ڕۆئاواش مافی ژنان وەک کارێکی مـەزن نـەناسـرابوو. سـێیـەم: لەبەرئەوەی ڕێبـەرێکی خـۆکردی فیکری بوو لە سەردەمێکدا کە ژنان هێشتا مۆڵەتی ئەوەیان پێ نەدەدرا بچنە قوتابخانە و لە ژیانی کۆمەڵگەییدا دەور ببینن. ئەو خۆی خـۆی خوێندەوار کرد، شیعری گوت، کتێبی وەرگێڕا، وتاری دا، چووە شەڕەقسـەی پیاوانی بە ئاگای سەردەم و بە لێـهـاتوویی خـۆی بوو بەڕێبـەرێک. مـێژوونووسـان ئاماژە دەکەن کـە تاهیرە گەلێک لە سـەردەمی خۆی وەپێش کەوتبـوو. باوکم سەبارەت بەئەسڵێکی مەزن قسەی بۆ دەکردم کە "پیـاو و ژن دوو باڵی باڵندەی مرۆڤایەتین و ئەو باڵندەیە ناتوانێ بفڕێت بەبێ ئەوەی هەردوو باڵەکە یەکگرتوو و بەهێز بن".[٤] هـەروەها پێی دەگـوتم کە "لە هیـچ دەورەیەکی مـێژوودا، هیچ ئاینێک قـارەمـانێکی وەک تاهیرەی نەبووە." ئینجا باسی ئازایەتییەکانی ئەوی دەکرد و زانیارییەکەی لە قـورئان و کـاری لە پێناو ڕزگـارکـردنی هەمـوو خـەڵک لـە کـۆت و بـەندی ئەندێشەی (خەیاڵاتی) بەتاڵ.

لە سـەردەمی تاهیرەدا، ژنان ڕووبـەڕوو لەگـەڵ پیـاواندا قسـەیان نەدەکرد. ڕووپۆشـیـان لە سەر دەنا. وەک ڕاستییـەک، تەنانەت تاهیرە لە پشت پەردەوە قسەی لەگەڵ مـامۆستـا و مـەلا و شێـخی گـەورەدا دەکرد. لە ڕووی مەلاکاندا

(٤) بڕوانە: عەبدولبەها، هەڵبـژێرراو لە نووسینەکانی عەبدولبەها، ژمارە ٢٢٧، ل ٣٠٢.

دەوەستا و هەندێک لەوان سەریان سوڕ دەما لە زانیاری و ئاگایی تاهیرە لە قورئان و کتێب و ئامۆژگارییە ئیسلامییەکانی. ئاشکرایە هەندێکیشیان پێیان خۆش نەبوو. تەنانەت باوکی، مێردەکەی و براکانی، لێی ڕاست بوونەوە. دەیانویست بەرگری ئامۆژگاریکردنەکانی بن. بەڵام، نا! نەیانتوانی. ئەو ڕێنوێنیی دەکرا. نەیدەتوانی لە چاوەڕوانیدا بمێنێتەوە. شادیی ئەو لەوەدا بوو کە سەبارەت بە "باب" قسە بکا، شارستانیەتی نوێی ئاشتی لە دوورەوە بگاتێ و لەسەر بنەمای بانگەوازەکانی ئەو، سیستەمێکی نوێ دابمەزرێ. چالاکییەکانی تاهیرە گەیشتنە ئەنجامی ڕاونانی و لە کۆتاییشدا، کوشتنی.

بۆ تاهیرە گرینگ ئەو هۆکارانە بوون کە ئەوی وەپێش هەموو خەڵکانی تر خستبوو. پسپۆڕ و ڕۆهەڵاتناسانی ڕۆئاوا کەسایەتیی مەزنی ئەویان درکاندووە، بۆ نموونە، پرۆفیسۆر ئێدوارد ج. براونی زانستگەی کەمبریج، بەم شێوەیە ناساندوویەتی:

"دەرکەوتنی ژنێکی وەک تاهیرە لە وڵاتەکەی من (بریتانیا)، لە هەر سەردەمێکدا بێت دیاردەیەکی گەلێک دەگمەنە. بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئێراندا شتێکی سەرسووڕهێن، ئەویش نا، کەم تا زۆر پەرجووە ( موعجیزەیە). بەهەمان شێوەیە تایبەخۆیی جوانییە کەم وێنەکەی، خەڵاتی خوایی تێگەیشتووییە دەگمەنەکەی، ڕەوانبێژییە گەرموگوڕەکەی، خۆبەختکردنە بوێرانەکەی و گەشمەرگییەکە (شەهیدبوونە) پڕ لە شانازییەکەشی. ئەو لەناو ژنانی هاونیشتمانیی خۆیدا وەک کەسێکی بێ وێنە و نەمر ڕادەوەستێ. ئەگەر ئاینی باب هیچ شتێکی تری بۆ خۆ بە گەورەزانین نەبوایە، هەر ئەوەی بەس بوو، کە قارەمانێکی وەک قورەتولعەینی پەروەردە کرد."[٥]

زۆر پسپۆڕی ڕۆهەڵاتیش بەهەواڵی گەورەیی ئەویان زانیوە. یەکیان مێژوونووسی عێراقی "عەلی ئەلوەردی" یە. ئەو گوتی تاهیرە بلیمەتێک بوو کە سەدەیەک پێش سەردەمی خۆی سەری هەڵدا. هەروەها گوتی ئەگەر تاهیرە لە

---

(٥) وەک لە نووسینی ماریا رووپدا ڕاگوێزراوە، لا ٦٥– ٦٦.

سەدەیەک دواتردا دەربکەوتایە، دەبووە گەورەترین ژنی سەدەی بیستەم.[٦]

ئەوە تەنیا بەهایی نین کە وەک "گەورەترین قارەمانی بابی و یەکەم ژنێک کە ڕەنجی (گەشمەرگی) کێشا" وەک کەسایەتییەک لە ڕیزی "سارا ئاسیە"، "مریەمی پاکیزە" و "فاتمە"دا سەیری تاهیرە دەکەن.[٧] تاهیرە بەگشتی، بەهۆی شیعرەکانی، کەسایەتیی مەزنی، ئیمانداریی بەهێزی و زانیارییەکانییەوە، لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا ناسراو و ڕێز لێ گیراوە. تاهیرە، وەک ژنێکی گەنج بەمێشکێکی کراوەوە، کتێبی زۆری خوێندەوە، تەنانەت کتێبی وا کە ئامۆژگارییەکانیان دژ بەو ئاینە بوو وا ئەوی لەسەر گەورە کرابوو. بەهۆی ئەم خوێندنەوانە و لە ڕێگەی پەرستنکارییەوە بە گرانی و قایمی هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە گەلێک زوو ئامۆژگارێکی نوێی خوایی دێتە جیهان. گەورەترین تاسەی ئەوە بوو کە ئەو کەسە بناسێ و شوێنی بگرێ. هەر ئەوەش بوو کە سەرەڕای ئەوەی هەرگیز چاوی بە "باب" نەکەوت، لە خەونیدا ڕاستەقینەی ئەوی بۆ دەرکەوت. نامەیەکی بۆ نووسی و زانیارییەکانی خۆی تێدا ڕاگەیاند. ئەویش تاهیرەی وەک یەک لە هەژدە "حەواری"ی خۆی هەڵبژارد. تاهیرە بەبێباکییەوە ئامۆژگارییە نوێیەکانی بە خەڵکانی تر دەگوتەوە. بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کەربەلا و پاشان لە بەغدا، کە چەند مانگێک لەوێ لە ماڵی موفتیی شارەکەدا مایەوە[٨] خەڵکانی خاوەن بڕوای جۆراوجۆر، بە ژن و پیاوەوە، دەهاتن بۆ ئەوەی قسەکانی ببیستن. زۆریان ئەو ئامۆژگارییە نوێیانەیان قەبووڵ دەکرد کە ئەو جاڕی بۆ دەدان. دەگوترێت کە موفتی خۆی گوتوویەتی: "ئۆف، تاهیرە! بەخوا سوێند دەخۆم باوەڕەکانتم قەبووڵە، بەڵام چ بکەم کە شمشێری ئالی عوسمان (بنەماڵەی

(٦) چاوپێداخشاندنێکی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی نوێی عێراق (دواتر وەک نامیلکەیەک بەناوی "قرەالعینیان ئاوا کوشت" بڵاو کرایەوە)، بەشی ٢ (ئیرشاد، بەغدا، ١٩٧١)، ل. ١٩٠ بڕوانە پاشکۆی ٦.

(٧) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ٧٥.

(٨) عەبدولبەها، یادەوەریی وەفا (١٩٧١). ل ١٩٤.

فەرمانڕەوای قەڵڕاستانی عوسمانی)م بەژوورسەرەوەیە."[٩] بەڵام تاهیرە نەدەترسا. لە ئەنجامدا لە عێراق دەرکرا و چوو پەیامەکەی بەخەڵکی تامەزرۆی کرماشان ڕابگەیێنێ، هەتا لە کۆتاییدا گرتیان و هێشتا لە تەمەنی لاوی و لە دەوروبەری سی و دوو ساڵیدا بوو، خنکاندیان.

من زۆر جار تاهیرەم وەبیر دێتەوە کە چۆن خۆی بۆ مردن ئامادە دەکرد. لەبەرئەوەی ئەو زۆر بە قووڵی شتی فێر کردم. ئەو دەمەی وا لە ماڵی گزیر و ژنەکەیدا ڕایان گرتبوو، جارێکیان میوانەکانیان کە هاتبوونە سەر شایی، مۆسیقا و گۆرانییان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی گوێیان لە ڕەوانبێژی و ئامۆژگارییەکانی ئەو بێت کە باسی "باب"ی تێدا دەکردن؛ هەروەها ئەوەی کە لە دواین ڕۆژی ژیانیدا کاتێ کە خۆی بۆ گەشمەرگەیی (شەهادەت) ئامادە دەکرد، پێ دەکەنی و شادمان بوو. ئەو ڕۆژە داوای کردبوو کەس سەروڵی نەگرێ و دوای ئەوەی خۆی شوشت، عەتری لە خۆی دا و بەرگی جوانی کردە بەری، چەند سەعات پەرستکاریی کرد. لە کاتی مردندا، بە یاساوڵەکەی خۆی گوت: "دەتوانی هەردەم بتەوێت بمکوژی، بەڵام ناتوانی بەری ئازادیی ژنان بگری."[١٠]

ئەویندارییم بۆ "تاهیرەی قوڕەتولعەین" لە هەموو ماوەی ژیانمدا لەگەڵمدا مایەوە. پاڵی پێوەنام بخوێنم و خوێندن لە ناو ژناندا پەرە پێ بدەم و ئەوەش هەموو دەم لە خەڵکانی گرینگی عەرەب و کوردی نزیک کردوومەتەوە. لە ناویاندا، دۆستی خۆشەویستم "فطینە النائب" ی شاعیرە، کە زیاتر بە نازناوەکەی واتە "سەدووف" ەوە ناسراوە. دۆستایەتیی نزیکی ئێمە کاتێ قووڵتر بووەوە کە ئەو دانەیەکی ئیمزاکراوی ئەو شیعرەی پێ دام وا بۆ تاهیرەی گوتبوو و بەوە سەرفرازی کردم.(*) لە شیعرەکەدا، شاعیر باس لەو

(٩) وەک ماریا ڕووپ ڕایگواستووە، ل٦٢.

(١٠) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ٧٥.

(*) بۆ خوێندنەوەی کۆپییەکی ئەم شیعرە، بڕوانە کۆتاییی هەر ئەم بەشە.

ئازاره زۆرانه دەکا که تاهیره کێشای بۆ خۆشویستنی خوا و وەفاداربوونی به ئاینەکەی. درێژه بەقسەکانی دەدا و سکالاّ لەو ملهوڕییه دەکا که بەبێ هیچ تاوانبارییەک ژیان له خەڵک دەستێنێ. به مردنی تاهیره زۆر هیوا فەوتان و نەمان، چونکه لەبەرئەوەی خونچەیەک پێش پشکووتن هەڵوەری.

ئەویندارێکی تری تاهیره کوردێکی بەڕێز بوو "تەوفیق وەهبی بەگ". من زۆرم سەبارەت بەتەوفیق وەهبی له باوکم ژنەفتبوو و ئاواتی چاوپێکەوتنیم هەبوو. ئەو کوردی و تورکی و فارسیی دەزانی و زۆری لەسەر زمانی کوردی نووسیبوو، یەک لەوان قاموسێکی ( کوردی- عەرەبی) و یەکی (کوردی ئینگلیزی). هاوسەرەکەی، ئاسیه، چالاکێکی گرینگی بواری پەروەرده و مرۆڤایەتی بوو. له کۆتاییی سییەکاندا و کاتێک که هێشتا تازه گەیشتبوومه بەغدا، کەڵکەڵەی چاوپێکەوتنی بنەماڵەی وەهبیم هەبوو. دواتر له ژیانمدا، کاتێ که بەتایبەتی باسی ئارەزووی شتێکم دەکرد، زۆر جار مێردەکەم بەسەرزەنشتێکەوه دەیگوت تۆ هەموو کات ئاواتەکانت دێنه دی. لەو کارەشدا پێشبینیی مێردەکەم ڕاست دەرچوو، لەبەرئەوەی زۆری پێ نەچوو دوای ئەوەی له ماڵەکەمدا دامەزرام، ڕێزدار وەهبی و خاتوونەکەی بانگهێشتنی ماڵی خۆیان کردم.

نزیکەی سەعاتێک پێش نانی نیوەڕۆ گەیشتمێ و ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی ڕێزدار وەهبی کتێبخانه گەورەکەیم پێشان بدات. ئەو شانازیی زۆری بەکتێبخانەکەی خۆی دەکرد و زۆری پێ خۆش بوو که من چاوم پێی بکەوێت. هەرکه چوومه ژوورەوه، دەستنیشانی چوارچێوەیەکی جوانی کرد که بەدیوارەوه درابوو: شیعرێکی فارسی که بەوێنەگەرییەکی جوانی ئێرانی ڕازابووەوه. لێی پرسیم: "بەهیه، دەتوانی بیخوێنییەوه؟" سەیرێکیم کرد و شیعرەکەم ناسییەوه، هەر لەبەریش دەمزانی. زۆری پێ خۆش بوو که شیعری فارسیم لەبەره.

شیعرەکه هی تاهیره بوو. ڕێزدار وەهبی که دەچووه سەر باسی تاهیره، بەتامەزرۆییەوه باسی دەکرد. پاشان نوسخەیەکی ئەو شیعره ڕازاوەیەی

بەدیاری پێ دام. دواتر، توانیم وەرگێڕاوی ئینگلیزیی شیعرەکە پەیدا بکەم. ئەوە هەر ئەو شیعرەیە کە "ئا. جەی. ئاربری" ناوی "غەزەلی تاهیرە"ی لێ ناوە:[11]

"هەر کاتێ ڕووبەڕووت دەبمەوە، نیگام دەچێتە سەر ڕوخسارت و
خەفەتی خۆمت ورد ورد بۆ شی دەکەمەوە
بەو هیوایەوە کە بتوانم گۆنات بگرم،
وەک شەماڵ سەرم بە هەموو دەرگایەکدا کردووە
ماڵ بەماڵ، کۆڵان بەکۆڵان، جادە بەجادە
دووریی تۆ وای کردووە خوێنی دڵم بڕژێتە چاوەکانمەوە
جۆبار بەجۆبار، دەریا بەدەریا، فەوارە بەفەوارە، جۆگە بەجۆگە.
دڵی پڕ لە خەفەتم ئەوینی تۆ لە کووتاڵی ڕۆحم دەچنێت
هەودا بەهەودا، ڕیشوو بەڕیشوو، تاڵ بەتاڵ، پۆ بەپۆ
(تاهیرە) سەیری دڵی خۆی کرد و هیچی جگە لە تۆ تێدا نەدیت
لاپەڕە بەلاپەڕە، بەرگ بەبەرگ، تارمە بەتارمە، پەردە بەپەردە."

## ڕێبازی توێژینەوە

وا دەردەکەوێ کە شیعرەکە وەسفی گەیشتن بکا بە "ئەوپەڕی تێگەیشتنی سۆفییانە" "الفناء في الله".[12] کە وابوو، تاهیرە لەبەر زۆر هۆکار، جگە لە جێگە و پێگەیەک کە لە دۆخی نوێی یەکدەنگی لەگەڵ ژندا هەیەتی، پێوەندێکە لە نێوان کولتووری کورد و ئاینی بەهاییدا. بوێری و خۆڕاگرییەکەی لە پێناو پشتگیریکردنی ڕاستی، هەنگاوێک بوو کە بەرەو گەیشتن بەو ئامانجە ڕۆحییەی دەبرد. سەرنجڕاکێشە بزانین کە کاتێ لە بەغدا شاربەدەر کرا، چوو

(١١) شێخ محەمەد ئیکبار، جەوادنامە، وەرگێڕاو لە فارسییەوە بە سەرەتا و یاداشتی ئا. ج. ئاربری، (١٩٥٦)، ل ٩٢.
(١٢) بەهائولا، حەوت وادی (١٩٧٣)، ل ٤١.

بۆ هەندێک شار و گوندی ڕۆژئاوای ئێران و لەوێ ڕووبەڕووی گەلی کورد بووەوە. تۆمارە مێژووییەکان دەری دەخەن کە لە گوندی (سەحنە) مایەوە، کەوا دەزانین دانیشتووەکانی کوردن و ئەو پەیامەی وا بەخەڵکی ئەوێی ڕاگەیاند، پڕ بەدڵ وەرگیرا. لە گوندێکی تری کوردان کە سێ ڕۆژی لێ مایەوە، دەگوترێ نزیکەی دوازدە هەزار گیان، بەپشتگیریکردنی هەستان.[١٣] لە کرماشان، یەک لە ناوەندە سەرەکییە کوردییەکان، بەگەرمی لەلایەن ڕێبەرانی ئاینییەوە وەرگیرا، کە "نیشانەی جۆراوجۆری ڕێز و خۆشەویستییان بۆ دەرخست."[١٤] لەوێ، لە تەفسیری سوورەی کەوسەردا، لەوحێک بە زیاد لە دوو هەزار شیعرەوە، کە باب ئاشکرای کرد، "لە بەردەمی خەڵک خوێنرایەوە و تەرجەمە کرا."[١٥] هەر ئەو لەوحە، لە بەغداش ڕاگەیێنرابوو و بیری ئەو کەسانەی گۆڕی کە پەسندکار و بزوێنەری گاڵتەجاڕانی دڕ بوون. چ بەشکۆیە ناوەڕۆکی ئەو تەفسیرەی کە پیاوێکی تێگەیشتوو کە شای ئێران بۆ لێکۆڵینەوە لە ئامۆژگارییە نوێکان ناردبووی و ئامۆژگارییەکانی بابی لە بەردەم ئاشکرا کرابوو، بەچەشنێک ئەو ئامۆژگارییانە شوێنان لەسەر دانا، کە بەتەواوەتی باوەڕی بەڕاستبوونیان هێنا و گیانی خۆی لەسەر مەسەلەکە دانا. ئەو ڕێبازەی وا پیاوەکە گرتبوویە بەر، یەک لە توێژینەوە سۆفیایەتییەکان بوو:

" من لە چاوپێکەوتنی سێیەممدا لەگەڵ باب، وام لێ هات کە بەهەموو

---

(١٣) پەراوێزی ٢، کە ئاماژە بە (حەزرەتی) محەمەد مستەفا دەکا، ل ١١١، لە کتێبی "نبیل الاعظم" (محەمەد زەرەندی) بەناوی شەبەق شکێنان،: گێڕانەوەی نەبیل لە ڕۆژانی شۆڕشی بەهایی، وەرگێڕاو لە فارسی و ئێدیت کردنی شەوقی ئەفەندی (١٩٧٤)، ل ٢٧٢ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٢دا چاپ کراوە.

(١٤) شەبەق شکێنان، ل ٢٧٢.

(١٥) بۆچوونەکانی باڵیۆزی لەمەڕ ئەوەی تاهیرە لەو سەردەمەدا کە لە بەغدا بوو یەک لەو لەوحانەی پێ گەیشتبوو و لەوێ کەڵکی تەواوی لێ وەرگرتبوو (باب، پەیامبەری ڕۆژی ڕۆژان (١٩٧٣)، ل ١٦٣).

دڵمەوە داوای لێ بکەم شرۆڤەی سوورەی کەوسەرم بۆ ئاشکرا بکات. بڕیارم دا داواکارییەکە لە بەردەم ئەو ئاشکرا نەکەم. ئەگەر ئەو، بە بێ داواکردنی من، شرۆڤەی ئەو سوورەیە بەشێوەیەک ئاشکرا بکا کە لە بەرچاوی من لە پێوانە باوەکانی ناو ڕاڤەوانانی قورئان جیاواز بێت، ئیتر دەستبەجێ باوەڕ بە کەسایەتیی پیرۆزی پەیامەکەی بهێنم و ئامادە بم باوەش بۆ ئاینەکەی بکەمەوە. ئەگەریش وا نەبوو، ئەوا بەسانایی بیدەمە دواوە. هەر ئەوەندەی ڕێنوێنیی بەردەمی کرام، لە پڕ هەستێکی ترس، کە نازانم چی بوو، دای گرتم. هەر گەیشتمە بەردەمی تەزوویەک بە چوار پەلدا هات. من کە زۆر جار چووبوومە حوزووری شا و هەرگیز هەستم بە نیشانەیەکی کەمی بێ زاتی لە خۆمدا نەکردبوو، ئێستا سام و ترس و لەرزێک دای گرتبووم کە نەمدەتوانی چیی تر بەپێوە بوەستم. باو لەو دۆخەدا هێشتمیەوە و لە جێی خۆی هەستا و بەرەو من هات، ئینجا، دەستی گرتم و لەلای خۆی دانام. گوتی: "چی دڵت دەخوازێت لێمی بپرسە. من بەڕاستی بۆتی ئاشکرا دەکەم." سەرم سوڕما و زمانم بەسترا. وەک منداڵێک کە نە تێ دەگات و نە دەتوانێت قسە بکا. هەستم کرد بۆ وەڵامدانەوە بێ دەسەڵاتم. سەیرێکی منی کرد، بزەی هاتێ و گوتی: "گەلۆ دەبێ شرۆڤەی سوورەی کەوسەرت بۆ ئاشکرا بکەم، ئاخۆ دەزانی قسەکانی من لە ڕۆحی خوا کەوتوونەوە؟ گەلۆ دەزانی قسەی من بەهیچ عەقڵێک وەک شتێکی جادوویی یا بەرچوو ناچن؟" هەر ئەوانەم لێ بیست، فرمێسک لە چاوم باری. تەنیا شتێک کە توانیم بیڵێم ئەو سوورەیەی قورئان بوو: "یا ئیلاهی، ئێمە بەبێدادانە لەگەڵ یەکتردا هەڵسوکەوت دەکەین: ئەگەر تۆ لێمان نەبووری و بەزەییت پێماندا نەیەت، بەدڵنیاییی لەو کەسانە دەبین کە دەفەوتێین." هێشتا دوای نیوەڕۆیەکی زوو بوو کە باو داوای لە حاجی میرزا سەید عەلی کرد قەڵەمدانەکەی و کاغەزی بۆ بهێنێ. ئینجا دەستی کرد بەئاشکراکردنی شرۆڤەی خۆی لەسەر سوورەی کەوسەر. چۆن دەتوانم هەستم سەبارەت بەو شکۆ چاوەڕواننەکراوە دەرببڕم؟ ئایەتەکان بەخێراییەکی وا لە پێنووسی دەهاتنە خوارێ کە سەرم سووڕ مابوو. خێراییی نووسین، خورتەی نەرم و هێمنی ژێر لچ و هێزی سەرسووڕهێنی

پێنووسی، مات و گێژی کردبووم. هەتا نزیک ڕۆئاوا درێژەی بە کارەکەی دا. هەتا شرۆڤەی سوورەکە کۆتاییی پێ نەهات هیچ ڕانەوەستا. ئینجا پێنووسی دانا و داوای چاییی کرد."(١٦)

ڕێبازی توێژینەوەکەی گەرموگوڕ بوو، تێیدا ئەو هیچ بەتەنگ خۆیەوە نەبوو، هەمان هەر ئەو ڕێبازە، تاهیرەش پێدا دەڕۆیشت. وتەی ڕۆژنامەنووس "ماریا ڕووپ"، کە بە تایبەت بۆ ئەوەی زیاتری لەسەر بزانێت، سەردانی خزمەکانی تاهیرەی لە ئێران کرد، دەرخەری هۆکارێکی ترە بۆ ئەو بانگەوازەی وا لە سەردەمی خۆیدا و تەنانەت ئەمڕۆش، بۆ گەلی کوردی هەبوو. ڕووپ دەنووسێ: جوانترین نیشانەی تاهیرە، یا لانی کەم یەک لەوانەی وا یارمەتیی جیهانی دا، دڵسۆزییەکەی بوو بۆ منەی ڕاستی، کە لە دەسپێکی کارەکە و ئەو دەمەوە کە کیژۆڵەیەک زیاتر نەبوو، هەتا ئەو ڕۆژەی جیهانی بەجێ هێشت، درێژەی کێشا."(١٧)

ئەم دێرانەی خوارەوە لە پارچە شیعرێکی تری تاهیرە وەرگیراون و باس لە قسەکانی دەکەن لەمەڕ خواستی بەدەستەوەدانی هەموو شتێک لەو ڕێبازەدا:

نووری ڕوخسارت درەوشایەوە و تیشکی دیدارت لە بەرزان دەرکەوت؛

بۆچی وشەی "گەلۆ من خوای تۆم؟" دەشاریتەوە، لێ گەڕێ با وەڵام بدەینەوە و بڵێین:

"بەڵێ ئەوە بەهرەی تۆیە."

هاواری "گەلۆ من نیم" لەلایەن تۆوە، بانگی ئەو تەپڵە نییە کە "بەڵێ" دەیداتە بانگی خۆبەختکردن. من لە دەروازەی دڵمدا هەنگاوی میوانی بەڵا دەپارێزم."(١٨)

---

(١٦) پەراوێزی ٣، کە ئاماژە بە (حەزرەتی) محەمەد مستەفا دەکا، ل ١١٢، لە شەبەق شکێناندا، ل. ٢٧٢دا.

(١٧) ماریا ڕووپ، ل ٦٠.

(١٨) وەک لە ماریا ڕووپ لا ١٢١-١٢٢دا دەستنیشان پێ کراوە.

یەک لەو دیاردە ڕازاوانەی وا کولتووری کوردیی پێ دەناسرێ، ئەو دڵنیاییەیە کە هەیانە و زۆر جاریش دەیڵێنەوە کە "گەڕان بەشوێن خواست و ئارەزوودا، ڕۆژێک بە ئەنجامی خۆی هەر دەگات، با ڕێبازەکەشی ئەستەم بێت". سەرکەوتن، تەنانەت لە حیکایەتێکی دڵتەزێنی وەک مەم و زینیشدا، بەرچاوە. گرینگ نییە مەودای نێوان زیندانیکرانی مەم و ئەو یەکگرتنەوەیەی وا خوازیاریەتی چەندە زۆرە. وشەی باوەڕە بێ خەوشەکەی، باسی بەجێگەیشتنی ئاواتی لەمێژینەی دەکا:

چرا لە دڵیدا هەڵبوون،

نهێنییەکان خۆیان لە بەردەمی ئاشکرا کرد.

ئاوێنەی دڵی ڕۆناهیی دایەوە و

خەیاڵ، جێگەی خۆی دایە ڕاستی.(١٩)

لەو کوردانەی کە خاوەن پێشبینی بوون و لە پێوەندیی ئەو ئاوات وەدیهێنانەدا بوون، ئەوانەن وا "موراد" باسی باوەڕی پاکیان لە ڕۆژی داوەریدا دەکا:

شای شانازی لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت، خەڵکانی جیهانی بانگ کرد کۆ ببنەوە و لەژێر چەتری یەکەتیدا ڕۆنیشن. ڕووی کردە موراد و هەواڵی دایە: "ئێمە هەموو نهێنییەکانمان ئاشکرا کرد." خوای جیهان و گەورەی هەموو ئەوانەی وا لەوێدا نیشتەجێن، ئێستا لەسەر تەختی داوەری دانیشتووە. دەبێ لە نێوان گەلاندا داوەری بکات و ئەوەیان بداتێ کە شایانیانە.(٢٠)

لەناو ئەو کوردانەدا کە بەڕاستی بەشوێن حەقیقەت کەوتوون، ئێمە ناوی

---

(١٩) ئەحمەدی خانی، مەم و زین (دێری ١٨٢٢ –١٨٣٣)، وەرگێڕاو لەبەر (تەرجەمەی) فرەنسایی، ل. ٩، ٢٣٦.

(٢٠) بەهائیانی ناودار، ل. ٣٢١ (دەبێ مستەفا بەگی کوردیی شاعیری ناوداری کورد و برای سالمی سنە بێت. وەرگێڕ)

هەندێکیانمان لە مێژووی بەهاییدا تۆمار کردووە. بۆ نموونە، حیکایەتێک هەیە سەبارەت بەدەروێشێک بەناوی مستەفا بەگ، کە چاوی بە بەهائولڵا کەوت و دەستبەجێ باوەڕی بە زانایی ڕۆحی و ئەو هێزە پیرۆزە هێنا کە لە پشتییەوە بوو. گەرچی ئێمە ناتوانین بە متمانەوە ئەسڵیەتیی ئەو بزانین، بەڵام دەروێشەکە بەدڵنیایی کورد بوو لەبەرئەوەی "خەڵکی سنەی کوردستان" بوو.[٢١] ئەو دەستبەجێ دوای دیتنی بەهائولڵا و ئاڵوگۆڕی چەند وشەیەک لەگەڵیدا، لەسەر خواردنەکەی هەستا و کەوتە شوێنی. ناوبراو شاعیر بوو، ئەوینی خۆی بە نیسبەت بەهائولڵاوە لە هەڵبەستێکدا دەربڕی، کە بوو بەهۆی ئەوەی خەڵکانی تریش بکەونە شوێنی.

دەروێشێکی تری کوردیش کە کەوتە شوێن بەهائولڵا، دەروێش (سیدق عەلی) بوو. عەبدولبەها لە کتێبی (بیرەوەرییەکانی وەفاداری)دا ناوی ئەوی گونجاندووە. ئاغا سیدق عەلیش یەکی تر لەو خەڵکە زۆرە بوو کە نیشتمانی خۆی بەجێ هێشت و لەگەڵ بەهائولڵا کەوت و کەوتیشە زیندانەوە.

ئەو دەروێش بوو؛ مرۆڤێک کە لە دۆست و بێگانە بەیەک شێوە، دابڕابوو. ئەو سەر بەتەریقەتی سۆفیان و کاتبیش بوو. کاتێکی باشی بە بەرگی هەژارییەوە تێپەڕ کردبوو، شەرابی یاساکەی دەخواردەوە و لەسەر ڕێبازەکەی دەڕۆیشت، بەڵام وەک سۆفییانی تر ژیانی خۆی تەرخانی حەشیش نەکردبوو؛ بەپێچەوانە، خۆی لە خەیاڵاتی بەتاڵ پاک کردبووەوە و تەنیا بەدوای خوادا دەگەڕا، باسی خوای دەکرد، بەڕێبازی خوادا دەڕۆیشت. بەهرەیەکی جوانی شیعریی هەبوو، شیعری بۆ گۆرانی دەهۆنییەوە بۆ ئەوەی بە خوادا هەڵبلێت. دنیا لەگەڵی بە ناڕەوایی جووڵابووەوە و پشتی تێ کردبوو. لە ناو شیعرەکانیدا هەڵبەستێک هەیە کە لە زیندانی بنکە سوپاییەکانی عەککادا هۆندوویەتەوە، کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە بەم شێوەیە:

(٢١) هـ. م. باڵیۆزی، بەهائولڵا: شای شکۆدار (١٩٨٠)، ل ٤٠.

قفڵی داخراوی تۆ سەد دڵ بە داوەوە دەکات و
کاتێ کە زوڵفت بە بادەدەی، دڵان دەشواتەوە

ئەو ڕۆحە ئازاد و سەربەخۆیە، لە بەغدا وەشوێن خۆشەویستێکی دوور لە شوێن هەڵگرتن کەوت. ئەو سەرهەڵدانی ئەستێرەی سەحەری لە ژوور ئاسۆی عێراقەوە بەچاو کرد و خەڵاتی لەو هەتاوە دەرکەوتووە وەرگرت. بەهائولڵا دڵی ڕفاند و شەیدای ئەو هاوڕێ ناسکەی بوو. گەرچی پیاوێکی بێدەنگ بوو بەڵام پەلی وەک چەندان زمان پەیامەکەی ڕادەگەیاند. کاتێ کە دەستوپێوەندی بەهائولڵا خەریکی بەجێهێشتنی بەغدا بوون، ئەو پاڕاوە مۆڵەتی پێ بدرێت مەیتەری بکا. هەموو ڕۆژێ کە لەگەڵ کاروان دەڕۆیشت و کاتێ کە شەو دادەهات بەوڵاخەکان ڕادەگەیشت. لە قووڵاییی دڵیەوە کاری دەکرد. تەنیا دوای نیوەشەوان دەچووە جێگەوە و ڕادەکشا بۆ حەسانەوە بەڵام پێخەو کەوای بەری بوو، سەرینیشی خشتی کاڵ. لە ماوەی سەفەردا، پڕ بوو لە ئەوینێکی تاسەبار و شیعری دەگوت. ئەو دڵی هاوڕێکانی خۆی زۆر ڕاگرتبوو. ناوی مرۆڤ بەو دەدرێت: ئەو ڕاستگۆ و ڕاستیوێژێکی بێ خەوش بوو. ئەو هەر ئەوین خۆی بوو، ئەو پاکیی دڵ بوو، ئەو خۆشەویستی بەهائولڵا بوو. لە پلەی بەرزی خۆیدا، کە مەیتەری بێت، ئەو وەک شایەک پادشاییی دەکرد، لە ڕاستیدا ئەو شانازی بەسەر خاکی زەوینەوە دەکرد. ئەو بەتەنگی چاوەدێریکردنی بەهائولڵاوە بوو لە هەموو شتێکدا، دوور لە چەوتی و بەڕاستی.

کاروانی ئەویندارا‌ن درێژەی بەچوون دا؛ گەیشتە ئەستەموول، بەرەو ئادریانۆپل تێپەڕ بوو، لە ئەنجامدا بەرەو زیندانی عەککا بووەوە. سیدق عەلی لەوانە لە هەموویدا بوو، بەوەفاداری خزمەتی فەرمانەی دەکرد.

کاتێ لە سەربازخانەکان بوون، بەهائولڵا شەوێکی تایبەتی بەناوی دەروێش سیدق عەلییەوە دیاری کرد. نووسی کە هەموو ساڵێک دەبێ دەروێشان لەو شەوەدا شوێنێکی کۆبوونەوە برازێننەوە، کە دەبێ لە باغی گوڵاندا بێت و لەوێ کۆ ببنەوە و ویردی خوا بکەن. ئەو لە درێژەدا گوتی (دەروێش) نابێ وابن کە بە دەورەدا بگەڕێن، شەو و ڕۆژیان بە شەڕ و دژایەتی تێپەڕ بێت. ئەو

گوتی بەپێچەوانە، واتای وشەکە ئەوەیە کە دەروێش کەسانێکن وا بەتەواوەتی لە هەمووان جگە لە خوا جیا بوونەتەوە، کە دەست لە یاساکانی بەرنادەن، لە ئاینی ئەودا بە قورس و قایمی دەمێننەوە، بەپەیمانی ئەو وەفادار دەمێننەوە و لە پەرستندا بەردەوام دەبن. ئەوە ناو نییە بۆ کەسانێک کە، وەک ئێرانییەکان دەڵێن، وەک بەرەڵا یان لاکەوتەی کـۆڵانانن، مـێـشکیـان شـێـواوە، باری سەرشانی خەڵکن و لە هەموو مرۆڤێک ڕەشۆکیتر و ئەدەبسزن. ئەو دەروێشە پایە بەرزە هەموو ماوەی ژیانی خۆی لەژێر سایەی خۆشەویستیی خوادا بردە سەر. ئەو بەتەواوەتی لە هەموو شتێکی جیهانی بڕیبوو. خوازیاری خزمەت بوو و لە دڵەوە بەردەستیی ئیمانداڕانی دەکرد. خزمەتکاری هەموویان بوو و وەفاداری دەرگانەی پیرۆز.

ئینجا کاتی ئەوە هات کە بۆ ئەوەی لە ئاغای خۆی دوور نەبێت، بەرگی ژیان لەبەری خۆی داکەنێت؛ لە بەرچاوی لەشی خەڵک، چووە سێبەرەوە، بەڵام بەچاوی عەقڵ خۆی بردە شوێنێک کە وەک ڕۆژ ساکارە و لەوێ دانیشتە سەر تەختی شانازیی بێ کۆتایی. لە زیندانی ئەم جیهانە هەڵات و لەسەر زەوینێکی بەرفراوان و بەرین، ڕەشماڵی داکوتا. با خوا هەموو کات لە خۆی نزیکی ڕابگرێت و لەو جیـهـانە شـاراوەیەدا پیـرۆزی بکا لەگـەڵ یەککگرتنەوەی هەمیشەیی و بەڕوانگەیەکی پڕ لە شادییەوە. با لە توێی نووردا بپێچرێتەوە. شکۆی خوایەکی لەسەر بێت، کە خاوەنی هەموو شکۆیەکە. گۆڕەکەی لە عەککایە.[٢٢]

ئەوەی خوارەوە بەشێکە لە دەپێک (لەوحێک) کە لەلایەن بەهائوڵاوە لە ئەدریانۆپل و بە شانازیی دەروێش سیدق عەلی ئاشکرا بووە:

"... سوێندم بەگەورەترین ناوێک کە بەرچاوی من دەکەوێت! چەندە جێگەی کەسەرە بۆ مرۆڤ کە لەم ڕۆژەدا، دڵ بداتە شتی ڕواڵەتیی ئەم دنیایە! ڕاپەڕن، دەست بەسەبەبی خواوە بگرن. بۆ یەکتر لە هەمووان

(٢٢) یادەوەرییەکانی وەفاداری، لا ٣٦– ٣٨.

خۆشەویستتر بن. بۆ خاتری لە هەمووان خۆشەویستتر، پەردەی نەفسانی بەتەواوی بسووتێنن، بەڕوخساری شادمان و درەوشاوەی بەر ڕووناکییەوە لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوتتان بێت. هەموو خەسڵەتەکانی حەقتان بەچاو بینیوە. نەمویستووە شەوێک تێپەڕ بێت و یەک لە دۆستانی خوا دڵی لەم غولامەتان ئێشابێت. دڵی هەموو جیهان بە وشەی خوایی ڕوون بووەتەوە، حەیفە ئێوەش ئەو ئاگرە نەکەوێتە گیانتان. بەخواستی خوا هیوادارم کە ئەم شەوە پیرۆزە ببێتە شەوی یەکگرتن، هەمووتان یەک بگرن و بەئاکاری جوان و ڕازاوە برازێنەوە. هەوڵتان با تەرخانی ئەوە بکرێ تاکێک لە گێژاوی نەمانەوە بهێننە سەر ڕاستەڕێی مان. لە ناو خەڵکدا بەشێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن کە نیشانەی خواییتان لێ دەربکەوێت. لەبەرئەوەی ئێوە لەناو مرۆڤدا یەکەمین کە بەهۆی ڕۆحی ئەوەوە سەرلەنوێ خوڵقاونەتەوە، یەکەمین کە خۆشتان دەوێت و لە بەرانبەریدا ئەژنۆتان دەچەمێننەوە، یەکەمین کە بەدەوری تەختی شکۆمەندییەوە گەو (ئاڵقە) دەبەستن. من سوێند بەو دەخۆم کە هۆی منە، کە هەر شتێک ئەو پێی خۆشە ئاشکرای بکەم! ئێوە بزانن کە نیشتەجێیانی شانشینەکەی، ناوی ئێوە لەوە باشتر دەزانن کە ئێوە سەبارەت بەخۆتانی دەزانن. گەلۆ لاتان وایە ئەم قسانە پووچ و بەتاڵن؟ خۆزگە ئێوە دەسەڵاتتان بوایە لەو شتانە تێ بگەن کە خواتان، ئەوی زۆر بەبەزەیی، دەیبینێ ئەو شتانەی وا دەرخەری چاکیی چینەکەتانە، کە شایەدی گەورەیی بایەختانە و بەرزیی پلەتان دەگەیێنێ! خوا بکات خواست و هەستی هەمیشەییی ئێوە ڕێگرتان نەبێت لەوەی بۆتان براوەتەوە."[٢٣]

---

(٢٣) کۆکراوەی نووسراوەکانی بەهائولا، چاپی دووەم، (١٩٧٦)، لا. ٣١٦-٣١٧ لەوحەکە ناوی '(وح ليلة القدس)ە، ئەدیب تاهیر زادە، درکاندنەکانی بەهائولا: ئادریانۆپل، ١٨٦٣-١٨٦٨ (١٩٧٧)، بەرگی ٢، ل ١٨٨.

سـینگ فـراوانیی دەروێش سیـدق عـەلی پیـرۆز کـرا و بوو بەیـەک لەوانەی وا دەیتـوانی، وەک لە زۆر شیـعری کۆنی کـوردیدا ئامـۆژگاری دراوە، ڕاسـتەقـینە بەهەنـاسـەی گـیـان ببـینێ. ڕێگەی ئـەوەی بتـوانرێ کوردێکی تر ببـینرێ کـە باوەشـی بۆ ئاینی بەهایی کردبێتەوە، سینگ فراوانییە. بەهائوڵا وانەی سینگ فراوانی دادەدا. (جۆن ئێسلێمنت) لە کتێبی (ئاینی بەهایی)ی خـۆیدا ئاوای ڕوون کردووەتەوە:

"گـەلۆ تـەنانەت ئـەم چەند هەنگاوەش هەڵێنرابووەوە و بارودۆخی سـینگ فـراوانیی برادەرانەی دوولایەنە لە نێـوان فیـرقـە جـۆراوجـۆرە ئاینیـیـەکـاندا ئامادە بووبوو. چ گۆڕانکارییەکی سەرسووڕهێن لە جیهاندا هاتبـووە کایەوە! بەڵام، بۆ ئەوەی ئەو یـەکـەتییـە ڕاسـتـەقـینـەیە بەردەست بکرێ، شـتـێکی زیاتر پێـویست بوو. سـینگ فـراوانی بـۆ نەخـۆشـیی فـیـرقـەخـوازی ئازارڕەوێنێکی بەنرخە، بەڵام چارەسـەرێکی بنەڕەتی نییە و هۆکاری کێشـەکە لەناو نابات.

.... کـۆمـەڵگەی جـیـاجـیـای ئاینی لە ڕابردوودا نەیانتـوانیـوە یـەک بگرن، لەبەرئەوەی لایەنگرانی هـەر کـام لە کۆمـەڵگەکان دامـەزرێنی کۆمەڵگەی خۆیان بەدەسـەڵاتدارێکی بەرز دادەنێن و یاسـاکـانی ئەو وەک یاسـای پیـرۆز سـەیر دەکـەن. هـەر پێـغـەمـبـەرێکیش جـاڕی پەیامـێکی جـیـاوازی دابێت بـەدوژمنی حـەقیـقـەتی ناودێر دەکـەن. فیـرقەی جیاجیای کـۆمـەڵگە بەبۆنەی هاوچەشنەوە لێک دابڕاون. ئیـمـاندارانی هـەر کـام، دەسـەڵاتـی ژێردەسـتـەبوونێکیـان قـەبووڵ کـردووە و شـرۆڤـەیەکی تایبـەت لە دەقی پەیامی دامـەزرێنیـان وەک تاقـە ئاینی ڕاسـتـەقـینە وەرگـرتووە و هـی ئـەوانی تریان بەهەڵە داناوە. ئاشکرایـە تا ئەو دەمـەی کـە کـارەکـان لەسـەر ئەو پاژنەیە بگەڕێن هـیچ یەککگرتوویـیـەکی ڕاسـتـەقینە ناگـونجێ. لەلایەکی ترەوە، بەهـائوڵا ئـامـۆژگـاریی ئەوە دەکات کە هـەمـوو پێغـەمـبـەرەکـان پەیامی ڕاسـتـەقـینەی خـوایان هێناوە و هـەر کـام لە سـەردەمی خـۆیدا بەرزترین پەیامیـان ڕاگەیانـدووە، کە هـەموویان لە بنەڕەتدا هـاودەنگن و بـەشـێکن لە بەرنـامـەیەکی مـەزن بۆ پـەروەردە و بەیـەککـردنی مرۆڤایەتی. ناوبراو بانگی خەڵکی سەر بەهەموو ڕێبازەکان دەکا کە لە ڕێگەی

تەرخانکردنی ژیانیانەوە بۆ وەدیهێنانی ئەو یەکەتییەی وا هەموو پێغەمبەران لە پێناویدا هەوڵیان داوە و ڕەنجیان کێشاوە، ڕێزی زۆر لە پێغەمبەری خۆشیان بگرن.(٢٤)

شێخ محێدین سەبریی کانی مشکانی(*) (١٨٦٠– ١٩٤٠)، کە مەسەلەی خۆشویستنی هەموو ئاین و گەلێک سەرنجی ڕاکێشابوو، ئازایەتیی ئەوەی هەبوو کە بچێتە ناو جیهانی نوێی زانین و کردارەوە. حیکایەتی ئەو تێکەڵاوی حیکایەتی باوکم دەبێت، کە نزیکترین برادەریشی بوو.

وەک برادەرانی دەیانگوت شێخ محێدین خەڵکی باکوری کوردستان(**) بوو، سونە و لە بنەماڵەیەکی بەڕێز و دەوڵەمەند بوو. لە تەمەنی هەژدەساڵیدا خوێندنی ئاینیی گەیاندبووە کۆتایی و بەهۆی هۆشیاری و زانستی بەرزیەوە لە پلەیەکی بەرزدا سەیر دەکرا. لە تەمەنێکی بچووکدا ماڵی خۆی بەجێ هێشتبوو، چووبووە ئەستەموڵ و پاشان گەیشتبووە میسر و لەوێ چووبووە ئەزهەر.

هاوڕێی باوکم بوو، بۆ ماوەیەکیش لە کاری چاپخانەکەی باوکمەوە تلا بوو. لەو کارانەی وا لەوێدا کردی، یەکیان خۆشخەتی واتە لەبەر نووسینەوەی کتێب، بوو. ئەوە لە سەرەتای سەدەی (بیستەم)دا بوو. جاروبارە چاوی بەبرادەرانی بەهایی دەکەوت و باوکم هەستی دەکرد کە لە بوونیان لەوێ، خۆشحاڵە. لە ماوەیەکی درێژدا زانیاریی لە ئاینی بەهایی دەست خستبوو و بووبووە لایەنگرێکی بەجۆشی ئاینەکە.

لە ئەنجامدا، چوو بۆ تونس و سوودان و لەو شوێنانە دۆست و برادەری زۆری پەیدا کردبوو، کە لە ڕێگەی ئەوەوە پەیامی بەهائولڵایان بە گوێ گەیشت و هاتنە ناو کۆمەڵگەی بەربڵاوی جیهانیی لایەنگرانیەوە. لە هەموو ئەو

---

(٢٤) وەک ماریا رووپ ڕای گوێستووە، ل ٦٢.

(*) هەروەها بە (شيخ محي الدين صبري الكردي السنندجي الكانيمشكاني) ش دەناسرا.

(**) کانی مشکان و سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن نەک لە باکور. (وەرگێڕ)

ماوەیەدا شێخ محێدین ئازایەتی، یەکگرتوویی و سەربەخۆییەکی زۆری بیر و هزری لە خۆی پیشان دا. ئەو ڕێزی لە هەموو ڕێبازێکی موسڵمانی دەگرت ئەوەندە لە مەسەلەکە دەچووە پێشەوە کە بەدەنگی خۆشی خۆی قورئانی بۆ هەندێک کۆمەڵگەی شیعەی ناو میسر دەخوێندەوە. تەنانەت کاتێ بۆ مەسەلەی سینگ فراوانی لە بەرانبەر خەڵکانی سەر بەلایەنە جیاجیاکانی موسڵمان کەوتە بەر ڕاونان، بە قورس و قایمی لەسەر باوەڕەکەی وەستا و بۆ خەڵکانێکیش کە بەرەنگاری بووبوونەوە، بوو بەنموونەیەکی نوێی ژیان.

لە سەردەمی ژیانی شێخ محێدین و باوکمەوە، خەڵک لە چیا کوردییەکانی ئێران و لە سنە و ئەو شار و گوندانەی وا کوردی تێدا دەژین، بەڕێبازی گەڕان و لێکۆڵینەوەدا ڕۆیشتوون و ئامۆژگارییە ڕۆحی و کۆمەڵایەتییەکانی بەهاییان وەرگرتووە. ڕێکخراوەی ڕۆحییان دامەزراندووە بۆ ئەوەی پەروەردەی منداڵانیان و پێشکەوتی ڕۆحی کۆمەڵگەیان دابین بکەن و ئێستا لە هەوڵی جیهانی بۆ بەرەنگاریکردن و زاڵبوون بەسەر گەلێک کێشەی سەدەی بیست و یەکەمدا بەشدارن. هەندێک خزمەتکاری گرینگی مرۆڤایەتی سەریان هەڵداوە کە پێشینەیان دەچێتەوە سەر کوردان.

یەک لەوانە (عەلی ئەکبەر فرووتەن) ە، ئیماندارێکی تەواو و بە تاسەی بەهائیەت و شارەزایەکی پەروەردە لە سایکۆلۆجیی منداڵ و فەلسەفەی پەروەردە؛ فرووتەن هەموو تاقەت و توانای خۆی بەختی ئەوە کردووە یەکەتیی مرۆڤایەتی ببێ بەڕاستەقینەیەکی زەق. کارەکانی، لە پەروەردەی ناو گوندەوە هەتا ئامادەکاریی بەرنامەی وتار لەسەر ڕادیۆی سەرانسەری وڵات و هەتا کاروباری هەمەچەشنەی نێونەتەوایەتی دەگرێتە بەر. ئەو لە زۆر بواردا خزمەتی کردووە، چ لە باری بەڕێوەبەرایەتی و چ لایەنی پەروەردە و بەردەوام تەبلیغی زانینی کردووە و هەمووشی بەبێ فیزییەوە و شکۆی ئەوەی پێ دراوە کە بە (دەستی سەبەبی خوا) بناسرێ، دۆخێک و ئەرکێک کە لە ماوەی مێژووی بەهائییەتدا بەچەند بەهاییەک نەبێت کە خزمەتەکانیان بێ وێنە بووبێت، بە کەس نەدراوە.

فرووتەن بە بایەخی کولتووری کوردی گەورە بووە، باوکی لە هۆزی کوردیی فەرهاد خانی بوو. باوکی بەهاییەکی بەتین بوو، دایکی و داپیری بەری باوکی، کە لە هەمان ماڵدا دەژیان، گەرچی لە سەرەتادا دژ بە ئاینە نوێیەکە بوون، هەردووکیان بوون بە بەهاییەکی دڵسۆز. وا هەیە بە هەڵکەوتیش بووبێت، بەڵام سەرنجڕاکێشە بزانرێت کە فرووتەن بەلاویەتی بۆ ماوەی چەند مانگ لە ناوچەیەک ژیا کە بە دانیشتوانی کورد و ئەرمەنییەوە دەناسرێت. لە ساڵانی دواتردا، هێشتا ڕازاوەیی چیاکانی قاوقازی لە بیر مابوو کە بەدەوری شاری باکۆ و گەنجە و تفلیسەوە بوون، هەمان ئەو شوێنانەی وا بۆ وانەگوتنەوە دەچووە ئەوێ.[٢٥] لای کەم دووجاریش سەردانی بەغدای کرد.

ئەم خزمەتکارەی مرۆڤایەتی نووسراوەکانی بەهاییی بە وردی خوێندووەتەوە و لەوانە، قسەکانی عەبدول. لە قسەکانی خۆیدا، توانیویەتی بابەتی ئەستەم بەزمانێکی ساکار و ڕوون باس بکا. لەم بوارەدا لێهاتوویی عەقڵ و ئامۆژگارییەکی بەرز شاراونەتەوە و گوێگران هەست بەدڵخۆشی و متمانە دەکەن. هەندێک لە هاوڕێیان لە بیریانە کە چۆن باسی مانەوەی بەهائوڵلا لە چیاکانی کوردستان و لەناو گەلی کوردی بۆ دەکردن.[٢٦]

فرووتەن لە ڕاستیدا زۆر بابەتی خستووەتە بەرباس و هەندێکیان لە کتێبەکەیدا بەناوی (داستانی دڵم). لە بابەتێکدا کە سەبارەت بەشادی و خۆشحاڵیی خۆی نووسیوە، قسەی عەبدولبەهای هێناوەتەوە کە دەڵێت: "هەموو دۆستێک دەبێ، بەوپەڕی ویستیەوە، هەوڵ بدات شادی، دڵخۆشی و خۆشحاڵی بخاتە دڵی ئەوانەوە کە لە پێوەندیی ئەودان."[٢٧] ئەو و هاوسەرەکەی و هاودەمێکیان، لە ژیانی خۆیاندا ئامۆژگاری و ورەی برادەرە خۆشەویستەکانی خۆیان زیندوو و بەرز ڕاگرت، بەتایبەت منداڵان و لاوان، کە

(٢٥) چیرۆکی دڵم (١٩٨٤)، ل ٢٩.

(٢٦) شیزوو فووتا، بەهاییەکی کەنەدەیی، ئەو بیرەوەرییەی گێڕاوەتەوە.

(٢٧) چیرۆکی دڵم، ل ٢٠٠.

دڵیان تەژی شادی دەکردن."[٢٨]

لەو کتێبەیدا، فرووتەن لە زمان پاسەوانی ئاینی بەهاییەوە دەگێڕێتەوە کە "مەلایانی زانستگەی ئەلئەزهەر هەردەم دەیانویست زیان بەئاینەکە بگەیێنن، بەپێچەوانە، هێرشکاریی ئەوان لە ڕاستیدا گەیشتە ئەنجامی ئازادیی ئاینەکە لە میسر." و هەروەها ئەوەی کە "بەهایی نابێ لە ڕووداوی وا بترسن، هەرچەندە ناخۆش و بەئازاریش بن، لەبەرئەوەی لە ئەنجامدا بە دڵنیاییی ئەو هۆکارە بەقازانجیان وەردەگەڕێت."[٢٩]

ئەو برادەرە بەڕێزە، بەمەبەستەوە باسی خۆبەختکەریی زۆر و مل دانەواندنی پڕ بەدڵی خۆی بۆ ڕێکخراوی ئاینەکە دەکات، هەروەها بەخشندەیی، هێمنی و لەسەرخۆیی و ئازادبوون لە فەناتیزمی خۆی ڕادەگەیێنێت. ئەوانەی وا گوێیان بۆ ئەو مامۆستا مەزنە ڕاگرتبێ، واتای بێ فیزیش تێ گەیشتوون و بەو حەقیقەتەیان زانیوە کە هەموو شت بە خواوە بەستراوە و "ئەویش هەر ئەو شتانە دەکا کە خۆی دەیەوێ."

ڕێبەرانی دەسەڵاتدار و مەلایانی خاوەن ڕێز، کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئاینی بەهایی دژایەتییان کردبوو، هەرگیز چاوەڕوانی وەڵامی وایان نەدەکرد، لەبەرئەوەی کورد بەمیوانداریییەوە ناسرابوو و هەروەها بەتوانای خەبات و لایەنگریی سەرڕەقانەی ئەو ئاینانەوە دەناسرا کە لە ئاینی زۆرایەتیی خەڵکەکە جیاوازن. بەڵام هەر چۆنێک بێت، ئەوەی وا لەژێر ئەم ڕواڵەتە توندوتیژەدایە، ڕۆحێکی پەروەردەکراو و گەلێک پێشکەوتوو، ئەوینێکی قووڵی حەقیقەت و دەربەستنەبوونێکی بوێرانەی دیاردەی باوە، کە وای کردووە گەلی کورد هەر لە سەرەتای زووەوە بۆ ئەم ئاینە نوێیە کراوە بن، تەنانەت لە سەردەمی باوەوە، کە پێشڕەوی بەهائوڵا بوو.

ژمارەیەکی زۆر لە شیعەی ئێران کە باوەشیان بۆ ئاینی بەهایی کردبووەوە

---

(٢٨) هەمان، ل ١٠٢.

(٢٩) هەمان، ل ٦٠.

(و ئەم ئاینە ڕێبازی باوییش دەگرێتەوە)، وایان لە دەسەلاتداران کرد کە باو لەو ناوچانەی وڵات کە کوردانی سونەی تێدا دەژیان، زیندانی بکەن، کە لایان وابوو خەڵکەکەی زەوقیان لە فێرکردنەکانی ئەو نەبێت. ئەوان لەوە باش تێ نەدەگەیشتن کە دڵسۆزیی ئەوان لە پێناو ئیسلامدا، بۆ ڕێبازی بەهاییشی ئامادە کردبێتن. حیکایەتی عەلی خان، پارێزەری کوردی قەڵای ماکۆ، ئەو شوێنەی وا باوی تێدا زیندانی کرابوو، تەنیا یەک نموونەیە.

گەرچی عەلی خان لە ئەسڵدا و بەڕواڵەت، شێوازی کارەکەی دڵڕەقانە بوو، بەڵام لە دەروونەوە میهرەبان بوو. شەوێکیان لە خەودا حەزرەتی محەمەدی بینی و بەگوێرەی ئەزموونی دواتریش، کە هەمان ئەو خەوە هیدایەتی کردبوو، لە پڕ باوەڕی بە هێزی ڕۆحانیی باو هێنا.[٣٠] عەلی خان لەوە بەدواوە خۆی بەتەواوەتی بەختی باو کرد. دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەر بەگشتی کورد بوون و ئەوانیش خۆیان بەختی باو کرد. تێگەیشتنی ئەوان لە حەقیقەتی کەسێک کە پێشینەی بەتەواوەتی لەوان جیاواز بوو، نیشاندەری ڕاستگۆیی، تێگەیشتنی وریایانە، دلێری و سینگ فراوانیی ئەوان و هەروەها هێزی ڕۆحیی باوە.

خەڵکانێکی زۆر لە دەوروبەری ماکۆ خۆشەویستیی باویان چووە دڵەوە و ئاوا بوو کە هەست دەربڕینی دڵسۆزانەی عەلی خان لای ئەو کەسانەی وا سەردانی باویان دەکرد، بەشێوەیەک بوو کە ئیتر فەرمان هات باو بۆ زیندانێکی تر ڕاگوێزن، لە قەڵایەکی چیایی لە (چەهریق) واتە (چاری). وەک ئەوی پێشوو، پارێزگاریی ئەم زیندانەش، کە یەحیا خانی کورد بوو، خۆی بەختی باو کرد. یەحیا خان مۆڵەتی بەخەڵکانی ناوبەدەرەوە و نەناسراو دەدا چاویان بە باو بکەوێ. لە ناویاندا دەروێشێک بوو کە لە هیندستانەوە هاتبوو، دەستبەجێ باوەشی بۆ ئاینی نوێ کردبووەوە و گەواهیی دابوو کە "لەو ڕۆژانەدا کە من شکۆی (نەواب)م لە هیندستان پێ دەدا، باو لە بەرچاوم

(٣٠) شەبەق شکێنان، لا ٢٥٥-٢٥٩.

دەرکەوت، سەیرێکی کردم و دڵمی بەتەواوەتی برد. من ڕابووم و دەستم کرد بەوەی بکەومە شوێنی. چاوێکی پڕ واتای لێ کردم و گوتی: "واز لە بەرگی ڕازاوەت بهێنە، لە وڵاتی خۆت دەرکەوە، بەپەلە و بەپێیان وەرە من لە ئازەربایجان ببینە. لە (چاری) بە ئاواتی دڵت دەگەی. "من بەڕێبازی ئەودا هاتم و ئێستاش بە ئامانجم گەیشتووم."(۳۱)

ئەوە سەرنجڕاکێشە کە لە گوندی چاری لە ناو گەلی کورددا بوو، وا زۆرێکیان لەسەر ڕێبازی تەریقەتن، دەروێشێکیش لە ڕێگەی دوورەوە دێت و خواستی دڵی خۆی دەدۆزێتەوە. کوردانی چاری نەک هەر سینگ فراوانییان بەرانبەر بە باو و خەڵکانی سەر ڕێبازی ئەو پیشان دا، بگرە ڕێزی زۆریشیان لە باو گرت. ڕێزی لە ڕادەبەدەریان بۆی هەبوو، هەموو ڕۆژێک داوای دۆعای بەخێریان لێ دەکرد و باوەڕیان بە هێزی ڕۆحانیی ئەو دەهێنا.(۳۲)

پێوەندیی گەلی کورد و ئاینی بەهایی گەلێک زۆرن، بەشێوەیەک کە ژماردنیان نەگونجاوە. من ئەو باسە بە گرینگترین پێوەندییەکان کۆتایی پێ دەهێنم، کە ئەویش وەک ئەوانی تر ڕیشەی لە سروشتی کراوە و سینگ فراوانیی کولتووری کوردیدایە. ئەویش بە شوێن گرینگترین ڕوخساری ئاینەکەدا دێت، واتە بەهائوڵا. ئەوەی گەیشتە ئەنجامی ئەو پێوەندییە تایبەتە زنجیرەیەک ڕووداوی دڵتەزێن بوو کە لە بابەوە دەستی پێ کرد.

بۆی هەیە لە چاونەترسیی نائاساییی (تاهیرە)وە دەرکەوتبێت کە ڕێبەرەکەی واتە باو ڕێبازی بەهێز و پارێزگەری سەردەمی خۆی بەرئاوەژوو کرد و گۆڕانکاریی گەلێک گرینگی بەسەر ئەوانەدا هێنا کە کەوتبوونە شوێن بیروباوەڕەکەی، هەموو ئەوانەش بۆیە بوو کە ڕێگە بۆ زانیارییەکی تەواو نوێ خۆش بکا وا بەڵێنی دابوو لە ساڵی (۹)دا بە مرۆڤایەتی بدرێ. بەم پێیە، ئەرکی ئەو کورت بوو بەڵام (وەک ئەستێرەی کشاو) بریقەدار بوو.(۳۳)

---

(۳۱) هەمان ۳۰۵.

(۳۲) هەمان ۳۰۲.

(۳۳) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ۳.

کاتێ دەسەڵاتداریەتی تێ گەیشت کە هیچ شتێک، تەنانەت زیندانی تاقە کەسیی ماکۆ و (چاری) یش ناتوانێت بەر بەخۆشەویستی ئەو لای خەڵک بگرێ، بڕیاریان دا کە دەبێ بکوژرێت. فەرمان بۆ والیی ئازەربایجان دەرچوو کە باو ببات بۆ تەورێز و لەوێ بەبەرچاوی خەڵکەوە لە قەنارەی بدا. پێش ئەوەی کە ناوبراو لە (٩)ی مانگی جوولای ١٨٥٠دا لە بەرچاوی هەزاران کەس بکوژرێت، ڕووداوێکی سەیر قەوما.

باو و یەک لە هەوادارەکانی بەگوریس بەدیواری سەربازخانەیەکەوە بەسترانەوە و فەوجێکی (٧٥٠) کەسی چەکداری ئەرمەنیی عیسایی هێنرانە ئەوێ بۆ ئەوەی تاقمی تەقە لێکردنیان لێ پێک بهێنرێ. کەرەنێڵی فەوجەکە، کە ناوی (سام خان) بوو نەیدەویست فەرمانی تەقە لێکردنی بدات، لەوە دەترسا کە غەزەبی خوای بەسەردا ببارێ. دەگوترێ باو ئەم متمانەیەی پێ دا: "فەرمان بەڕێوە ببە و ئەگەر نیەتت چاک بێت بە دڵنیایی، خوای مەزن دەتوانێت لە سەرلێشێواوی ڕزگارت بکا."

گەلێک شایەد ئاماژەیان بۆ ڕووداوەکانی دوایی کردووە. فەوجەکە بە ڕیز وەستان و (٧٥٠) تفەنگ تەقین. دووکەڵی تفەنگی تەقیو پەردەیەکی تاریکی بەسەر گۆڕەپانەکەدا کێشا. کاتێ کە دووکەڵ ڕەوییەوە، بینەرانی سەرسووڕما و هاوڕێکەی باویان بینی بەتەنیشت دیوارەکەوە وەستابوو؛ باو لە بەرچاوان ون ببووبوو! ئەو گوریسەی وا هەردوو کەسەکەی پێ هەڵاوەسرابوون پسا بوو. دوای گەڕان و توێژینەوە دەرکەوت کە باو هەر لەو ژوورەدایە وا شەوی پێشتر لەوێ ڕاگیرابوو، بەهێمنی خەریکە دواین فەرموودەکانی بەکاتیبەکەی خۆی دەدا.[٣٤]

ئەمە دەقی ئەو قسانەیە وا ئەو زیندانییەی وا بەخواستی خوایی پارێزراوە، لەگەڵ دەرکەوتنی فەڕاشباشی پێی دەڵێت: "من لەگەڵ سەید حوسێندا قسەم

(٣٤) ویلیەم س. هاچر و جەی. داگلاس مارتین، ئاینی بەهایی: سەرهەڵدانی ئاینی جیهانی (١٩٨٥)، لا ١٨، ١٩

تەواو بوو، ئێستا دەتوانی خواستی خۆت بەڕێوە ببەیت."[٣٥]

فەڕاشباشی دەستبەجێ شوێنەکەی بەجێ هێشت و سام خان بەرپرسیایەتیی گولەبارانکردنەکەی دایە دواوە. کەڕەنێڵێکی تر هاتە پێشەوە. باو و لایەنگرەکەی بەهەمان شێوەی پێشوو بەدیوارەوە بەسترانەوە. تاقمی تەقە لێکردن ئەمجارە لەشی هەردووکیانی شپرزە کرد بەڵام دەموچاویان نا. دواین قسەی باو ئەمانە بوون: "ئۆف، ئەی نەوەی سەرچڵ! ئەگەر باوەڕتان بە من بوایە هەمووتان دەکەوتنە شوێن نموونەی ئەم لاوە، کە لە ڕیزی سەرەوە دانیشتووە و بە خواستی خۆی سەری لە پێناو ڕێبازی مندا داناوە. ڕۆژێک دێت کە ئێوە من دەناسن؛ ئەو ڕۆژە ئیتر من لە ناوتاندا نەماوم."[٣٦]

بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، نزیکەی سێ ساڵ دوای شەهیدبوونی باو و لە (٩)یەمین ساڵی بەڕێوەبردنی ئاینەکەیدا، پەیامی بەهائوڵا لە خۆی ئاشکرا بوو، گەرچی ناوبراو ئەرکی پەیامنێریی (شێخ ئەحمەدی ئەحسایی) بەڕێوە دەبرد، کە بریتی بوو لە "دوو دەرکەوتن (ظهور)" کە "بە خێرایی بەدوای یەکتردا دێن."[٣٧] هەر لە سەرەتای ئاینەکەوە، پێوەندییەکی پڕ ڕەمز و ڕاز لە نێوان باو و بەهائوڵادا بووە. نیشانەکانی ئەم پێوەندییە گەلێک لەوە زیاترن کە لێرەدا دەستنیشان بکرێن، بەڵام بەهائوڵا دەستبەجێ دوای باو ڕابوو، بوو بە گرینگترین پارێزەری هزری وی. باو بەناوی نوێی بەهائوڵا بانگی کرد و نووسراوێکی بێ هەژماری لەلا ئاشکرا کرد کە تێیاندا بە "کەسێک" ناوبرا، کە "خوا خۆی ئاشکرای دەکا."

بەهۆی دڵڕەقییەکانی پێش شەهیدبوونی باو و داکۆکیکردنی بەهێزی بەهائوڵا لەو لایەنگرانەی خۆی کە باوی بوون، کار گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەوروبەری دوو ساڵ دوای ڕووداوەکە، بەندی بکرێت و بخرێتە سیاچاڵ، واتە

(٣٥) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ٥٣.

(٣٦) هەمان

(٣٧) هەمان، ل ٩٢.

ئەشکەوتێکی بۆگەنەوە کە یەک لە عەمباراوەکانی شاری تاران بوو. زیندانیبوونی بەهائولا لە سیاچاڵ، لە سەردەمێکدا ڕووی دا کە هەوڵی تیرۆری گیانی شا، درابوو و تاهیرە و زۆرێک لە باوییەکان سەرەڕای بێ تاوان بوون، گیرابوون و کوژرابوون.

ئەویان بەزنجیر بەستەوە و لە گەرمای گەلاوێژدا بەسەری ڕووت بردیانە شوێنەکە، لەوێش زنجیر لە مل ڕایان گرت. کارتێکەریی ئەو زنجیرە گرانە لەسەر ملی بەڕادەیەک بوو کە بۆ هەموو پاشماوەی تەمەنی لەگەڵیدا مایەوە. لەناو ئەو کونە بێ دەرگە، دوورە ڕووناکی و پڕ لە بۆگەنەدا بوو کە یەکەم نیشانەی نامەکەی خۆی لێ ئاشکرا بوو:

"شەوێکیان لە خەودا، ئەم وشە شکۆدارانە لە هەموو لایەکەوە بیسترا:

"بە ڕاستی، ئێمە دەبێ سەرکەوتوویی تۆ لە خۆت و قەڵەمت داوا بکەین. خەمی تۆ بۆ ئەوە نییە کە چی لە خۆت قەوماوە، بۆ ئەوەش نییە کە لێت بترسم، لەبەرئەوەی تۆ لە سەلامەتیدای. زۆر پێش ئەوەی خوا گەنجینەکانی زەوی بەرز بکاتەوە، ئەو مرۆڤانەی وا لە ڕێگەی خۆت و ناوی خۆتەوە یارمەتیت دەدەن، خوا دڵی ئەوانەی وا ئەویان ناسیوە بەچی دەبووژێنێتەوە."(٣٨)

بەهائولا دوای چوار مانگ لە سیاچاڵ ڕزگار کرا. بەلام موڵک و ماڵی لێ زەوت کرابوون و مۆڵەتی مانەوە لە ئێرانی پێ نەدەدرا. لە چلەی زستاندا لەگەڵ ژن و منداڵی کەم تەمەنی و چەند دۆستێکی بەرەو بەغدا، وەڕێ کەوتن، تاراوگەیەک کە لە ولاتی خۆی دوور بوو؛ تەندروستییەکەی بەهۆی ئەو ئەشکەنجە و بێ بەشییەی وا بەسەریان هێنابوو تەواو تێک چووبوو، تواناکانی بۆ وەفریاهاتنی پاشماوەی کۆمەڵگەی باویی کەم بووبووە و پەیامەکەی جگە لە خۆی بۆ کەسی تر ناسراو نەبوو. ئەو تێکۆشەرە ماندووینەناسە، دوای چەند مانگ سەفەر بەچیاکانی ڕۆئاوای ئێراندا

(٣٨) هەمان، ل ١٠١.

گەیشتە خاکی کورد و لە قۆناغێکدا لە گوندی (کرند) حەسایەوە، شوێنێک کە حاکم، واتە حەیاتقوڵی خانی "سەر بە ئاینی عەلیەلاهی" میواندارییەکی "گەرم و بەتین"ی دەرکراوەکانی کرد و بەهائولاش بە دڵاوایی و خۆشەویستییەوە وەڵامی دایەوە.(٣٩)

لە قۆناغی دواتردا، دانیشتوویکی شاری (خانەقی) لەسەر سنووری ئێران و نەزۆر دوور لە (کرند)ەوە، گەورەترین کارە سۆفیایەتییەکانی بەهائولای وەرگرت. بەڵام هەر چۆنێک بێت، من تەنیا دەستنیشانی ئەو ڕووداوە ناکەم، بگرە ئاماژە بەچاوپێکەوتنێکی تر لەگەڵ خەڵکی کورد دەکەم، ڕاست لە ناوچەرگەی کوردستان. هەموو پێغەمبەرانی خوا پێش ئەوەی پەیامی خوایی لە مرۆڤ ئاشکرا بکەن، شوێنێکیان بۆ خەڵوە و بیرکردنەوەی قووڵ هەڵبژاردووە. مووسا دەچووە بیاوانی "پاران". عیسا چل ڕۆژا و چل شەو لە بیاوان مایەوە. بوودا چەندان ساڵ لە بیرکردنەوەدا بوو، لە باکوری ڕۆژهەلاتی هیندستان دەخولایەوە. محەمەد لە ئەشکەوتەکانی چیای حەڕادا نیشتەجێ بوو.

شوێنێک کە بەهائولا بۆ خەڵوە و بیرکردنەوەی تەنیا هەڵی بژارد (سلێمانی) بوو. ئەوەی کە بەهائولا بۆچی کوردستانی هەڵبژارد، وەک ڕەمز و ڕازێک ماوەتەوە. بەڵام وەک ڕووداوەکان دەری دەخەن، خەڵکی ئەوێ بەڕادەیەک تێگەیشتوو بوون کە هێزی ڕۆحیی لە ڕادەبەدەری ئەویان ناسیبوو، ئەوەندەی پێیان دەکرا لێی نزیک دەبوونەوە و لەو سەرچاوە نوێیەی زانیاری کە کەوتبووە بەردەستیان کەڵکیان وەردەگرت. جا بەم هۆیەوە، کوردستان لە مێژووی بەهائییەتدا گرینگایەتییەکی زۆری هەیە و بۆ هەردەم لەلایەن بەهاییانی جیهانەوە ڕیزی لێ دەگیرێت. چیرۆکی مانەوەی بەهائولا لە سلێمانی بەرپەرچی ئەو باوەڕە دەداتەوە کە کوردستان ناوچەیەکە لە باری زانیاری و ئاڵۆزیی (بیر)ەوە کورتی دەهێنێ. لە ڕاستیدا، حەقیقەت

(٣٩) هەمان، ل ١٠٨.

پێچەوانەی ئەوەیە: ئەگەر خەڵکی کوردستان تەنیا لە ڕێگەی دوو یا سێ دێر نووسراوەی ئەوەوە پەی بە گرینگایەتیی کەسێک ببەن، چلۆن دەتوانرێ بگوترێ کوردستان شوێنێکی پێ نەگەیشتووە؟ ئەگەر هەر ئەو خەڵکە بۆ گەڕان بەدوای ئەو کەسایەتییە گرینگەدا بچن بۆ چیا و بە زەوقەوە لە بیر و بۆچوونەکانی بکۆڵنەوە، کێ دەتوانێت ڕێزگرتنیان لە زانست و فێربوون بەژێر لچەوە بکا؟ لەسەر هەمـوو ئەوانەشەوە، چۆن کەسێک دەتوانێت مێشک کراوەییان بداتە دواوە، کە بایەخیان بەقسەکانی ئەو دەدا، لە کاتێکدا کە ئەو قسانە لە نەریتی ڕابردووی خەڵکەکە جیاواز بوون. خەڵکەکە شیعرەکانی ئەویان لەگەڵ هی نووسەرانی گەورەی کلاسیکدا بەراورد دەکرد و داوای ڕوونکردنەوەکانی ئەویان سەبارەت بەپرسیارە فەلسەفەییە کۆنەکان و بیرۆکە ئاینییەکان دەکرد و خوازیاری بیستنی زێتر و زێتری قسەکانی بوون. لە ڕاستیدا، ئەوە شتێک نییە لە بیر بکرێ و نیشانەیەکە بۆ توانای ڕۆحی گەلێ زۆریان کە ئەوان، وەک دەیبینین، دەیانتوانی ئەوە لێک بدەنەوە کە بەهائوڵا پێش ئەوەش هەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکا، خاوەن شوێنایەتیی پێغەمبەری بوو.

وا هەیە گرینگترین تایبەتمەندیی گەلی کورد لە کاری وەڵامدانەوەی بەهائوڵادا ئەو جیاوازییە بێت کە لەگەڵ خەڵکانی تردا هەیانە و لەبەر هۆکاری ئامادەیی و بەخشندەییان، دەبێ بتوانن بەهەمان ڕوانگەی ڕۆحییەوە کە پێیان گەیشتووە، ڕاپەڕن یا لانی کەم بەدادپەروەرییەوە بجووڵێنەوە. بەڵام، دوای ئەو چاوپێکەوتنە دڵخۆشکەرەی لەگەڵ خەڵکی سلێمانی، کوێرەوەرییەکان وەها زۆر و ناتەباییی وەها پەرەئەستێن بوو کە بەرەو ئەوەیان برد بەتەواوەتی خۆی لە کۆمەڵگە دوور بخاتەوە.

لەو خەم و خەفەتەدا بوو کە لە دەپی (لەوحی) قلوعت طعام دا نووسی: "دەریایەکی خەم دای گرتووم، کە هیچ کەس ناتوانێت دڵۆپێکی لێ بخواتەوە. خەفەتیشم بە شێوەیەکە ڕۆحم نزیکە لە لەشم جیابێتەوە." و " کەماڵ! گوێ بدە دەنگی ئەم تەنیایە ئەو مێرووڵە بەجێماوەی کە خۆی لە کونێکدا

شـاردووەتەوە و دەیەوێت لە ناوتان بڕوات و لە بەرچاوتـان ون بێت، لەبەر ئەو شتەی وا دەستـی مرۆڤ خولّقـاندوویەتی. خوا خـۆی بێگومـان شایەدی نێوان من و خزمەتکارەکانیەتی."(٤٠)

بەهائولاّ دەوروبـەری سـالّێک دوای گەیشـتنە بەغدا، لە ڕۆژی ١٠ی ئـاپریلی ١٨٥٤دا ئەوێی بەرەو سلێـمـانـی بەجێ هێـشت. کـەس، تەنانـەت ئەندامـانی بنەمـالّەکەشی ئاگەداری ڕۆیشتن و هەروەها ئەو شوێنە نەبوون کە نیـازی بوو بچێتێ. بەجلوبەرگی دەروێشێکی گەڕۆکەوە، لە کوردستـان ناسنامەی خـۆی بەتەواوەتی شـاردەوە. خـۆی بە نـاوی "دەروێش محـەممەد" ەوە ناسـاند و ژیانی خـەلّوەی لە بیـاوان و چیاکاندا بۆ خـۆی هەلّبـژارد و وەرزێران "لە سـالّدا تەنیا دووجـار" چاویان پێی دەکـەوت، ئەویش لە کـاتـی داچەندنی تـۆو و هـەلّگرتـنی خەرماندا."(٤١)

بەهائولاّ خـۆی لە باسـی ئەو ڕۆژانەدا نووسـیـویە.... ئێـمـە خـۆمـان بردە چیاکانی کوردستـان و لەوێ مـاوەیەک ژیانێکی بەتەواوەتی دابڕاومـان هەبوو. پەنـاگــەمــان لە لـووتکەی چیــایەکی دوور بوو کــە ســێ ڕۆژەڕێ لە شــوێنی نیشتەجێی مرۆڤ دوور کەوتبووەوە. حەوانەوەی ژیان بەگشتی هەلّگیرابوو. بە تەواوەتی لە شوێنگرەکانمان دابڕابووین....(٤٢)

ئەوە یـەک لەو نزایـانە (دوعــایانە) وا بـەهائولاّ لـە مــاوەی ژیانی تەنیــاییی خۆیدا نووسویەتی:

"خوایە! دلّێکی گەورە لە لەشمدا بخولّقێنە و ویژدانێکی ئارام لە دەروونمدا. هیـوایـە لە ڕێگەی هـێـزی ڕۆحـەوە پەسندی من بکەیت لە ڕێگەی خـۆتدا ئەی خۆشەویستترینم و بە ڕۆناهیی خۆت لە ڕێبازی خۆتدا شکۆ بخـەیتە سـەرم. ئەی خوای خۆشەویستم! بەهێزی لە ڕادەی تێگەیشتنی ئێمە بەدەری خۆت، لە

---

(٤٠) هەمان، ل ١١٨.

(٤١) هەمان، ل ١٢٠.

(٤٢) شەبەق شکێنان، ل ٥٨٥.

بەهەشتی پیرۆزی خۆتدا ژیانم پێ بدە. ئەی سەرچاوەی بوونم، کە خوای منی، بەنەفەسی هەمیشەییی خۆت شادمانم بکە! با نەوای هەمیشەییی تۆ بەختەوەریم بۆ بنێری. ئەی هاوڕێم، با سامانی رووی دێرینت لە هەمووان جگە لە خۆتم دوور بخاتەوە، ئەی سەروەرم، با شەپۆلی ئاشکراکردنەکانی جەوهەری لە فەوتان نەهاتووت شادیم بۆ بهێنێ. ئەی ئەوەی وا بوونی هەموو بوونێک و شاراوەی هەموو شاراوەیەکی!"(٤٣)

شەوێکیان شێخێکی سلێمانی، کە خاوەنی مولْکێکی نزیک چیاکان بوو، حەزرەتی محەمەدی هاتە خەون و پێی گوترا کە بەشوێن دەروێش محەمەددا بگەڕێت. شێخ فەرمانی حەزرەتی بەڕێوە برد و بەهائولڵای دۆزییەوە. ئەو رووداوە بەتەواوەتی کۆتاییی بە ژیانی تەنیاییی بەهائولڵا هێنا. بەماوەیەکی کەم دوای ئەم چاوپێکەوتنە، ڕێبەری تەریقەتی خالیدییە سەردانی بەهائولڵای کرد. شێخ ئیسماعیل، تکای لێ کرد لە شارێکی نزیک، واتە سلێمانی بمێنێتەوە، "ناوەندێکی فێربوون... کە بە بەهرەی زگماکیی زۆرەوە ناسرابوو و بەتەکیە نوێکراوەکانیەوە و بەهۆی پێوەندییەکانیەوە لەگەڵ سەلاحەدینی ئەیووبی و کوڕوکاڵی ئەو" کە لەوێوە راڤەوانی ناسراوی زۆری ئیسلامی سونە سەریان هەڵدابوو و پەیڕەوەکانی ئەویان بە وانە دەگوتەوە..."(٤٤)

گەرچی سەرنجی شێخ ئیسماعیل و شێخانی تری تەریقەتی نەقشی و قادری بەهەڵکەوت بەرەو بەهائولڵا ڕاکشا، شایەدێکی متمانە پێکراو(٤٥) لە کاتێکدا کە بەهائولڵا لە تەکیەی مەولانا خالیددا دەژیا، هاتە سلێمانی و گەواهیی دا کە ئەو شێخە ناسراوانە و لایەنگرانی بێ هەژماریان هەموو خۆیان بەختی ئەو کردووە. خۆشەویستیی بەهائولڵا، دڵڕفێنییەکەی، ڕوانگەی، و تێگەیشتنی لە دیاردەی نادیاری ئاینی و فەلسەفی "ژمارەیەکی زۆر لە

(٤٣) دۆعا و خەڵوەی بەهائولڵا، گردوکۆیی و وەرگێڕانی شەوقی ئەفەندی، چاپی دوای پێداچوونەوە (١٩٣٨)، ژمارە ١٥٥، ل ٢٤٨.

(٤٤) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ١٢٢.

(٤٥) شێخ سوڵتان، باوکی زاوای ئاغای کەلیم (هەمان، ل ١٢١).

زانایان، مامۆستایان، شێخان، دوکتۆران، پیاوانی پیرۆز و بەگزادان، کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی سلێمانی و کەرکووکدا بەشدارییان کردبوو،(٤٦) هەروەها ئەوانەی وا شەوقی چوونە لای و سوود وەرگرتن لە زانست و عەقڵی ئەویان هەبوو، "ڕێز و ئیحتیرامیان بۆی تا ڕادەیەک بوو کە هەندێک کەس بەیەکێ لە "شەخسە غەیبی" یەکانیان دەزانی و کەسانێکی تر وەک کارامەی بواری کیمیا و زانستی خەمڵ لێدان حیسابیان بۆ دەکرد و ئەوانی تر پلەی "تەوەری کائینات"یان دەدایە، کەم نەبوون ئەوانەی وا بووبوونە لایەنگری و تا ئەو شوێنە دەڕۆیشتن کە باوەڕیان وابوو ڕادەی کەمتر لە ڕادەی پێغەمبەران نییە. کورد، عەرەب و ئێرانی، خوێندەوار و نەخوێندەوار، بەرز و نزم، لاو و پیر، کە دەیانناسی بەهەمان ڕێزی زۆرەوە سەیریان دەکرد...."(٤٧)

جوانترین نووسراوە و ڕوونکردنەوەی بەنرخی ئەو، وەڵامی شازی وردبینانەی خەڵکی کوردستان بۆ بەهائوڵای بەدوادا هات. ئەم لافاوی ئاشکراکردنە لە کوردستان سەرڕێژی کرد و لە بەغدا درێژەی کێشا. ڕۆژێکیان کە هێشتا بەهائوڵا لە سلێمانی بوو، شێخ ئیسماعیل و فەقێکانی داوایان لێ کرد راڤەی هەندێک بەشی ئەستەمی کتێبی (الفتوحات المكية)ی سۆفی ناوداری ئەندەلووسی، (ابن العربي) بکا. لە چەند دەرفەتدا ئاڵۆسکاویی هەندێک بەشی ئەستەمی کتێبەکەی بۆ ڕوون کردنەوە. زانیاریی ئەو سەبارەت بەسۆفیایەتی، کارێکی وای کردە سەر سۆفییەکان کە داوایان لێ کرد چامەیەک لەسەر هەمان شێوازی (التائية الكبري) ی (ابن الفارض) - سۆفی و شاعیری ناسراوی لەدایکبووی میسر بهۆنێتەوە، کارێکی لێهاتووانە کە بەبۆچوونی ئەوان هیچ کەسێک تا ئەودەم نەیتوانیبوو بەرهەمی بهێنێ.

بەهائوڵا چامەیەکی ٢٠٠٠ بەیتیی بەعەرەبی هۆندەوە، بەڵام تەنیا ١٢٧ بەیتی هەڵبژارد و دایە سۆفییەکانی سلێمانی. دوای خوێندنەوەی چامەکەی "هەڵبەستی بولبولی بەهەشت"، سۆفییەکان پەسندی ئەوەیان کرد کە لەلایەنی

(٤٦) هەمان، ل ١٢٣.

(٤٧) هەمان، ل ١٢٤.

خەیاڵ و بەلاغەت و هەروەها ناوەڕۆکەوە، وەپێش (التائیة الکبری) کەوتووە.

لە چامەکەدا، بەهائولاّ باسی ئەو ئازارانە دەکا کە زۆر خراپ تووشی خۆی هاتبوون: "تۆفانی نووح هیچ نییە جگە لە ڕادەی ئەو فرمێسکانەی وا من ڕشتوومە، ئاگری ئیبراهیم هەڵچووی گیانی منە، خەمی یەعقووب هیچ نییە مەگەر تیشکدەرەوەی خەفەتەکانم و کارەساتی ئەیووب بەشێکە لە لێقەوماویی من."(٤٨)

رووی ناسراوی ئەم شیعرە ئەوەیە کە بەهائولاّ تێیدا وتووێژ لەگەڵ فریشتەیەکی ئاسمانیدا دەکا، عازەبێکی بەهەشتی، کە لە ڕاستیدا ڕۆحی خوایە. بە پێچەوانەی (ابن الفارض)، کە لە شیعرەکەیدا وێ دەچێت لایەنی چەمکی (وحدة الوجود)ی گرتبێت (واتە باوەڕ بەوەی کە هەمووان، بەپەروەردگار خۆیەوە، لە یەک مادە خوڵقاون)، بەهائولاّ جەخت دەکاتە سەر دەرکەوتنی خوا لە مەودای فەرماندا، کە خانەی پێغەمبەرانە.

دوای گەڕانەوەی بەهائولاّ بۆ بەغدا، خەڵکی کوردستان کە خۆیان بەختی ئەو کردبوو، زۆرێکیشیان ڕێبەرانی ئاینی کورد بوون، ژمارەیەکی زۆر لە "زانایان و سۆفیانی بەرەگەز کوردی هەردوو تەریقەتی قادری و خالیدی" کەوتنە شوێنی.(٤٩) ئەو خۆبەختکردنەی ئەوان سەرنجی مەزن پیاوانی بەغدای ڕاکێشا، کە "ابن الالوسي" موفتی بەغدا، شێخ عەبدولسەلام، شێخ عەبدوقادر و سەید داودی بوون. لەگەڵ ئەوەدا کە زانستی خوایی و کەسایەتیی بەهائولاّ زیاتر و زیاتر کاری لێ دەکردن، هاوولاّتییەکی بەناوبانگی زۆر و ڕێبەرانی ناو شار لەگەڵ ئەوان کەوتن و بوون بە لایەنگری بەهائولاّ. هەموویان خوازیاری هاودەنگیی ئەو بوون و هەر پرسیار یاخۆ تەنگوچەڵەمەیەکیان هەبوایە دەیانخستە بەردەمی ئەو.

لەو کوردانەی وا لەو قۆناغەدا پێوەندییان لەگەڵ بەهائوللاّ بەست، دوو

---

(٤٨) وەک لە هەمان شوێندا دەستنیشان کراوە، ل ١١٨.

(٤٩) هەمان، ل ١٢٨– ١٢٩.

وکەسیان بەهۆی ئەو پرسیارانەی وا ئاراستەی بەهائولایان کرد و وەلامیان وەرگرتەوە، هەرگیز لە بیر ناچنەوە. لە (چوار دۆڵ)دا بەهائولا وەلامی شێخ عەبدورەحمانی کەرکووکی(*) دەداتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەسەفەری ئەو بۆ شاری سنە کراوە و ناوەکەی وا دەردەخات کە خەڵکی کەرکووک بووبێت لە کوردستان. شێخ عەبدورەحمان، کە دەگوترێت "لای کەم سەد هەزار کەس لایەنگرانی "خۆبەختکەر ی بوون"، رێبەری تەریقەتی قادری بووە.(٥٠)

ناوبراو لەو رۆحە پەروەردەکراوانە بووە کە بەهائولای زۆر خۆش ویستووە و لەو سەردەمەدا کە بەهائولا لە سلێمانی بووە ملی بۆ کەچ کردووە. میهرەبانی و شکۆ و خۆشەویستی و ناسک هەستی و لەگەڵ ئەوەشدا وشیارکەرەوەیی بەهائولا بەرانبەر بە شێخ عەبدورەحمان، هاورێ لەگەڵ کۆکی و پێکەوە گونجانی خاوەن شێوازی ناو نامەکە، گەلێک هەست بزوێنە.

بەهائولا لە یەک لە نووسراوەکانیدا بەناوی (هەفت دۆڵ)، وەلامی "شێخ محێدین" – داوەری شاری خانەقی دەداتەوە.(٥١) شەوقی ئەفەندی، لە کتێبی خۆیدا بەناوی" خوا بەوێدا تێپەر دەبێت" دەڵێ "وا هەیە ئەم نامەیە وەک گەورەترین پەخشانی بەهائولا سەیر بکرێ." لە (هەفت دۆڵ)دا بەهائولا شکۆ دەداتە پێگەی محەمەد و ئاگەداری ئەوە دەکاتەوە کە رێگەی رۆیشتن بەرەو وەحدەتی سۆفیانە بۆ کەسانێک نەبەستراوە کە لەبەر چرای دەرکەوتنی خوادان. ئەو بە رێز لێگرتنی میهرەبانانە و هەندێک جاریش بە وشەی (ئەی پایە بەرز)، هەندێک جاریش وەک (ئەی خۆشەویست) و جارجاریش وەک (ئەی برا) روو دەکاتە شێخ محیەدین. بەهائولا پێی دەڵێت ئەو ئەزموونی سۆفیایەتییەی وا خوازیارەکەی پەیدای دەکا برێتییە لە تێگەیشتنی خوا: "لە

---

(*) لەوەیە حاجی شێخ عەبدورەحمانی کوری شێخ ئەحمەدی زەنگەنە بێت کە لە ساڵی ١٨٥٨ یا ٥٩دا وەفاتی کردووە. وەرگێر.

(٥٠) هەمان، ل ١٢٢.

(٥١) هەر ئەو کەسەی کە وا دیارە سەبارەت بە چەند شیعری دیاریکراو پرسیاری لێ کردووە (هەفت دۆڵ. ل ٢٨).

تۆی پایە بەرز ئاشکرایە کە هەموو چەشنە جیاوازییەکی جیهانیبوون (وجوود) کە ڕێبواری ڕێ لە قۆناغەکانی سەفەریدا چاوی پێیان دەکەوێ، لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی خۆیەوە دەیانبینێ."(٥٢)

هەموو ئەوانە و تێگەیشتنی حەقیقەتی ئاوەزینی تریش لە بارودۆخی مرۆڤایەتیی ئێمە سەرهەڵدەدەن، ئەو کەرەسە سەرسامهێنەی وا خوا پێی داوین بۆ ئەوەی بیناسین. بەڵام، "خوا، لە گەوهەری خۆیدا، پیرۆزە و لە ژوور بنەچە و نەوە، شوێنی چوونە ژوورەوە و چوونە دەرەوەیە؛ ئەو بەهەموو ئەزەلییەتدا تێپەڕ بووە و بێ پێداویستی ئەو شتانەیە کە مرۆڤ دەیانخولقێنێ و بۆ هەرگاڤ وا دەمێنێتەوە. هیچ مرۆڤێک تا ئێستا نەیناسیوە؛ هیچ گیانێک ڕێگەی وجوودی ئەوی نەدۆزیوەتەوە. هەموو عاریفان لە سەحرای ناسینی ئەودا ون بوون..."(٥٣)

ئەوەی وا بەتایبەت سەرنجڕاکێشە ئەو کاتەیە کە بەهائولڵا ڕوونی دەکاتەوە بۆچی قسەی گوتراوی پێشینیان (دووپات) ناکاتەوە؛ بچووکیی خۆی دەردەخا و پەسندی بەستراوەیی تەواوی خۆی دەکا بە خواوە:

خواستی ئێمە بۆ دووپاتنەکردنەوەی قسەکانی ئەوان لە ڕووی شانازی و غرووورەوە نییە، بگرە دەرکەوتنی وەهب و نیشاندانی وەفادارییە.

ئەگەر (خدر) لەسەر دەریا بەلەمەکەی خۆی شکاند،

لەو هەڵەیەشدا هێشتا هەزار ڕاستی هەیە.

دەنا، ئەم خزمەتکارە خۆی بەکەسێک دەزانێ کە بەتەواوەتی ون بووە و وەک هیچێک، تەنانەت لەلای خۆشەویستێکی خواش، چەندە کەمترە لە حوزووری پیرۆزی ئەو. گەورەیی بۆ خوای تەبارەک وە تەعالایە!(٥٤)

---

(٥٢) هەفت دۆڵ. ل ١٨.

(٥٣) هەمان، لا ٢٢- ٢٣.

(٥٤) هەمان، ل ٢٦. فەردە شیعرەکە هی جەلالەدینی ڕۆمییە.

بەشی چوارەم

# بڕوا سەرەکییەکانی ئاینی بەهایی

"کاتێ لەگەڵ ڕۆحی خۆمدا ئەم سەفەرەم دەست پێ کرد،
مۆڵەتمان دا ڕۆح لە لەشدا نەمێنێت
بەهەموو نیشانەیەکدا بە ڕۆحم گوترا: "بڕۆ!" و
پاشان گوترا: "وەرەوە!" "
(مەم و زین)[1]

باوکم هەموو کات دڵەڕاوکێی داهاتووی گەلەکەی هەبوو: پێشکەوتیان، بەختەوەرییان و ژیانی باشیان. ئەو لای وابوو کارەکە لە پەروەردە و نەزم و نیزامەوە دەست پێ دەکا. بەڵام هەروەها دەیزانی کە پێشکەوتن و خێروبێری بەشێکی خەڵک بەستراوەتەوە بەبارودۆخی هەموو خەڵکەوە و سەقامگیربوونی ئاسایش و ئاسوودەیی و برادەرێتی لە نێوان نەتەوەکانی سەرزەوی، دەتوانێت هەلومەرجی پێویست بۆ شادی و پێشکەوتی نەتەوەی ئێمەش پێک بهێنێ. ئەو

(١) ئەحمەدی خانی، مەم و زین (دێری ٢٠٧٥، ٢٠٧٦)، لەبەر وەرگێڕاوی فرەنسایی مەم و زین، وەرگێڕانی ساندرین ئەلێکسی و عاکیف حەسەن (٢٠٠١)، لاپەڕە ٢٦٤. "اقلی" و "ارجی" دوو وشـــەی عـــەرەبین بەواتای "بڕۆ" و "بگەڕێوە". لە تەرجەمەی ئەلێکسی و حەسەندا بەم شێوەیە هاتووە:

Quand jai fait ce voyage avec mon âme, /Nous avons cédé cette âme et lavons En apparence, il a dit a mon âme: Iqlîî!/Et après cela, il a /.détachée de mon corps dit: Irjîî!"

لای وابوو کــە ئوســوولّی بەهـائولا کــەرەســەی پێــویست بۆ نـوێکردنەوەی (کـۆمــەڵگەی) کـوردی پێک دەهێنن و بەهـەمـوو گـیـانیـەوە هەوڵی دەدا مـنیش بەهەمـان ئەو ئوسـووڵەوە پەروەردە بکات. ئەو ئوسـووڵە ڕێنوێنی مـن بوون لە هـەمـوو سـەردەمـی سـەرکێشـیی ژیانمدا. ئەوانە دەرگـەی مێشکی منیـان بەرەو جیـهـانی نوێ و ئامـادەی گۆڕان، یەکالا کرد. هەروەهـا لە دەست ماتریالیـزم و گەندەڵیی کۆمـەڵگەی مـۆدێرن پارێزگـارییـان کـردم. گەلێک بەقـایمی لەسـەر بەهەند وەرگرتنی پێکەوە لکان و بەرپرسـیـایەتیی نەریتـانە ڕایان گـرتم و لە پەرپووتبـوونـی بیـر و ڕوانگەی بڕیـاردانی پێـشــەکی ســەبارەت بە ڕابردوو پاراسـتیـانم. من بەبێ ڕق و کین لەسـەر ئەو دوو ڕێبـازەی ژیان گەورە بووم و توانیم شتی باشی هەردوکیان وەربگرم، بەڵام بۆ ناسنـامەی خۆشم ئەمـەکدار بم. بەم پێیە، ئامـۆژگارییـەکان ئەو توانایەیـان پێ دام کە هەردەم بەهێـمنی و ئاسـوودەیی بژیم. قـەرزاریی زۆرم بە باوکم وام لێ دەکات کە ئەو دیارییـەی وا ئەو دایە من و ئەوەی وا بەئـاواتی دەخـواست لەناو چیـا و بەرزایـیــەکـانی کـوردسـتـاندا بڵاو بێـتـەوە، من بیـاندەمـە خـەڵک. لە ژوور هـەمـووانەوە، شـێخ فـەرەجـولا تـۆوی ئەوینی مـرۆڤـایەتی و خـواسـتی یـەکـەتیی جیـهـانی لە دڵ و مێشکی مندا چاند. ئەو بۆ هەموو ئەوانەی وا لە دەوروبەری بوون دەری خست کە ئاشـتیی سـەر زەوی تەنیـا لە ڕێگەی ئەو یەکـەتییـەوە دابین دەبێت. خـەڵک، بەدرێژایی سـالان خــۆیان دابەش کـردووە و هـەر کـام خـۆی لە دراوســێکەی بەزلتر زانیوە. جیاوازیی شـوێنی لەدایکبوون، جیـاوازیی سـامان، جیـاوازیی مـێژوو، جیـاوازیی ڕەنگ و جیـاوازیی ئاینیـان کردووەتە هـۆکار بۆ کـوشـتنی یەکــتـری، هەڵگرتنی مــوڵک و مــاڵی یەکــتـری، یاخــۆ ناوزڕاندنی یەکـتـری. جیـاوازییـەکان هێشـتـا هەر هەن و هێشـتـا دەبنە هۆی بێدادی و ڕق و کین و شـەڕ و ناکۆکی، کە بۆ گەلەکەی من شتێکی بەباشی ناسـراون. ئێسـتا کـاتی ئەوەیە ئەو ڕابردووە بەجـێ بهـێـڵین و هـۆکـارەکـانی بنەبڕ بکەین. جـیـهـان سـەرنجـێکی کەم دەداتە ئەو گۆڕانە گـرینگانەی وا ڕاسـپـاردەکانی بەهائولا بەسـەر لایەنگرەکانیدا هێنـاوە. ئەوانەی وا بۆ ماوەی زۆر دژبـەری یەکتر بوون

ئێستا بوونە بە یەک و وەک بنەماڵەکیان لێ هاتووە. ئەوانەی وا پێشتر دیلی نەریت و خەیاڵاتی بێ واتای میراتی بوون، مێشکیان ئازاد بووە بۆ ئەوەی بەسەربەخۆیی بەشوێن ڕاستیدا بگەڕێن.

تاک دەبێ مێشک و دڵی لە بیروباوەڕی لە پێشدا بڕیاردراو و پێشداوەریی جێگەی حەز و خواست ئازاد بکات[٢] و گریمانەی بەڕێ و جێ و بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی سەیری حەقیقەت بکا. ئەم ئەسڵە، ژیان دەداتە دامەزراوەکان، و کۆمەڵگە و تاکەکەسی ناو کۆمەڵ، لەبەرئەوەی پێوەندییان بەڕاستییەوە دەدا. ئەوەیە ڕادەی بووژاندنەوە و ڕوونکردنەوە ئەو کاتەی کە ڕەنگدانەوەی بێ پێشداوەری و گەڕانی سەربەخۆ دەبرێتە پاڵ حەقیقەت.

بەهائوڵا سەبارەت بەجیهانی خوا دەڵێت: "ئەگەر دەستی دادپەروەری و زانستی لێ بدرێ، ڕۆحی ژیانی پێ دەدات بۆ ئەوەی خێرایی بداتە هەموو شتێکی ئافرێندراو (خوڵقاو)."[٣]

بۆ تاکەکەسێک کە لە ڕاستی دەکۆڵێتەوە، ئەسڵ ئەوەیە مەودای بینینی خۆی بێ سنوور بکا. تاک بەبێ ئەو شتە، ناتوانێ خواستە تاکە کەسییەکانی خۆی وەدی بهێنێ و ناشتوانێ لەناو کۆمەڵگەدا کار بکات. نووسراوە سەرەتاییەکانی بەهائوڵا، کە لە بەغدا نووسراون، بنچینەی باوەڕی دەردەخەن سەبارەت بە "ڕوانین بەچاوی خۆ، نەک لە ڕێگەی چاوی خەڵکەوە." بۆ ئەوەی "خۆت شت بزانی نەک لە ڕێگەی زانینی دراوسێکەتەوە."[٤]

لەبەرئەوەیە کە بەهائوڵا لە دەپێکی (لەوحێکی) تردا کە ئەویش لە بەغدا ئاشکرا بوو، ڕای دەگەیێنێت کە خەڵک لە ڕابردوودا نەیانتوانی لە حەقیقەت تێ بگەن لەبەرئەوەی "بابەتەکەیان لە دڵی خۆیاندا ئەزموون نەدەکرد و لە جیاتیان کەوتنە شوێن مەلای بەهەڵەدا چوو، کە پێشکەوتی خەڵکیان لە

---

(٢) عەبدولبەها"، یاسای گەردوونیی ئاشتی، لاپەڕە ٢٢٩.

(٣) ئەلواحی بەهائولا، کە دوای "کتێبی ئەقدەس" ئاشکرا کراون (١٩٧٨)، ل ١٤٧.

(٤) وشەی شاراوە، بە عەرەبی، ژ ٢.

بەڕێوەبردنی کاروباری ڕابردوو، بەرەو دواوە گەڕاندەوە. بەهەمان شێوە لە گەوی (ئاڵقەی) کارەکانی داهاتووشدا."[٥] جا بۆ ئەوەی خەڵک خۆیان لەم چەشنە بەندەییە ڕزگار بکەن، دەبێ "هەموو ئەو شتانەی وا لە کەسایەتیی پیرۆز فێری بوون بخەنە لاوە."[٦] سەربەخۆییەکی ئەوتۆ، لە تاک دەخوازێت خۆی "بەجلوبەرگێکی نوێ بڕازێنێتەوە کە لە پۆڵا دروست کرابێت"، لەبەرئەوەی دوور نییە "بکەوێتە بەر نێزەی گومانێک کە لەژێر پەردەی ناوی مرۆڤدا شاردرابێتەوە."[٧]

کارتێکەری زۆری ئەم ئەسڵە لە شوێنێکی پێشتری نووسراوەکانی بەهائوڵادا هاتووە. وشەکانی سەرەتا، کارێکی "بێ وێنەی بەناوبانگ لەناو نووسراوەکانی نووسەری "شۆڕشی بەهایی"دا[٨] ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەر بمانەوێ مرۆڤێکی ڕاستەقینە بین، ئەوا لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیانەی حەقیقەت، داواکارییەکی گشتییە لێمان.

بەهەمان شێوە و وشەکانی سەرەتای "کتێبی یاسا"ی ئەویش بە فەرمانێک ڕازاونەتەوە کە واتای ئەوە دەداتەوە ئەرکی سەرەکیی تاکەکەسەکە بچێت و لێکۆڵینەوەی تاکەکەسی و سەربەخۆی حەقیقەت بکا. هەموو کەسێک خۆی بەرپرسە لە بەرانبەر باوەڕی خۆیدا و ئەرکی سەرشانیەتی داوەرییەکی ڕاستەقینە بکا.[٩]

کەوابوو، باوەڕ بەگشتی و ئاین بەتایبەت، نابێ بەشێوەی خۆکار بەمیرات وەربگیرێت و لەبەر خاتری پەیڕەوی و لاساییکردنەوە شوێنیان بگیرێ. بەپێچەوانەوە، دەبێ ئەو باوەڕ و ئاینە، ئەنجامی بڕوای شەخسی و

(٥) گەوهەری ڕەمز و ڕازەکانی خودایی- جواهر الاسرار (٢٠٠٢)، پەرەگرافی ٥٤، ل ٤٠.
(٦) هەمان، پەرەگرافی ٥٥، ل ٤٠.
(٧) هەمان، پەرەگرافی ٧١، ل ٥١.
(٨) شەوقی ئەفەندی، پێشەکی بۆ کتێبی ئیقان (١٩٨٣).
(٩) کتێبی ئەقدەس (١٩٩٢)، بەشی ١، ل ١٩.

هەڵبـژاردنی وشـیـارانەی کـەسـەکـە خـۆی بن. لێکۆڵینەوەی تاکەکـەسی و سەربەخۆی حەقیقەت هاوڕێی ئەسڵێکی تریشە کە دەبێ بەشوێنیدا بگەڕێین: یەکـەتیی مـرۆڤ. لێکۆڵینەوەی تـاکـەکـەسی و سـەربەخـۆی راسـتـی، ئەو پێشداوەری و لاساییکردنەوە کوێرانەیە دەشواتەوە و دەیبات کە بووەتە هۆی دابەشـبـوون و دوژمنایەتی لە نێـوان خـەڵکدا. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی حەقیقەتەوە، ڕێگەیەکی یەکەتی ئاواڵە دەبێت، لەبەرئەوەی ئێمە هۆکارەکانی ئەو ڕێگرانە لەناو دەبەین کە لە ڕابردوودا خەڵکیان لە یەکتر جیا دەکردەوە. لە کتێبی "ئیقان"ی دا، بەهائولاّ دەرسی بنیاتنانی یەکەتی و خاوێنکردنەوەی دڵ دادەدات لە "بەرتەنگییە دروستکراوەکانی مرۆڤ و بیری ناڕوونی بەسەریاندا سەپاو.[(١٠)]

هەر بۆ بەرژەوەندیی خۆشمان، دەبێ لە دابەشبوون ڕوو وەربگێڕین، توانای ئەم کـارە لە ئێـمـەدا هـەیە. بەهـائولاّ دەڵێت: "ئەوە هـەمـان ئەو ڕۆژەیە کـە باشترین میهرەبانیی خوا بەسەر مرۆڤدا باری، ڕۆژێک کە تێیدا بەرەکەتی خوای مەزن خەڵاتی بوونەوەران کرا. ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو خەڵکی جیهانە کە جیاوازییەکانیان لەگەڵ یەکتر لەناو ببەن و بە یەکەتیی تەواو و بەئاشتی لەژێر سێبەری داری چاوەدێری و میهرەبانیی خۆشەویستانەی ئەودا بمێننەوە. ئەوە ناچاریان دەکا کە، لەم ڕۆژەدا، بەهەر خواستێکیانەوە بنووسێن، بگەن بەپیرۆزایەتیی پێگەکەیان لە پێناو بەڕێوەبردنی باشترین بەرژەوەندییان."[(١١)]

لە ڕابردوودا، هەندێک تاقمی خەڵک خۆیان بەباوەڕ و نەریتی خەڵکی خۆیانەوە هەڵدەواسی تەنیا لەبەرئەوەی ئەو باوەڕانە هی پێشینیانیان بوون و لە سەرەتای منداڵییەوە وەک فەرهەنگی میراتی، فێریان کرابوو. بەڵام پێوەندیی کۆن نابێتە بایەخ بۆ باوەڕ. بە هەڵسەنگاندنی ورد چەند باوەڕی نەریتیی خۆمان دەدۆزینەوە کە لەگەڵ دەستکەوتەکانی زانست، تەکنۆلۆجی و

(١٠) کتێبی ئیقان، لا ٤٦- ٤٧.

(١١) ل,٦, .ix گوڵچنینەوەیەک لە نووسراوەکانی بەهائولاّ.

بوارەکانی تری سەردەمدا ناکۆک و ناڕێکن. خۆبەستنەوە بەو باوەڕانەوە بەرگری لە دۆزینەوەی ڕاستەقینەی مەزنتر و زانیاریی بەربلاوتر دەکا، کە بۆی هەبوو بەبێ ئەو خۆبەستنەوەیە بزانرایەن و ئێمەی بهێنایەتە پێک گەیشتن و هاوئاوازی. ئەو هاوئاوازییەی ڕاستیی گەوهەری ئاینی بەهائییە.(١٢)

ڕێبازێکی دووەم کە تێیدا ڕۆحی لێکۆڵینەوە دەمانگەیێنێتە یەکەتی، ئەوەیە کە ڕاستی هەر یەکێکە. هەر ئەوەندەی تاکەکەسی جیاجیا گەیشتنە ئەو ڕاستییە، ئیتر دەزانن کە بەیەکەوە بەستراون.

بەهائوڵا بنەمای ئەو پێوەندە جیهانییەی وردە وردە ئاشکرا کرد، ئەو لە سلێمانی و بەغداوە دەستی پێ کرد و لەوێ واتای ئەم وشانەی دەرخست: "گورگ و مەڕ دەبێ پێکەوە ئاو بخۆنەوە." دەرهێنانی ئەم پێشبینییە لەناو دەقی لە سەرەتادا گوترا و واتاپێدانی زۆر و کەمی، لەگەڵ سروشت و ئەو یاسایانە وا بەسەر گیانلەبەراندا زاڵن و بەپێی ئەوان مەڕ خۆراکی گورگن، ناتەبایی پەیدا دەکا. ئەم چامە سەیرە، زیاتر پێشبینیی یەکەتییەک دەکا کە بەگوێرەی وتەی خوا لە نێوان خەڵکانی "بیر جیاواز، ئاینی لەگەڵ یەک ناڕێک و تەبعی لەگەڵ یەک ناساز"دا پێک هاتووە.(١٣)

بەهائوڵا لە تاراوگەکانی دواتری خۆیدا، پەرەی بەو ئەسڵە دا و ئاشکرای کرد کە یەکەتی تایبەتمەندیی سەردەمی ئێمە، یەکەتیی دڵە لە نێوان مرۆڤدا. داوا لە هەموو دانیشتوانی ئەم گۆی زەوییە کراوە کە هەموو ئەو شتانە فڕێ بدەن و لە دواوەی خۆیان بەجێیان بهێڵن کە هۆکاری ڕق و ناکۆکیی نێوان گەل و تاقمی جیاواز بوون و لە شوێنی خۆیانەوە باوەش بۆ ڕێبازی نوێ و ئامۆژگاریی نوێ لەلایەن خواوە بکەنەوە، کە تێگەیشتنی بەردەوام و یەکەتی دەهێنێ. بەهائوڵا، لە جاڕی گشتیی پەیامی خۆیدا کە بۆ ڕێبەرانی جیهانی

(١٢) یاسای گەردوونیی ئاشتی، لا ٤٤٣– ٤٤٦.

(١٣) کتێبی ئیقان، لا ١١٢– ١١٣.

نووسی، ڕای گەیاند کە ئەمرۆ ئامانجی خوا ئەوەیە "ئەوانەی وا لەسەر گۆی زەوی دەژین یەک بخات"(١٤).

بەهائولڵا جەخت لەسەر یەکەتیی مرۆڤایەتی دەکا و ڕای دەگەیێنێت کە بوونی خوا بۆ یەکەتییە. هەر بۆیە، لەو دەپە (لەوحە)دا کە بۆ ناپلیۆنی سێیەمی ناردووە نزا دەکا و دەڵێ: " ئەگەر جیهان خێراتر بگەڕایە و خەڵکەکەی یەکیان بگرتایە، مەگەر من لە ڕێبازی تۆ لام دەدا!"(١٥)

بانگی گەلانی جیهان دەکرێ ڕوانگەیەکی دڵنیایان لەمەڕ هاوسەنگی هەبێت:

"جیهان وەک لەشی مرۆڤێک ببینە، کە تووشی چەندان نەخۆشی هاتووە و چاکبوونەوەی بەستراوەتەوە بەرێکخستنی هەموو توخمە پێکهێنەرەکانیەوە."(١٦)

هەروەها لە دەپێکی ( لەوحێکی) تردا:

"با ڕوانگەت لە جیاتیی ئەوەی تەنیا خۆت ببینێت، جیهان لە باوەش بگرێت."

"بە ڕۆحی برادەری و هاوڕێیەتی لەگەڵ لایەنگرانی هەموو ئاینێکدا بگونجێ."

ئامانجی "یەکگرتن و بەیەکەوە پێوەستبوونی هەموو دانیشتوانی سەر گۆی زەوی"(١٧) ئەوە دەخوازێت کە تاکەکەس بەش بەحاڵی خۆی، خۆڕاگر و بەتەواوەتی لە ناکۆکی دوورەپەرێز بێت و تەواو بچێتە ناو جەرگی هەموو ئەو شتانەوە وا یارمەتیدەری مرۆڤن. بنەمای ئەم مرۆڤایەتییە دادپەروەرییە و

---

(١٤) سوورەی هەیکەل، لە کورتکراوەکانی لۆرد هۆستس، ئەلواحی بەهائولڵا (٢٠٠٢)، پەرەگرافی ١٠٩، ل ٥٨.

(١٥) هەمان، پەرەگرافی ١٤٢، لا ٧٤-٧٥.

(١٦) هەمان، پەرەگرافی ١٥٢، لا ٧٩-٨٠.

(١٧) پەیام بۆ کوڕی گورگ (١٩٧١)، ل ٢٤.

باوەڕ بەخوا. هەر کام یا هەمووشی دەبێ بەهۆی تەندروستی و تێگەیشتنەوە دابین بکرێ.

دیتنی هەموو تاکێکی سەر گۆی زەوی وەک یەک ڕەگەز و هاوولاتیی یەک ولات، ڕوانگەیەکە کە دەبێ جیهان بەرەو ئاشتی ببات. یەکەتیی ڕاستەقینەی مرۆڤ بەو شێوەیەی وا لە ئامۆژگارییەکانی بەهاییدا هاتووە، ئەو شتەیە کە ئاشتی دەخاتە جیهانەوە. شەڕ لە هیچ سەردەمێکدا بەم شێوەیەی ئێستا وجوودی لەناو نەبردووە و "شەڕی بەردەوام"ی ئێستا وێرانکەری ئابووری و کاولکاریی لایەنی دەروونی و ئاسایی خەڵکە. چارەسەری سەرەتایی کە بەهائولا دایناوە، بریتییە لە دامەزراندنی "دادگەیەکی دادپەروەرانەی ناوبژیکار" کە لە ڕێگەی ئەوەوە " کێشە ناونەتەوەییەکان چارەسەر بکرێن"[١٨] و "هەموو دەرفەتێکی ناکۆکی و شەڕی نێوان گەلان... لەناو ببرێ."

دادگەیەکی وا لە باوەڕی گران و قایم بە ئاشتییەوە سەرهەڵدەدات، کە ئەویش ڕەفتارێکە بنەماکانی شەڕ هەڵدەوەشێنێتەوە، پێشداوەری لەناو دەبات، ڕق و کینی ئاڵۆسکاو دەفەوتێنێت و نەزم بەخۆشویستنی زێدەخوازی و دەسەلات دەبەخشێ.

بەهائولا هەروەها بنەما پێویستەکانی ئاشتی لە دادپەروەریی ئابووریدا، خۆپاراستن لە ستەم و هەرووژم، مافی بەرانبەری، یەکگرتوویی، پەروەردە، پەیمانی نێونەتەوایەتی، هاوکاری و یاسا، کەمکردنەوەی خەرجی چەک و سوپای مەزن و لەسەر هەمووانەوە، نوێکردنەوەی ئاین دەستنیشان دەکا.[١٩]

ئەو، فەرمانی ئازادیی کۆمەلانی خەڵک لەژێر چەڵەمەی ملهوڕی، لەناوچوونی بەندایەتی و دامەزرانی حکوومەتێک بەڕوخساری دیمۆکراتییەوە دەدا. کاتێ ئەو بڕوایانە لە سەدەی نۆزدەمدا ڕاگەیێنران، بیری جیهان

---

(١٨) یاسای گەردوونیی ئاشتی، ل ٣١٧.

(١٩) عەبدولبەها لە نووسین و قسەکانیدا ئەم لایەنە و هەندێک لایەنی تری ئاشتی دەردەخا کە بەهائولا ڕای گەیاندوون.

زۆریان لێ دوور بوو، بەڵام وردە وردە ئەو بنەمایانە کاریان کردە ناو مێشکی مرۆڤ و مرۆڤایان لە وەرگرتنی بێ مەرجی ئەوانە نزیک کردەوە. تایبەتمەندییەکانی ئەو ئاشتییەی وا بەهائوڵا خستوویەتە بەرچاو، هیچ هاوشێوەیەکیان لەگەڵ ئەو ئاشتییانەدا نییە وا لە ڕابردوو هاتوونەتە کایەوە. ئەم ئاشتییە بێ وێنەیە بەو واتایە دێت کە بەشداریی هەموو گەلانی جیهان و هەموو بەشێکی کۆمەڵگە بهێنێتە ناو کارەکەوە و لە هەندێک بنەمای فرەجۆر پێک هاتووە کە بەرسڤدەری پێداویستییەکانی هەموو مرۆڤایەتین. ئەم ئاشتییە، پێشکەوتنخوازانەیە و لەگەڵ پلەی دادپەروەری و پلەی بەشداریکردنی نەتەوە و هاووڵاتییانی جیهاندا یەک دەگرێتەوە. ئاشتییەک کە بەهائوڵا دەیبینێت بریتییە لە ئاشتبوونەوەی نێوان نەتەوەکان، کەمکردنەوەی ڕادەی چەکداری، دانانی ماف بۆ هەمووان و دامەزراندنی دادپەروەریی ناونەتەوەیی و هەر لە هاوکاریی سەرەتاییەوە دەست پێ دەکات هەتا دەگاتە دیاردەی گرینگی وەک ژیانی دادپەروەرانەی کۆمەڵگەی جیهانی و هاودەنگیی ناو یەک ماڵ، ناسوپاییکردنی سەرانسەری جیهان و بەڕێوەبردنی ژیانێکی پاک کە دەسەڵات بە هەموو تاک و کۆمەڵێک بدا ببن بە بریکاری یارمەتیدانی دوولایەنە. بەهەمان شێوە، کەرەسەی ئەم پێشکەوتە، وەک دیاردەیەکی پێشکەوتوو، هەر لە دامەزراندنی سەرەتاییی باوەڕ پێکراوی و وشیاریی ناونەتەوەییەوە، تا دەست لێ هەڵگرتنی شەڕ و تا بڕیارنامە و پەیمانی قورس و قایم بۆ بەرگریکردن لە شەڕ، تا ڕاوێژکاری و کاری هاوهەنگاو لە پێناو هەر شتێک کە ببێتە هۆی ئاسوودەییی خەڵکی سەر گۆی زەوی لە چنگ زۆرداری و هەموو هۆکارێکی تری تێک گیران و لە کۆتاییشدا بڕیاردان و کردەوە لەپێناو پەروەردە، پارێزگاری، بەختەوەری و ئاشتبوونەوەی هەموو خەڵکی سەر زەمین، گیراوەتە بەرچاو. لە یەکەم هەنگاودا، گەلانی جیهان دەبێ بەرەو وشیاربوونەوەیەکی زیاتر بڕۆن. عەبدولبەها ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت:

" شارسانیەتی ڕاستەقینە، کاتێ جێگەی خۆی لەناو دڵی جیهاندا دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆری دەسەڵاتدارانی ناسراو و خاوەن مێشک

نموونەی ڕوونی خۆبەختکەری و بڕیاردەری لە پێناو چاکە و شادیی مرۆڤ بەبڕیاری قایم و ڕوانگەی ڕوونەوە، هەستنە سەرپێ بۆ ئەوەی بنەمای "هۆکاری ئاشتیی جیهانی" دابمەزرێنن، پەیمانێکی بەهێز ببەستن و ڕای بگەیێنن و لەگەڵ هەموو گەلاندا پشتڕاستی بکەنەوە. هەموو دانیشتوانی سەر گۆی زەوی ئەم کارە گرینگە کە هۆکاری حەوانەوەی خەڵکە، بەپیرۆز دابنێن. هەموو هێزی جیهان پابەندی پایەداری و مانەوەی ئەو پەیمانە ببێت و تێیدا سنووری هەر وڵاتێک دیاری بکرێ. هێزی شەڕوانی هەر وڵاتێکیش دەستنیشان بکرێ. لەبەرئەوەی ئەگەر هێزی سوپاییی وڵاتێک ڕوو لە زیادی بنێت، وڵاتانی تریش دەکەونە سەروکلاوی خۆیان و هێزیان پەرە پێ دەدەن. بنەمای ئەو پەیمانەش لەسەر ئەوە دابنێن کە ئەگەر حکوومەتێک پەیمانەکەی شکاند، هەموو دەوڵەتان بکەونە گیانی و لە ناوی ببەن و سەرجەمی مرۆڤ لێی وەخۆ کەون. ئەگەر لەشی نەخۆشی جیهان لە دۆزینەوەی ئەم دەرمانەدا سەرکەوتوو بێت، ئیتر بۆ هەردەم چاک دەبێتەوە. وەک دەبینن، ئەگەر دەستکەوتێکی وەها هەبێت، هیچ پادشایی و حکوومەتێک پێویستی بەئامادەکاریی چەک و تەقەمەنی نابێت و ناچار نابێت چەکی لەناوبردنی مرۆڤ دروست بکا و تەنیا پێویستی بەسوپای ناوخۆیی دەبێت کە بەرگر بێت لە کاری خراپ و گەندەڵی و فیتنەی ناوخۆیی. لە ئەنجامدا یەکەم، بوونەوەری خوا خەرجی گرانی ئەو چەک و تەقەمەنییەی لەسەر لادەچێت و دووەمیش، خەڵکێکی زۆر بە دروستکردنی دەستکردی شەڕ و گەڕەوە خەریک نابن کە دژ بەخششی خوایە بۆ مرۆڤ و بەپێچەوانە، هەوڵیان تەرخانی کارێک دەکەن کە خێروبێر و ڕزگاریی خەڵکی تێدا بێت. ئینجا هەموو دەوڵەتانی جیهان بەوپەڕی سەرفرازییەوە لەسەر تەختی گەورەیی دادەنیشن و هەموو گەل و نەتەوەیەک لە ئاسایش و(*) حەسانەوەدا ژیان دەبەنە سەر.[٢٠]

هاودەنگ لەگەڵ ئەم بنەمایانەی ئاشتیی بچووکتر، ئاشتییەک کە

---

(*) بڕوانە وەرگێڕاوی عەرەبی ئەم بەشە لە پاشکۆی ژمارە (١)دا.

(٢٠) نهێنییەکانی شارسانیەتی خوایی (١٩٩٠)، لا٦٤–٦٥.

نەتەوەکانی جیهان خۆیان دای دەمەزرێن، دەتوانرێت ئاشتییەکی مەزنتریش سەقامگیر بکرێ، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ئامۆژگارییە تەواو و پێشکەوتووانەی وا لایەنگرانی بەهائولا ورده ووردە لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵگەییی خۆیاندا کەڵکیان لێ وەردەگرن. ئەم ئاشتییە، وەک عەبدولبەها ڕوونی دەکاتەوە، ئەنجامی "یەکبوونی ڕاستەقینە"ی مرۆڤایەتییە. بەڵام "لە ڕێگەی بریکاری مرۆڤانە و جەستەییییەوە نەگونجاوە و دەبێ بەهۆی هێزی ڕۆحییەوە سەربگرێ. پێویست بە هێزێکی کاریگەری جیهانی دەکا کە یەکبوونی مرۆڤایەتی دامەزراو بکا و بنیاتەکانی شەڕ و تێک گیران برووخێنێ. هیچ هێزێک جگە لە هێزی خوایی ناتوانێ ئەم کارە بەڕێوە ببات؛ هەر بۆیەش، دەبێ بە ودمی هەناسەی پیرۆز بەڕێوە ببرێ."(٢١)

ئاشتی خواستێکە بۆ ئازادیی گەلان و تاکەکەسان، بەڵام دەبێ لەسەر بنەمای دادپەروەری دابمەزرێ. دادپەروەرییەکی ئەوتۆ پێویستی بە ئازادبوونی بیر و هزری خەڵکە لە باوەڕی پڕوپووچی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خاوێنبوونەوەی دڵیان لە ڕق و دژایەتی و دواتریش، ئازادکردنی ئاین لە خورافە و شتی دوورە لۆجیک. بێ توانایی لە پێناو سەقامگیرکردنی ئەو ئازادییە، کارەکەی گەیاندووەتە پشتگوێخستنی ئوسووڵە ڕۆحییە ڕاستەقینەکانی بنەمای ئاین. ئاین نابێ بەشێوەیەک فێر بکرێ کە بگاتە ئەنجامی "کوێرباوەڕیی نەزانانە و ڕەگەزپەرستی".(٢٢)

ئاین وەک هێزێکی ئازادکەر و ڕابەرێک بۆ ڕۆشنبیریی مرۆڤ، ئێستا لە ڕاستیدا فەوتاوە و تەنیا تەڵەیەک بەناوی ئەوەوە هەیە کە لە ڕاستیمان دوور دەخاتەوە و بەرگری لە پێشکەوتنمان دەکا. زانست پڕ کراوە لە کۆسپ. بەبێ بنەمای ئاکاری (ئەخلاقی)ی ئەوتۆ کە لەگەڵ بارودۆخی نوێی جیهانێک کە تێیدا دەژین گونجاو بن، زانیاری بەکردەی بەرهەمهێنراوی زانست ناتوانێ کاریگەر بێت بۆ ئەوەی بەرەو پێشکەوتنێکمان ببات کە هەمیشەیی و

(٢١) یاسای گەردوونیی ئاشتی، ل ١٠٩.
(٢٢) ئەلواحی بەهائولا، ل ٦٨.

دادپەروەرانە بێت. زانست، لەو پرسیارانە سەرهەڵدەدات کە ئێمە دەیانپرسین و کاتێ ئەو پرسیارانە بەئامانجی سوود وەرگرتنی بیرتەسکانە، کاتی، هێرشکارانە، نەتەوەپەروەرانە، یا رەگەزپەرستانە دابمەزرێن، ئیتر بەرهەمی زانست دەبێتە رێگری دادپەروەری و کۆسپی سەر رێگەی ئاشتی. بۆ ئەوەی زانست ببێتە خزمەتکاری راستەقینەی بەرژەوەندیی مرۆڤ، پێویست بە هێزێکی هاوسەنگکەرەوە و میانرەو هەیە بۆ ئەوەی مەیلی زێدەخوازی و نامرۆڤانەی تێدا هێور بکاتەوە. بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکدا تەبا و حەواوە بن، زانست و ئاین دەبێ هەڵگری هەستی لۆجیک بن، لۆجیکێک کە بەڵێنەکانی لە رادەیەکی جیهانیدا بن. بەبێ ئەم هاوهەنگاوییە، هەردووکیان دەبنە هۆکاری وێرانکەری و شەڕ. هەردووکیان دەبنە قوربانیی بەرژەوەندییەکی سنووردار و هەردووکیان دەبنە بریکاری ئاواتی خۆپەرستانە و دوور لە دادپەروەری.

لێشاوی بەخوڕی زانیاریی نوێ و توانا نوێیەکانی ئەم چەرخە و کەمایەسیی زانیاری سەبارەت بەو گۆڕانە سەرسامە،[٢٣] جیهانێکی وای ئەفراندووە کە گەلێک جیاوازە لە جیهانی رابردوو. مرۆڤایەتی دەبێ زانیارییە کۆنەکانی بنێتە لاوە و نەریتیش نابێ رێگری دەستکەوتە نوێیەکان بێت. پێویست بەسووربوونێکی زیاتر بەڵام لە هەمان کاتدا مامناوەنجی هەیە.[٢٤] لەبەرئەوەی کاریگەریی شارسانیەتی مادی لە سەردەمی نوێدا زۆر بەربڵاوە و خەڵکانی جیهان دەبێ بەهۆی فەرمانڕەواییکردنێکی جێ متمانە و هەروەها میانڕۆییەوە پارێزگارییان لێ بکرێ.

میانڕۆیی لە هەموو شتێکدا دەخوازرێت. ئەگەر شتێک گەیێنرایە ئەوپەڕی خۆی، دەری دەخات کە ئەو شتە سەرچاوەیەکی شەیتانیی هەیە. بڕوانە شارسانیەتی رۆئاوا، چۆن خەڵکی جیهانی ئاڵۆز کردووە و خستوونیەتە

(٢٣) سوورەی هەیکەل، لە کورتکراوەکانی لۆرد هۆستس، ئەلواحی بەهائوڵا، پەرەگرافی ٤٧، ل ٢٥.

(٢٤) سوورەی هەیکەل، لە کورتکراوەکانی لۆرد هۆستس، ئەلواحی بەهائوڵا، پەرەگرافی ٦، ٧، ٣٩، لا. ١٨٧–١٨٨، ٢٠١–٢٠٢.

مەترسییەوە. ماتۆڕێکی دۆزەخی تێدا دانراوە و چەکێکی وێرانکەری ئەوتۆی هێناوەتە ئاراوە کە هیچ کەس هاوچەشنی ئەوی نەبینیوە و نەژنەفتووە. خاوێنکردنەوەی ئەو گەندەڵییە ڕەگ داکوتیو و هەمەلایەنەیە، بەڕێوە نابرێت مەگەر خەڵکانی جیهان لە دەوری یەک ئامانجی تاکدا یەک بگرن و باوەش بۆ ئاینێکی گەردوونی بکەنەوە. گوێتان بکەنەوە بۆ ئاوازی ئەم هەڵەیە و بەتوندی بە ئاشتیی کەمترەوە بنووسێن.(٢٥)

ئێمە دوورین لە پێزانینی تەواو یا تەنانەت سەرەتایی بەکارهێنانی ئەم ئامۆژگارییانە سەبارەت بە پێکهاتن لە نێوان زانست و ئایندا. ئەوەی لێی دڵنیاین ئەوەیە کە ئەوان پێداویستییە کارامەییە ڕۆحییەکانیان کردووەتە قوربانیی پێشکەوتی زۆری فێربوون. متمانەداری، یەک نموونەیە: زانست هەرگیز بەبێ متمانە بەرەوپێش ناچێت و لە ڕاستیدا چەمکێکی ڕۆحییە کە بێگومان پێوەستە بە نەزم و نیزامەوە و ئەویش وزەی لە ئاینێک وەردەگرێ. زۆرێک لەو پێش مەرجانە هەن و لەناویاندا، مرۆڤایەتییەکی نوێ، کراوەیییەکی نوێ، پێوە نەلکان، دادپەروەری، تێگەیشتن، نەزم، پارێزگاری و ئازادبوون لە پێشداوەری. ئەم مەرجانە پیشاندەری ئەوەن کە تەنیا یەک ڕوانگە لەمەڕ یەکگرتوویی نێوان ئەو زانیارییانە هەیە کە لە جیهانی ئێستادا وەک شتی دژ بەیەک سەرنجیان دەدەن. ئازادکردنی مێشکی مرۆڤ و ڕەهاکردنی وزەی ئەفراندنی، پەروەردەی جیهانی دەخوازێت. دەبێ ئەوە بینرابێت کە ئەو کەسانەی وا ئوسوولی بەهائولایان خوێندووەتەوە، هەموو وەک ئەندامانی لەشێکی زیندوو لەگەڵ یەکدا یەک دەگرنەوە. ئەو پێوەندە ناوخۆییە بە تایبەت لەو ئوسووڵەی بەهائولا دەردەکەوێت کە تایبەت بەپەروەردەی گەردوونین و بەگوێرەی ئەوان هەموو تاکێک دەبێ دەستی بەخوێندن ڕابگا، پەرە بەتواناکانی خۆی بدات و ئەو کەرەسانەی بەدەستەوە بێت کە بۆ ژیانێکی شاد، هاوکاری، زانیاریی خزمەت و هەموو کات بەرەو پێشچوون پێویستن. عەبدولبەها ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: "نابێ ڕێ بگیرێت لە ڕاهاتنی

(٢٥) ئەلواحی بەهائوڵڵا، ل. ٦٩.

ڕووناکبیریی هیچ تاکێک یاخۆ لێی بێ بەش بکرێ، بەڵام هەر کەس دەبێ بەگوێرەی تواناکانی خۆی بەشی بدرێت."[٢٦]

پەروەردە، پێوەندیسازیی نێوان ئاین و زانست و هەژار و دەوڵەمەندە. هەروەها بنەمای متمانە، یەکسانی، میهرەبانی و سینگ فراوانیشە. هۆکارێکی دابەشبوون و دوژمنایەتیی نێوان گەلان، جیاوازیی نێوان زانینیانە. بەبێ زانیاریی سەرەتاییی هاوبەش، پێوەندیکردن ئەستەمە و لە پەرە بەیەکتر تێنەگەیشتن دەدا و بڵاوی دەکاتەوە. باوەڕی بێ بنەما و ئاڵۆز دەگاتە ئەنجامی شەڕ و گرژایەتی. لە ڕێگەی خوێندنی هونەر و زانستەوە کە سوودیان بۆ مرۆڤایەتی هەبێ، نەزم و نیزام، ئاسایش و ئاشتی لە کۆمەڵگەدا گەشە دەکەن. بەهەمان شێوە، یەکەتیش دەستەبەر دەبێت لەبەرئەوەی هەرچەندە زیاتر لە بارودۆخی مرۆڤ بە هەموو چەشنایەتی و کەماڵی خۆیەوە تێ بگەین، زیاتریش تاک و کۆمەڵ وەک بەرەیەکی تاشراوی یەک ئەڵماس، ڕازاوە دەبینین و پێداویستیی چەشنایەتیی ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.[٢٧]

پەروەردەیەکی وا، کە کاری دەستی و بازرگانیش دەگرێتە بەر، خواستی هەموو کەسێکە، لەبەرئەوەی شادی بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێ.[٢٨]

بەهائوڵا لە زۆر شوێندا ئاماژە دەکا و دەڵێ دادپەروەری بەبێ پەروەردەی ڕۆحی نەگونجاوە. شکۆی مرۆڤ و تەنانەت مافە سەرەتاییەکانیشی بەبێ پەروەردەی ویژدان دابین نابن. مێژوو دەری دەخات کە بێ بەزەیەتی و ملهوڕی وەختێک سەر هەڵدەدەن کە تاکەکەس و ڕێبەران بکەونە شوێن ئاکاری (ئەخلاقی)ی خراپ؛ بەڵام میهرەبانی و داد بەهۆی نەزمی ڕۆحی و ئاواتی مرۆڤانەوە دێتە ئاراوە. ئەم کاراکتەرانە بەشێوەی سروشتی لە کۆمەڵگەی مرۆڤدا دەرناکەون. تەنیا بەڕێگەی پەروەردەی بە بەرنامە و فێربوون، ئەویش

(٢٦) یاسای گەردوونیی ئاشتی، ل ١٠٨ .

(٢٧) ئەلواحی بەهائوڵا، لا. ١٦٨ ،١٦٩، ١٦٢.

(٢٨) هەمان، لا. ٥١، ٥٢.

به چەندان نەوە، دەتوانرێ بچێنرێ. دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی هەموو مرۆڤێک بەساکاری دەیانخاتە ژێر کارتێکەریی ئەوانەی وا بەدەورییەوەن، لەبەرئەوەی باندۆری (تەئسیر)ی پەروەردە هەست پێ ناکرێ مەگەر بەشی بەرچاوی کۆمەڵگە پێیەوە خەریک نەبن. بەهائوڵا چەندان جار باسی "خەڵاتی گرینگ"ی زانیاریی کردووە و ئەوەی خستووەتە بەرچاو کە شوێنکەوتنی زانیاری ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە، هەژار یا دەوڵەمەند، پیاو یا ژن.[29] بنەمای پەروەردەی جیهانی، (ئەرکی بێگومان)ی (پەرەپێدانی فێربوون)، (دەخاتە سەرشانی) هەمووان.[30] رۆڵی تایبەتی دایکان، وەک "یەکەمین ئامۆژگاران"ی پیاو و ژن، وا دەگەیێنێت کە بۆ مەسەلەی پەروەردە، تەنانەت ئەرکێکی گرینگترلە ئەستۆی جێندەری مێدایە. ئەوان بەرپرسیایەتییەکی گەورەتر لە پیاوانیان لە پێناو داهاتوو هەیە و دەبێ رۆڵی گەورەتریشیان لە رێبەرایەتیکردنی کۆمەڵگەدا هەبێت. گەرچی وا هەیە هەندێ کەس بڵێن ئامۆژگاری سەبارەت بە یەکسانی لە ئامۆژگاریی ئاینە کۆنەکانیشدا بەشاراوەیی هەبووە، بەڵام کەس ناتوانێ بەرپەرچی ئەوە بداتەوە کە ئەگەر بە شاراوەیی بووبێت، پشتگوێ خراوە، خۆ ئەگەر فرێش نەدرابێت. بەڵام هەر چۆنێک بێت، بەهائوڵا لە کتێبی یاساکانی خۆیدا بەئاشکرا لە یەکسانیی پیاو و ژن دواوە و بەهەمان شێوە لە نووسراوەکانی دواتری خۆیدا، کە لە پێوەندیی ئامۆژگارییەکانی ئاینی بەهاییدایە. ئەو بەهۆی هەر ئەم گۆڕانکارییەوە، سەرنجی تایبەت بەرەو پەروەردەی ژنان رادەکێشێ. زۆرێک لە ئامۆژگارییەکانی سەردەمی زووی لە پەیامی تایبەتیی بۆ شایان و فەرمانڕەوایانی سەر گۆی زەوی ئەو باوەڕە بنەڕەتییەی ئاینی بەهایی تێدا گونجا بوو. بۆ نموونە: بانگهێشتن بۆ بەربەستکردنی بەرپرسیایەتیی سەرشانی خەڵک و ناڕەواکردنی و مەحکومکردنی کۆیلایەتی، تەنانەت کارتێکەریی زیاتریان بۆ سەر لایەنی سەلامەتیی ژنان هەیە تا پیاوان،

(٢٩) هەمان، لا. ٣٩، ١٦٢، ٧٣.

(٣٠) عەبدولبەها، هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی عەبدولبەها، ژ. ٩٧، ل. ١٢٦

لەبەرئەوەی، دۆخی ناسەربەخۆیی، لە باری هەژاری و چەوسانەوەوە ئەوانی زیاتر پاراستووە. بە هەمان شێوە، بەهائولا بانگی قەشەی کڵێسا مەسیحییەکان دەکا نەکەونە شوێن "خەیالاتی پووچی ناو ئەفسانەکان"(٣١) هەروەها بانگی رێبەرانی ئاینی هەموو جیهان دەکا کە "بەگوێرەی هەر پێوانەیەک کە لە ناویاندایە، بایەخ بدەن بە ئامۆژگارییەکانی خوا"(٣٢) بەلام لە کۆتاییشدا دەبێ ئەو باوەڕە چەوتانەی سەبارەت بە ژنان لە خۆ دوور بخەنەوە کە ڕوانگە دەشێوێنن و پەکی پێشکەوتی مرۆڤ دەخەن. بەیانی تازە گەلالەکراو، وەک "ئافرێنەری بێ وێنە هەموو مرۆڤێکی لە یەک مادە ئافراندووە"(٣٣) و "لە ڕاستیدا خوا ژنی بۆ پیاو ئافراند و پیاوی بۆ ژن"(٣٤) هەموو ئەو بیر و بۆچوونانەی سەبارەت بەنزمبوونی پلە و پایەی ژنانی بۆ هەموو کات لەناوبرد، کە لە ڕابردوو و ئێستا و تەنانەت ئەمڕۆشدا بە بەربلاویی هەیە.

هەموو بەیانێکی گشتی و توندی بەهائولا دژ بە ملهوڕی بووە هۆی ئەوەی دادپەروەری، وەک ئامانجێکی ڕۆحیی پلە بەرز بۆ مرۆڤایەتیی پێگەیشتوو بهێنرێتە کایەوە. فێرکردنە یارمەتیدەرەکان بەڕوونی پێداویستی کارکردی تایبەتییان لە پێوەندیی ژناندا دەردەخەن:

دۆستانی خوا دەبێ بەخشڵی دادپەروەری، بەرانبەری و ئەوین ڕازاوە بن. وەک چۆن نابێ مۆڵەتی ئەوە بەخۆیان بدەن کە ببنە کەرەسەی بێبەزەیی و یاساشکێنی، بەهەمان شێوە نابێ ئەو ملهوڕییە سەردانی ئافرەتانی خزمەتکاری خواش بکا.(٣٥)

ئەم بنەمایە، لەو بەیانانەشدا ڕوون کراوەتەوە کە دەرواننە ڕوانگەی نەریتی سەبارەت بە ژنان، ئەو ڕوانگانەی وا بەهائولا وەک "خەیالاتی پووچ" و

(٣١) ڕاگەیاندنەکانی بەهائولا (١٩٧٨)، ل ٩٢.

(٣٢) ل. ١٩٨ .Xcviii گوڵچنینەوەیەک لە نووسراوەکانی بەهائولا، ژ؟!

(٣٣) ل. ٨١ .,xxxiv هەمان؟!

(٣٤) بەهائولا، لە بابەتی ژنان دا، ل ٣٧٩.

(٣٥) بەهائولا، لە هەمان، ل ٣٧٩.

"هەوەسی بوت"[٣٦] ناویان دەبات.

هەر چۆنێک بێت، ئەوە کتێبی یاسای بەهائولایە کە بەتوندی دابڕانی بێگومانی دۆخی ژنان لە پەرەسەندنی قۆناغی منداڵی و مێرمنداڵی ڕادەگەیێنێ و ئەو قۆناغەی کە تێیدا دەگاتە سەردەمی پێگەیشتنی مرۆڤایەتی، هەر ئەو قۆناغەی وا ئێمە ئێستا پێی لێ دەنێین.

خرکردنەوەی ژنان لەسەر بنەمایەکی یەکسان لەگەڵ پیاوان لە هەموو ئەرکێکی پێویستی پێشکەوت و ئاشتی لە سەردەمی ئەمڕۆدا، وا هەیە لە زۆر ڕێگاوە زیاترین ئەنجام و دەرخەری ئەو یاسایانە بێت، کە بەگوێرەی ئەوان پلەی ژنان دەچێتە سەرێ. فەرمانی تاکە ژنی و پێداویستبوونی پەروەردەی کچان بە شێوەی یەکسان لەگەڵ کوڕان، ئاینی بەهایی لە ئاینە کۆنەکان جیا دەکاتەوە و یارمەتیی بەهێزکردنی دۆخی نوێی کۆمەلایەتیی ژنان دەدات.

ئەم یاسایانەی کە هاندەری گۆڕانکارین، لەگەڵ یاساکانی تردا هاوسەنگن کە ئەرک و مافی تایبەتی لە پێوەندیی دایکایەتیدا دەپارێزن و لە ڕاستیدا پەرەیان پێ دەدەن و سەقامگیریان دەکەن. لە زۆر قۆناغی ئایندا لە رابردوو، ژنان هەردەم بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بەشێک لە ئەرکە ئاینییەکانی سەرشانی کۆمەڵگە وەلا نراون. بەلام، وەک چۆن پیاو بەهەر پێشینەیەکەوە بانگ دەکرێت لە کار بێتە پێشەوە، لە قۆناغی پێگەیشتنی ئێستادا ژنیش، نەک هەر هەموو ئەرکێکی تاکەکەسی و بنەماڵەییی پێ دەسپێررێت، بگرە بۆ ئەو ئەرکە مەجبوورییانەش وا لە پێوەندیی نەزم و نیزامی کۆمەڵگە و جیهاندان، بانگی دەکرێت. شیکەرەوەی مۆڵەت پێدراوی نووسراوەکانی بەهائولا، واتە عەبدولبەها، پەنجە دەنێتە سەر تایبەتمەندبوونی ئەم ئامۆژگارییانە.

لە سەرەتای بوونەوە هەتا ڕۆژی بەڵێندراو، پیاوان لە هەموو بارێکەوە دەستی بالایان بەسەر ژناندا هەبووە لە قورئاندا هاتووە: "پیاوان دەسەلاتیان

(٣٦) بەهائولا، لە هەمان، ل ٣٥٧.

بەسەر ژناندا هەیە" بەڵام لەم دەسەڵاتە خواییيە سەرسامە[٣٧]دا، بەخششی مەزنی خوای گەورە بووەتە هۆی نیشانەی دەست پێڕاگەیشتنی ژنان....

لایەنێکی ژیان کە تێیدا دادپەروەری بەرێوە چووبێت، ئابوورییە. بەکارهێنانی چارەسەری پڕوپووچ و نەگونجاو بۆ دادپەروەریی ئابووری، زۆر جار دەستەڵاتی زیاتر دەداتە دەوڵەمەندان و بێ بەشییەکی زیاتریش تووشی هەژاران دەکا. کێشەی ئابووری مرۆڤایەتی زۆر جار بەشێوەیەکی خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە: چەکداری و شەڕ، زاڵیەتی، چەوساندنەوە. تەنانەت تازەترین ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و پارەی زۆر جێگەی سەرنج و چارەسەری نوێی سیاسی کە زۆریش بنەڕەتی و باوەڕ پێکراو بن، لە بنەمادا دەگەڕێنەوە سەر پارە و پووڵ و هاوڕێ نین لەگەڵ پێشکەوتی ئاکاریی قووڵ کە بەتەنیا بتوانن هەلومەرجێکی وا بخوڵقێنن تێیدا بۆی هەبێت پێداویستیی ئێستای تاکەکەس، بنەماڵە، شار و نەتەوەکان وەڵام بدرێتەوە و تواناکانیان پەرە بستێنن. هەر هەوڵێکی سەرکەوتووانەی ناو ئەم گۆڕەپانە دەبێ لەسەر بنەمای هەندێک پێوانەی پێوەندیدار بەکێشەکەوە دابنرێ.

وەک بنەمایەکی بنەڕەتیی ئاینی بەهایی، بەهائوڵا چارەسەرێکی مرۆڤانە و ڕۆحیی بۆ کێشە ئابوورییەکانی ئەم سەردەمە ئاراستە کرد. بەهۆی نووسینەکانی عەبدولبەهاوە، کە لەلایەن ناوەندی پەیمانەکانی ئەوەوە پەرەی پێ دراون، ئێمە بیرۆکەیەکی ناوکی دەبینین کە دەڵێت بڕبڕەی پشتی خێروبێری مادیی مرۆڤ، لە ڕاستیدا ڕۆحانییە. هەر بۆیەش، هەر کام لەو بنەمایانەی وا پێشتر باسیان لێوە کرا، کارتێکەریی خۆیان لەسەر بەختەوەریی تاک و نەتەوە دەبێت. بۆ نموونە، بنەمای یەکەتیی مرۆڤ، کە پشتگیریی خێروبێری ئابووریی تاک و کۆمەڵگەش دەکا، ئەوەیە کە لەم قسانەی بەهائوڵادا بەرجەستە کراون:

لەسەر ئەوانەی وا خاوەنی دڵپاکی و بەینەتدارین ئەرکە لەگەڵ هەموو

(٣٧) بەهائوڵا، لە هەمان، لا. ٣٦٠– ٣٦١.

خەڵکی جیهان بەخۆشی و باشی هەڵسوکەوت بکەن بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری یەکەتی و هاوشانی و هۆی پایەداری و مانەوەی نەزم و نیزامی جیهان. خۆش بەحاڵی ئەوانەی وا دەست بەپەتی میهرەبانییەوە دەگرن و لە ڕق و کین دوور دەکەونەوە. هەر ئەوەش دەبێتە چرای ڕێگەی تاریکی و مامۆستای چاکسازیی ئاکار.(٣٨)

جیهانیبوونی مافە ئابوورییەکان کە بەهائولڵا دەستنیشانی کردووە، وا نییە کە ببێتە هۆکاری دابەشبوونی تواناکان، یاخۆ لێهاتوویی و پێداویستییەکان بەرچاو نەگیرێن. بەهەمان شێوە، ڕێگەچارەکانیش جاروبارە پێشنیاز بکرێن یا بەرئاوەژوو کەم و زیاد بکرێن و بەهەڵکشان و داکشانی هێزە سیاسییەکان سات و سەودایان پێ بکرێ؛ بەپێچەوانە، ئەو چارەسەرانە ڕووی هەمیشەیی کۆمەڵگە و مافەکانی تاکەکەسن.

بەهائولڵا بنەماکانی دادپەروەریی نوێباو، کە بەسەرکەوتوویییەوە مافەکانی تاک و کۆمەڵگەی ڕێک خستووە، دەخاتە ڕوو. ئەو بنەمایانە، مرۆڤ لەوپەڕی بەربەستکردنی کێشە ئابوورییەکانی سەردەمەوە دەگەیێنێتە شێوازێکی نوێ، کە تێیدا هەژاری نامێنێ. ڕووی ناسراوی ئەو پێوانانەی وا پایەی ئەو دادپەروەرییە ئابوورییە بەرزەی لەسەر دانراوە، وا هەیە بەهۆی ئەم وتەیەی عەبدولبەهاوە بخەملێت کە لە ماوەی سەردانە مێژووییییەکەیدا بۆ ڕۆژئاوای جیهان، لە بوستۆن بە کۆمەڵانی خەڵکی ئەمەریکای گوت:

بنەمای سەرەکیی هەموو بارودۆخێکی ئابووری، لە سروشتی خۆیدا بەرزە و هاوڕێیە لەگەڵ جیهانی دڵ و گیان. ئەوەش لە ئامۆژگارییەکانی بەهائولڵادا هاتووە و بەبێ ئاگەداربوون لە بنەماکانی ئەو، توانای تێگەیشتن لە دۆخی هیچ پێشکەوتێکی ئابووری ناگونجێ.(٣٩)

بەم پێیە، ئابووری و دادپەروەریی ئابووری ئەو لایەنانەی کۆمەڵگەن کە جگە

(٣٨) ئەلواحی بەهائولڵا، ل ٣٦.

(٣٩) یاسای گەردوونیی ئاشتی، ل ٢٣٨.

لە سامانی سروشتی، کاری ئەستەم و ڕێکخراوی سیاسی، بەشێوەیەکی ژینی پێوەندییان بەگەلێک توخمی تریشەوە هەیە. دەبێ پێش ئەوەی ڕوانگەیەکی نوێی ڕۆحی لە ژیانی ئابووریی گەردووندا هەست بکرێ، ژمارەیەکی زۆری توخم، نەزم و دادپەروەری، بەشێوەیەکی ئاوەزمەندانە بەرهەم بهێنرێن. وا هەیە مەرجی یەک لە دوای یەکی زیادکردنی بەرپرسیایەتیی تاکەکەسی هاوڕێ لەگەڵ پەرەپێدانی ئازادییە تاکەکەسییەکان، وەک نموونەیەک بکەوێتە بەرچاو. تا ئەو ڕادە و سنوورەی کە هێزی ئابووریی تاک توانای پەرەسەندنی هەیە، ژمارەیەکی تاکەکەس کە بەباشی لەو دەسەڵاتە کەڵک وەربگرن، دەتوانن بەچەند جارە زیادی بکەن؛ کەوا بوو، بەشداریکردنیان لە هێورکردنەوە و ڕەواییدا، دەبێ گەشەی پێ بدرێ. هیچ یاسا یا ڕێکخراوێک ناتوانێت بەبێ گۆڕینی کەسایەتی، گرینگایەتیی ئابووری بخولقێنێ یا بیپارێزێ. گۆڕانێکی هاوچەشن لە بنەماکانی نەزمی گشتیشدا پێویستە. ئەگەر بەسەر نێوان ناخۆشی و شەڕی نێوان خۆماندا زاڵ بین، وەفاداری بەنەتەوەی کەسێک نابێ بیگەیێنێتە ڕق لێبوونەوەی کەسەکە لە وڵاتانی تر یا ئاواتی خراپ خواستن بۆیان. بەپێچەوانە، دەبێ ئەو ئەمەکدارییە تەواوکەرێکی هەبێت کە ئەویش ڕوانگەیەکی ڕۆحییە بۆ مرۆڤ و دامەزراندنی دادگەیەکی بەرزی چەند نەتەوەیی کە بەشێوەیەکی دیموکراتییانە لە خەڵکانی جیهان هەڵبژێردرێن. ناگونجێ تاک بتوانێت تەنیا بە بەشداریی وڵاتی خۆی، ئاشتییەکی سەرانسەری لە جیهاندا سەقامگیر بکا، با ئەو خۆشویستنی وڵاتە لە ڕادەش بەدەر بێت. لەبەرئەوەی هەموو نەتەوەیەک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئەو خێروبێرەی وا خۆشویستنی وڵات دەتوانێت بەگشتی بیداتە مرۆڤایەتی، کەمە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆکە ئاشتیی جیهانی لە هەموو کات پێویستترە، وەدیهێنانی هۆی کاریگەر بۆ دامەزرانی ئەو ئاشتییە جیهانییە و پاراستنی، لە بەرژەوەندیی هەموو نەتەوەیەکدایە. لەم سەردەمەدا کە هێزی وێرانکەر وا زۆرن کە دەتوانن هەڕەشە لە بوونی مرۆڤ بکەن، هیچ شتێک کەمتر لە

دەسەڵاتێکی ژوورەدەستی نەتەوەکان، کە لەسەر بنەمای وەفادارییەکی بەربڵاوتر بەهەموو مرۆڤ دانرابێت و ئیلهام لە ئەوینی خوا وەربگرێت، ناتوانێ لەم بوارەدا سەرکەوتوو بێت. تەنیا بریکارێک کە "نوێنەری هەموو حکوومەت و گەلەکان بێت"(٤٠) و ئامانجی دۆستایەتیی سەرانسەری جیهانی هەبێت. لە کاتێک ئاشتیی جیهانی کەوتنە بەر هەڕەشە، یا کاتێ کە پێوەندیی نێوان نەتەوەکان یاخۆ پێوەندیی ناوخۆییی نەتەوەیەک بشێوێت، یا نەتەوە و گەلێک هێرش بکاتە سەر هەموو جیهان، یا کاتێک وڵاتێک وەها گەندەڵ بێت کە ئەمەکداری بۆ خەڵکەکەی خۆشی نەمێنێ، لەو دەمانەدا دەتوانێ دادپەروەری بەڕێوە ببات. کاتێ کە ئێمە کارتێکەریی ئەم ئەمەکدارییە بەرینە لەسەر ئەمەکداری بەوڵاتی تاکەکەس دەگرینە بەرچاو، دەبینین نەک هەر دەتوانرێت ئەو هەستیارییە زۆرە بەهۆی نیشتمانپەرستیی ڕاستەقینەوە چارەسەر بکرێت، بگرە دەتوانێ هەستی ئاساییی نیشتماندۆستیش بگۆڕێت و بیکاتە هێزێکی مەزنتر لە خزمەت بەرژەوەندیی گەلێک مەزنتری وڵاتەکە. ئەو نیشتمانپەرستییەی وا جەختی لەسەر شەڕ و زاڵبوونە، هەردەم لە باری شکۆ و شانازییەوە لە کورتی دەدات، لەبەرئەوەی ڕەگی بنەماڵەی ئاساییی وەرزێرانی خاک و کرێکارانی تر هەڵدەکەنرێت، دەکوژرێن، دەبن بە زیندانییانی شەڕ و تووشی خەفەت و نائاسوودەییی ئەوتۆ دێن کە بۆ چەندان نەوە هەر دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەو نیشتمانپەرستییەی وا لەگەڵ ئەوینی مرۆڤایەتیدا تێک چڕژاوە، سرووش بەهەمان ئەو تاکەکەسانە دەدا کە کاری وا مەزن بکەن کە هەموو جیهان سوودی لێ ببینن. وڵاتەکەشیان لەلایەن گەلان و نەتەوەکانی سەرانسەری جیهانەوە ڕێزی زۆریان لێ دەگیرێت و گەلانی تریش شوێنی ئەوان هەڵدەگرن و بەم شێوەیە، هەر هەنگاوێک هەڵێننەوە خەڵاتی پێویستی پێ وەردەگرن و پێشکەوتی خۆشیان خێراتر دەبێت. هەر بۆیەشە کە تاکەکەسی بەڕاستی نیشتمانپەرست، کە ڕەنگدەرەوەی ئەو هۆیانەیە وا

(٤٠) هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی عەبدولبەها، ژ. ٢٠٢، ل ٢٤٩.

پارێزگـاری، ئازادی و پێـشکەوتی نەتـەوەکـە زامن دەکـا، ئەوە بە شـتـێکی مـەنتـیـقی دەزانێت کـە باوەش بۆ راسـتـیـیـەکی گـەورەتر بکاتـەوە و ئەویش ئەمـەکدارییە بۆ هەمـوو هاووڵاتییـانی زەوی و ئەو بریکارانەی وا لە سـەرەوەی نەتەوەن و نوێنەرایەتییان دەکەن.

ئەوانـە هەنـدێک بـەشـی کــەم بـوون لەو بنـەمــایانـەی وا لەلایـەن بەهـائولاوە ڕاگەیێنراون. ئەو چارەسـەری بۆ ئەو نەخـۆشـییـانە دۆزیوەتەوە کە هـەر ئێـستـا تووشـی جـیـهــانی مـرۆڤ هـاتوون و چارەسـەرە بـۆ کـێـشــە دژوارەکــان و نایەکسـانیی نەبڕاوە، کـە زۆر جـاران پێـوەندیی تاکـەکـەسی، بنەمـاڵەیی، عـەشـیـرەیی، نەتەوەیی و نـاونەتەوەیی تێک دەشکێنێت (و زۆر جاریش لەبەر یەکیان دەبات). ئەو بناخـەیەکی راسـتیی خواییی دانـاوە کە دەبێ لە بەرچاوی ئێـمـە و لەسـەر بنـەمـای ئەو، لە هەمـوو ولاتاندا شـارسـانـیـیـەتێکی مـادی و ڕۆحانی دابمەزرێ.

بەشی پێنجەم

# ناوجەرگی ئاینی بەهایی

"و هەموو باڵندەکان فێر دەبوون چۆن

ڕۆژ و شەو بچریکێنن"

فەرهاد شاکەلی(١)

لەگەڵ ئەوەی تاریکترین سەعات پێش سپێدە دەکەوێت، سەرلێشێواوی، بێ هیوایی، ڕکەبەرایەتی و خەفەت لە پەیامدەری جیهان و نەزم، متمانە، هاودەنگی و خۆشی دەگاتێ. هەڵگەڕاندنەوەی لاپەڕەی مێژوو، ئاوڕدانەوەیە لە کێشەیەکەوە بۆ کێشەیەکی تر: مەینەتی، ستەم، بەئامانج نەگەیشتنی تواناکانی مرۆڤ. گۆڕانی بنەڕەتی و پێشکەوتی زانستیی دوو سەدەی ڕابردوو، هەر چۆنێک بێت، دەروازەیەکی کردووەتەوە. ڕێکخستنی ڕوانگە و پێشکەوتێکی ئاکاری پێویستە بۆ ئەوەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوازێک هاوسەنگ بکرێن، کە هەمووان بتوانن سوودی تەواو لە گۆڕانکارییە باشەکان و دەرفەتە ئەرێنییە تازەکان وەربگرن.

لە دڵی ئاینی بەهاییدا بنەمایەکی نوێ هەیە کە پێشتر لە ڕابردوودا هیچ ئاین یا فەلسەفەیەک ئاراستەی نەکردووە، بنەمایەک کە وزەی ئەوەی تێدایە ئەو هاوسەنگییە نوێیە دابمەزرێنێ. ئەم بنەمایە، بریتییە لە یەکەتی لە

---

(١) بەشێک لە "گەڕانەوە"، شیعرەکانی فەرهاد شاکەلی، وەرگێڕاو لە کوردی، (کەرکوک کوردستانە، ٢٠٠٢).

www.kerkuk-kurdistan.com/kulturek.asp?ser=4&cep=3&nnimre=310, 2202.

چەشنایەتیدا و بەهائولا وانەی ئەو بنەمایەی داداوە. ئاینەکانی ڕابردوو پێ لەسەر یەک چەشنی دادەگرن. ئەو یەک چەشنییە بەناچاری و پێویستی، یەکەتی وەدی ناهێنێ. بەزۆر سەپاندنی هاوشێوەیی لە ڕاستیدا دەگاتە ئەنجامی تێکشکانی یەکەتی. لە ئامۆژگارییەکانی بەهاییدا، هاندانی چەشنایەتی، جگە لە بابەتە سەرەکییەکاندا، هێز و توانا دەداتە کۆمەڵگە لەبەرئەوەی هەموو کەس دەتوانێ پەرە بەتوانا تایبەتییەکانی خۆی بدا و لە ئامۆژگارییە سەرەکییەکاندا کەڵکیان لێ وەربگرێ و ئامانجە هەمەلایەنییەکانی پتەوتر بکا. بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی بەهایی لە ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا چووبێتم، دیتوومە کە بە ڕاستی هەستی ئەو بڕوایەیان تێدایە کە مرۆڤ هەمووی لە بنەماڵەیەکن. لە ماوەیەکی کەمتر لە سەدەیەک دوای مردنی عەبدولبەها، ئەم کۆمەڵگەیە لە سەرانسەری گۆی زەویدا، خەڵکانی جیاجیا و پێشتر لەگەڵ یەک دوژمنی هێناوەتە لای یەکتر. کۆمەڵگەکە، ئێستا پێنج ملیۆن ئەندامی لەناو پتر لە (٢٠٠) نەتەوە و کولتووردا هەیە کە لە زیاتر لە (٢٣٠) وڵات و خاکی پێوەست دەژین. لایەنگران لە هەموو ڕەگەز و ئاینێک، پیاو و ژن، لاو و پیر، هەژار و دەوڵەمەند، خوێندەوار و لە خوێندن بێبەشکراو، خەریکن نموونەیەک لە یەکەتی و هاودەنگی دەئافرێنن و خۆیان بەختی کەسانی تری ناو کۆمەڵگەی گەورەتر دەکەن بۆ ئەوەی دەرمانی ئەو کێشە زۆرانە بکەن کە ڕووبەڕوومان بوونەتەوە. خەڵک بەشێوەیەکی تازە بەرەو تەنگژەکانی ئەم دواییانە دەچن، لەبەرئەوەی لایان وایە سروشتی ئەم کارانە لەوانی ڕابردوو جیاوازە:

> ئەو شتەی وا لە سەرەتای مێژووی ڕەگەزی مرۆڤدا دەیتوانی لەگەڵ پێداویستییەکانی مرۆڤ یەک بگرێتەوە، ئێستا ناتوانێت وەڵامدەر یاخۆ جێ پەسندی نیازەکانی ئەمڕۆ، واتە ئەم سەردەمی تازەیی و هێنانە بەرهەم بێت. مرۆڤایەتی لە پلەی ڕاهاتنی بەربەستکراو و سەرەتاییی پێشوو چووەتە پێشەوەتر. مرۆڤ ئێستا دەبێ ڕاستی و وزەی نوێ لە مێشکیدا بێت، ئاکارگەلێکی

نوێ، توانای نوێ....[٢]

ئەوە ڕاستە کە جیهان بەگشتی، بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا، خەریکە بە خێرایی هەستی "زەوی وەک یەک وڵات" پەیدا دەکا. بەڵام ئێمە لەم دەپەی (لەوحــە)ی عــەبدولبــەهادا کــە لە دووەمی مــانگی جــولای (١٩١٤)دا بۆ فەیلەسووفێکی دیاریکراو لە هیندستان نووسراوە، دەبینین کە ئەو بیرۆکەیەی وا ئێستا دەستی کردووە بە کارتێکەری لەناو مرۆڤدا، هەر لە سەرەتاکانی دەسپێکی ئاینەکەوە ڕۆح و گیانی بە کۆمەڵگەکانی بەهایی بەخشیوە و بەکارهێنانی ئامۆژگارییەکانی لەمەڕ خۆشەویستی، ناوکی بیری ئاینی جیهانییە:

ئەو خوایە!

ئەی خوازیاری ڕاستی! خوای بەرز و دلۆڤان ئەوین و هاودەنگیی بەجیهانی مرۆڤایەتی داوە، بۆ ئەوەی هەموو تاکێک پێوەندییەکی تەواویان لەگەڵ یەکتردا هەبێت و ڕۆناهی و تاکایەتیی خوا لە جیهانی مرۆڤدا دەربکەوێ. هەر بەو ئامانجەشەوە نیشانەی بۆ ناردووین؛ کتێبی ئاسمانیی بۆ ئاشکرا کردووین؛ ئاینی ئاسمانیی داناوە بۆ ئەوەی ئەو گیانە پیرۆزانە، ئەو کتێبە ئاشکراکراوانە و ئەو ئاینە ئاسمانییانە لە جیهانی مرۆڤایەتیدا ببنە هۆکاری یەکەتی، پێکهاتن و ئەوین. کاتێ سەرنج دەدەینە ئاینە پیرۆزەکان، دەبینین کە حەقیقەت هەر یەکێکە لەبەرئەوەی هەموو ئاینە ئاسمانییەکان ڕاستن و ڕاستەقینەش چەندجارە بوون و دابەشکران هەڵناگرێ. ئەفسوس، ئێستا بنەمای ڕاستەقینە ون بووە و لاساییکردنەوە، نەریت و ڕێوڕەسم بوونەتە بنەمای جیاوازی و هۆی کەللەڕەقی و کەرەسەی شەڕ و پێکدادان.

ئامانجی بنەڕەتی لە دەرکەوتن (ظهور)ی پیرۆز و دامەزرانی

---

(٢) عەبدولبەها، ڕاگەیاندنی ئاشتی، جیهانی، ل ٤٣٨.

ئامـۆژگارییـە پیـرۆزەکان لەناو چوون. لە کاتێکدا کە ئەم تـاریکییـە ڕەشـە، کە لاسـاییکردنەوەی باوک و باپیـرانە، دەوری جیـهـانی داوە و ڕووناکـاییی بنەڕەتیی ئاینە ئاسـمـانییـەکان فـەوتاون، وا سـپێـدەی ڕاستی دەرکەوتووە و هـەتاوی ڕاسـتـەقینە (بەهـائولا) لە ئاسـۆی ئێران سـەری هەڵداوە و تیشکی ئاسمـانیی خـۆی خسـتووەتە سـەر جیـهـانی مـرۆڤایەتی. ناوبراو بینایەی لاسـاییکردنەوەی نەزانیی ڕووخـاند و ئەو کـردار و نەریتـانـەی مـرۆڤی لەنـاو برد کە لە پێشـداوەریی سـەردەمـە کۆنەکـانەوە سـەری هەڵدابوو. ئەو ئامـۆژگارییـە ئاسـمـانییـانە کە لە ناوجـەرگی ئاسـۆدا بنیات نراون، وەک خزانی ڕۆحن بۆ ناو لەش. بەم پێـیـە، ئێـسـتـا لە ئێـران، بەهـۆی نەفـەسـی ڕۆحی خـواوە، خـەڵکانی جیاجیا پەردەی خوڕافە و پڕوپووچییان دڕاندووە، لە لاساییکردنەوەی نەزانی ڕزگاریان هاتووە، گەیشتوونەتە ڕاسـتی و لەوپەڕی هـاودەنگی و ئەویندارییدا لەگـەڵ ئیـمـانـدارانی ئاینە جـیـاوازەکـان کـەوتوون. کۆبوونەوەی گەورە ڕێک خراون کە موسڵمان، مووسایی، زەردەشتی و هـەندێک جـار بوودییش، بەڕەگەزی جیاجیاوە لەناویاندا بوون. تورک، عەرەب، ئێرانی، کورد، ئینگلیز، فرەنسایی و ئەمەریکایی، میهرەبان و شـاد وەک برا، لەگـەڵ یەک دانیـشـتـوون. وەک "مـەڕی خـوا" و لەژێر سـێـبـەری ڕاهێنـانی شـوانێکی ئاسـمـانیـدا لە کـێـڵگەی ڕاسـتـیـدا لەوەڕیون. کـــاتـێ کـــە تۆ ســـەرنج دەدەیە ڕاســـتی، دەبیـنی ئـەو لاسـاییکردنەوە کـۆن و نەریـتـیـانـەی ئاین، لەناو خـەڵک و نەتەوەکـاندا دەبنە هـۆی خوێنڕشتن.

لەبەرئەوەی سـەردەم سـەردەمی ڕووناکـییـە و ئەم سـەدەیەش سـەدەی زانین، ئامـۆژگـاریی نوێ پێـویسـتـە، درەوشـانـەوەیەکی نوێ گـەلێک گرینگە و ژیانێکی نوێ پێویستە. گیان ناتوانێت بیری کۆن وەربگرێ، بیرۆکەی نوێ و ئامۆژگاریی نوێ پێویستن کە دەبێ ببنە گیـانی ئەم سـەردەمە و چرای سەدەکەمان. لێکی بدەوە، هەوڵی تەواو بدە کە وەک

بینەری ئەوین، ناوەندی چرای راستی لە کۆبوونەوەی جیهانیدا بەچاو بکەیت و بەتوانا و هێز و بڕیارێکەوە هەستییە سەرپێ کە وەک ئەوە وابێت دەتەوێ ولات بجوولێنییەوە.

ڕێز و سلاوت لێ بێت!

عەبدولبەها عەباس(۳)

وەک عەبدولبەها پشتگیریی دەکا، باوەڕ بەلەخۆگرتن، کە لەو سەردەمەدا تەنانەت لە ئێستاش بەهێزتر بوو، گۆڕا و بوو بەکۆڕی برایەتی، کەوا بوو هەر لە ڕۆژانی سەرەتای ئاینی نوێوە، "موسلمان، جوولەکە، زەردەشتی، بوودی، تورک، عەرەب، ئێرانی، کورد، ئینگلیز، فرەنسایی وئەمەریکایی" هەستیان کرد کە ئەندامانی بنەماڵەیەکن. ئەسڵی بنەڕەتیی بەهایی، واتە یەکەتی، ڕەگی لە یەکەتیی خوادایە، چونکە ئێمە هەموومان دەستکردی یەک کردگارین کە هەموومانی خۆش دەوێ. خوای دێرین کە ناسینی نەگونجاوە، هەردەم ئاگری ئاینی لە دڵی مرۆڤدا بە هەڵکراوی هێشتووەتەوە. ئەو هەموو کات چراهەڵگرانی پاکژی ناردووە بۆ ئەوەی ئاگری ئاین بدرەوشێتەوە. ئەم ئاگرە هەموو ئەوانەی دەوری خۆی گەرم دەکاتەوە، جا گرینگ نییە چ ساڵێک بێت و گرینگیش نییە کام چراهەڵگر هەڵی دەکا. هەموو دڵێک بەهەمان چرا ڕووناک دەبێتەوە. بەهائوڵا دەنووسێت:

"خوا لە هەموو بوونەوەران پاکترە، ئەو دەڕوانێتە هەمووان و لە هەمووان پاکترە، واتای یەکگەرایی (تەوحید) و تاکپەرستی ئەوەیە کە خوای تاک بەسەر هەمووآندا زاڵ ببینین و هەمووان بەوەوە بەستراو و نیازمەندی ئەو بزانین. ئەوەیە واتای تاکپەرستی، نەک ئەوەی هەندێک لە خەیاڵپەرستان هەموو شتێکیان کردووەتە هاوبەشی خوا و لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان بە ئەهلی یەکگەرایی دادەنێن. نا، ئەوانە لاساییکەرەوە و بەربەستکارن. یەکگەرایی ئەوەیە یەک بە یەک بزانی نەک بە دوو. گەوهەری یەکگەرایی ئەوەیە جێگەی

(۳) ئەستێرەی ڕۆژئاوا، بەرگی ۹، ژمارە ۱۲ (ئوکتۆبری ۱۹۱۸)، لا. ۱۳۵-۱۳٦

سـەرهەڵدانی حـەق لەگـەڵ غـەیبی بەرزدا بە یەک بزانی، واتـە کار و کـردار و فـەرمان و نەهیی ئـەو بە هی ئەو بزانی و لەوی جیا نەکەیتـەوە. خۆش بەحـاڵی ئەوانەی ڕزگار دەبن و ئەوان لەوانەن وا پێداگرن."(٤)

هـەر بۆیەش خواناسی لە چوارچێوەی ناسینی نیشـانەکانیدا دەمێنێتەوە – نیشـانەکانی جوانیی ئەو لە هەمـوو شتێکدا ڕەنگی داوەتەوە و بەتەواوەتی لە مـرۆڤدا و لە تێگەیشتنی دەرکەوتنی خـوادا. دەرکەوتنی خـوا تەرکیزی لەسـەر هەمـوو نیشـانەکانی خـوا لە وجـوودی ئەواندا هەیە، وەک ئاوێنـەیەکی باڵانوێن کـە هەتاو تێیـدا تیـشک بداتـەوە. ئەوانەی وا پەروەردەی خـواییـیـان هـەیە لە سەردەمـی جیاواز و لـە کات و ساتێ نائومێدیی مرۆڤدا دەردەکەون، کاتێ کە تەنگژەی بە نـاسـۆر ئابڵـووقـەی هەمـووان دەدا و بەهـۆی قـسـەی ئەوان و خۆبەختکەریی ئەوانەوە، زانیاری و ڕابەری خەڵاتی هەمووان دەکرێ.

هـەر کامیـان پشتگیریی ئەوی پێش خۆیان دەکەن و هەر کام پەیمان لەگەڵ خـەڵک دەبەستن کـە ئەوی وا دوای ئەوان دێت، بناسن. هـەر کـامـیـان ڕاسـتـیی ئەبەدی دووپات دەکـەنـەوە و ئامـۆژگـاریی تایبـەت و جـیـاوازیی تـایبـەتمـەند بەپێداویستـیـیـەکـانی سـەردەم ئاراسـتـە دەکـەن. ئەوان و تەنیـا هـەر ئەوان، بەلێهاتووییـیەوە ئەو نەخۆشییانە دەناسن کـە جیـهـان تووش دەکەن و هـەر ئەوانیش دەرمـانی بێ وێنە دەخـەنە بەردەست کـە لـە سـەردەمی خـۆیدا چارەسـەری نەخۆشـیـیەکە بکا. ئەگەر بە وردی و لە پێوەندیی ئەو سەردەمـەدا کە ئەوانی تێدا دەرکـەوتوون، لە ئاینی جیـاجـیـای جیـهـان بکۆڵرێتـەوە، ڕوون دەبێتـەوە کە ئامۆژگاری و هێزی گۆڕانی وایان تێدا بووە، کە بۆ پێشکەوتی خـەڵک پێویست بوون. لەم بارەیەوە، هەمـوو ئاینەکان قۆناغی جیاجیـای یەک ئاینن، کە وەک زانستگە، خوێندکارەکانیان بەناو بەرنامەکاندا تێپەڕ دەکەن تا پێ دەگـەن و ئامـادەی توێژینـەوەی باڵاتر و بەگـشـتی، کـرداری لێهـاتووانە لە جـیـهـانی بـەرینتـر دەبن. بەهـەمـان شـێـوە، دەکـرێ دەرسی ڕاسـتگۆیی، بێ

(٤) گۆڵچینێک لە نووسینەکانی بەهائوڵا، ژمارە LXXXIV. ل ١٦٦.

خەوشی، جێی متمانەبوون، وەفاداری، بەزەیی، خۆشەویستی لە هەموو ئاینێکدا بدۆزرێتەوە، لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی ئامۆژگارییە هەمیشەییەکەیانەوە، وا هەیە ئەوان وەک هەتاوی ڕاستی سەیر بکرێن کە لە زۆر ئاسۆوە سەرهەڵدەدات، بەڵام هەرگاف یەک ڕۆناهی و یەک گەرما ئاراستەی زەوی دەکا.

هاوسەری خۆشەویستم "ڕۆبێرت گولیک" ی لاو، لە سەرەتایەکدا کە بۆ "حەوت دۆڵ" و "چوار دۆڵ"ی نووسیوە، ئاماژە بە ئەسڵەکانی بەهائوڵا دەکا لەمەڕ یەکبوونی هەموو ئاینەکان و دەڵێ: "ڕاستەقینە ڕۆحانییەکان لەناو هەموو ئاینە دامەزراوەکاندا وەک یەکە و ئەوانن کە بنەمای ئاین دادەمەزرێنن. ئەوە، مانا و مەبەستی ڕاگەیاندنی بەهائوڵایە سەبارەت بەئاینەکەی: "ئەوە ئاینی لە گۆڕان نەهاتووی خوایە، لە ڕابردوودا هەمیشەیی بووە و لە داهاتووشدا هەمیشەیی دەبێت."(٥)

بەهائوڵا لە "نیشانەکانی خوا"دا کە ئاینی خوای تێدا ئاشکرا کردووە، گوتوویەتی: "هەر کام لەوانە، ڕێگەی خوایە کە ئەم جیهانە بەمەوداکانی ژوورسەرەوە پێوەند دەدا و پێوانەی ڕاستی ئەوە، لەسەر هەموو کەسێکی ناو پاشانشینی زەوی و ئاسمان..." و لە دەپێکی تردا دەڵێت: " ئەی ئیمانداران! لە یەکبوونی خوا، ئاگەدار بن بۆ ئەوەی کەمتر ئارەزووی جیاوازی دانان لە نێوان یەک یەکەی نیشانەکانی ئەوتان هەبێت..."(٦)

ئێمە کە بەدەوری ڕاستییەوە کۆ بووینەتەوە و دڵمان بەچرای خوا ڕوون کردووەتەوە، هەمووومان هەمان لێهاتوویی و هەمان سیفاتی تایبەتمان هەیە کە ئەوانی تر هەیانە. خوامان یەکە. پێغەمبەرانێک کە بۆمان نێردراون، ڕووناکیی ئەو یەک چرا خواییەن. هەر بۆیە، ئێمەش هەر یەکین. وەک پێغەمبەرانی خوا، کە هەر کامیان توخمێکی جیاوازکەرەوەیان تێدایە:

---

(٥) پێشەکی، بۆ حەوت دۆڵ و چوار دۆڵ بەهائوڵا (١٩٧٨)، xii ل.؟!

(٦) گوڵچینێک لە نووسینەکانی بەهائوڵا، ژمارە ٥٩ XXI,XXIV. لا. ٥٠.

بلیمەتیی تایبەت، ناوێكی جیاواز، مەئمووریەتێكی تایبەت و دەربڕینێكی بێ وێنە. ئێمەش هەروەها خاڵی جیاوازیكەرەوەمان هەیە. بەڵام لە بناغەی ژیانی ڕۆحانی و مرۆڤانە و تەنانەت ئەندامیی خۆماندا هەر یەكین. بەم شێوەیە، بنەمای ناوەندیی یەكبوون لە ئاینی بەهاییدا یەكەتییە لە زۆرایەتیدا و لە هەمان ئەوەدا ڕێز لەو باربووە جیاوازانە دەگرین كە تاكەكەس پێشكێشی دەكەن، جەختمان لەسەر ئەوە دەبێت كە چ شتێك دەتوانێ پێكەوەمان ڕابگرێ.

من ئەزموونی خۆم لەگەڵ ئەمەریكاییە هیندییەكان (سووورپێستەكان) لە بیرە لە كاتی هاتنمدا بۆ وڵاتە یەكگرتووەكان. سەرنجم زۆر بەرەو ئەوان كشابوو. لە خۆم دەپرسی بۆچی دەبێت كوردێكی وەك من هەستی ئەوتۆی هەبێت. تێ گەیشتم، هۆیەكەی باوەڕم بە یەكەتی لەناو زۆرایەتیدایە كە پێشتر فێری بووبووم.

ئەمڕۆ، من ئەو خۆشەویستییە ڕۆحانییە لەناو تاك و كۆمەڵی بەهاییدا دەبینم، كۆمەڵگەیەك كە لە پانتاییی ئەم گۆی زەوییەدا زیندووە. ئەوە گۆڕانكارییەكی شۆڕشگێڕانەی ئەو ڕابردووەیە كە ئیمانداران (ی بەهایی) هەردەم وەك كەسانێكی جیاواز لە خەڵك سەیر دەكران. بەهائوڵا نووسی:

ڕەشماڵی یەكەتی هەڵدراوە؛ خۆتان وەك كەسی نامۆ مەزانن.... ئێوە هەموو میوەی دارێكن و گەڵای لقێكن... جیهان هیچ نییە جگە لە یەك وڵات و مرۆڤیش هاووڵاتییەكانین...[٧]

عەبدولبەها ئەم ڕاستییە نوێیەی ئەم سەردەمەی لە یەك لە دواین وتارەكانیدا لە ١٩١٢ و لە كاتی سەردانی ئەمەریكای باكور ڕوون كردەوە، سەردانێك كە دوای ئازادبوونی لە زیندانیی عوسمانییەكان بۆی ڕەخسا.

نیازی لەم وتەیەی سەرەوەتر ئەوەیە كە جیهانی مرۆڤایەتی وەك دارێك وایە، گەلان یا خەڵكان لق و پۆپی جیاوازی ئەو دارەن و بوونەوەری تاكی

---

(٧) وەك شەوقی ئەفەندی گوتوویەتی لە نەزمی جیهانی بەهائوڵادا، ل. ٤١

مرۆڤ میوه و خونچەی دارەکەن. بەهائوڵا بەم شێوەیە یەکەتیی مرۆڤایەتیی ڕاگەیاند، لە کاتێکدا هەموو فێرکردنێکی ڕابردووی ئاینەکاندا جیهان یا مرۆڤیان وەک شتێک ناساندووە کە بەسەر دوو لقدا دابەش کرابێت: یەکیان ئەوانەی وا لەسەر کتێبی خوان یاخۆ درەختی ئیمانن و ئەوانی تر خەڵکانی بێ ئیمان و بەهەڵەداچوو یا داری شەیتان. یەکەمیان وەک ئیماندار و دووەمیان وەک گاور سەیر دەکرێن، بەشێک لە مرۆڤایەتی دەکەونە بەر بەزەییی خوا و ئەوانی تر غەزەبی خولقێنەریان لێ دەکرێ. بەهائوڵا بە ڕاگەیاندنی "یەکەتیی جیهانی مرۆڤ" ئەم شتەی لابرد و ئەم بنەمایە لە ئامۆژگارییەکانیدا بوون بە شتێکی تایبەتمەند، لەبەرئەوەی هەموو خەڵکی خستە ناو دەریای بەزەیی و دڵئاواییی خواوە و گوتی: هەندێک خەویان لێ کەوتووە و دەبێ لە خەو ڕابن. هەندێکیش دەردەدارن و دەبێ چارەسەر بکرێن. هەندێک پێ نەگەیشتوون وەک منداڵ و دەبێ پەروەردە بکرێن. بەڵام هەمووان دەکەونە بەر دلۆڤانی و بەخشندەییی خواوە.(٨)

ئەسڵی بنەڕەتیی یەکەتی لە زۆرایەتیی خۆیدا، تەنیا برێتی نییە لە ئاواتی باش و تەنیا لە چوارچێوەی هەستکردن بە برایەتییەکی بەرینتردا قەتیس نامێنێتەوە، لە چەشنی ئەو هەستانەی وا من لە کاتی دیتنی یەکەم جاری خەڵکە خۆجێیییەکانی ئەمەریکا بووم. ئەوە بنەمایەکی زیاتر ڕۆحانییە، کە وەک ئەسڵەکانی یاسای بنەڕەتی، کە بەگوێرەی یاسا و نەریت دادەنرێن، ئامانجی دەست ڕاگەیشتن بە پشتگیرییەکی دوولایەنەی ئەندامانی یەک تاقم و دەستەی هەیە و هاودەنگی و هاوکاری لە ژیانی ڕەگەزی ئێمە، ڕەگەزی مرۆڤدا بەرهەم دەهێنێ.

ئەو بنەمایەی وا لە جەماوەر هەڵقووڵیوە، لە زۆر پرۆژەی پێشکەوتی کۆمەڵایەتی و ئابووریشدا بەکار هێنراوە کە بەهائییان دایانناوە و لە ژیانی ڕۆحانیی کۆمەڵگەکانیاندا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

---

(٨) ڕاگەیاندنی ئاشتیی جیهانی، ل ٤٥٤.

پرۆژەکانی پێشکەوتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەهائییان نابێ بەهەڵە وەک کاری خێرخوازیی مرۆڤدۆستانە سەیر بکرێت، هەرچەندە کارەکان جێگەی ستایشی زۆریش بن. بەپێچەوانە، ئەوانە لە بنەمای یەکبوونی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەبێ ئەوان ئەم بنەمایە تەنیا دەبووە دروشمێک و هیچی تر. هەموو ئەم پرۆژانە ئاسانکاریی بۆ شانازی، بەختەوەری و پەرەسەندنی ڕۆحانیی خەڵک دەکەن. هەموویان کەرەسە بۆ هاوکاریکردنی خەڵکی کۆمەڵگە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر پێک دەهێنن و هەموویان، چەشنایەتیی کولتوورەکانمان دەردەخەن.[٩]

دوور لە جیاوازییە خەستەکان، بنەمای یەکەتیی مرۆڤ هێزێکە بۆ ئەفراندنی هاوتەریب. ئەم وانەی هاوڕێیییەی نێوان خەڵک، لە ماوەی ژیاندا، منی لە دۆست و برادەری گەلێک باش نزیک کردەوە، لە تاکەکەسی نائاساییەوە تا کولتووری کەمینەکان، کە ئەگەر بەهایی نەبوایەم وا هەبوو نەیانناسم و خۆشم نەوێن.

وا ئێستا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە کە لە "ئاریزۆنا" ژیاوم، ناوچەیەکی وشک و گەرمی ولاتە یەکگرتووەکان بە چیا، دۆڵ و شیو و دەشتاییی بەرزی سەرسامهێنەوە، کە هۆزە هیندییە خۆجێیییەکانی تێدا نیشتەجێن: ناڤاجۆ، ئاپاچی، هۆپی و زۆرێکی تر. لەو کاتەوە کە گەیشتوومەتە ئاریزۆنا، ئەم خەڵکەم خۆش ویستووە. هەر کات چاوم پێیان کەوتووە، خێرا ڕام کردووە بۆ لایان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بیانبینم، ئەویش بەهۆی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگیانەوە. ئەوان وایان بیر دەکردەوە کە منیش یەکێکم لەوان، ڕەنگ بێت لەبەرئەوەی زیاتر لەوان دەچووم تا لە خەڵکانی تر. خوێندنەوەی پێشبینییەکانی "پیتر سیمپڵ" هیندییەکی ئاپاباسکان و خەڵکی "فۆرت یووکون" ی ئالاسکا، دڵم دەرفێنێ. لە نامیلکەیەکدا ئاوا باسی نوقڵانە لێدانی هیندییەکانی ئەمەریکا کراوە:

(٩) بۆ پێداچوونەوەی کاری هەمەلایەنە و هەمەچەشن کە بەهاییان بەڕێوەیان بردووە، بڕوانە: بەرگەکانی جیهانی بەهائیان.

گەلێک پێشبینیی هیندییەکان لە بەشی جیاجیای ئەمەریکا هەن کە زۆریان وەک یەکن و شـتـێکی بەم شـێـوەیە دەڵێن: باسی ئەو ڕۆژە دەکـەن کـە هیندییەکان پەرپووت دەبن، کاتێ کە ڕۆحیان نەخۆش دەکەوێ و ناتوانن وەک مرۆڤێک بجووڵێنەوە. ئەوان دەڵێن کاتێک دێت کە سەرلێشێواوی سەبارەت بەبابەتەکان، بەتایبەت ئاین، پەرە دەستێنێ. پاشان راستییەکی نوێ لە ڕۆهەڵاتەوە دەگاتێ. ئەوە هەموو مرۆڤ دەکاتە یەک و دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕاسانی هیندییەکان و بوونەوەیان بەو خەڵکە مەزنەی کە پێشتر بوون.

ئەو شتە، لە کاتێک ڕوو دەدات کە ئامۆژگارییەکانی بەهائوڵا بگاتە بەردڵی هیندییەکان.(١٠)

پێشبینیی هاوچەشن لە ناو موسڵمان و مەسیحییان وا هەیە لە ئاینەکانی تریشدا، هەر هەیە. گەرچی هەموومان دابەش کراوین، بەڵام بۆ ئەو کاتە ئامادەین کە تێیدا یەکەتیی راستەقینەی خۆمان دەدۆزینەوە. لە هاتوچۆم لەگەڵ هیندییەکاندا لە ئاریزۆنا، سەرنجی زۆرم بەرەو نامەی خاتوو "ڕۆحیە ڕەببانی" ڕاکشا کە چەند دەیە پێش ئێستا بۆ هیندییەکانی ئەمەریکای نووسیبوو، ڕۆحیە ئەوانی زۆر خۆش دەویستن و هۆزی "بلاک فووت" ناوی "دایکی پیرۆز"یان لەسەر دانا. ئەم نامە مێژووییە، (١١) بۆ "بەهاییانی هیندی و ئێسکیمۆی کیشوەری ئەمەریکا"، بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: "برا و خوشکانی بەتایبەت خۆشەویستم".

کاتێ کە نامەکەم خوێندەوە، خەیاڵی ئەوەم تێدا زیندوو بووەوە کە ئێمەی کوردیش وا هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ڕێزەوە لێمان تێ بگەن. لە بەشێکی نامەکەدا خاتوو ڕەببانی دەنووسێ:

... دەمەوێت پێتان بڵێم کە دڵنیام ڕۆژێک دێت مرۆڤی سوورپێستیش

(١٠) پیتر سیمپڵ و جۆن کۆڵستۆ، ئامۆژگارییەکانی بەهایی: تیشکی هەموو ئاینەکان، بە وێنەکانی فرانکلین کاهن (ن.د)ەوە، پەرەگرافی کۆتایی.

(١١) ڕێکەوتی ١٩٦٩ی بەسەرەوەیە.

دەخوێنێ و مێژووی گەلەکەی خۆی دەزانێ؛ مرۆڤی سپی ئێستا چوارسەد ساڵە مێژووی مرۆڤی هیندی دەخوێنێت و هەرچەندە زیاتری لێ بکۆڵێتەوە زێدەتر ئێوەی خۆش دەوێت. ئێوە ڕەگەزێکی مەزنن. خەڵکی ئێوە لە دنیای نوێدا پێش ئەوەی مرۆڤی سپی بگاتە ئەوێ، شاری زۆر گەورە و نوێژگەی جوانیان دروست کردووە. ئێوە بەو دەستانەی خۆتان هەیکەل و دەفری گڵێنە زێڕین، زیوین و گەوهەرینی سەیروسەمەرە و جلوبەرگ و سەرپۆشی بە زەنگیانە و پەڕتان لە خوری و مادەی تر دروست کردووە....

ئەوە دەری دەخات کە ئاینی بەهایی چ شێوەیەک لە یەکەتی دەئافرێنێت. یەکەتییەک کە لێهاتوویی جیاواز و تایبەتی لە هەر گەلێکدا پەروەردە دەکات و پێشی دەخات. (شەوقی ئەفەندی) ئەم بنەمایە ڕوون دەکاتەوە:

با گومان لە ئامانجی بووژاندنەوەی یاسای بەهائوڵا لە سەرانسەری جیهاندا نەمێنێ- جیا لە ئامانجی ڕووخاندنی بنەمای هەنووکەییی کۆمەڵگە. یاساکە داوای بەرینبوونەوەی بنەماکان دەکا، بۆ ئەوەی داوودەزگاکانی بتوانن بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ جیهانی هەردەم بگۆڕدا، نوێ بکرێنەوە و سەرلەنوێ دابڕێژێنەوە. ئەو یاسایە ناتوانێت بەگژ دڵسۆزییە ڕەواکاندا بچێت، ناشتوانێت چاو لە دڵسۆزییە سەرەکییەکان بقووچێنێ. ئامانجەکەی، دامرکاندنی بڵێسەی نیشتمانپەروەرییەکی ژیرانە و تێگەیشتووانە لە دڵی خەڵکدا نییە و لەناوبردنی سیستەمی سەربەخۆیی نەتەوەییش ئەوەندە گرینگ و بنەڕەتی نابێت ئەگەر لە خراپەکاری بە ناوەندیکردنی زیاد لە ئەندازە دووری بکرێت. یاساکە چەشنایەتیی ئەسڵی قەومی، بارودۆخ، مێژوو، زمان، نەریت، بیروباوەڕ و عادەتێک کە خەڵک و گەلانی جیاجیا هەیانە، بە ژێر لچەوە ناکا و هەوڵ نادا دەستدرێژییان بکاتە سەر. بەپێچەوانە، داوای وەفادارییەکی بەرفراوانتر دەکا لە پێناو بەرزیخوازییەکی مەزنتر لە هەموو ئەوانەی وا ڕەگەزی مرۆڤیان بووژاندووەتەوە. یاساکە، پێ لە سەر ملکەچکردنی گوژم و بەرژەوەندیی نەتەوایەتی دادەگرێ لە بەرانبەر داواکاریی پێویستی جیهانێکی یەکگرتوودا. یاساکە، لەلایەکەوە بەناوەندیکردنی زیاد لە

ئەندازە رەفز دەکاتەوە و لەلایەکی ترەوە هەر هەنگاوێک لە پێناو بەهاوشێوە کردندا دەداتە دواوە. ڕوانینی ئەو بەرەو جیهان لە "یەکەتیی ناو چەشنایەتی"دایە....(١٢)

ئەزموونی ژیانم لەناو ئەو هەموو کۆمەڵگە جیاوازەکان : میسر، عێراق، کوردستان، لیبیا و وڵاتە یەکگرتووەکان، گرینگایەتیی ئەم بنەمایە بنەڕەتییەی یەکەتیی مرۆڤی بۆ دەرخستم. ئەوەش وای لێ کردم لەوە تێ بگەم کە ئێمە هەموومان واتە هەموو کەسێکی سەر گۆی زەوی- یەک بنەماڵەین. ئێمە هەموومان شادی و کامەرانیمان دەوێت. با بەشوێن چارەسەرەوە بین بۆ دووبەرەکی کە پێمانەوە نووساوە و کاری بۆ بکەین، هەموو کات هەوڵ بدەین ئەو دووفاقەیییەی وا کۆمەڵگەکەمانی فەوتاندووە، بەیەکەوە بدوورینەوە. گەلۆ ئەم یەکەتییەی ناو چەشنایەتی باشترین ڕێگەچارەیە و تاقە چارەسەری ئەم دووبەرەکییە نییە؟

ئەم یەکەتییەی ناو چەشنایەتی، هێنانە دیی ئەو یاسا زێڕینەیە کە لە ڕابردوودا ڕاگەیێنراوە، بەڵام تەنیا وەک ئاواتێکی باش ماوەتەوە، بەو شێوەیەی وا لەم حەدیسە ناسراوەدا هاتووە: "هیچ کام لە ئێوە خاوەن ئیمان نین، مەگەر ئەوەی وا بۆ براکەی خۆتان دەوێت هەر ئەو شتە بێت کە بۆ خۆتان دەوێت".

(١٢) شەوقی ئەفەندی گوتوویەتی لە نەزمی جیهانی بەهائولادا ، ل ٤١- ٤٢.

بەشی شەشەم(*)

# قوڕەتولعەین

لە دوا ساڵانی دەسەڵاتی نەجیب پاشادا، باس و خواسی ژنێکی سەیر کە ناوی قوڕەتولعەین بوو، کۆمەڵگەی عێراقی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، دوای ئەوەی پێچەی لابرد و هاتە سەر مینبەر و وتاری خوێندەوە، کە ئەمە بەدرێژاییی چەندان سەدە، لە مێژووی عێراقدا و ڕەنگە لە مێژووی هەموو ڕۆهەڵاتدا، یەکەم ڕووداو لە جۆری خۆی بوو. ئێمە کە ئێستا دەمانەوێ مێژووی کۆمەڵگەی عێراق، لەو سەردەمەدا تاوتوێ بکەین، باشتر وایە شارەزایی لەسەر کەسایەتیی ئەم ژنە و کاریگەریی لەسەر عێراق و ئێران پەیدا بکەین.

ئەم ژنە لە ساڵی ١٨١٤ی زاین، لە قەزوین لەدایک بوو و ناویان نا (زەڕین تاج) کە ناوێکی فارسییە، بەناوی تاجی زێڕین، چونکە قژی زەرد بوو و لە خێزانێکی ئاینیی بەناوبانگ بوو لە قەزویندا، کە پێگە و پایەی خۆی هەبوو، بەناوی (بنەماڵەی بورغانی) و چەندان زانای ئاینیی تێدا هەڵکەوت، لەوانە مەلا محەمەد ساڵح کە باوکی قوڕەتولعەین بوو و مەلا محەمەد تەقیی مامی، کە لەو سەردەمەدا یەکێک لە زانا هەرە گەورەکانی قەزوین بوو.

قوڕەتولعەین گەلێ جوان و بلیمەت بوو، هەر لە منداڵییەوە و بەر لەوەی ئامادەی وانەکانی باوکی و مامی ببێت، زیرەکی و هۆشیاریی ئەو دەرکەوت. لە پشتی پەردەوە گوێی لە وانەکان دەگرت، لەناو تەلەبەکاندا و هێندەی نەبرد

(*) ئەم بەشە لە کتێبی «چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق» بەرگی دووەم، نووسینی: د. عەلی وەردی و وەرگێڕانی: کوێستان جەمال.

کە دەستی کرد بە بەشداریکردن لە باس و خواسی ئاینیدا، کە لە نێوان پیاوانی خێزانەکەیاندا ئەنجام دەدرا، زۆرجار باوکی حەیفی لێ دەهات و دەیگوت (ئەگەر تۆ کوڕ بوویتایە، ئەوا ئۆجاغت ڕۆشن دەکردەوە و جێگەکەمت دەگرتەوە). عەبدولوەهابی برای لە وەسفکردنی زیرەکیی لە ڕادەبەدەری خوشکەکەیدا دەڵێت (ئێمە هەموومان بەبرا و ئامۆزاوە، نەماندەتوانی لە بەردەمیدا دەم هەڵبهێنینەوە، چونکە زانیارییەکەی دەیترساندین، ئەگەر وا ڕێک بکەوتایە، باسی نیارێکمان بکردایە، ئەو گەلێ بەڕاشکاوی و هێندە بلیمەتانە قسەی تێدا دەکرد و ای لێ دەکردین کە بزانین ئێمە هەڵەین و بەسەرسووڕمانەوە، بەقسەکانی ئەو بڕوامان دەکرد).[1]

خەڵکی قەزوین لەو سەردەمەدا وەکو خەڵکی کەربەلا بووبوون بە دوو بەشی ناکۆکەوە (پشت سەری) و (باڵا سەری) واتە شێخان و دژ بە شێخان. ئەم بەشبوونەیش دزەی کردە ناو خێزانی قوڕەتولعەینەوە، مەلا محەمەد تەقیی مامی دژ بەشێخان بوو، لە کاتێکدا مەلا عەلیی مامی سەر بە شێخان بوو. قوڕەتولعەین لە کەشوهەوایەکی فیکریی پڕ لە مشتومڕدا گەورە بوو. گومانی تێدا نییە، کە توانی بە زیرەکیی خۆی، شتی زۆر لەو مشتومڕانە هەڵقۆزێت و سوودیان لێ وەربگرێ.

کاتێ تەمەنی قوڕەتولعەین گەیشتە چواردە ساڵ، شووی کرد بە مەلا محەمەد کوڕی مەلا محەمەد تەقیی ئامۆزای و زۆری نەبرد، کە مێردەکەی بڕیاری دا بەدوای زانستدا، بۆ عێراق کۆچ بکا. پێکەوە بۆ کەربەلا سەفەریان کرد و لە خانوویەک کە هی خێزانەکەیان بوو، لە گەڕەکی (خەیمگا) نیشتەجێ بوون، ئەم خانووە تا ئیستا ماوە و بنەماڵەی بورغانی تێدا دەژین و بەندە بەم زووانە سەردانی ئەو شوێنەم کردووە.

ئەو ژن و مێردە نزیکەی سێزدە ساڵ لە کەربەلا مانەوە، دوو کوڕیان بوو، ئیبراهیم و ئیسماعیل. دیارە ژیانیان لە کەربەلا بێ شەڕوشۆڕ نەبوو، ژنە

(١) محەمەد زەرەندی (مطالع الأنوار) وەرگێڕانی عەبدولجەلیل سەعد – قاهیرە ١٩٤٠ – ل٦٣–٦٦.

بەلای سەید کازمی ڕەشتیدا دەیشکاندەوە، کە لەو سەردەمەدا سەرۆکی شێخان بوو، لە کاتێکدا مێردەکەی لایەنگریی (بالا سەری)یەکان بوو. ڕەنگە ئەو مشتومڕەی نێوانیان لە سەرەتاوە سووک بووبێت، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ توندتر و ئاڵۆزتر دەبوو.

هەردووکیان لە ساڵی ١٨٤١دا گەڕانەوە بۆ قەزوین، لەوێ منداڵێکی تریان بوو، ناویان نا ئیسحاق و گەڕانەوەیان بۆ قەزوین، دووبارە بووە هۆی ئەوەی ناکۆکیی نێوانیان دەست پێ بکاتەوە. خەزووری فەتوایەکی دەرکرد، تێیدا شێخانی ڕەت کردەوە، لە کاتێکدا ئەو زیاتر بە بیروباوەڕی شێخان و سەید کازمی ڕەشتییەوە پابەند بوو.

قورەتولعەین کەوتە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ ڕەشتیدا، سەبارەت بە هەندێ مانای ئاڵۆز. لە نووسینەکانیدا، پرسیاری لێ دەکرد، دواتر بڕیاری دا مێرد و منداڵەکانی بەجێ بهێڵێ و بۆ کەربەلا کۆچ بکا، تاوەکو لە ڕەشتییەوە نزیک بێت و بچێتە حەوزەکەیەوە.

لە ساڵی ١٨٤٣ی زایندا، قورەتولعەین بۆ کەربەلا کۆچی کرد و ئەوسا تەمەنی بیست و نۆ ساڵ و لە هەڕەتی ژنیەتیدا بوو، بەڵام کاتێ گەیشتە کەربەلا، بۆی دەرکەوت کە ئەو پیاوەی لە پێناویدا هاتووە بۆ کەربەلا، چەند ڕۆژ لەوەبەر کۆچی دوایی کردووە و بەمە تووشی ناکامی بوو و لە ماتەمینییەکەیدا بەشداریی کرد.[٢]

## باوەڕهێنانی بە ڕێبازی "بابی":

هەموو سەرچاوە بابی و بەهاییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە قورەتولعەین یەکێک بوو لە وانەی لە سەرەتاوە بڕوای بە ڕێبازی بابی هێناوە و یەکێک بوو

---

(٢) ئەم زانیارییانەم سەبارەت بە قورەتولعەین، لە چەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆرەوە وەرگرتووە، بەتایبەتی لە دەستنووسی کتێبێکی عەبوود ساڵحی بەناوی (قرة العين على حقيقتها وواقعها) شایانی ئاماژە بۆ کردنە، ئەم نووسەرە لە خێزانی بورغانی و خزمی قورەتولعەینە.

لە هەژدە پیتی زیندوو کاتێ چووە ڕیزی ئەو ڕێبازەوە، کە هێشتا باب بە نهێنی لە شیرازدا چالاکیی دەکرد. وێناکردنی ئەم نیارەیش بۆ ئێمە کارێکی ئاسان نییە، کە چۆن قورەتولعەین بەو ڕێبازەی زانی، لە کاتێکدا لە کەربەلا بوو و چۆن بڕوای پێ هێنا، بەبێ ئەوەی پێوەندیی بە بابەوە کردبێت، یان ئەوەی زانیاریی لەسەری هەبێ.

سەرچاوە بەهاییەکان، لەم بارەوە دوو جۆر گێڕانەوەیان هەیە، لە یەکێک لەو دوو سەرچاوەیە، کە کتێبی (تذکرة الوفاء)ە، هاتووە: کاتێ قورەتولعەین، دوای مردنی سەید کازمی ڕەشتی گەیشتە کەربەلا، سەری کردە خواپەرستی و پاڕانەوە، چاوەڕوانی ئەو پێشبینییەی ڕەشتیی دەکرد، شەوێکیان لە خەویدا، لاوێکی بینی جلێکی ڕەشی لەبەردا بوو و مێزەرێکی سەوزی لە سەردا بوو، هەردوو دەستی بەرز کردبووەوە و ئایەتی قورئانی دەخوێند، دوای ماوەیەک ڕاڤەکردنێکی سورەتی یوسفی لە بابەوە پێ گەیشت، یەکێک لەو ئایەتانەی تێدا بینی، کە لە خەوەکەیدا، لەو پیاوە لاوەی بیستبوو، ئەوە وای کرد بڕوا بە ڕێبازی باب بهێنێ.[٣]

کەچی کتێبی (الکواکب الدریّة) بەشێوەیەکی تر ئەو داستانە دەگێڕێتەوە. کە دەڵێ: لە کاتێکدا تەلەبەکانی سەید کازمی ڕەشتی بە وڵاتدا بڵاو بووبوونەوە، بە دوای ئیمامی چاوەڕوانکراودا دەگەڕان، ئەو سەری کردە خواپەرستی و خەڵوەت و وازی لە خواردن هێنا، هەموو کاتەکانی خۆی لە چاوەڕوانیدا بەسەر دەبرد. ڕۆژێکیان نامەیەکی بۆ مەلا حوسێنی بەشرویی نارد، تێیدا گوتبووی (ئەگەر سەرکەوتوو بوون لە بینینی بەڵێن پێدراودا، تکایە لە بیستنی ئەو هەواڵە بێ بەشم مەکەن، خۆشبەختیم لێ مەشارنەوە، چونکە زەوی بڕە بەشی خۆی هەیە، لە پێکی گەورە پیاواندا)، کاتێ نامەکەی گەیشتە مەلا حوسێن، لە شیراز بوو، ئەویش نامەکەی پێشکێش بە باب کرد، بابیش ناوی خستە لیستی (پیتە زیندووەکان)ەوە و ئیمزای لەسەر کرد. کاتێ مەلا عەلی بەستامی وەکو شاندێک لەلایەن بابەوە هات بۆ عێراق،

---

(٣) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل٦٤.

قوڕەتولعەین پێوەندیی پێوە کرد و بەتەواوی ئاگەداری ڕێبازەکە بوو، بەمەیش زیاتر بڕوای پێ هێنا.(٤)

قۆناغی یەکەم:

بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕێبازی بابییە، وردە وردە لایەنگرانی لە کەربەلادا پەیدا کرد و هەمووییان لە شێخان بوون، بەلام ئەمانە بە نهێنی کاری خۆیان دەکرد و ڕێبازەکەی خۆیان لە بەردەم خەڵکیدا ئاشکرا نەدەکرد و سەرەتا ڕێگەیان پێ نەدرابوو ناوی باب بهێنن، یان کەسایەتیی دیاری بکەن، بگرە لە ڕێگەی هێماوە ناویان دەهێنا، گەلێ جار لە بری ناوەکەی، وشەی (زیکر)یان بەکار دەهێنا.

وەکو دەردەکەوێ، قوڕەتولعەین کاتێ بڕوای بە ڕێبازی بابییە هێنا، وەکو لایەنگرانی تر، ئەو ڕازەی پاراست، بەلام وردە وردە چالاک بوو لە پێوەندیکردن بە خەڵکییەوە، بەمەبەستی زەوینە خۆشکردن، بەرەو پەسندکردنی ڕێبازە نوێیەکە. دەڵێن لەو سەردەمەی ژیانیدا، لە ماڵەکەی خۆی وانەی ئاینیی دەگوتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە تەلەبە و گوێگران لە دەوری کۆ دەبوونەوە، ئەویش لە ژوورێکی بچووکدا دادەنیشت، لە پشتی پەردەیەکەوە و تەلەبەکان و گوێگران لە ژووری گەورەدا کۆ دەبوونەوە ئەویش لە پشتی پەردەوە وانەی دەگوتەوە.

قوڕەتولعەین دەنگێکی زوڵاڵی پێوە بوو و توانایەکی گەورەی هەبوو، بۆ ئاخاوتن و مشتومڕ. لە کۆمەڵگەی کەربەلادا، دەنگی دایەوە و ناوی بەسەر زمانەوە بوو و پیاوان و ژنان باسی ئەو بیرۆکە نوێیانەیان دەکرد، کە قوڕەتولعەین، لە وانەکانی لە ماڵەوەدا، دەیخستنە ڕوو.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٨٤٦ی زایندا، قوڕەتولعەین لەگەڵ داروودەستەکەیدا، بۆ کازمییە کۆچی کرد و دەڵێن هۆی ئەو کۆچکردنە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەک

---

(٤) عەبدولحوسێن ئاوارە، (الكواكب الدرية)، وەرگێڕانی ئەحمەد فایەق ڕەشید – قاهیرە ١٩٢٤–ب١، ل١١٠–١١١.

لە نێوانی ئەو و میرزا محەمەد حەسەن جەوهەری گەورەی شێخان، بۆیە بڕیاری دا لەو دوور بکەوێتەوە و ڕوو لە شارۆکەیەکی تر بکا، تا بتوانێ سەربەست بێت و کەسێک نەبێت دژایەتیی بکا.

لە کازمییە بەگەرمی پێشوازی لە قورەتولعەین کرا و کوڕانی سەید عەبدولا شبر لەسەری پێشوازیکەرانەوە بوون، یەکەم جار بوو بە میوانی ئەوان، دواتر چووە ماڵی سەید سادقی کەشفی، کە لە خزمەتی جوامێراندا بوو و ماڵەکەی بووبوو بە هەوارگەی شێخانییەکان. وەکو کەربەلا، قورەتولعەین لە کازمییەش دەستی کرد بە وانەوتنەوە و سەرەڕای ئەوەیش دەچوو سەر مینبەر و بەبەڵگەی بەهێز و ڕەوانبێژییەکەی گوێگرانی سەرسام دەکرد.

لە بەغدا ناوبانگی دەرکرد، دانیشتوانی بەغدا، لە شیعە و غەیری شیعە دەهاتن بۆ کازمییە، بۆ ئەوەی گوێ لە وانە و وتارەکانی بگرن. پیرەمێردێکی خەڵکی کازمییە بۆی گێڕامەوە، لە زاری کەسێکەوە کە قورەتولعەینی بینیبوو، لەو کاتەی لە کازمییە بوو، گوتی کە زۆربەی خەڵکی ئامادەی وانەکانی دەبوون و لە پشتیەوە نوێژیان دەکرد و کاتێ گوێیان لە وتەکانی دەگرت، خەریک بوون لە هۆشی خۆیان بچن، هێندە دەکەوتنە ژێر کاریگەرییەوە.

دیارە قورەتولعەین هێندە پابەندی خۆداپۆشین نەبوو، لەسەر شێوازی ژنانی سەردەمی خۆی، بەڵکە هێندەی شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی پێ دابێت خۆی دەرخستووە، وەکو دەرخستنی ڕوومەت و دەست ئاراشت، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەیدا دادەنیشت کە متمانەی پێ دەکردن و بەبێ پێچە قسەی لەگەڵدا دەکردن، بەڵام ئەم ڕەوشتە لە دەرخستنی ڕوومەت، لەو سەردەمەدا بەلای خەڵکییەوە پەسند نەبوو، بۆیە بەزمێکی نایەوە، بەلای خەڵکی و پیاوانی ئاینییەوە و قسەیان لەسەر دەکرد و ناو و ناتۆرەیان پێوە دەنا.

ئەو سەردەمە خەڵک پاکیی ژنیان دەبەستەوە، بەخۆداپۆشینی، تا ژن زیاتر پۆشتەبووایە ئەوا بەلایانەوە پاکتر بوو، ڕەوشتی بەرزتر بوو. بۆیە نەیارانی قورەتولعەین، بە پیسداوێنی تاوانباریان دەکرد و تا ئەمڕۆیش ئەو تۆمەتانەی پێوە دەنێن. جارێکیان لە پیرەمێردێکی خەڵکی کازمییەم پرسی، چی لەبارەی

ئەوەوە دەزانێت، هێشتا پرسیارەکەم بەتەواوی ئاراستە نەکردبوو، وەڵامی دایەوە، گوتی وەها و وەها بوو، کە ناکرێ بیڵێم، دیارە ئەو وەڵامەیش، لەلایەن پیاوێکەوە لە ژینگەی پۆشتەییی توندا ژیابێت و بڕوای تەواوی پێی هەبێت، شتێکی سەرسوڕهێن نییە.

نووسەری کتێبی (الكواكب الدريّة) دەڵێت: ناپۆشتەییی قورەتولعەین، لە بەردەم هاوڕێیان و تەلەبەکانیدا، مشتومڕێکی لە نێوان پیاوانی ئاینیدا خوڵقاند و کاتێ لە تەلەبەکانیان پرسی، وەڵامیان دایەوە، کە دەرخستنی ڕوومەت و دەست لە ئاینیی ئیسلامدا شوورەیی نەبووە و بەڵگەی حەجیان هێنایەوە، کە ژنانی پێغەمبەر، لە کاتی حەجدا، سەرەڕای قەرەباڵغیی شوێنەکە، ڕوومەت و دەستی خۆیانیان دانەپۆشیوە، بەڵام ئەم وەڵامە بە بەڵگەوە، نەیتوانی کێشەکە چارەسەر بکا، بگرە مشتومڕی نێوان خەڵکی زیاتر بوو.(٥)

قۆناغی دووەم:

قورەتولعەین، ماوەی شەش مانگ لە کازمییە مایەوە، دواتر گەڕایەوە بۆ کەربەلا، مانگی شوباتی ساڵی ١٨٤٧ی زاین بەبۆنەی زیارەتی چلەوە، کە ڕێککەوتی هەشتی ئەو مانگە بوو. بەگەڕانەوەی قۆناخێکی نوێ لە ژیانیدا، دەستی پێ کرد، وردە وردە وازی لە چالاکیی نهێنی هێنا و بە ڕاشکاوی ڕێبازەکەی خۆی ڕادەگەیاند، ئەمەیش بووە هۆی دووبەرەکی لە نێوان ڕیزی بابییەکاندا، کە تاقمێکیان دوای ئەو کەوتن پێیان دەگوتن (قرتيیە)، لەوانە مەلا باقر، کە یەکێک بوو لەوانەی لە سەرەتاوە بانگهێشتنی ڕێبازی بابییەیان دەکرد و یەکێک بوو لەوانەی باب خۆی ستایشی کردبوو، بەڵام نەیارەکانی، پەیڕەوان لە مەلا ئەحمەدی خۆراسانی دەکرد، کە سەرپەرشتیی ماڵی سەید کازمی ڕەشتیی دەکرد و بەرپرس بوو لە ژیانی بێوەژنەکەی.

بەندە دوو کتێبم دەست کەوت، کە ئەم دووبەرەکییەی لە کەربەلا ڕووی دا

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

بەشـێـوەیەکی جـوان وێنا دەکەن و ئـەم دوو کتێـبـە تەواوکـەری یەکتـرن، یان ڕوونتـر بڵـێین، وەڵامی یـەکـتــری دەدەنەوە. یەکــەمــیــان دەســتـنـووسـێکە بەناونیشانی (عقائد الشیخیة) کە مەلا ئەحمەدی خۆراسانی بە زمانی بازاڕی نووسـیـویـەتی، تێیـدا ڕەخنە لە قـوڕەتولعـەین دەگـرێ و جنێـوی پێ دەدا و بە (بنت طالح)، واتە کچی بەدخوو ناوی دەبرد، بەڵام کتێبی دووەم لە نووسـینی یەکێک لە لایەنگرانی قوڕەتولعـەینە، بەناوی شـێخ سـوڵتـان کـەربەلایی، تێیدا وەڵامی مەلا ئەحمەدی خۆراسانی دەداتەوە و بەرگری لە قوڕەتولعەین دەکا.(٦)

کاتێ بە وردی ئەم دوو کتێبە دەخوێنینەوە و بەراورد لە نێوانیاندا دەکەین، دەتوانین چەندان خـاڵی جـیـاوازی نێـوان لایەنگرانی قـوڕەتولعـەین و مـەلا ئەحمەد بدۆزینەوە، کە بەکورتی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- قوڕەتولعەین بڕوای وابوو کاتی ئەوە هاتووە، پەردە لەسەر چالاکیی نهێنی هەڵبـمـاڵێ و بەڕاشکاوی ڕێبـازەکـەی خۆی ڕابگەیەنێ، لە کـاتێکدا مـەلا ئەحـمـەد پێی وابوو باب فـرمـانی پێ داوە، بە نـهێنی چالاکـیی خـۆیان ئەنجام بدەن.

٢- مـەلا ئەحـمـەد پێی وابوو کتێبەکانی شـێخ ئەحـمـەدی ئەحـسـایی و سـەید کـازمی ڕەشـتـی نەمـرن و بە بەردەوامی دەیانیـخـوێندەوە، لە کـاتێکدا قـوڕەتولعـەین و هـاوەڵانی، بە کـتێبگەلێکی بەسـەرچوو لە قـەڵەمـیـان دەدا، بەوەی لەگەڵ سەرهـەڵدانی بابدا، پووچەڵ بووبوونەوە و سووکایـەتییـان بە مـەلا ئەحـمـەد دەکـرد و ڕێگەیان لە خـەڵکی دەگـرت، بۆ ئـەوەی لەگـەڵیـدا دانەنیـشن و بەوە وەسفیـان دەکرد گۆشتی مـردووان دەخوا و مـەبەسـتـیان لەوەیش ئەوە بوو کتێبی مردووانی دەخوێندەوە.

٣- مەبـەست لە دەرکەوتنی ئیـمامی مـەهدی بەلای قوڕەتولعـەینەوە، برێتی بوو لە دەرکـەوتنی باب، بەڵام مـەبەسـتی لە گەڕانەوەی ئیـمامەکان دەرکـەوتنی

(٦) سـوپاسی عـەبدوود سـاڵحی دانیـشـتـووی کـەربەلا دەکەم کە کـتێبی یەکـەمی پێ سپاردم و هـەروەها سوپاسی عەبدورەزاق عەبایچیی دانیشتووی بەغدا دەکەم کە کتێبی دووەمی پێ دام.

پێشـینانی ڕێبـازەکە بوو، یان ئەوانـەی پێشـتـر بڕوایان بە ڕێبـازی بابی هێنابوو مـەلا حـوسـێنی بەشـرویی لە پێگەی پێـغـەمـبـەر و مـەلا عـەلی بەسـتـامی لـە پێگەی عـەلی کـوڕی ئەبوتاڵیب و قـوڕەتولعـەین لە پێگەی فـاتیمەی زەهـرا و مەلا حەسـەنی سجستـانی لە پێگەی حەسـەن و سـەید حوسێنی یەزدی لە پێگەی حوسێن و مەلا باقریش لە پێگەی ئیمام باقردا بوو. ئـەم وتانەی سـەرەوە، مـەلا ئەحـمـەد دەیداتە پـاڵ قـوڕەتولعـەین و هـاوەڵەکانی، لە کاتێکدا ئەوان خۆیان لەو وتانە بێبەری دەکرد.

٤- مەلا ئەحمەد ئەوەی دەدایە پاڵ قوڕەتولعەین، گوایە ماتەمینی بۆ حوسێن، یان سـەردانی مەزاری ئیمامەکانی قەدەغە دەکرد، بە بیانووی ئەوەی کە نابێ سیـفـەتی مرۆڤی وەکو مردن و تینووێتی بدرێتـە پـاڵ ئەوان، کەواتە باسکردنی تینووێتیی حوسێن و کوشتنەکەی هیچ مانایەک ناگەیەنێ.

٥- قوڕەتولعەین و هـاوەڵەکانی، جگەرەکێشـانیـان بە حـەرام و بە ڕێنوێنییـە نوێیـەکـانی بابییـان دادەنا، لە کـاتێکدا مـەلا ئەحـمـەد جگەرەی دەکێشـا، گوایە ئەوەی بۆ پەردەپۆشی دەکرد.

بۆ ئەوەی خوێنەر شـارەزایی لەسەر شێوازی نووسینی مەلا ئەحمەد و ڕا و بۆچوونی لـەسـەر قـوڕەتولعـەین پەیدا بکا، لێـرەدا کـورتـەیەک لە دەقی نووسینەکەی بڵاو دەکەینەوە و هیچی لێ ناگۆڕین، تەنیا ئەوە نەبێت لە ڕووی خاڵبەندییەوە هەندێ گۆڕانکاری لە ڕستەکاندا دەکەین. مەلا ئەحمەد دەڵێ:

(بەناوی خـوای گـەورە و مـیـهـرەبان، سـوپاس بۆ خـوا، کـە بوونـەوەرانی خوڵقاند، بۆ ئەوەی بە پەیڕەوی لە پیاوچاکان، کاری چاکە ئەنجام بدەن... ئەی خـەڵکی سـەرڕاست، لە شـەڕوانە پیاوچاکەکان، کە خوا بـەڵێنی ڕاسـتـیی پێ داون، بێـدەنگ بن و گـوێڕایەڵی بەنـدە بن، کـاتـێ گـیـرۆدەی ئەو دووبەرەکـییـە بووم، کە بەسـەر پیاوچاکاندا هات، ئەحـمـەد کوڕی ئیسـمـاعیلی خـۆراسـانی تەلەبەی سـەید عەزیمە، کە لە پیاوچاکانە بزانن ئەمڕۆ مـەزهەبەکان جیاوازن، هەندێکیـان سـوننی و هەندێکیـان شـیـعـەن، کە خـۆیان بە جـەعفـەریی دوازدە ئیمـامی ناو دەبەن و ئەوانیش دوو تاقمن، باڵا سـەری و شێخـان و شێـخانیش

دوو تاقــمن، بابی و غــەیری بـابی و بابیش بوون بـە دوو تاقم، تاقــمـێکیــان پەیڕەوی لە کچی سـاڵحی قەزوینی دەکرد، کە سالّح نکوولّیی لە شـێخ کەرەم و سـەید عەزیم – بـەمەسـتی شـێخ ئەحمـەدی ئەحسـایی و سـەید کـازمی ڕەشـتی بوو – دەکـرد، هـەروەها خـۆی و کـچـەکـەی نـکوولّیـیـان لـە هێنانـی ناوی باب دەکرد، بـەڕەتکردنەوەی وتە و کردەوەکـانی و خـۆی دابـووە پاڵی، دوای هـەوا و هـەوەسـی خۆی کەوتبوو، خوا خۆی و گەورەی لەناو ببات).

دواتر مـەلا ئەحمـەد ئەوە دەردەخـا، کـە کـتێبێک هـاتـووە لە بابەوە، سـتـایشـی قورەتولعـەین دەکا و مـەلا باقر ئەم کتێبەی کردە پاساوێک بەدەسـتی خۆیەوە، بۆ کۆکردنەوەی هەوادارانی لە دەوری خۆی. مـەلا ئەحمەد دەڵێ (... بەهـەرحاڵ، ئەم مەلا باقرە پێگە و شوێنێکی بەرزی لای ئەم ژنە پەیدا کرد، مەبەستم کچی سالّحە، دواتر، دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک، ئەو کتێبەی کە بۆ کچی سالّح هـاتبــوو، لەناو خــەڵکی و لەناو یاراندا گــێـڕای و پێـیــانـی دەگــوت، بڕوای پێ بهـێنن، سـەبارەت بـە قـورەتولعـەین نووسـراوە، بابەتی سـەردەمـە بۆ ئێـوە، هـەروەها ڕێزدار مـەلا حـوسـێنیش هـەر وەهـایە، ئەوەی پەسـندی بکا ڕزگـاری دەبێت و ئەوەی ڕەتی بکاتەوە لەناو دەچێ. گوتم، مەلا باقر ئـەم کتێبە دەلالەت لە خـواسـتی ئێوە نـاکا، لە خۆتانی تێک مـەدەن و نە ڕێزدار قورەتولعـەین و نە خــەڵکی تـر، لە منیــان نـەبیـسـتـووە، تـەنانـەت هـاوەڵانی لای قـورەتولعـەین کـۆ کردەوە، سـەرۆکیـان شێخ سـولّتان، دواتر شـێخ سـالّحی کـەریمی، دواتر مـیرزا هـادی نەهـری و چەند کـەسـێکی تر لە یاران بوو. هـەرچۆنێک بێت، وەکـو پێم گوتـن: ئەم کتێبـە دەلالەت لە خواسـتی ئێوە ناکا. گوێیان لێ نەگرتم و کەوتنە کێشـمـەکێش و مـشـتـومڕ و تۆمـەتی خـوانەناسـیـیـان دا بەسـەرمـدا و ڕێگەی وانەوتنەوە و پـەروەردەکردنی منداڵیـانیـان لێ قـەدەخـە کـردم... قـورەتولعـەین فـرمـانی پێیـان دا، هـەر جـارێ بەباشی باسی مـەلا باقر کـرا، ئەوە ڕاسـتـە و بڕوای پێ بکەن و ئەگـەر لە مـەبەسـتـەکەیش تێ نەگـەیشـتن، ئەو لە دڵدایە. ئەو تاقمە کاری سـەیروسـەمەرەیان ئەنجام دەدا، بەجۆرێ کەس نەیکردبوو، تا وای لێ هات لە نێـوان هـاوەڵاندا، مشـتـومڕ و کـێشـمـەکێش پەیدا بوو... کـاتێ بۆ

یەکەم جار کێشمەکێش پەیدا بوو، چەندان نامەم نووسی، وەکو پرسیار لەبارەی مەسەلەکانەوە، بۆ ڕێزدار مەلا شێخ عەلی لە شیراز، نامەیەکی تریش بۆ ڕێزدار سەید حەسەن لە ئەسفەهان و نامەیەکی تریش بۆ ڕێزدار باب و بۆ ڕێزدار سەید عەلی لە مەزاری کازم سلاوی خوای لێ بێت. لەو نامانەدا، شتێکی ئەوتۆم نەگوتبوو و ناوی کەسیشم نەهێنابوو، بۆ ئەوەی ئەو تاخمە پەسندی بکەن، ئەگەر وەلامیان دایەوە وەلامی باب و سەید حوسێن، سەبارەت بەڕەتکردنەوەی وتە و کرداریان گەیشت، بەلام بەپێی خواستی خۆیان نامەکەیان لێک دایەوە و کاریان پێ نەکرد و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەریان نەبوو، لە ڕاستیدا، کاتێ ململانێ ڕووی دا، من زۆر نیگەران و دڵتەنگ بووم، تا ئەوە بوو چووم بۆ مەزاری حوسێن سلاوی خوای لەسەر بێت، داوام لە ئیمام کرد ئەو ململانێ و ناکۆکییە نەهێڵێ، کاتێ لە مەزارەکەی هاتمە دەرەوە، چووم بۆ ماڵی میرزا هادی نەهری، مەلا باقر هات و نامەیەکی بەدەستەوە بوو، کە لە پایەبەرز (باب)ەوە گەیشتبوو، دەڵێت: مژدە مژدە، پایەبەرز سلاوی بۆ ناردوویت و کچی ساڵح تۆی دەوێت. کە چووم بۆ لای، چەند هاوەڵێکی لەوێ ئامادە بوون، گوتی بۆیە داوام کردووی، کە پایەبەرز سلاوی بۆ ناردووی، لە نامەکەی سەید عەلی شبردا، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (لە مەزاری کازمدا ئەحمەدت لە بیر بێت). کاتێ خوێندمانەوە، پێی گوتم تۆ دەبێ دوو وانە بخوێنیت: یەکێک بۆ مەلا باقر و شێخ ساڵح و میرزا هادی و هاوەڵە تایبەتییەکان و ئەوی تر لە هەر نامەیەک، بۆ هەر کەسێک دەتەوێ. بە شادمانییەوە لە کۆبوونەوەکە هاتمە دەرەوە، کە ململانێ و کێشمەکێشەکە نامێنێ، کاتێ هاتمەوە بۆ ماڵەوە، دوای دوو ڕۆژ بیستم ئەوان نامەکەیان گۆڕیوە و گوتیان: (ماڵی کازم بریتییە لە مەلا عەلی و ئەحمەدیش تەنیا وتەبێژە). تێ گەیشتم ئەوان لە کێشمەکێش و ئاژاوە بەولاوە، هیچی تریان ناوێ...).

دواتر مەلا ئەحمەد ڕووداوەکە بۆ قورەتولعەین دەگێڕێتەوە و دەڵێ (.. دواتر هەواڵی لەناو خەڵکیدا بلاو بووەوە و ئەویش سنووری بەزاند و هەرچی ویست

ئەنجامی دا، خەڵکەکە نیگەران بوون و ئاگەداری فەرمانڕەوایان کرد، کە ئەو کچە کافرە و خەڵکی دەگۆڕێت، لە ئەنجوومەنی شورادا کۆ بوونەوە و وایان بەباش زانی راپێچی بکەن، پەلاماریان دا لە ماڵی میرزا هادی نەهریدا و ئەویش بۆ ماڵی سەید کازمی ڕەشتی ڕای کرد، چووە ناویانەوە و تاقمێک هاتن کە حاجی مەهدی کەمونە و مەلا عەبدولجەلیل قازی و سەید سەعید کوڕی سابیتیان تێدا بوو و لە ماڵی سەید هێنایانە دەرەوە و لە ماڵی حاجی مەهدی کەمونە زیندانیان کرد، چەند ڕۆژێک بەسەر زیندانکردنیدا ڕەت بوو، ئەوسا ئاگەداری فەرمانڕەوایان کردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ژن بوو، هێندە بە توندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەکرد و بەڕەڵایان کرد. لەم ڕۆژانەدا بوو من ڕۆژێکیان لە ماڵەوە دانیشتبووم، هەندێ لە هاوەڵانی ئەو هاتن و گوتیان، ئەو کیژە بەدخووە تۆی دەوێ، گوتم باشە و ڕۆیشتم بۆ لای، کاتێ دانیشتم هەندێ لە هاوەڵانیشیم بینی کە دانیشتبوون و ئەویش قسەی بۆ دەکردم، پێی گوتم، ئاخۆ دەزانی بۆچی بانگم کردووی؟ گوتم نەخێر، گوتی لەلایەن دەسەڵاتداریی مەلا باقرەوە پێم ڕاگەیاندرا و منیش بە ئێوەم ڕاگەیاند، تەنیا چواردە کەس لە منیان وەرگرت، حەوتیان پیاو و حەوتیان ژن بوون و ئێستا شتێکی تر ڕادەگەیەنم، گوتم، چ شتێک گوتی: نەک بە نووسین بگرە بەدەمی پێم ڕاگەیەندراوە، کە من دەمەوێ ڕێبازەکە ئاشکرا بکەم و ڕاستیی بابی پایەبەرز ڕابگەیەنم و دەڕۆم بۆ بەغدا. گوتم بەچ بەڵگەیەک؟ گوتی: لە شەش لاوە پێم ڕاگەیەنراوە. بە هاوەڵانم گوت: لە شەش لاوە پێم گەیشتووە پێویستە بە نهێنی بێت. گوتی: تۆ درۆ دەکەی. گوتم: من درۆ ناکەم، بگرە تۆ درۆ دەکەیت. دواتر گوتم: بەڵام من تا ئێستا، لە پایەبەرزەوە حەوت نامەم پێ گەیشتووە، تێیاندا فەرمانی پێ کردووم نهێنیی ڕێبازەکە بپارێزم، بەڵام تۆ ئارەزووی خۆتە و من گوێڕایەڵی تۆ نیم، بگرە گوێڕایەڵی ئەو کەسەم کە فەرمانەکەی پێ کردووم، لە دانیشتنەکە هەستام و گوتم: ناکرێ لەوە زیاتر قسە لەگەڵ نامەحرەمدا بکرێ. دوای سێ ڕۆژ هەندێ لە هاوەڵانی، فەرمانڕەوایان ئاگەدار کردەوە و بوون بە کەفیلی و بە فەرمانڕەوایان گوت: ئێمە دەمانەوێ، لەگەڵ

خەڵکیدا قسە بکەین و بۆچوونەکانی خۆمان بسەلمێنین. فەرمانڕەوا گوتی دەریانکەنە دەرەوە، ئەمانە هێشتا دەستبەرداری مەسەلەکە نین. لە دانیشتنەکە دەریانکردنە دەرەوە، دوای سێ ڕۆژ، ژنان لەگەڵ پیاوانی نامەحرەمدا، کچی بەدخوو، لەگەڵ یاوەرانی لە ژنان و پیاواندا، باروبنەیان بەرەو بەغدا پێچایەوە.(٧)

بۆچوونی دووەم:

لەو کاتەدا مەلا ئەحمەد بۆچوونی خۆی لە کتێبەکەیدا تۆمار دەکرد، شێخ سوڵتان لە کتێبی دووەمدا، بۆچوونێکی پێچەوانەی تۆمار کرد دەڵێ:

(بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لەلایەن بەندەی هەژارەوە، کە دان بەکەمتەرخەمی و کەموکووڕیی خۆیدا دەنێت، سوڵتانی کوڕی خەلەفی کوڕی شێخ حەسەن سوڵتان، بۆ ئێوە ئەی خەڵکی شیعە، سڵاوی خواتان لێ بێت، برایان بەلای ئێوەوە شاراوە نییە کە شتێک هەیە، پێویستی بەڕوونکردنەوە نییە، جیهان لە پێشکەوتنداییە و هۆشیاری لە گەشەسەندایە و خوا لە هەر شوێن و کاتێکدا بەڵا دەبارێنێ و تاقی دەکاتەوە، تا خەڵکی ناحەق لە بڕواداران جیا بکاتەوە. بۆیە ئەمساڵ لە مانگی ڕەمەزاندا، ئەو فرمانە دەرچوو و ئەوەی دەبووا ڕوو بدا ڕووی دا، لە ناکۆکیی توند لە وتە و کردار و بیروباوەڕدا، هۆیەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مەلا ئەحمەد خۆی بەو موسڵمانە پیاوچاکانە دادەنا، کە ڕێبازی باب بەڕێبازێکی ڕاست دەزانن و لە ماڵی سەید کازمی ڕەشتی دانیشت و ڕۆڵی درۆزنە خوانەناسەکانی دەبینی، ئەوانەی کۆ دەکردەوە کە بەزمان، نەک بە دڵ دوای ڕێبازەکە کەوتبوون و قاوەی بۆ لێ دەنان و داوای لێ دەکردن بەنهێنی و بەئاشکرا، جگەرە بکێشن. لەسەر ئەم حاڵەتە مانەوە، تا مانگی ڕەمەزان. وا ڕێک کەوت شەوی بیست و سێی ئەو مانگە، بڕوادارانی ڕێبازەکە، بۆ ئێوارەخوان بانگهێشتن کرابوون و

(٧) لە دەستنووسی (عقائد الشيخية)ی مەلا ئەحمەد خۆراسانی، لاپەڕە٣-١٣ وەرگیراوە.

دوای ڕۆژووشکاندن، مـــەلا ئەحـــمـــەد داوای لـێ کـردن نـێـرگـەلە بـکێـشن، بەئامادەبوونی یەکێک لە پێشینانی ڕێبازەکە، کە مەلا محەمەد باقر بوو، دوای ئەوەی هێندێکیان لە نێرگەلەکێشـان بوونەوە و هێـشـتـا زۆربەیان بەردەوام بوون، مەلا باقر کەوتە سەرزەنشتکردنی مەلا ئەحمەد بۆ ئەو کردەوەیەی. مەلا ئەحـمـەد گـوتـی، ئەم کـارە بۆ ئەوە ئەنجـام دەدەم، تا ڕێبـازەکـە بە نـهـێـنی بمێنێتـەوە، مـەلا باقـر پێی گـوت: چ پێـویست بەوە دەکا، لە کاتێکدا کە ئێوە هەمـــووتـان لافی ئەوە لـێ دەدەن پیـــاوچاک و خـــاوەن بـاوەڕن و کـەســێک لە نێـوانتـاندا نیـیـە بڕوای بـەو ڕێبـازە نەبێت، دواتر، چ پابەنـدبوونێک هـەیە لە جگەرەنەکێشـاندا و مـانای پابەندبوون چییە و سنووری چـەندە و ڕێزنان لەم مـاڵە پێویسـتـە لەسـەر هەمـوو باوەڕداران و نـابێت تێـیدا جگـەرە بکێشـرێ. هـەواڵ بە بێوەژنەکـەی سـەید کـازمی ڕەشتـیی قـوڕەتولعـەین گـەیشت و لەسـەر ئەوە سـەرزەنشت و ئامـۆژگـارییـان کـرد: نیـارەکـە مـەزنە و وتارەکە گەورەیە و ئێـوەیش لێی بێـبـەرین و نـغرۆی خۆشـگوزەرانیی کـاتیین و قـاوە دەخـۆنەوە و جگەرە دەکـێـشـن و ڕوو لە خـوا نـاکـەن و ڕێبـازەکـەی نـاگـرنە بـەر و ئەویش گـوێیـان لـێ ناگـرێ و ئاوڕیان لـێ ناداتەوە. بەردەوام بوو ســەرزەنشـتـکردنی ڕێزداری مـەلا و دەڵێت: ئەو لەلای قوڕەتولعـەین و منداڵەکانم ڕیسوای کـردم و چیی تـر ڕێگەی پـێ نادەم هـاتـوچۆم بکا، چونکە پیـاو خـراپـە. دوای ئەوە، هـەر جـارێ مـەلا ئەحـمـەد قـسـەی لـەگـەڵ بکردایە، بەبێ ئەوەی لە ڕاسـتـی و درۆی وتەکەی تـێ بگا، یەکسـەر بەرپەرچی دەدایەوە. مەلا ئەحـمەد سوور بـوو لەسـەر وتووێژ و وەڵامـدانـەوەی مـەلا، تا ئەوەی هـەواڵ گـەیشـتـە قـوڕەتولعـەین، ئەویش ناردی بە شـوێنیـدا: پێویسـتـە ڕێز لـە مـەلا بگریت و هـەرچی گـوت پەسـەندی بکەی، چونکە لە پێشینانەوە جگە لە ڕاستی هیچی تر ناڵێ. مـەلا ئەحمەد ئەو وتانەی ئەوی بەلاوە پەسند نەبوو، بۆیە داوای کرد و تێبینیی هـەبوو لەسـەری و دوژمنایـەتیی کـرد، بەوەی هەر مـەلا مـحـەمـەد باقـر لەسـەر هـەقـە و هـەر ئەو ڕاست دەکـا. کـاتـێ لای ئـەو دەهاتە دەرەوە، وەکـو خـۆی لـێ دەهاتـەوە و زیاتر ســەرەڕۆ و یاخـی دەبوو. لە کـاتێکدا ئەو دووانـە لە مـشـتـومـڕدا بوون، نامـە و

ئیــمــزای پایەبەرز بابمـان پێ گـەیشت، سـەبارەت بـە گلێنەی چاوی، بەڕێز قـوڕەتولعـەین کـە ئـەمـەیش ئـەوە دەگـەیەنـێ چەندە پایە و پێگەی لای ئەو بەرز بووە...).[٨]

دوای ئەوەی شێخ سوڵتان ئاماژەی بۆ وتەکانی پایەبەرز باب کرد سەبارەت بە قـوڕەتولعـەین و سـتـایشـی زۆری کـرد، گـوتی (مـەلا ئـەحـمـەد و هـاوەڵانی شـتـێکیـان لەو ڕوونکردنەوانە بیـست، بە جنێـو وەڵامـیـان دایەوە، بەبـێ بەڵگە نکووڵییـان لە باشـەی پێشـینان کرد و تانە و تەشـەری زۆریان لێ دان و کەوتنە مـشـتـومڕ لەگەڵمـاندا و چەنەچەنی زۆریان کـرد و گـوتیـان: مـەرج نییـە ئەوەی چوو بۆ شـیـراز ببـێ بە پێشـینان. گـوتمان: بەڵێ هـەر کـەسـێ لەو ڕۆژانەدا، لە پێناوی ئـاین لەگـەڵ پێشـیناندا چـووبێت، ئەوە بووە بە یەکـێک لە وان... مـەلا ئەحـمـەد گـوتی: مـەرج نییـە بگاتە پێگەی پێـشـینان گـوتمان: پایەبەرز باب سـلاوی خـوای لێ بێت، هـەمـوویانی بە پێـشـینـان داناوە و مـەرج و کـاتی بۆ دیاری نـەکـردووە و نـاوەڕۆک و ڕواڵەت و ئامــادەبوون و ئـامــادەنەبوونی لێک داوەتەوە و وتەکـەی پایـەبەرز باب، گـشـتگرە و هـەمـوو ئەوانە دەگـرێتـەوە کـە ئاماژەمان بۆ کردوون یان نەکردوون و ئێمە بۆمان نییە خۆمان وتەکانی وا لێ بکەین، کـەسـێک بگرێتـەوە و کـەسێکی تر نەگرێتـەوە و شـتـێک بگرێتـەوە و شـتێکی تر نـەگرێتـەوە، ئەگـەر خـۆی باسـی کردبێت، ئـەوا ئێـمـەیش دووبارەی دەکەینەوە و ئەگـەر نەیگوتبێ، ئەوا دەبێ وتەکانی وەکو خـۆی وەربگرین. مـەلا ئەحمـەد گوتی: ئەوەی لە پێشینـان بێت، دەبێ هـەڵگری زانست بێت و من وای دەبینم، کـە لەو زاناترم. گـوتمـان: ئەو زانسـتـانە پێـوەر نین، ئـەم نیـارەیش پێـــوەندیی بـەوەوە نیــــە، پایەبـەرز باب، ســـلاوی خـــوای لێ بێت، ڕوونی کــردووەتـەوە کــە زانست پێـوەر نـیــە، بگرە خــۆڕسکێکی پوخــتـــەیە و خۆشەویسـتـییە بۆ خوا و پیاوچاکان و ڕووکردن لە خوایە بەدڵ و بەڕاسـتی، بەبێ سـێ و دوو و بەبێ ئاماژە و بەبێ زانست و دەربڕین. کاتێ مـەلا ئەحمـەد

(٨) لە کتێبی (ظهور الحق) وەرگیراوە، کە لە ئێران چاپ کراوە، بەبێ ئەوەی شوێن و کاتی چاپکردنەکە دیاری کرابێت، لاپەڕە ٢٤٥–٢٤٧.

و هاوەڵانی، ئەوەیان لە ئێمە بینی، کەوتنە مشتومڕ لەگەڵماندا، چەنەچەنی زۆریان لەگەڵدا کردین، دواتر لە ئێمە جیا بوونەوە و بە دەممانەوە هەڵیان دەبەست و لای خەڵکی سووک و ڕیسوایان دەکردین و قسەی پڕوپووچ و بیروباوەڕی خراپیان دەدایە پاڵمان. خەڵکیش دەهاتن بۆ لامان، بۆ دڵنیابوون لە وتەکانیان و دەیانگوت مەلا ئەحمەد و هەندێ لە هاوەڵانی دەڵێن گوایە ئێوە پایەبەرز باب بە خوا دەزانن و باب یەکەمین کەس کە بڕوای پێ هێنا بەڕێز مەلا حوسێنە، سڵاوی خوای لێ بێت، کە محەمەدی کوڕی عەبدوڵایە و دووەم مامۆستا مەلا عەلی – مەبەست بەستامییە – سڵاوی خوای لێ بێت، کە عەلی کوڕی ئەبوتالیبە و قورەتولعەین، سڵاوی خوای لێ بێت. فاتیمەیە خۆی و یازدە پێشینانەکە ئیمامەکانن، سڵاوی خوایان لێ بێت و شێخ سەید لە جەستەی پاکی پێشینان دروست بوونە. کاتی ئەم درۆودەلەسانەمان بیست، زانیمان سەرزەوییان پیس و گەندەڵ کردووە، شەوێکیان هەموویانمان لە ماڵی بابولای موقەدەم، سڵاوی خوای لێ بێت، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم گەندەڵییە کۆ کردەوە، تا خۆیان لەو بیروباوەڕە خراپە پاک بکەنەوە، کە ئەوانیش مەلا ئەحمەد و مەلا حوسێنی مجێوری ئەو شوێنە و سەید کەریم و سەید عەلی خۆراسانی و حاجی سادق و حاجی عەلی سائیغ و هەندێک کەسی دەبەنگ و نەفامی وەکو خۆیان بوون، پێمان گوتن، خەڵکینە بۆچی خراپەکاری دەدەنە پاڵ ئەوانەی بڕوایان بەشتێک هێنا و ئێوە گوناهێکی گەورە ئەنجام دەدەن، لە خوا بترسن و ئاژاوە مەنێنەوە، چونکە ئەوە لە کوشتن خراپترە و بۆیە ئەم شەو لێرەدا ئێوەمان کۆ کردەوە، بۆ ئەوەی کێشە و ململانێ بنبڕ بکەین، داوا لە خوا بکەین لەو خراپەکارییانە پاک ببنەوە و بۆ ڕاستیی ئەوەیش داوا لە خوا دەکەین بتانبوورێ و داوا دەکەین، دوای ئەم دانیشتنە بێدەنگ بن و ئاژاوە دابمرکێننەوە. هێشتا چەند ڕۆژێکی کەم تێ نەپەڕیبوو، کەمتر لە حەفتەیەک، لەناو هاوەڵانیدا بەزمێکی دروست کرد بۆ داپۆشینی کێماسییەکانی خۆی و دەڵێ: لەلایەن پایەبەرز بابەوە نامەیەکم پێ گەیشتووە و دەڵێت: تەنیا من بابم و سەرچاوەی خەڵکیم و هاوەڵانی بۆ ئەوە، بەیعەتیان

پێ کردووە و بانگەواز دەکا: ئەوەی نەیەت بۆ لام و ئامادەی وانەکانم نەبێت و ئامادەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانم نەبێت، ئەو لە گومڕاکانە و هەڵگەڕاوەتەوە. لە دڵی خۆماندا گوتمان: خوایە، چۆن کەسێک پەنا بەغەیری خوا ببا، دەبێت بە باب و سڵاوی خوا بۆ باب دەنێرێ، هەر جارێ کە باسی باشەی بابەکان و پیاوچاکانی پێشوو بکا. دواتر داوای لێ کردین لە وانەکانیدا ئامادە ببین، ئێمەش ئەنجامدان دا و لەلای ئامادە بووین و کتێبەکەیمان خوێندەوە و لە ڕستەیەکدا هاتووە، کە باب ڕادەسپێرێ بە باشی ئاگەداری هاوسەری بابولا موقەدەم بێت..)(٩)

دواتر شێخ سوڵتان ئەوە باس دەکا، کە چۆن مەلا ئەحمەد بەپێی داواکاریی باب، بەباشی لەگەڵ بێوەژکەی سەید کازمدا ڕەفتار ناکا و چۆن ڕێگەی لێ دەگرێ و ناهێڵێ لەگەڵ قورەتولعەیندا بچێ بۆ حەج و لەلای دەسەڵاتداران زەوینەی بۆ ئەو ڕێگەگرتنە خۆش کرد و کاتێ بێوەژنەکەی سەید و قورەتولعەین بەمەیان زانی چۆن دەریان کرد و نەفرینیان لێ کرد، بەڵام ئەو زیاتر لەسەر بەدخوویی خۆی بەردەوام دەبێت و خۆی و هاوڕێکانی چۆن جنێو بەو دوو ژنە دەدەن و بە خراپە ناویان دەبەن و یەکێک لە هاوڕێکانی چاونەترسانە بە قورەتولعەین دەڵێ (هەی سوورە) و مەلا ئەحمەد پێی گوتبوو (سوورییەکەی وەکو زەردییەکەی وایە) بێوەژنەکە بەهۆی ئەو نەهامەتییەی بەدەستی ئەو ستەمکارەوە بەسەریدا هات، لە هۆشی خۆی چوو و دواتر نەخۆش کەوت و نەیتوانی بۆ حەج بچێ.(١٠)

دواتر شێخ سوڵتان ئاماژە بەتەشەنەکردنی کێشەی نێوان مەلا ئەحمەد و هاوەڵانی دەکا و دەڵێ (کاتێ ئەم پیاوە زانی ئێمە وانەوتنەوەکەی ئەوەمان بەلاوە پەسند نییە و وەڵامی نادەینەوە و ناتوانین ببین بەهەوادارى هەر چەنەبازێک، خۆی و هاوڕێکانی گەلەکۆمەیان لێ کردین و چەندان جار دەریان کردین و ئێمە دەگەڕاینەوە و بەپاڕانەوە و ملکەچییەوە، داوای لێبوردنمان لێ

(٩) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٤٩-٢٥٣.
(١٠) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٥٣-٢٥٤.

دەکـردن، تـەنانـەت هـەندێ لـە ئـێمــە دەسـتـی مـەلا ئـەحـمـەدیان مـاچ دەکـرد، هـەمـووی لـەبەر خـاتری پایەبـەرز بوو، سـڵاوی خـوای لـێ بێت، چونکە فـرمـانی دابوو ماڵی بابولوقەدەم چاکسازی بکرێ، بۆ ئەوەی لەوێ کۆ ببینەوە و بەشەو و بەڕۆژ، ئایەتـە جـوانـەکـانی قـورئان بـخـوێـنین، پاسـاوەکـانی ئـێمـەیـان پەسند نەکرد و بـەجنێودان و قـسـەی ناشـیـرین دەریان کـردین و ئـاژاوەیان نایەوە و خراپەکاریـیـان بڵاو کردەوە، قسـەی پڕوپووچیان بۆ هـەڵبـەستین و بەدوژمنانیان گەیاند و لە مـاڵەکانی خـۆمـاندا گۆشـەنشـینیـان کردین. لە هـەمـوو شـوێنێکدا، قـسـە و باسـیـان لەسـەر دەکـردین و جنێـویان پـێ دەداین و مـەلا حـەسـەنی گـەوهـەریان لـێ تیـژ کـردین، زۆربەی ڕۆژەکـان لـە دانیشـتنەکـانی و لە کـۆڕی مـیـرزا مـوحـیـت و هـەر کـۆڕ و کـۆبوونەوەیەک تێـیـدا ئامـادە بووبووایـە، لە بەرچاوی خـەڵکی دەیگوت: خـەڵکینـە، ئەو گومـڕایانە، شـەرعیـان تێک داوە و ئاینیـان خـراپ کردووە، پێویسـتـە لەسـەرتان ئاینەکەتان بپـارێزن و بە هـەمـوو توانایـەکـتـانـەوە پارێزگـاریی لێ بکـەن و لە بەرامـبـەریاندا بێـدەنگ نـەبن و لە هەموو کۆڕێکدا باسی خراپە و بیروباوەڕیان بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی بیانناس و لێــیــان دوور بـکەونـەوە. مــەلا ئـەحـــمـــەد و هـاوڕێکانـی بەردەوام بـوون لە ئاژاوەنـانـەوە و بـەبـەردەوامی ئاگـرەکـەیان خـۆش دەکـرد، چـەندان نامــەیان بەنـاوەڕۆکی جـۆراوجـۆرەوە نووسی، بۆ هـەریەکـە و بەپێی بۆچوونی خـۆی و ئامـاژەیان بەو درۆودەلەسـانە کـرد کە پێشـتـر ئاماژەمـان پێ کردن و ڕەوانەی هـەموو ناوچە و شـوێنێکیان کرد، وەکو نەجـەف و کازمییە و کـەربەلا و بەغدا و ئەسفەهان و قەزوین و خۆراسـان و شوێنانی تر و دڵی بڕوادارانی وەکو سەید عــەلی شــبــری کــازمــیــیــان گــۆڕی، لە نامــەیەکــیــدا بـۆ من دەڵێ: شـــتـی سەیروسەمەرەمان بیستووە، کە جگەرگۆشەکان پەرتەوازە دەکا و ژن و منداڵ دەڕەتێنێت و هـەمـــوو ئەم ئاژاوانـە لە مـــەلا ئـەحـــمـــەد و هـاوڕێکانـیـــەوە دەردەچێت...)(١١)

(١١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٥٦-٢٥٧.

## قوڕەتولعەین لە بەغدا

بەهۆی ئەو دوژمنکارییە توندەی مەلا ئەحمەد و هاوڕێکانی بۆ سەر قوڕەتولعەین، ناچار بوو کەربەلا بەجێ بهێڵێ و لەگەڵ کەسوکار و هەندێ لە ژنان و پیاوانی هاوڕێیدا، بڕوات بۆ بەغدا. کاتێ گەیشتە بەغدا، بوو بەمیوانی یەکێک لە دڵسۆزەکانی خۆی لەو شارە، کە شێخ محەمەد شبلی بوو، ئەم پیاوە بەڕەچەڵەک خەڵکی کوفە و نیشتەجێی کازمییە بوو، دواتر لەوێوە لە ساڵی ١٨٢٧، چووبوو بۆ بەغدا و جێگری سەید کازمی ڕەشتی بوو لە بەغدا. کاتێ قوڕەتولعەین بوو بەمیوانی، سێ خانووی بۆ تەرخان کرد، یەکێکیان بۆ دانیشتنی ژنان و یەکێکیان بۆ دانیشتنی پیاوان و سێیەمیان بۆ وانەوتنەوە.[١٢]

دیارە بوارەکە بۆ قوڕەتولعەین لە بەغدا، لە کەربەلا باشتر ڕەخسابوو، لە پشتی پەردەوە وانەی دەگوتەوە و خەڵکیش بۆ گوێگرتن ڕوویان تێ دەکرد و لە زۆربەی وانەکانیدا، بانگەشەی بۆ ئەو ڕۆژە دەکرد کە شەرع بگەڕێتەوە و نەریتە کۆنەکان هەڵبوەشێتەوە.[١٣]

جارێکیان ئامادەی کۆڕێک بوو، نەجیب پاشای والی و موفتی ئەبوسەنای ئالووسی ئامادەی بوون، بەڕەوانبێژیی خۆی ئامادەبووانی سەرسام کرد.[١٤]

قوڕەتولعەین بۆ ماوەیەکی زۆر وانەکانی خۆی لە بەغدا دەگوتەوە، بەبێ ئەوەی ڕێگەی لێ بگیرێ، دیارە دوژمنەکانی لە کەربەلا لێی بێدەنگ نەبوون، بەتایبەتی میرزا محەمەد حەسەن جەوهەر سەرۆکی شێخان، هەوڵی زۆریان دەدا، حکوومەتی لە دژی هان بدەن. میرزا محەمەد حەسەن پێوەندیی باشی لەگەڵ والیدا هەبوو و توانی کاری تێ بکا و والی ناچار بوو سەبارەت بە

(١٢) عەبوود ساڵحی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل٢.

(١٣) ئاغا محەمەد مستەفا بەغدایی (رسالة أمرية) لە پەراوێزیناملکەی نۆزدە – قاهیرە ١٣٣٨هـ، ل١٠٩.

(١٤) عەبدولحوسێن ئاوارە، (سەرچاوەی پێشوو)، ل١١٢.

قورەتولعەین ئاگەداری ئەستەنبۆڵ بکاتەوە، دواتر فرمانی دا، تا ئەو کاتەی وەڵام لەوێوە دێتەوە، لە ماڵی ئالووسی، زیندانیی بکەن. قورەتولعەین ماوەی دوو مانگ لە ماڵی ئالووسیدا مایەوە، ئالووسی میوانداریی نەدەکرد، بگرە لەگەڵیدا کۆ دەبووەوە و سەبارەت بەرێبازە نوێیەکەی، باس و خواسی لەگەڵدا دەکرد، گەلێ جار رێگەی پێ دەدا، لەگەڵ چاودێرێکدا بچێتە دەرەوە، ئەویش سەردانی ماڵی شێخ محەمەد شبلیی دەکرد، کە لەوێ هەوادارانی چاوەڕوانیان دەکرد و چاوی پێیان دەکەوت و هەر وانەیەکی بویستایە دەیگوتەوە.

ئالووسی لە هەندێ لە نووسینەکانیدا، ئاماژە بەقورەتولعەین دەکا، شتێک لەوانەی دەیگێڕێتەوە، ئەمەیە: (... قورەتولعەین لە دوای مردنی رەشتی پێڕەویی لە باب کرد، دوایی لە زۆر شتدا تەبا نەبوو لەگەڵیدا، لەوانە لەسەر ئەرکەکان، دەڵێن بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدا بووە ئەرکەکان هەڵبگیرێن، بەڵام من هەستم بەوەی نەکردووە، ئەگەرچی ماوەی دوو مانگ لە ماڵەکەمدا زیندانی بوو و چەندان جار باس و خواسی کراوە لە نێوانماندا، نهێنیی لە ئاشکرا جیا دەکردەوە. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە ساغ بووەوە، ئەوە بوو کە رێبازی باب و رێبازی قورەتولعەین یەکێکە وەکو کەشفییەکان -مەبەست شێخانە- بڕوایان بە ئیمامەکانە و پێیان وایە سەردەمی ئەرکی پێنج فەرزەی نوێژکردن بەسەر چووە و سرووش چکەچکە نەبووە و بەتەواوی بووە، بەڵام نەک سرووشی شەرعی بگرە سرووشی پەروەردەکردن، بۆ ئەوانەی پێشتر بە شەرع بوون و ئەو جۆرە شتانە، کە ئەمە بۆچوونی هەندێ لە سۆفییەکانیشە... گەورەترین هۆکاری گومڕاییان پابەندبوونیانە بە وتەکانی رەشتی و شێخی ئەحساییەوە، بەبێ ئەوەی لە مەبەستەکانیان تێ بگەن و چەندان قۆناخ لە ئاینی محەمەد دووری خستوونەتەوە، بۆیە بەپێی ئەوەی لە گەورەکانیان بیستوومە، هەوادارانی ئەو دوو پیاوەیش بەڕاست نازانم...)[١٥]

---

(١٥) مەحموود شوکری ئالووسی، (مختصر التحفة الأثني عشرية)، قاهیرە ١٣٧٣ھ، ل٢٤.

### دووبەرەکییەکی تر:

لەو کاتەدا کە قورەتولعەین لە ماڵی ئالووسیدا زیندانی بوو، دووبەرەکی و مشتومڕێک لە نێوان هەوادارانیدا لە بەغدا و کازمییە ڕووی دا، هۆیەکەیشی ئەوە بوو، قورەتولعەین داوای نوێکردنەوەی شەریعەتی ئیسلامی دەکرد و داوای دەکرد هەندێ لە ڕێنوێنی و سرووتەکانی بگۆڕدرێن، تاقمێ لە هەوادارەکانی پەسندیان کرد و تاقمێکی تر ڕەتیان کردەوە، نووسەرێک لە هەوادارانی، بەناوی ئاغا محەمەد مستەفا بەغدایی، کوڕی شێخ محەمەد شبلی، لە نامەیەکی کورتیدا، بەم جۆرە ئاماژە بەو دووبەرەکییە دەکا:

(... نهێنیی سەرهەڵدانی دەرخست و شێوەکانی پێڕەویکردنی بەسەرچووی ڕاگەیاند و نوێکردنەوەی شەریعەتی خوای بەشەریعەتی بەیان ڕوون کردەوە و لە کۆڕ و دانیشتنی خۆشەویستاندا، ڕوومەتی خۆی دەردەخست، بەڵام لەناو کۆڕی نامەحرەمدا، لە پشتی پەردەوە قسەی لەگەڵیاندا دەکرد. هەندێ لە خۆشەویستان بڕوایان بە ڕێبازی کۆنی خۆیان لەق بوو، زۆربەیان هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە هەرچی خوا بیەوێ ئەوە دەبێت و هەندێ لە دانیشتوانی کازمییە گۆڕان، لەوانە سەید محەمەد جەعفەر و سەید حەسەن جەعفەر و سەید عەلی بیشر و سەید تەها و کازمی سۆفی و گوتیان کە ئەوان بڕوایان بە پایەبەرز باب هەیە، کە زیکری خوایە و ئەو شەرعی کۆنی نەگۆڕیوە و هیچی نوێ نەکردووەتەوە، بگرە لە ئەحکامی زیاد کردووە و جەختی لەسەر نوێژ و ڕۆژوو کردووە و جگەرەکێشانی قەدەخە کردووە و قورەتولعەین سنووری بەزاندووە و ئەو شەریعەتەی گۆڕیوە، کە لە باو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، بەبێ ئەوەی فرمان لە بابەوە وەربگیرێ. سەید عەلی بیشر داواکارییەکی نارد بۆ (ماه کو)، سەردانی بابی کرد و هەڵگری داواکارییەکە پیاوێک بوو بەناوی نەورۆز عەلی، کە خزمەتگوزاری سەید کازمی ڕەشتی بوو. نامەیەکی دوور و درێژ لە وەڵامی داواکارییەکە، بە نەورۆز عەلیدا ڕەوانەی کازمییە کرا و سەید عەلی بیشر و هاوڕێکانی وەریان گرت و باوکی نووسەر، واتە شێخ محەمەد شبل لەگەڵ خۆشەویستە پابەندەکان، لە بەغداوە هاتن و

پێکەوە کۆ بوونەوە، کە نزیکەی حەفتا کەس دەبوون و بەئاشکرا وەڵامی نامە پیرۆزەکەیان خوێندەوە و ڕوونکردنەوەی پیرۆز و ئایەتی ڕوونی تێدا هاتبوو، تا ئەوەی ڕوونکردنەوەکە گەیشتە ئەو وتەیەی باسی خراپەی کەسی ڕاڕا دەکا بەڵام سەبارەت بەو ژنەی ڕۆحی خۆی پاکژ کردووە و وشە کاری تێ کردووە کە کاروبارەکانی بۆ هەڵدەسووڕێن، ئەوە ژنێکی ڕاستگۆ و زانایەکی پاکە، بڕیارەکانی پاکن، چونکە لە کەسانی تر زیاتر ئاگەداری کاروبارەکانە، لەبەرئەوەی تۆ ناتوانیت زانیاری لەسەر ڕاستییەکانی ئەو بەدەست بهێنی) تا کۆتاییی نامەکە. کاتێ ئەوانەی پابەند بوون بە ڕێبازەکەوە، گوێیان لێ بوو، خۆشحاڵ بوون و ستایشی خوایان کرد بۆ ئەو بەرچاوڕوونییەی بۆی ڕەخساندن و ڕاڕاکانیش هەڵگەڕانەوە و دەستیان لە بڕوای خۆیان هەڵگرت، چونکە نوێکردنەوەی سنوورەکان، بەلایانەوە ئەستەم بوو...)[١٦]

ئەم نامەیەی لە بابەوە گەیشتە کازمییە، وەکو سرووش وابوو، سەبارەت بەقوڕەتولعەین و بەرزیی پێگەکەی و تێیدا نازناوێکی نوێی بۆ دیاری کرابوو، کە ئەویش (الطاهرة) بوو، ئیدی لەوە بەدواوە بەو نازناوە، لەنێو بابییەکاندا دەناسرا و دواتر کاریگەریی هەبوو، هەروەکو لەمەودوا باسی دەکەین.

### دەرکردنی لە عێراق:

کاتێ هەواڵی گرتنی قوڕەتولعەین لە بەغدا، گەیشتە قەزوین، مامەی و مەلا محەمەد تەقیی بورغانیی خەزووری مشوریان خوارد، بۆ دەسەڵاتدارێک لە کەربەلا نامەی نارد، بۆ ئەوەی لای حکوومەت هەوڵی بۆ بدا، تاوەکو بەرەڵای بکەن. ئەم پیاوە بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ، بۆ ئەوەی هەوڵی بۆ بدا، دواتر نامەی بۆ مەلا محەمەد تەقی نارد و ئەنجامی هەوڵەکانی خۆی تێدا باس کرد. پوختەیەک لە دەقی ئەو نامەیە کە شێخ عەبود ساڵحی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بڵاو دەکەینەوە، کە تێیدا قسەکانی ئاراستەی مەلا محەمەد تەقی دەکا (گەورەم.. چووم بۆ ماڵی سەید مەحموود ئالووسی ئەفەندیی

(١٦) ئاغا محەمەد مستەفا بەغدایی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل١٠٩-١١٠.

موفتیی بەغدا، لەوێ سێ ژن و کەنیزێکی لەگەڵدا بوو. بەڕێز موفتیی بەغدا داوای لێ کردم باسی بکەم. گوتم قورەتولعەین ژنێکی پۆشتەیە، گەلێ خواپەرستە، بەڵام ئەهریمەن هەندێ شتی خراپی هێنا بەدڵیدا و توانی بەسەر بیر و هۆشیدا زاڵ بێت و ئەو ژینگە ئاینییەی کە تێیدا دەژیان کاریگەری گەورەی لەسەر هەموو ئەوانە هەبوو، چونکە لە ئامێزی خواپەرستی و لە خانەی زانست و پەرستندا دەژیا. هەروەها بەڕێز موفتی سەبارەت بەمێژووی ژیانی باوکی پرسیاری لێ کردم، گوتم: ئەمڕۆ ئەو تاکە پیاوی ئێرانە لە زانست و خواپەرستیدا. قسەکانم کاریگەرییان لەسەر موفتی هەبوو، پێی گوتم: داوا لە بەڕێز پاشا دەکەم ڕزگاری بکا و داوای لێبووردنی لێ بکەن، بەهۆی ئەوشتانەی بۆیان هەڵبەستووە و ڕێگەی پێ بدرێ بچێتەوە ناو کەسوکاری خۆی. ئێستا لە ماڵی بەڕێز موفتیدا ڕێزی لێ دەگیرێ و من ئەمڕۆ کە ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی هەشتەمی مانگی (ربيع الثاني)یە، دەچم بۆ بەغدا، لە پێناوی هەوڵدانی جیدی بۆ ڕزگارکردنی، کە مەلا حەسەنی گەوهەر دڵی شکاندووە.. هەروەها پیاوماقووڵان و زانایانی بەغدا، هەر هەموویان گەلێ ڕێزی لێ دەگرن، ئەو شتانەی بە تۆیان ڕاگەیاندووە، هەمووی هەڵبەستراوە و دروست کراون. بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، ئەم نامەیەم نووسی. بەخواستی خوا، هەرچۆنێک بێت دەیبەم بۆ ماڵە تایبەتەکەی خۆم و لەوە دڵنیا بە، کە لەگەڵ بەڕێزدا ڕەوانەی لای بەڕێزتانی دەکەم)[١٧]

دواتر هەواڵی بەردانی قورەتولعەین و دەرکردنی لە عێراق گەیشتە ئەستەنبۆڵ، سی کەس لە هەوادارانی لەگەڵیدا هاوگەشت بوون، لەوانە: شێخ محەمەد شبل، ئاغا محەمەد مستەفای کوڕی کە تەمەنی دە ساڵ بوو، شێخ ساڵحی کەریماوی، شێخ سوڵتانی کەربەلایی، سەید ئەحمەدی یەزدی، سەید موحسینی شیعربافی کازمی، مەلا ئیبراهیمی مەحەلاتی، حاجی محەمەدی کەرادی، سەعدی جەباوی، عەبدولهادی زوهەیراوی، حەسەنی حیللاوی، دەروێشی مەکویی و... هتد.

---

(١٧) عەبوود ساڵحی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل٤٥-٤٧.

### قورەتولعەین لە کرماشان:

لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا، قورەتولعەین لە بەغدا دەرچوو، لە کاتێکدا ئەو ژنانەی لەگەڵیدا لە کەژاوەدا بوون، پیاوانیش بەسەر ئەسپەوە بوون. دوای گەشتێکی دوور و درێژ گەیشتنە کرماشان، ئاغا محەمەد مستەفا لە نامە کورتەکەیدا، بەچڕوپڕی باسی ئەو بەزمە دەکا، کە قورەتولعەین لەو شارەدا نایەوە، ئێستا بەکورتی باسی ئەو ڕووداوەتان بۆ دەکەین. کاتێ قورەتولعەین گەیشتە کرماشان، فرمانی دا، لە سێ ماڵدا دابەزن، یەکێکیانی بۆ خۆی و ئەو ژنانە و هەندێ لەو زانایانەی لەگەڵیدا بوون تەرخان کرد و ماڵی دووەمی بۆ هەمــوو هەوادارانی و ســێــیــەمــیــشی بۆ کــۆبوونەوەی خــەڵکی و بانگهێشتنکردنیان بۆ ڕێبازەکە، دیاری کرد. ڕۆژی دوای گەیشتنی، داوای کرد دەرگەی سێیەم ماڵ بکرێتەوە، گەورە پیاوان و ئەمیران و ئاغا کان و بازرگانانی شارەکە ئامادە بوون، لەبەر زۆریی ژمارەیان، لەو گۆڕەپانە گەورەیەدا، جێگەیان نەدەبووەوە. شێخ ساڵحی کەریماوی هەستا و بەعەرەبی سوورەتی کەوسەری بۆ ڕاڤە دەکردن، شێخ محەمەدی شبل و مەلا ئیبراهیمی مەحەلاتی و شێخ سوڵتانی کەربەلایی لای ڕاستییەوە وەستا بوون و قسەکانیان وەردەگێڕایە سەر زمانی فارسی.

ئەم نیارە هەموو شارەکەی هەژاند و تا دەهات دەوری ماڵەکەی زیاتر قەرەباڵغ دەبوو، تا وای لێ هات خەڵکی تەنگیان بە کۆڵانەکان هەڵچنیبوو، ژنان بەڕۆژ دەهاتن و ئایەتی نوێ و ڕازەکانی بۆ دەخوێندنەوە و ئێواران هەندێ لە زانایان و ئەمیران دەهاتن بۆ لای و لە پشتی پەردەوە گوێیان لە وتارەکانی دەگرت و بەسەرسامییەوە دەچوونە دەرەوە و هەندێکیانی بۆ ڕێبازەکەی ڕادەکێشا. ڕۆژانە لە خەڵک و لە زانایانەوە پرسیاری ئاراستە دەکرا و ئەویش بەپەلە وەڵامی دەدانەوە.

پیاوە ئاینییە توندڕۆکان بەرگەی ئەو دۆخەیان نەدەگرت و پێی قەڵس بوون، سەبارەت بەوە لەگەڵ گەورەکەیان ئاغا عەبدوڵا بەهەبەهانیدا قسەیان دەکرد و

داوایان لێ کرد وەڵامی قورەتولعەین بداتەوە و بەجۆرێ وەڵامی ئەو نیارانە بداتەوە کە دەیانوروژێنێ و دەمکوتی بکا. بەهبەهانی سەردانی ئەمیری شارەکەی کرد و داوای لێ کرد قورەتولعەین و هاوڕێکانی لە شارەکە دەربکا و فەرمانڕەواکە، قورەتولعەینی بانگهێشتن کرد بۆ کۆشکەکەی، بە هاوڕێیەتیی شێخ سوڵتانی کەربەلایی و مەلا ئیبراهیمی مەحەلاتی و چەند ژنێک لە داروەستەکەی چاوی پێی کەوت و ئەمیر کەوتە قسەکردن لەگەڵیدا و باسی سکاڵای زانایانی کرد لە دەستی، کە خوازیاری ئەوەن بزانن منەی چ مەبەستێک دەکا، قورەتولعەین وەڵامی دایەوە: مەبەست مژدەی پەیدابوونی مەهدییە، بەڵگەیشی ئەو نیشانانە بوو، کە ئاماژەی پێیان کرد. ئاغا عەبدوڵا بەهبەهانی کە ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو، داوای لێ کرد جگە لەو نیشانانە، بەڵگەیەک بهێنێتەوە، ئەویش وەڵامی دایەوە و داوای نەفرینکردنی کرد، کە هەموویان پێکەوە لە شوێنێکدا کۆ ببنەوە، ئەمیر دەستنیشانی بکا و دواتر نەفرین لە درۆزنان بکەن، بۆ ئەوەی لە جێگەی خۆیاندا بمرن.

ئەمیر زۆری پێ خۆش بوو، داوای لە بەهبەهانی کرد کاتێک بۆ ئەو نەفرەت لێکردنە دیاری بکا، بەڵام بەهبەهانی داوای لێبووردنی لێ کرد بەوەی ناساغە و هەر کاتێ چاک بووەوە، ئامادەی ئەو نەفرەت لێکردنە دەبێت، دواتر شاری بەجێ هێشت و لە باخێک لە دەرەوەی شار خۆی قایم کرد.

بەهبەهانی نامەیەکی بۆ مامی قورەتولعەین لە قەزوین نارد و لە کاری برازاکەی لە کرماشان ئاگەداری کردەوە، سەبارەت بە خستنەڕووی نیاری باب و هەڵوەشاندنەوەی شەریعەت، دوای پازدە ڕۆژ، چوار پیاو لە خزمانی قورەتولعەین گەیشتنە کرماشان، لەگەڵ فەرماندەی سوپا سەرتیپ سەفەر عەلی ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی بەزۆر قورەتولعەین بنێرنەوە. سپێدەی ڕۆژی دواتر، سەربازەکان دەوری هەرسێ ماڵەکەیان گرت، کە قورەتولعەین و هاوڕێکانی تێدا بوون، شتومەکەکانیان دەرهێنا و لە ولاغ باریان کرد، کە پێشتر ئامادەیان کردبوون، قورەتولعەین بەجلی پۆشتەوە بۆیان هاتە دەرەوە و قیژاندی بەسەریاندا (باب دەرکەوتووە، هەی دەبەنگەکان، خوای میهرەبان

دەرکەوت و ئێوە مردوون) بوو بەهەڵا و دواتر دەستدرێژی کرایە سەر شێخ ساڵحی کەریماوی و شێخ سوڵتانی کەربەلایی و مەلا ئیبراهیمی مەحەلاتی.[١٨]

### قورەتولعەین لە هەمەدان:

قورەتولعەین لەگەڵ یارانیدا ڕوویان لە هەمەدان کرد. زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە لە شێخان بوون، کاتێ هەواڵی هاتنی قورەتولعەینیان بیست، خۆیان بۆ پێشوازیکردن و ئاهەنگگێڕان ئامادە کرد، لەبەرئەوەی ئەویش وەکو ئەوان، سەر بە شێخان بوو. قورەتولعەین ماوەی نۆ ڕۆژ لە هەمەدان مایەوە و لەو ماوەیە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕێبازە نوێیەکەی دەدا، ژمارەیەک لە پیاو و لە ژن کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە.

دوو پیاوی ئاینیی جوولەکە، بەناوی مەلا ئەلیاهوو و مەلا لالازار، لەوانە بوون، کە کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو ژنەوە. قورەتولعەین چەند ئایەت لە تەورات و کتێبی پێغەمبەرانی بۆ خوێندنەوە، کە ئاماژە بەپەیدابوونی باب دەکەن، لە زانیاریی ئەو ژنە سەریان سووڕما، لەسەر کتێبە پیرۆزەکان و کاتێ پرسیاریان ئاراستە دەکرد لەو ڕووەوە، بەجۆرێ وەڵامی دەدانەوە بڕوای پێ بکەن. ئەمەیش یەکەمین توخمی بڵاوبوونەوەی ڕێبازی بابییە بوو لەناو جوولەکەکاندا.[١٩]

قورەتولعەین ویستی گەورە زانای هەمەدان، بۆلای خۆی ڕابکێشێ، بۆیە نامەیەکی بە مەلا ئیبراهیمی مەحەلاتیدا بۆ نارد، تێیدا داوای لێ کردبوو، بڕوا بە دەرکەوتنی باب بهێنێ و بە ئایەت و حەدیسی ڕاست، ئەوەی بۆ بسەلمێنێ. کاتێ مەلا ئیبراهیم گەیشتە کۆڕی ئەو زانایە و نامەکەی پێ دا، پیاوە هەڵچوو و قسەی زۆری پێ گوت، مەلا ئیبراهیم بەزمانی ئامۆژگاری وەڵامی دایەوە. (بۆ زانایان و هزرمەندان نەهاتووە، لە بەرامبەر بەڵگەدا،

(١٨) ئاغا محەمەد مستەفا بەغدایی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل ١١١-١١٤.

(١٩) عەبدولحوسێن ئاوارە، (سەرچاوەی پێشوو)، ل ١٩٧-٢٠١.

زمانی ناشیرین بەکار ببەن)، زاناکە لە دەستی پەست بوو، فەرمانی دا لێی بدەن و سووکایەتیی پێ بکەن، قوتابییەکانی پەلاماریان دا و باش کوتایان و پەلیان گرت و لە ماڵەکە کردیانە دەرەوە. خەڵکی هەڵیان گرت و بردیان بۆ ماڵی قورەتولعەین، کاتێ بەو حاڵە بینی، خۆشحاڵیی دەربڕی و پێی گوت (تۆ بەختیاری و سڵاوی خوات لێ بێت، بەوەی خۆت کرد بە قوربانی لە پێناوی سەرخستنی وشەی خوا) دواتر داوای لە هاوڕێکانی کرد چارەسەری بکەن و ماوەی حەوت ڕۆژ لە جێگەدا کەوت، تاوەکو چاک بووەوە.[٢٠]

### قورەتولعەین مێردەکەی بەجێ دەهێڵێ:

قورەتولعەین هەمەدانی بەمەبەستی زێدی خۆی و شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانەکەی لە قەزوین بەجێ هێشت. کاتێ گەیشتە ئەوێ لە ماڵی باوکی دابەزی و نەڕۆیشت بۆ ماڵی مەلا محەمەدی مێردی. مێردەکەی چەند ژنێکی نارد بە دوایدا، بۆ ڕازیکردنی بە گەڕانەوە بۆ لای، بەڵام ئەو بەتوندی ئەوەی ڕەت کردەوە و بە ژنەکانی گوت (بەو بێ عەقڵە لەخۆباییە بڵێن، ئەگەر بەڕاستی بتویستایە هاوڕێ و مێردم بوویتایە، ئەوا خۆت دەهاتی بۆ کەربەلا، بەمەبەستی بینینم و بە پێی خۆت دەهاتی بۆ ئەوەی پاسەوانیی خۆم و کەژاوەکەم بکەی بە درێژاییی ڕێگەی قەزوین) ئەوسا من لەمیانەی گەشتەکەدا، دەمتوانی ئاگەداری بکەمەوە، لە خەوی بێ ئاگایی و ڕێگەی ڕاستی پێشان بدەم. بەڵام ئەو توانای ئەوەی نەبوو و ماوەی سێ ساڵ بەسەر دابڕانمان ڕەت دەبێت. ئیتر ئەو ناتوانێت لەم دنیا و لەو دنیادا، لەگەڵ مندا کۆ ببێتەوە و بۆ هەتاهەتایە لە ژیانی خۆمدا دەرم کردووە)[٢١]

ئەو کارەی قورتولعەین پێی هەستابوو، کە بەپێچەوانەی شەرع و داوونەریتی باوەوە، مێردەکەی بەجێ هێشتبوو، وەکو چەکێک وابوو بەدەستی دوژمنەکانیەوە، ڕەخنەی توندیان ئاراستە دەکرد و تۆمەتیان دەخستە پاڵی.

(٢٠) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٢١٨-٢١٩.

(٢١) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٢١٨-٢١٩.

یەکێک لە نووسەرە بەهاییەکان ویستوویەتی پاساو بۆ ئەم کارە بهێنێتەوە، دەڵێ (ئاشکرایە ژنێکی وەکو قورەتولعەین لە زانست و هزردا، بەسەر پیاواندا زاڵ بووە و ڕۆحی شیرینی بڕوای چێشتووە و گوێگرانی خۆی بەزمانە زوڵاڵەکەی شەیدا کردووە، هەرگیز ڕازی نابێت وەکو ژنانی تر لە ماڵی مێردی سەرکوتکەردا بمێنێتەوە و تا ڕەخنە لە هەموو کار و کردەوە و ڕەفتارەکانی بگرێ و بخرێتە کونجی ماڵەوە و خۆی سەرقاڵی کاروباری سادەی ناوماڵ و خۆی دیلی دەستی کەسێک لە شێوەی ئامۆزاکەی بکا، بۆیە ئامادە نەبوو مل بەو داواکارییە بدا و ڕەتی کردەوە، ئەوسا جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە و منداڵەکانی خۆی بەجێ هێشت).[٢٢]

### کوژرانی مەلا محەمەد تەقی:

ئەو بڕیارە بنجبڕەی قورەتولعەین، سەبارەت بە بەجێهێشتنی مێردەکەی هۆیەک بوو بۆ دروستبوونی دوژمنایەتییەکی توند لە نێوان ئەو و مەلا محەمەدی خەزووریدا کە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، گەورەزانی قەزوین بوو. باوکی قورەتولعەین ویستی نێوان کچەکەی و براکەی چاک بکا، بەڵام سەرنەکەوت و ناچار بوو پاشەکشێ بکا و کارەکان بەدەستی چارەنووسەوە بدا.

دوای هەر نوێژێک مەلا محەمەد دەچووە سەر مینبەر و جنێو و نەفرەتی بۆ شێخ ئەحمەدی ئەحسایی و سەید کازمی ڕەشتی و هەوادارانیان لە بابییەکان و لە غەیری ئەوان دەنارد. لەسەر ئەوە بەزم لەناو خەڵکیدا دروست بوو و منەی هەموو شێخان و بابییەکانیان دەکرد و دەستدرێژییان دەکردە سەریان. لەم بارەوە دەگێڕنەوە، یەکێک لە شێخان لەو سەردەمە، چاوقایمیی کرد و بەڕاشکاوی ستایشی ئەحسایی و ڕەشتیی کرد و بەباشی باسی کردن و کاتێ مەلا محەمەد بەمەی زانی بەکافری دانا و فرمانی دەرکردنی لە شار دا، خەڵک لێی کۆ بوونەوە و مێزەرەکەیان لە سەری لابرد و دواتر لە ملیان

---

(٢٢) عەبدولحوسێن ئاوارە، (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٢٠٣-٢٠٤.

ئالأند و بە پێی پەتی بەڕێگەکانی شاردا ڕایان دەکێشا و پیایاندا دەکێشا و جنێویان پێ دەدا.(٢٣)

لە پیاوێک کە ناوی مەلا جەلیلی ئەرومی بوو، دەگێڕنەوە کە شار بەشار دەگەڕا و مژدەی هاتنی بابی ڕادەگەیاند و کاتێ بە قەزویندا ڕەت بوو و مەلا محەمەد پێی زانی، فەرمانی دا بە قوتابییەکان و ئەوانیش گرتیان و هێنایان بۆ ماڵەکەی، دواتر فرمانی دا فەلاقەی بکەن.(٢٤)

ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێ نەپەڕی، تا پیاوێکی نەناسراو هەڵی کوتایە سەر مەلا محەمەد، لە کاتێکدا لە مزگەوت نوێژی بەیانیی دەکرد، چەندین خەنجەری لێ دا و کوشتی.(٢٥)

بەهۆی کوشتنیەوە، شار شڵەژا و مەلا محەمەدی کوڕی چوو بۆ سەراو جلی لەبەر خۆی دڕی، لە کاتێکدا دەگریا و هاواری دەکرد و بەزمێکی لەناو خەڵکیدا نایەوە و ئاگری ئاژاوەی بەرپا کرد و ژیانی شێخان و بابییەکان کەوتە مەترسییەوە.(٢٦)

ئەوەی لەم بارەوە سەرنج ڕادەکێشێ، ئەوەیە کە قورەتولعەین چەند ڕۆژێک بەر لە مردنی مامی، داوای لە هاوەڵانی کرد قەزوین بەجێ بهێڵێن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان و پێیانی گوت: (دەبێ بەلەرزەیەک ڕوو بدات، قەزوین بلەرزێنێ و خوێنی هەمووتان برژێت و خوا لە داهاتوودا، چاکە دەهێنێتە ڕێگەتان...) بەڵام دوو کەس لە یارانی خۆی کە شێخ سالحی کەریماوی و مەلا ئیبراهیمی مەحەلاتی جیا کردەوە و پێیانی گوت کاتی شەهیدبوونیان هاتووە.(٢٧)

پێشبینییەکەی قورەتولعەین بەدی هات، شێخ سالحی کەریماوی یەکێک

(٢٣) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل٢٢٠.

(٢٤) عەبدولحوسێن ئاوارە، (سەرچاوەی پێشوو)، ل٢٠٥–٢٠٦

(٢٥) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل٢٢٠.

(٢٦) عەبدولحوسێن ئاوارە، (سەرچاوەی پێشوو)، ل٢٠٨.

(٢٧) ئاغا محەمەد مستەفا بەغدایی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل١١٨–١١٩.

بوو لەوانەی هەر لە سەرەتاوە، بەکوشتنی مەلا محەمەد تەقی تاوانبار کرا و ڕاپێچی تاران کرا و لە گۆڕەپانی ناوەڕاستی شاردا کوژرا و ئەو یەکەمین کەس بوو، لە ئێران لە پێناوی ئەو ڕێبازە نوێیەدا خوێنی ڕژا. دواتر ئاژاوەگێڕان لە قەزوین پەلاماری چەند تاوانبارێکی تریان دا، مەلا ئیبراهیمی مەحەلاتی یەکێکیان بوو، پارچە پارچەیان کردن. [٢٨]

بەڵام قورەتولعەین لە حەوشەی سەرای فەرمانڕەوا، لەژێر چاودێرییەکی توندا، زیندانی کرا و ماوەیەک مایەوە، بەڵام توانی نامەیەک بۆ میرزا حوسێن عەلی نووری لە تاران بنێرێ و داوای یارمەتیی لێ بکا،[٢٩] ئەم پیاوە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بوو، لە سەرەتاوە هاتبووە سەر ڕێبازی بابییە و باب نازناوی (بهاءاللّه)ی پێ دابوو. ئەویش توانی کەسێک بنێرێ بۆ ئەوەی قورەتولعەین لە قەزوین دەربکا و بیبا بۆ تاران و لە ماڵەکەی خۆیدا شاردییەوە. قورەتولعەین بە نهێنی لە ماڵی (بهاءاللّه)دا مایەوە، تا ئەوەی بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرەی بدەشت لە نزیکی خۆراسان درا، ئەویش بەمەبەستی بەشداریکردن تێیدا بەرەو ئەوێ ڕۆیشت.

### کۆنگرەی بدەشت:

بدەشت شوێنێکی پڕ باخ و باخاتە و دەکەوێتە سەر ڕووباری شاروود لە نێوان مازندەران و خۆراسان. دوا بەدوای گیرانی باب لەلایەن حکوومەتەوە لە قەڵای ماکۆ، بابییەکان بڕیاریان دا کۆنگرەیەک ببەستن و بۆیە ئەو شوێنەیان هەڵبژارد چونکە دوور بوو لە قەرەباڵغیی خەڵک و مشەخۆران. مەبەست لە بەستنی کۆنگرە، باس و خواس بوو لەسەر دوو نیار، یەکەمیان چۆن باب لە گرتیگە ڕزگار بکەن، دووەم ئاخۆ ڕێنوێنییەکانی شەریعەتی ئیسلامی هەڵبوەشێنرێنەوە، یان وەکو خۆیان بمێننەوە. کۆنگرەکە لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٤٨ی زایندا بەسترا و سەردانی بابی لە سەرانسەری ناوچەکانی ئێران

---

(٢٨) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٢٢٢-٢٢٤.

(٢٩) عومەر ڕەزا کەحالە (أعلام النساء)، دیمەشق، ١٩٥٩ب٤، ل١٩٧-١٩٨.

بەشدارییان تێدا کرد و ژمارەیان بە قورەتولعەین و بە هائولاوە گەیشتە ٨١ کەس، تەنیا بابولباب، واتە مەلا حوسێنی بەشرویی نەبێت، کە بەهۆی سەرقاڵبوونی بەکارێکی ترەوە، لە خۆراسان، بەشداریی لە کۆنگرەکەدا نەکرد.

دیارە کۆنگرەی بدەشت گەلێک گرینگە، چونکە دوو سەردەمی مێژووی ڕێبازی بابییە، لە یەکدی جیا دەکاتەوە. ئەم ڕێبازە بەر لە کۆنگرەی بدەشت، بەبەشێک لە شێخان دادەنرا و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵیدا نەبوو، بەڵام دوای کۆنگرە، ڕێبازی بابییە بوو بە تاقمێکی سەربەخۆ، واتە بوو بەئاینێکی نوێ. دیارە بەشدارانی کۆنگرە، هێندەی بایەخیان بەنیاری دووەم دا، هێندە بایەخیان بەڕزگارکردنی باب نەدا، ئاخۆ شەریعەتی ئیسلامی هەڵدەوەشێتەوە، یان وەکو خۆی دەمێنێتەوە. بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان هەر لە سەرەتای کۆنگرەکەوە، بوون بە دوو تاقمی جیاوازەوە: یەکێکیان هەڵوەشاندنەوەی شەریعەتی پێ باش بوو، ئەوی تریان مانەوەی بەباش دەزانی.

قورەتولعەین لە سەرووی ئەوانەوە بوو کە داوای هەڵوەشاندنەوەی شەریعەتیان دەکرد و پێی وابوو پێگەی باب لە پێگەی هەموو پێغەمبەرەکانی پێش خۆی بەرزتر و مافی ئەوەی هەیە برگە و ڕێنوێنییە ئیسلامییە کۆنەکان بگۆڕێ و لە شوێنیان ڕێنوێنیی نوێ دابنێت، بەڵام محەمەد عەلی بارفرۆشی لەسەرووی ناحەزانی ئەم بۆچوونە بوو، کە گەنجێک بوو هاوگەشتی باب بوو، بۆ حەج و باب نازناوی (قدووس)ی پێ دا و لەناو بابییەکاندا پێگەیەکی بەرزی هەبوو، تەنانەت هەندێکیان لە ڕیزی مەلا حوسێنی بەشروییان دادەنا. ئەم قدووسە دژایەتیی قورەتولعەینی دەکرد و ژمارەیەکی زۆر لە بابییەکان دوای کەوتن و پێی وابوو باب تەنیا شەریعەتی ئیسلامی ڕادەگەیەنێ و هەوڵی پوختەکردنی دەدا لەو گەندەڵی و بیدعانەی کراوە، بۆیە دەبێ وەکو خۆی بمێنێتەوە.[٣٠] لە کاتێکدا جیاوازیی نێوان قورەتولعەین و قودووس لە کۆنگرەیەکدا توندتر دەبوو، بەهائولا بێدەنگ بوو، دیار بوو هەڵوێستی

(٣٠) عەبدولحوسێن ئاوارە، (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٢١-٢٢١.

بێلایەنی لە نێوان ئەو دوو تاقمە وەرگرتبوو و چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد تا بزانێ ڕۆژان چییان لە دوایە. قورەتولعەین سوور بوو لەسەر داکۆکیکردن لە ڕا و بۆچوونی خۆی و بێ وچان هەوڵی دەدا خەڵکەکە بۆ ناوی ڕابکێشێت. ئەو بەباشی دەیزانی ئەگەر بۆ چوونەکەی سەربگرێت، ئەوا زۆربەی هەوادارانی بابییە، لەو ڕێبازە دەتەکینەوە، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر ڕا و بۆچوونی خۆی، ڕای گەیاند (هەر دەبێ ئەم کارە سەربگرێ و ئەم باسە بەرگوێی هەمووان دەکەوێ، کەواتە تا پەلە بکەین لەسەر ڕوونکردنەوەی لایەنە تەمومژاوییەکان، ئەوە باشتر و بەسوودتر دەبوو بۆ نیارەکە و بۆ ئەو کارەی ئەنجامی دەدەین، تاوەکو هەرکەسێ لاوازە و بەرگەی نوێبوونەوە ناگرێ، لە ئێمە جیا ببێتەوە و تەنیا ئەوانە لەگەڵماندا بمێننەوە کە دڵسۆز و بەهێزن و لە پێناوی ئەم ڕێگە ڕاست و نوێیەدا خۆیان بەخت دەکەن).[٣١]

دواتر قورەتولعەین بڕیاری دا دەست بداتە کارێک تا کۆتا بەو مشتومڕە بهێنێ، کە لە نێوان خەڵکیدا گەورە بووبووەوە. ڕۆژێکیان کە قودووس زۆربەی خەڵکەکە، لە خێوەتەکەی بەهائوڵادا کۆ بووبوونەوە، لە پڕ قورەتولعەین بێ پێچەوانە و بەئارایشتەوە، خۆی پێدا کرد، ئەمەیش بەپێچەوانەی نەریتی خۆی بوو، کە پێشتر وەکو ژنانی تری سەردەمی خۆی، بەباشی خۆی پۆشتە دەکرد، هەروەکو بڵێی بەو کارەی دەیویست یەکێک لە ڕێنوێنی و بڕگەکانی شەرع هەڵبوەشێنێتەوە، ئەویش نەکردنی ئارایشت بوو، بەپێی قورئان.

ئەم ڕەفتارەی قورەتولعەین خەڵکەکەی سەرسام کرد. نووسەری کتێبی (مطالع الأنوار) لە وەسفکردنی ئەو ڕووداوەدا دەڵێ (خەڵکەکە واقیان وڕما و بەسەرسامییەوە بەرامبەر ئەم دیمەنە چاوەڕواننەکراوە وەستان. وایان دەزانی بینینی بەناپۆشتەیی کارێکی مەحاڵە و سەیرکردنی بەژن و باڵای کارێکی ناڕەوایە، چونکە لە بەرچاوی ئەوان وەکو فاتیمەی زەهرا و سومبولی پاکی بوو).[٣٢]

---

(٣١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٢٠-٢٢١

(٣٢) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل٢٣٤.

هەندێکیان ویستیان دەموچاوی خۆیان بەدەستیان داپۆشن و ئەوانی تر سەریان خستە ژێر کەواکانیانەوە. بۆ ئەوەی چاویان بەقورەتولعەین نەکەوێ و یەکێکیان خۆی بۆ نەگیرا و بە چەقۆ لە ملی خۆی دا و لە کۆڕەکە چووە دەرەوە، لە کاتێکدا خوێنی لێ دەهات و هاواری دەکرد و تاقمێکی تریش دوای کەوتن و چوونە دەرەوە و نەگەڕانەوە و لە ڕێبازەکە جیابوونەوە و گەڕانەوە سەر بیروباوەڕی کۆنی خۆیان. بەڵام ئەوانەی خۆیان گرت، بەبێ جووڵە وەستان و واقیان لەو دیاردەیە ورمابوو، نەیاندەزانی چی بکەن. قودووس بەتووڕەییەوە شمشێرەکەی هەڵکێشا، هەروەکو بڵێی بیەوێ پەلاماری قورەتولعەین بدات و بیکوژێ. قورەتولعەین بێباک بوو و شمشێرەکەی قودووس نەیترساند بگرە هەستایە سەرپێ و بێباکانە وتارێکی ڕوون و ڕەوانی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە. نووسەری کتێبی (مطالع الأنوار) دەڵێ کە ڕاوەستا لە خۆشیی سەرکەوتندا ڕوومەتی سوور هەڵگەڕابوو و بەشێوەیەکی سەرزارەکی و بەشێوازی قورئان وتاربێژیی کرد، دواتر گوتی (من ئەو وشەیەم کە بەزاری بابدا دێت، کە گەورە پیاوانی سەرزەوی و خانەدانەکانی لەبەری هەڵدێن)، بەسەرزەنشتکردنەوە، ڕووی کردە قودووس کە بۆچی پەیڕەویی ناکا، دواتر وتەکەی ئاراستەی هەمووان کرد و داوای لێ کردن بەم بۆنە خۆشەوە ئاهەنگ بگێڕن و گوتی (ئەمڕۆ ڕۆژی جەژن و شادیی هەمووانە، ئەو ڕۆژەیە کە لە کۆت و بەندی ڕابردوو ڕەها دەبێت. با هەریەکەتان هەستێ و دەست لە ملی هاوڕێکەی خۆی بکا).(٣٣)

ناحەزانی بابییە، ئەم هەڵوێستە بوێرانەی قورەتولعەین، بەپێی گێڕانەوەی (مطالع الأنوار)، بەجۆرێکی تر دەگێڕنەوە. نووسەری کتێبی (مفاتح باب الأنوار) وا دەگێڕێتەوە، کە قورەتولعەین چووە سەر سەکۆ و بەم شێوەیە وتاربێژیی کرد: (ئەی دۆستان و نەیاران گوێ بگرن و ئەوە بزانن کە ڕێنوێنی و بڕگەکانی شەرعی محەمەدی، بەهۆی پەیدابوونی بابەوە، هەڵوەشاونەتەوە و ڕێنوێنی و بڕگەکانی شەرعی نوێی بابمان پێ نەگەیشتووە و ئەو کارانەی

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٣٢–٢٣٥.

وەکـو ڕۆژوو و نوێـژ و زەکـات و هـەمـوو ئەو شـتــانەی مـحـەمـەد هێنای، هـەر هـەمـوویان هـەڵوەشـاوە و کاری پووچن، لـەمەودوا کـەس ئەنجـامـیـان نادا، تەنیـا کەسـانی نەفـام و نەزان نەبێت، سـەروەرمـان باب وڵات و بەندەکان دەخـاتە ژێر دەستی خـۆیەوە و هـەموو ئـەو حەوت هـەرێمـە کۆنتـرۆڵ دەکا و هـەموو ئـاینـەکان یەک دەخـا و تەنیـا یـەک ئاین دەمـێنێتـەوە، کـە ئـەویش ئـاینـە ڕەواکـە و شـەرعـە نوێیـەکەی خـۆیەتی، کـە تا ئێستـا شـتێکی کەمـیـان بەدەست گەیشتـووە. بۆیە پێتان ڕادەگەیەنم و وتەکەم ڕاستە: لەمەودوا ئەرکتان لەسـەر شان نییە و هیچ شـتێکتـان لێ قـەدەغـە نـاکرێ و ئێسـتـا ئێـمـە لە قـۆناخی خـاوبوونەوەداین، لە یەک ژنیــیــەوە بگوێزنەوە بـۆ فــرەژنی و ئـەم پەرژینـە لـە نێــوان خــۆتان و ژنەکانتاندا بڕووخێنن، ڕێگەیان پێ بدەن لە کارەکانتاندا هـاوکاریتان بکەن، با هـاوبەشــتــان بن، ئەوان گـوڵی ئەم دنیــایەن و گـوڵیش دەبێ بکرێتـەوە و بۆن بکرێ، چونکە بۆ ئەوە دروست بوون بۆن بکرێـن و لە ئامێز بگیـرێن و نابێ ئەو بۆن و بـەرامـەیـەی تەنیـا بۆ کـەسـێک بێت، گـوڵ دەکـەنرێ و بۆن دەکـرێ و پێــشکێش بە هـاوەڵان دەکـرێ، بـەڵام کـەڵەکـەبوونی پـارە لای یەکـێکتــان و بێبـەریکردنی ئەوانی تر لێی، سـەرچاوەی هـەمـوو بارگرانی و نەهامـەتییـەکە، چونکە تـەنیـا بۆ کـەسـێک دروست نەکراوە کـە چێـژی لێ ببـینێ، لە کـاتێکدا کەسـانی تر ئاخی بۆ هەڵکێشن، بەڵکە مـافێکی گـشـتی و بەش نـەکراوە، بۆ هـەمـووان و بۆ دەسـبـەدەسکردن دروست بـووە، نەک بۆ قـۆرخـکردن، لە پارەدا یارمەتیی یەکتری بکەن، بۆ ئەوەی هـەژاری و نەهامـەتی لە نێوانتـاندا نەمێنێ، با دەوڵەمـەند و هـەژار یەکسـان بن، حـەڵاڵتان لـە دۆسـتـان مـەشـارنەوە، چونکە ئیـتـر هـیـچ ڕێگرییـەک نەمـاوە، چێژ لـەم دنیـایـە وەربگرن، دوای مـردن هیچ لە ئارادا نییە).[٣٤]

ئێمە ناتوانین بڕوا بە ڕاستیی ئەم وتارە بکەین، چونکە بە پێنووسی یەکێک لە ناحـەزانی نووسـراوە و سـروشـتی ناحـەزانیش وەهایە، کـە زێدەڕۆیی بکا لە گێڕانەوەی ڕاسـتییـەکان، یان لە هـەڵبـەسـتنی درۆودەلەسـە. هـەرچۆنێک بێت

(٣٤) محەمەدی مەهدی خان، (مفاتح باب الأبواب)، قاهیرە ١٣٢١هـ، ل١٨٠-١٨١.

هەمــوویان – بابیــیەکــان و دوژمنەکانیــان – لەســەر ئەوە تەبان کــە ئەو وتارە دووبەرەکییەکی توندی لە نێوان ئامـادەبوواندا دروست کرد، هـەندێکیان پشتی قـورەتولعـەینیـان گرت و ئەوانی تـر پشـتی قـودووسـیـان گـرت. کتـێبی (مطالع الأنوار) ئەم کێشمـەکێشـە توندەی نێوان بابییەکان، بەم جۆرە وەسف دەکا:

(بەشـێـوەیەکی گەورە لەناو ئەوانـەدا رووی دا کە بەهـەموو هەوڵی خۆیان ئەم ریفۆرمەیان بڵاو کردەوە. هـەندێکیان رازی نەبوون لەسـەر رووداني ئەم گۆرانە بنچـینەییـیـە و بەکـفـریان دەزانی و ئامـادە نەبوون ئـەو برگـە و رێنوێنیـیـانـە هـەڵبـــوەشــــێننەوە، کــــە بە مــــەزنیــــان دەزانی و هـەندێکی تر وتـەکــانی قـورەتولعـەینیـان بەیەکـاڵاکەرەوە دەزانی و پێـیـان وابوو، پابەندبوون پێـیانەوە، ئەرکی سـەرشـانی هەموو بروادارانە و هەندێ لەوانە رەفـتاری قورەتولعـەینیان لەگەڵ قودووسدا بەلاوە جوان نەبوو، پێیان وابوو کە ئەو نوێنەر و جێگری بابە و تەنیـا کـەسێکە مـافی ئەوەی هـەیە لەو نیـارە گـرینگانەدا بریار بدا. تاقـمێکی تر، بەوە ســەیری ئەو رووداوەیان دەکـرد، کە بڵـێی تاقـیکردنەوەیەکی خـوایی بێت، بۆ جیاکردنەوەی راستگۆیان لە درۆزنان و بروادارا لە کافران. زۆرجار قورەتولعەین گوێرایەڵیکردنی قودووسی رەت دەکردەوە و دەیگوت (من قدووس بە قـوتابیــیــەک دەزانم کــە باب بۆ لای مـنی ناردووە، بۆ ئەوەی فـێــری بکەم و پـەروەردەی بکـەم و بەچاوێکی تر ســــەیری ناکــــەم). قـــدووســــیش هـەردەم قـورەتولعـەینی بەوە تاوانبـار دەکرد، کە ئەو ئەم ئامـاژەیەی هـەڵگیرسـاندووە و پێی وابوو ئەوانەی دوای ئـەو کەوتوون، دوای هــەڵە کـەوتوون. چەند رۆژێک ئەو بارە نائاسـاییـیە لە نێوان ئەو دووانەدا بەردەوام بوو، تا ئەوەی بەهـائوڵا کـەوتە نێـوانیـانـەوە و بە شـێـوازە بەرزەکـەی خـۆی توانـی رێکیـان بخـا و ئەو برینە سـارێژ بکا، کە ئەو کێشـمـەکێشـە توندە دروسـتی کردبوو و بەوەیش هێـمـەتی هـەردوولایانی بەرەو خزمـەتکردنی بەسوود ئاراستە کرد. ئەوەی مەبەست بوو، لەم کـۆبوونەوەیەدا بـەدەست هات، چونکە ئـەو بانگەوازە نوێیــە، وەکـو نەفـخی ســوور وابـوو، هـەمــوو ئەو نەریتــە پـووچانەی لـەســەری رێک کــەوتن هـەبوو، هەڵوەشـانەوە کـە ویژدانی خەڵکی کۆت و بـەند دەکرد و بەهـەموو بوێرییـەکەوە و

بەبێ ترس ڕەوییەوە. زەوینە بۆ ڕاگەیاندنی برگە و ڕێسای نوێ خۆش بوو، کە ڕێبازە نوێیەکە هێنای. پاشماوەی خەڵکەکە بڕیاریان دا بۆ مازندەران کۆچ بکەن. قدووس لەگەڵ قورەتولعەین، لە یەک کەژاوەدا کۆچیان کرد کە بەهائوڵا بۆی ئامادە کردبوون. لە ڕێگە قورەتولعەین هۆنراوەی دەهۆنییەوە و داوای لە هاوەڵان دەکرد بەدەنگ بیخوێننەوە، لە کاتێکدا لە دوای کەژاوەکەوە دەڕۆیشتن و سروودەکانیان، لە کاتی گەشتەکەیاندا و وەکو زەنگێک وابوو بۆ نەمانی کۆن و سەرهەڵدانی ڕۆژێکی نوێ) لە چیا و دۆڵ و شیوەکاندا دەنگی دەدایەوە.[٣٥]

## ماوەی هەڵوەشاندنەوە:

هەرچۆن بوو، ڕێبازی بابییە، دوای کۆنگرەی (بدەشت) بە قۆناخێکدا ڕەت بوو، پێیان دەگوت (قۆناخی هەڵوەشاندنەوە). ئەو قۆناخە بوو کە باب تێیدا شەریعەتی کۆنی هەڵوەشاندنەوە و شەریعەتێکی نوێی لە شوێنی دانا. دیارە هەندێ لە بابییەکان ئەو ماوەیەیان قۆستەوە، ڕوویان کردە باری خۆشگوزەرانی و ڕابواردن. لە کتێبی (مطالع الأنوار)دا، سەبارەت بەم حاڵەتە هاتووە: (... لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ مازندەران، هەندێ لە یاران ویستیان ئەو ئازادییە بقۆزنەوە، کە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی شەریعەتی کۆن هاتبووە ئاراوە و پێیان وابوو، لابردنی پێچە لەلایەن قورەتولعەینەوە، ئاماژەکردن بووە بۆ بەزاندنی سنووری ڕەوشت و بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانە. ئەم سنووربەزاندنەیش مەولای تووڕە کرد و داوای لێ کردن بڵاوەی لێ بکەن. لە گوندی نیالا ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی گران بوون و بەدەستی دوژمنەکانیان زیانی گەورەیان لێ کەوت و ئەم پەرتەوازەبوونە، سزای ئەو زێدەڕۆییە بوو کە لەو تاقمە بچووکەیانەوە سەری هەڵدا، کە هەستیان بە بەرپرسییەتی لە نێوان هاوەڵە بڕوادارەکاندا نەدەکرد و نیارەکە بە پاکی و شکۆمەندی بەلایەوە پارێزرا).[٣٦]

(٣٥) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ٢٣٤–٢٣٦.

(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٣٦–٢٣٧.

نووسـەری کتێبی (مفتـاح باب الأبواب) ڕووداوەکەی گوندی نیـالا بەم جۆرە دەگێڕێتـەوە و دەڵێت: کاتێ قوڕەتولعەین لەگەڵ هاوەڵانیدا، گەیشتە ئەو گوندە، لەگەڵ قدووسدا چووە حەمام، بەمەبەستی حەوانەوە و لە ماندووبوونی گەشتەکە، (خەڵکی گوندەکە بەمەیان زانی کۆ بوونەوە و چەکیان هەڵگرت و پەلاماریان دان و تاروماریان کردن و چەند کەسێکیان لێیان کوشت و تاقمێکیان بریندار کرد و پارە و پوولیـانیان برد و هەرچی بار و سامـانیان هەبوو هەموویان بەتاڵان برد و ڕووت و قووت بەرەڵای ئەو دەشتەیان کردن...).[٣٧]

بابییـەکان و بەهاییـەکان، ئەم زانیـارییـانەی لە کتێبی (مـفتـاح باب الأبواب)دا هاتووە هەمـــووی ڕەت دەکـــەنەوە و بە درۆودەلەســـە دوژمـنانی دادەنێن. سەید کامیل عەباس کە پێشتر سکرتێری بەهاییەکان لە بەغدا بوو، بەم جۆرە باسی دەکا: قوڕەتولعەین جێگەی متمـانەی زانایان بوو و لە هەموو قۆناخـەکانی ژیانیدا، دانیـان بە پاکداوێنییـی ئەو داناوە و ئەوەی لە کتێبی (مفتاح الأبواب)دا هاتووە، هەر هەمووی هەڵبەستراو و درۆیە.[٣٨]

بەندە قـسـەم لـەگـەڵ سـەید کـامـیل عـەباسـدا کـرد و لەبارەی (قـۆناخی هەڵوەشاندنەوە) پرسیارم لێ کرد، کە ئاخۆ بۆ نموونە، ڕێساکانی مارەبڕین و تەڵاقدان دەگرێتەوە، لە وەڵامداگوتی: ئەو قۆناخە تەنیا ئەرکەکانی پەرستنی وەکـــو ڕۆژوو و نوێژ و ئەو جـــۆرە ئـەرکـانـەی گـرتـەوە، بـەڵام ڕێوشـــوێنـە مـۆرالییـەکان هیچ جـۆرە گـۆڕانێکیـان بـەسـەردا نەهات لەو مـاوەیـەدا، چونکە هەمـوو ئاینەکـان لە مـۆرالدا لێکچووی یەکـتـرن، جـیاوازی لە نێوان کـۆن و نوێیـاندا نییـە. براونی ڕۆهەڵاتناس، لە کاتی گەشتـەکەی سـاڵی ١٨٨٨ی زاین بۆ ئێران دەگێڕێتەوە، کە پیاوێکی سەربەستی سـەر بەڕێبازی بابییـەی بینیوە و باسی قـوڕەتولعـەینیـان کـردووە و باسی ئـەوەی دوژمنانی بەوە تـاوانبـاری دەکەن، کە پێـوەندییـەکی گومـان لێکراوی لەگـەڵ قـدووسـدا هـەبـووە، پیـاوەکە

(٣٧) محەمەدی مەهدی خان، (سەرچاوەی پێشوو)، ل١٨٢.

(٣٨) عەبدوڕەزاق حەسەنی، (البابیون والبهائیون في حاضرهم وماضیهم) سەیدا ١٩٥٧- ل٧٧.

بەرگریی لێ کردوون و گوتویەتی: ئەوان قورەتولعەین بە داوێنپیسی تاوانبار دەکەن، لە کاتێکدا ئەو ژنێکی داوێنپاک بوو و ڕەنگە تاوانبارکردنەکەیان بۆ ئەو سەردەمەی (قۆناخی هەڵوەشاندنەوە) بگەڕێتەوە، کە تێیدا لەگەڵ قدووسدا، وەکو ژن و مێرد هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی شەریعەتی نوێ دابەزی، ئیتر ئەو و هەموو یاران، بەتەواوی بەبڕگەکانیەوە پابەندبوون.(٣٩)

## چارەنووسی قورەتولعەین:

لە ٩ی تەمووزی ساڵی ١٨٥٠دا، لەسەر فەتوای زانایانی شاری تەبرێز، باب لەدارە درا. کوشتنەکەی بووە هۆی هەڵچوونی هەندێ لە یارانی و بڕیاریان دا شا ناسرودین لە تۆڵەیدا بکوژن. لە ١٥ی ئابی ساڵی ١٨٥٢ی زایندا، شا لە دەرەوەی کۆشکەکەی، بۆ سەر لوتکەی چیای شەمێران چووبوو، دوو پیاو لێی نزیک بوونەوە، یەکێکیان داواکارییەکی بەدەستەوە بوو و هەردووکیان هاواریان دەکرد، فریامان کەون ستەممان لێ کراوە، کاتێ شا دەستی بۆ داواکارییەکە ڕاکێشا، دووەمیان بەپەلە فیشەکێکی نا بەرانیەوە، بەسووکی برینداری کرد، هەرکە پاسەوانەکان بەمەیان زانی، یەکێکیانیان کوشت و دووەمیان بەبرینداری گرت. ئەم هەوڵی کوشتنە، زەنگێک بوو بۆ دەست پێکردنی هەڵمەتێکی گەورە بۆ گەڕان بە دوای بابییەکان و کوشتنیان و خەڵکێکی زۆر بێ تاوان، لەلایەن دوژمنانیانەوە، بەتۆمەتی ئەوەی سەر بە بابن، کوژران. ئەو سەردەمە، تاران دارکاری و ستەمکارییەکی گەورەی بەخۆوە بینی، خەڵکی و حکومەت بەشدارییان تێدا کرد. دەڵێن ئەو بابییانەی لە تاران گیران، بەسەر خەڵکەکەدا دابەش دەکران و هەرکەسە و بڕە بەشی خۆی لە بابییەکان وەردەگرت و لەناو جادە و شەقامەکانی شاردا بڵاویان کردنەوە و سووکایەتییان پێ کردن و دارکارییان کردن و دواتر کوشتیان.(٤٠)

(39) E.. G.Browne (AYear Among The Persians) Cambridge 1927.

(٤٠) عەبدورەزاق حەسەنی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل٣٣.

سایکس دەگێڕێتەوە، کە هەندێ لە بابییەکان، بە تەور سەریان لە لاشەیان جیا کرایەوە و کاتێ پزیشکە فرەنساییە تایبەتەکەی شا، برە بەشی خۆی لە بابییەکان وەرگرت، تاوەکو بە تەور سەری لە لاشەی جیا بکاتەوە، داوای لێبووردنی کرد و گوتی: من بەپێی پیشەکەم خەڵکێکی زۆرم کوشتووە، چیی تر نامەوێ، ناوی تر بخەمە سەر لیستی ناوەکان.(٤١)

قورەتولعەین یەکێک بوو لەوانەی گیرا، بەڵام ئەو بە مەحموود خانی کەلانتەر، پارێزگاری تاران سپێردرا. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە هیچ گوێی بە بارودۆخی تیرۆریستانەی دەوروبەری خۆی نەدا و بەهەموو درێژاییی ئەو ماوەیەی گیرا بوو، لە ماڵی پارێزگاردا، سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ڕێبازی بابییە بوو. هەموو بۆنە و کۆڕێکی ژنانەی دەقۆستەوە، کە لەو ماڵەدا دەبەسترا، بۆ ئەوەی وتارە ورووژێنەرەکانی بخوێنێتەوە. دیارە بوونی قورەتولعەین لەو ماڵەدا وای لە ژنان دەکرد لە دەوری کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی ئەو ژنە ناودارە ببینن، کە ناوی لەسەر هەر زمانێک بوو. قورەتولعەینیش هەستی ناسکی ژنانی دەپێکا و پێگەی نزمی ژنانی باس دەکرد کە پیاوانی کۆنی ئاینی بۆیان دانابوون و چۆن ئاینی نوێ پێگەی ژنی بەرز کردبووەوە و ئازادیی پێ دابوون.

سەرەک وەزیران دووان لە زانایانی نارد بۆ لای قورەتولعەین، کە بریتی بوون لە مەلا محەمەد ئەندەرمانی و مەلا عەلی کینی، بەمەبەستی تاقیکردنەوەی و نووسینی ڕاپۆرتێک لەسەر ڕێبازە ئاینییەکەی، بۆ ئەوەی کاری پێویستی لەگەڵدا ئەنجام بدا. ئەم دوو پیاوە حەوت جار بەمەبەستی تاقیکردنەوەی، لەگەڵیدا دانیشتن، لە هەر دانیشتنێکدا بەتوندی لەگەڵیاندا باس و خواسی دەکرد و بۆیانی دەسەلماند کە باب ئیمامی چاوەڕوانکراوە و ئەوانیش وەڵامیان دەدایەوە کە بەپێی سەرچاوە ئاینییەکان، دەبێ ئیمام لە دوو شاری (جابلقا) و (جابرسا) دەربکەوێ، ئەو بەوە وەڵامی دەدانەوە، کە ئەو شتێکی بێ بنەمایە و درۆودەلەسەی درۆزنانە و ئەو دوو شارە هەر

(41) Sir percy sykes (A History of persia) London 1958-vol. 2, p.

بوونیـان نییـه و خـەیاڵن و شایسـتەی شـێتەکانن، دواتر بەنیگەرانییەوە گوتی (ئەو بەڵگانەی دەیانهێننەوە، وەکو وتەی منداڵێکی ساوای نەفام وایە، تا کەی دوای ئەم درۆودەلەسـە و خـەیاڵە شـێتانەیە دەکەون و تاکـەی سـەر هەڵنابڕن، تاوەکـو خـۆری ڕاسـتـی ببـینن). مـەلا عـەلی لەم وتانە تووڕە بوو و بەدەم هەسـتـانەوە، بە هاوڕێکەی گوت (چ سـوودێک دەکەین لە زیاتر باس و خـواس لەگـەڵ ژنێکی خـوانەناسـدا). دواتر هـاتنـە دەرەوە و ڕاپۆرتێکیـان نـووسی و تێیدا ئامـاژەیان بەوە کرد، کە قورەتولعەین لە ئاین هەڵگەڕاوەتەوە و کفر دەکا و تۆبە ناکا و بەپێی قورئان شایانی ئەوەیە بکوژرێ.[٤٢]

سـەبارەت بەکوشـتنی قورەتولعـەین، ڕا و بۆچوونـی جیـاواز هـەیە، هەندێ دەڵێن: خـراوەتە ناو لوولە تۆپێکەوە و گـوللـەتۆپێکیـان پێدا تەقـاندووەتەوە و پارچە پارچە بووە،[٤٣] هەندێکی تر دەڵێن بە قـژ بەسـتـراوەتەوە بـە کلکی هێسـترێکەوە، بۆ دادگە ڕاکێشـراوە و لەوێ بڕیاری سـووتاندنی بەزیندوویی دراوە، بەڵام حکوومـەت داوای کرد سووتاندنەکەی بۆ دوای مـردنی دوابخـرێ، خنکێنرا و تەرمەکەی فڕێ درایە ناو ئاگرەوە.[٤٤]

براونی ڕۆهـەڵاتناس لە زاری مـەحـموود خانی کەلانتـەرەوە دەگێڕێتەوە: شـا قورەتولعـەینی بۆ کۆشکەکەی لە نیگارسـتان بانگ کرد و داوای لێ کرد، خۆی لە باب پاک بکاتەوە، بەڵام کـاتێ قورەتولعـەین ئەو داوایەی ڕەت کـردەوە سـوور بوو لەسەری، شـا فرمانی دا بیخەنە بیرەکەی ناو باخچەی کۆشکەکەوە، دواتر بە چوار گابەرد سەری بیرەکەیان نایەوە و خاکیان کرد بەسـەریدا.[٤٥]

بەڵام نـووسـەری کـتـێـبی (مطـالـع الأنوار) دەڵێ: قـورەتـولعـەین لـە مـاڵی پارێزگار گوێزرایەوە بۆ باخـچەی ئیلخـانی، کە ئەو باخـچەیە لەو سـەردەمـەدا

(٤٢) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٤٩٧–٤٩٨.

(٤٣) محەمەد باقی جەلالی، (الحقائق الدينية في الردَ على العقيدة البهائية)، نەجەف، ل٢٤.

(٤٤) محەمەد مەهدی خان، (سەرچاوەی پێشوو)، ل١٨٣.

(45) E.G.Browne (Op. cit.) p.541- 542.

کەوتبووە بەرامبەر باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەدەستەسڕێکی ئاوریشم خنکێنرا، کە بەدەستی خۆی پێشکێشی جەلادەکەی کرد، دواتر خرایە ناو بیرێکەوە، کە بەو دواییە بۆی هەڵکەنرابوو و خاکیان کرد بەسەریدا.(٤٦)

### وتەیەک بۆ هەڵسەنگاندن:

کاتێ بە ژیانی قورەتولعەیندا دەچینەوە، هەر لە سەرەتاوە تا کاتی کوشتنەکەی، هەست بەوە دەکەین کە ژنێکی ئاسایی نەبووە، وێڕای جوانییەکەی، ژنێکی بلیمەت و خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و زمانێکی پاراو بوو، ئەو چوار سیفەتە بەدەگمەن لە مرۆڤێکدا کۆ دەبوونەوە و ئەگەر ئەو سیفەتە لە کەسێکدا کۆ بوونەوە، ئەوا توانایی ئەوەی پێ دەدەن، کاریگەریی لەسەر خەڵکی هەبێت و دەتوانن ڕەوتی مێژوو بگۆڕن.

کۆنت دی گۆبینۆ لە کاتێکدا کە بەماوەیەکی کورت دوای کوشتنی قورەتولعەین، سەردانی ئێرانی کردبوو، لە کتێبی (الأديان والفلسفات في آسيا الوسطى)دا، بەم جۆرە وەسفی کردووە: (... زۆربەی ئەوانەی ناسیبوویان و لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیانیدا گوێیان لێ گرتبوو، بەبەردەوامی بۆیان دەگێڕامەوە، کە وێڕای ئەوەی بە زانست و وتاری زۆر ناوبانگی دەکردبوو، وتاربێژییەکەی ڕەوان بوو و خەڵکی لە کاتی گوێگرتن لە وتارەکانی، دەورووژان و کاریگەری لە ناخی دڵیان دەکرد و فرمێسک بەچاویاندا دەهاتە خوارەوە.(٤٧)

هەروەها نووسەری کتێبی (مفتاح الباب الأبواب) بەم جۆرە وەسفی دەکا: (بە کورتییەکەی، ئەم کچە تا بڵێی جوان بوو، بەژن و بالای عەرعەری بوو، زمانی زوڵاڵ و ڕەوانبێژ بوو، قسەی خۆش و بوێر و پێشەنگ بوو، هۆنراوەی بەفارسی و بە عەرەبی دادەنا و کارامە و لێهاتوو بوو، بەڵام بێ بەخت و کڵۆڵ بوو (ئەگەر هەموو ئەو شتانە ڕاست بن کە لەبارەی ئەوەوە دەگوترێن) و

(٤٦) محەمەد زەرەندی، (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٥٠٠-٥٠١.

(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٠٥.

لایەنی ڕاستیی بەردابێت و لەسەر ڕێبازی ڕێنوێنی و چاکە لای دابێت و هێنابێتە ئاراوە کە لەلایەن پیاوچاکانەوە ئەفەرۆز کرابێت، تا ئەو تاوانە ئەنجام بدا کە جوانییەکەی پێ دابمرکێنێتەوە و مانگی چواردەی جوانی بگرێ و ئەوەیش خوا دەیزانێ).[٤٨]

تێبینیی ئەوە دەکرێ، لە ژیانیدا گەلێ حەزی بە نوێخوازی لە بیروباوەڕدا دەکرد، چووە ڕیزی ڕێبازی شێخانەوە، کاتێ ئەو ڕێبازە نوێ بوو، سەبارەت بەڕێبازەکانی تری شیعە، بەڵام هەرکە بیستی باب دەرکەوتووە، خێرا چووە سەر ڕێبازەکەی ئەو. بینیمان هەر لە کاتی بڕواهێنانی بە باب، سەرکردایەتیی ئەوانەی دەکرد کە خوازیاری نوێکردنەوەی شەریعەت بوون، لە نێوان هەوادارانی ئەو ڕێبازەدا، جارێک لە کەربەلا و جارێک لە کازمییە و جارێکی تریش لە بەدەشتدا، تا ئەوەی لە کۆتایی، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەو وتەیە ڕاستە، ئەگەر قوڕەتولعەین نەبووایە، ڕێبازی بابییە نەیدەتوانی بەو جۆرە جێگیر ببێ.

هەندێ لە ناحەزان، ویستیان هۆکاری ئەو ئارەزووەی قوڕەتولعەین بۆ نوێکردنەوەی شەریعەت، بدەنە پاڵ شکستی شووکردنەکەی بەکوڕی مامی خۆی، ئەوان پێیان وابوو، لە ناخی دڵەوە ڕقی لە مێردەکەی دەبووەوە و لە کاتێکدا شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی بە ژن نەدەدا لە مێردەکەی جیا ببێتەوە یان تەڵاقی لێ وەربگرێ، بۆیە خۆنەویستانە، قوڕەتولعەین حەزی دەکرد بچێتە ڕیزی ڕێبازێکەوە، ڕێگەی پێ بدا شەریعەت هەڵبوەشێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ، بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کۆتی مێردەکەی ڕزگاری ببێت.

من پێم وایە، قوڕەتولعەین ژنێکی بلیمەت بوو و لە سەردەمی خۆیدا پەیدا نەبووە یان ئەوەتا لانی کەم سەد ساڵێک بەر لە سەردەمی خۆی هاتووەتە دنیاوە، ئەگەر بهاتایە و لە سەردەمی ئێمەدا بهاتایە دنیاوە، لە کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا، ئەوا پێگەیەکی تری دەبوو و ڕەنگە بووبووایە بەمەزنترین ژنی سەدەی بیستەم.

---

(٤٨) محەمەدی مەهدی خان، ل ١٨٣-١٨٤.

# پاشکۆی یەکەم

بەزمانی عەرەبی

## أبي

أبي! سلاماً من وراء دجلة! سلاماً عليك من قلب وحيدتك! سلاماً من قلب جريح! سلاماً على الرّوح السّابح في لجّة الأبد، سلاماً على الجسد الهامد في التراب!

أبي! لقد مات أبي، وطار البرق الحزين ينعى بقية الأمل إلى القلب الحزين .. مات أبي، وفي مصر خمدت جذوة حياته الذاكية، فانطفأ في العراق مصباح رجائي المشتعل .. مات، وقد كان وهو حيّ رسول البسمات إلى الثّغوت، فأصبح وقد مات رسول الدّموع إلى العيون.

أبي! حتى في ساعة الموت لا أراك! وفي ساعة الوداع لا أطبع على جبينك القبلات، وفي ساعة الرّحيل إلى الثّوى البعيد، يحول دوني ودونك البحر المائج والبلد السحيق!

أبي! يا منى النّفس، ويا روحاً ضاقت بها حدود الأرض فطلبت فسحة الحياة في السّماء. لماذا استسلمت للكرى فنمت نوم الأبد؟ لماذا تركتني وحيدة وكنت بك جمعاً لا يخذل ..صوتي يملأ الفضاء، وتجاوب أصداءه الأرض والسّماء. ولكنّي لا أسمع جواباً، فأين أبي؟

أبي! كنت تستلهم السّماء خبر الغيب، فهل قرأت في لوح الأجل موعد هجرتك من دنياك الفانية إلى عقباك الباقية، فبكيت حين تحرّك بي القطار، وأنت الرّجل الجلد الّذي يسخر بالعواصف، وجريت مع القطار وأنت الرّجل الرّزين الّذي تخضع جوارحك أبداً لعقلك الكبير، وأتبعتني النّظر الحائر وما حيّرك الدّهر المضطرب بالحادثات ... بلى لقد أحسست بالموت فكتمت سرّ الموت عن الأحياء.

أبي! لأنّك تحبّ العراق آثرت الرّحيل إلى العراق؛ البلد الّذي لم تبخل عليه بفلذة كبدك، البلد الّذي خلت فيه حياة خصيبة لأملك الرّوحي ... لماذا تركتني في وطن

قلبك ونزحت أنت إلى وطن الخلود؟

أبي! لن أنسى ما حييت رسالتك، رسالة المحبّة والسّلام، وسأظلّ ذاكرة إلى الأبد ما سطرته إليّ يدك وأنت تعالج الموت: "عاشري النّاس بروح المحبّة. كوني قدوة حسنة، إرفعي الفوارق الموجودة بين الناس ... إنّنا كلّنا أوراق أغصان شجرة واحدة..."

أبي! سأعيش كما عشت بهذه المبادئ، وسأموت لها. وإذا كان الوفاء هو ديْن الميّت على الحيّ، فإن ديْني الّذي لا أمطله جهاد كجهادك، ودعوة إلى الحبّ كدعوتك، وذكرى طيّبة ترضيك، وعمل في سبيل الإنسانيّة يرضي اللّه.

أبي! سلام عليك في الذّاهبين، سلام على قبرك بين قبور المخلصين، سلام على وحيدتك الجريحة، سلام على بغداد الّتي أحببتها وسأحبّها من أجلك!

بهية

## الطاهـرة

للشاعرة العراقية فاتنة النائب "صدوف"

أيا قـرّة العـين كم أسـتطـيب
عـذابي مـخلصـة للبـــــهـاءْ
أفـدي بـروحي مـختــــــارة
كـمـا قـد فـديـتِ ويا للفـداءْ
فـضـحـيت بالنفس من أجلـه
وحُـمّلت ظلمـا صنوف العناءْ
تكبـدت وحـدك مـا لم تطقـه
قلوب الرجـال فكيف النسـاءْ
وأبديت روحـاً عظيم السـمـوّ
وطار بك الوحي نـحـو العـلاءْ
وأشرقت كـالشمس فـتانــــة
تبث الحـيـاة – تريق الضـيـاءْ
أردت السـعـادة فـاسـتكبـروا
ولم يفـهـمـوك فـخـاب الرجـاءْ
وأظهـرت نفـسـك رقـراقــــة
تطـوّف للكل ترجـو الـهنـــاء
أسـاؤا الظن فــيـا ويلـــهم
أمـاتـوا العـبـاقـرة الأبـريـــاءْ

ولكــن روحــك فــي نجــوة
تعيـش بخـلد جـميل الـرواءْ
تمنيت عـيشك في عـهـدنـا
ولكـن ربـي لــه مـا يشـــاءْ
أيـا قـرة العـــين قـد أفـعـمتْ
قـلوب الأنـام بسـم الرّيـــاءْ
وبـــاتت عـــيوني  لا تلتــقي
سـوى ما يزيـد ركام الشـقاءْ
فـحطمتُ كـأسـي في لحظـة
وصـنت المشـاعر بالانطــواءْ
وصنت الفـؤاد فـما تاق يوماً
برغـم التلهب نحـو اســتقـاء
وأقـسـمت بـالهم ألا أبـــوح
إلى من رعـاني ولا من أسـاء
هم الناس لم يعرفوا الحيـاة
وعاشـوا عبيداً وكن الإمــاءْ
تمنيت عـيشك في عـهـدنـا
ولكـن ربي لـه مـا يشـــاءْ
قـيود تـغللـهم لـم يـرومــوا
فكاكا ومـا فكـروا بارتقـــاء
وقد أبدعوا في رقي الجسوم
وأرواحـهم لم تحـسّ انتــشاء
وقـد أولعوا باجـتناء القـشـور
وعافـوا اللـباب فيا للغبـــاء

عرفتهم غضّة فابتعدت

ففي النفس عزّ وفيها إباء

نواياهم السوء، ما فكروا

بغير الخديعة والابتغاء

يودون أن يلعبوا بالجنان

ولكن محالاً بلوغ السماء

فليس الخداع لهم نافعاً

وليس لقلبي غير النقاء

أيا قرّة العين يا زهرة

ذوت دون جرم قبيل المساء

أحسّ بروحك في مخدعي

تنير الدياجي فتحلو الجواء

فتنقذ روحي من وهدة

تردت إليها وطال البقاء

وقد عذّبوها ولم تقترف

وكانت ذنوبي صدق الوفاء

سأتبع روحك في حومها

وأنهل وحيك نهل الظماءْ

وينصب صوتك في خافقي

ففيه السعير ويحتاج ماء

أحييك تائقة للقا

ولي في لقائك كل العزاءْ

## ترجمة[١] نبذة من كتاب "رسالة مدنيّة"
## لحضرة عبد البهاء

أجل. سينشر التمدن الحقيقي لواءه في قطب العالم عندما ينهض نفر من ملوكه العظام ذوي الهمم العالية – كأنهم شموس مشرقة في عوالم الغيرة والحمية – للعمل بعزم ثابت ورأي راسخ – ولمجرد خير وسعادة عموم البشر – في تأسيس الصلح العمومي. فيطرحون مسألة الصلح العمومي على بساط المشورة ويتشبثون بكل الوسائل والسبل لعقد مؤتمر يجمع دول العالم. ويبرمون معاهدة قوية ويعلنون على أهل العالم ميثاقاً محكم الشروط، ويحصلون على موافقة الهيئة البشرية جمعاء ومصادقتها على هذه المعاهدة. وينبغي لسكان الأرض قاطبة أن يعتبروا هذا الأمر الأتم الأقوم –الذي هو في الحقيقة سبب سلام وإطمئنان العالم – أمراً مقدساً، ويعبئون كل القوى في العالم لضمان ثبوت وبقاء هذا العهد الأعظم. وينبغي أن تتناول هذه المعاهدة العمومية تعيين وتحديد حدود وثغور كل الدول، وتحديد العلاقات وقواعد السلوك فيما بينها، وتعيّن جميع المعاهدات والمناسبات التي تقرر ضوابط العلاقات فيما بين الحكومات، كما تحدد بقدر معلوم القوة الحربية لكل حكومة، لأن ازدياد الاستعدادات الحربية والقدرة العسكرية لدى إحدى الدول مدعاة لإثارة المخاوف لدى الدول الأخرى. لذا ينبغي أن يقوم بناء هذا العهد القويم على أساس أنه إذا أخلت فيما بعد دولة من الدول بأي شرط من شروطه تقوم كل دول العالم للعمل على اضمحلالها، بل تهب الهيئة البشرية بأسرها وبكل قوتها لتدمير تلك الدولة. إذا

(١) ترجمتها أولاً السيدة بهية فرج الله الكردي ثم أعيد تنقيحها.

حظى جسم العالم العليل بهذا الترياق الأعظم فلا ريب أنه سيكتسب الاعتدال الكامل ويفوز بشفاء باق ودائم.

والجدير بالملاحظة أنه لو تيسرت للعالم نعمة كهذه لن تحتاج أية حكومة إلى تهيئة مهمات الحرب والقتال، ولا تضطر إلى صنع الآلات الحربية الجديدة لقهر الجنس البشري، فحسبها عدد قليل من العسكر يفي بحاجة حفظ أمن المملكة، وتأديب أهل الفساد والشقاء، ومنع الفتن الداخلية. وبهذا، أولاً: يستريح عباد الله وعموم الأهالي من تحمل أعباء النفقات الحربية الباهظة للدول، وثانيا: لا يصرف أناس كثيرون أوقاتهم بصفة دائمة في صنع الآلات المخربة والدالة على الوحشية والتعطش للدماء، والمنافية كلية لموهبة العالم الإنساني، بل يسعون في تحصيل أسباب الحياة للبشر ووسائل راحتهم، ويصبحون سبب فلاح ونجاح النوع الإنساني، فتستقر جميع دول العالم على سرير الملك بكمال العزة، وتستريح القبائل والأمم كافة على مهاد الراحة والطمأنينة.

## نبذة من كتاب الدّرر البهيّة

## للشيخ أبي الفضل محمد بن محمد رضا گلپايگاني

"... ومن الثّابت المقرّر عند أولي البصائر أنّه إذا ثارت عواصف الافتتان واشتدت أعاصير الامتحان وهجم الوحش الكاسر على المؤمن الحاسر وتدجّج له بمرهف مخالبه وأنيابه وكشر الموت الزّؤام عن نواجذه وأسنانه، حينئذ يتميّز الشّاك من الموقن والمجتهد من المقلّد والثّابت من الزّائل والحقّ من الباطل، ولقد شاهدنا ورأينا في زماننا هذا كثيراً من النّفوس الزّكيّة وأصحاب القلوب الثّابتة النّقية حين اشتداد هذه العواصف وهيجان هذه القواصف بذلوا بغاية السّرور مهجهم في سبيل اللّه وأهدروا في نهاية الاطمئنان دماءهم في محبّة اللّه، فاستهانوا بالحياة واستقبلوا الموت بغاية النّشاط وسرعوا إلى مشهد الفداء وسارعوا إلى معهد الفناء متهلّلي الوجوه، مستبشري القلوب، حتى حيّر العالمين اصطبارهم وأدهش النّاظرين سكونهم وقرارهم، وما بدّلوا دينهم وما كتموا إيمانهم ولعمر الحقّ هذه هي الشّهادة الفعليّة الّتي تشهد على صحّة دينهم وحقيقة يقينهم.

وأدلّ من ذلك على علو مقام يقينهم وسموّ مكانة دينهم، هو قدرتهم على تقليب قلوب العباد وتمكّنهم من تحويل عقائدهم الفاسدة إلى العقائد الصحيحة، وتبديل خلائقهم القبيحة الوحشيّة بالأخلاق الحسنة المرضيّة، فإن اللّه تعالى وزع بهم من الأخلاق والعوائد والعقائد القبيحة الخبيثة الرّاسخة في الملل القديمة ما لم يزعه الفلاسفة بقوّة أفكارهم وسعة معارفهم، لأن اللّه تعالى وهب لأوليائه قدرة على إنفاذ كلمته ونشر دينه وإثبات أمره وإظهار براهينه من غير أن يستمدّوا من القوى الملكيّة البشريّة، أو يرتكنوا إلى عماد سوى القدرة الإلهيّة من قبيل العلوم والمعارف الاكتسابيّة أو المال والثّروة الدّنيويّة أو العزّة والسّلطة

الملكيّة أو التّعاون والعصبيّة القوميّة فرفعوا سماء دينه بهذه القدرة الباهرة، وما شيّدوها على عماد تلك الأعمدة المذكورة الظّاهرة، وهذه حقيقة تميّز أهل الجهل عن أهل الإيمان ويمتاز بها أهل الشّك عن أصحاب الإيقان.

ومن يتدبّر في حالات الطّبقة الأولى من المؤمنين من أصحاب الأنبياء والمرسلين كأصحاب عيسى وأصحاب سيّدنا الرّسول عليهما السّلام، يمكنه أن يدرك بعض آثار هذه القوّة القويّة ويفهم معنى القدرة الباهرة الإلهيّة، فإن تلامذة سيدنا عيسى عليه السّلام نشروا دين الله وبدّلوا العقائد السّخيفة الرّاسخة في الأمم، وأزالوا العوائد الوحشيّة المتمكّنة في أهل العالم من غير أن يوزّعوا بين النّاس كتباً مطبوعة أو يبهروا أنظارهم بآلات بديعة مصنوعة، أو يفتحوا المدارس العلميّة أو يستمدّوا من القوى العسكريّة، أو يساعدهم هزيم رعود المدافع أو يعزّزهم صليل السّيوف القواطع، مما يرتكن عليه المعاصرون وينتصر به الحاضرون، بل نشروا دين الله بإيمانهم وأزالوا الكفر بقوّة إيقانهم، ونصروا أمر الله بدمائهم وأعلوا كلمته ببذل أرواحهم، ولكن أحبار اليهود وعلماء المجوس وفلاسفة اليونان وحكماء الرّوم ما كانوا متمكّنين أن يزيلوا واحدة من تلك العقائد والعوائد السّخيفة الّتي تضحك منها اليوم ذريتهم وأولادهم وتهزأ بها أعقابهم وأحفادهم.

وكذلك أصحاب الرّسول عليه السّلام أزالوا ظلمة الكفر عن العالم بأنوار هذه القوّة السّماوية وقطعوا دابر الشّرك بهذه القدرة الإلهيّة، ويكفي لإدراك بعض آثار هذه المنحة الكبرى والموهبة العظمى، ما ورد في السّير الشّريفة والأخبار الصّحيحة، أنّ كبار الأنصار لمّا آمنوا وقابلوا النّبيّ عليه السّلام في السّنة الأخيرة قبل الهجرة طلبوا منه أن يرسل معهم أحداً من الصّحابة ليعلّمهم الصّلاة والأحكام ويدعو أهل المدينة إلى الإسلام، فأرسل معهم مصعب بن عمير وكان مصعب شاباً أمّيّاً لا يعرف القراءة والكتابة، ولا كان معروفاً بالفصاحة والخطابة، ولا كان يحفظ إلاّ الصّلاة المكتوبة وبعض آيات القرآن، فدعا أهل

المدينة إلى الإيمان، فآمن بيده أكثر أهل يثرب قبل أن يهاجر النّبي عليه السّلام إليها ويشهر السّيف كما يدّعي المكابرون عليها.

وكذلك رأينا وشاهدنا في زماننا هذا بعض الأمّيّين ممن وهبهم اللّه هذه القدرة الباهرة أنّهم غلبوا بقوّة يقينهم وصدق إيمانهم على قلوب الملل العتيقة التّائهة في ظلمات الأوهام ومفاوز التّقليد، وبدّلوا عقائدهم الباطلة الوراثيّة بالاعتقادات الصّحيحة البرهانيّة، وأزالوا أوهامهم وأكملوا إيمانهم، فتجدّدت أخلاقهم وطابت أذواقهم وأنارت بصائرهم واطمأنّت ضمائرهم، فتبدّلت بنور الإيمان جهلهم بالعلم وضعفهم بالقوّة وخيانتهم بالأمانة وشرههم بالعفّة وجفاؤهم بالألفة وجبنهم بالشّجاعة وخشونتهم بالوداعة، وبالاجمال تبدّلت جميع أخلاقهم العتيقة الباطلة بالأخلاق الجديدة الفاضلة وعقائدهم الوراثيّة الوهميّة بالاعتقادات الصّحيحة البرهانيّة، حيث يمكن للعاقل أن يحكم بتبديل خلقهم وتحديد ولادتهم وأنّهم صاروا أحياء بعد ما كانوا أمواتاً ونبتوا نباتاً بعد ما كانوا رفاتاً، وهذه كلّها مما تلوناها عليك إنما هو من آثار اليقين، واليقين هو أثر العبادة كما نزل على الرّسول الأمين «واعبد ربّك حتي يأتيك اليقين». وفيها كفاية للمستبصرين[١]".

---

(١) أبو الفضل، مختارات من مؤلفات أبي الفضل (دار النشر البهائية في بلجيكا، بروكسل، ١٩٨٠) ص ٤٣-٧٣.

## نبذة من كتاب
## بشرى العالم بترك المحاربات واتفاق الأمم
## للشيخ فرج اللّه زكي الكردي

"إن إبطال الحروب أمر ليس في قوّة البشر لأنّه لا يتمّ ولا يكون أبداً إلاّ إذا اجتمع النّاس على أمر واحد وذهبت الاختلافات من بينهم، واتحدت الآراء المذهبيّة فيهم، حتّى تزول الأحقاد والضغائن الكامنة في نفوسهم من آثار الجدال والخصام والخروج عن طريق الجدال والتّجاوز عن حدّ الاعتدال الّذي يكون منشأ لانتهاء الأمر أخيراً إلى الحرب بالسّهام بدل الرّد بالكلام فإذا زالت هذه الإحن وانمحت هذه المحن واتفق الناس بعد الفرقة واتحدوا بعد الاختلاف وجاء اليوم الموعود وتحققت هذه الوعود وقام من يدعو النّاس لدين اللّه واجتمع الكلّ على تصديقهم إيّاه، فالكلام إذ ذاك في السّلام، وتمّت الوعود وانقضى ذلك الفساد المحدود. وقبل ذلك لا تنقضي حرب وتعيي الحيل صاحبها والهداية طالبها[١]...

والحاصل أنّ من لوازم سعادة الأمم وانتظام العالم ترك المحاربات وإجراء الصّلح الأكبر وهذا لازم وواجب ليفرغ النّاس ويتخلّصوا من مصاريفها الباهظة وتحفظ لهم أرواح طاهرة كانت تزهق في المحاربات وتصرف تلك الأموال الّتي كانت تضيع فيها وتشغل الرّجال الّتي كانت تزهق وتعدم بسببها في نصرة العلوم وتقدّم المعارف الّتي بها سعادة العالم وانتظام الأمم.[٢]"

(١) فرج الله زكي الكردي، بشرى العالم بترك الحروب واتفاق الأمم، مطبعة معارف كردستان، ١٣٢٠ هجرية، ص ٨٦.

(٢) المصدر نفسهُ ص١١٠.

# پاشکۆی دووەم

بەزمانی کوردی

باوه!

لەوپەڕی دیجلەوە سڵاوت لێ دەکەم
سڵاوێک لە دڵی منداڵە تاقانەکەتەوە
سڵاو لە دڵێکی بریندارەوە
سڵاو لە ڕۆحێکەوە وا لە کەندەڵانی ئەبەدییەتدا دەسووڕێتەوە
سڵاو لە لەشێکەوە کە لەناو تۆزدا دەژی

باوە!
تۆ لە کوێی؟
باوە چۆن باوەڕ بکەم تۆ مردووی!
بەڵام ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بێت
باوەڕ بکە تاقە هیوای ژیانی منیش فەوتاوە!
باوە! تۆ لە میسر کۆچی دواییت کرد و لە عێراق
چرای گەشی هیواکانم
لەگەڵ تۆدا کوژایەوە
بە زیندوویی بزەت دەهێنایە سەر لێومان و بە مردنت
فرمێسکت ڕژاندە چاومانەوە

باوە!
تەنانەت لە کاتی سەفەری هەمیشەییتدا
نەمتوانی بتبینم!

تەنانەت لە کاتیماڵئاواییکردندا بەختی ئەوەم نەبوو
وەک جاری جاران ڕوومەتت ماچ کەم و لە ئامێزت بگرم باوە گیان!
تەنانەت ئێستا کە مردووی، لافاوی دیجلە و تۆفانی دەریای سپی
نایەڵن بێم و بۆ دواجار بتبینم!

باوە ئەی خۆشەویستی ڕۆحم،
تۆ خاوەن ڕۆحێک بووی
ڕۆحێکی گەورەی وا کە پانتاییی زەوی بۆی بچووک بوو
دەبوایە مەودایەکی بەرینتر لە بەهەشتدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە
بۆچی ملت بۆ مردن دانەواند؟
بۆچی چوویە هێمنایەتیی هەمیشەیی و منت بەتەنیا هێشتەوە؟
باوە! بانگت دەکەم بەهەموو تواناوە بانگت دەکەم
دەنگدانەوەی دەنگی خۆم لە زەوی و ئاسمان دەبیسم
گوێم لە دەنگدانەوەکە هەیە بەڵام وەڵامم نییە!
بۆ، باوە بۆ؟
تۆ لە کوێی؟

باوە!
تۆ هەستی گشتیت بە دڵنیاییەوە پێ درا
تۆ خەڵاتی پێشبینیت بە دڵنیاییەوە پێ درا
کاتێ کە شەمەندەفەرەکەم وێستگەی قاهیرەی بەجێ هێشت، نەگریای؟
وەک من تۆم دەناسی، پیاوێک نەبووی مل بۆ هەستت دانەوێنی
بەڵام ئەو دەم
لام سەیر بوو فرمێسکت ڕژاند

پێم سەیر بوو کەوتییە شوێن شەمەندەفەرەکە، دەستێکت بۆ ماڵئاوایی ڕادەتڵەکاند،
و بەدەستەکەی ترت فرمێسکت لە چاوان دەسڕی
پێم سەیر بوو ببینم باوکی خاوەن شکۆم بەگریانەوە
کەوتووەتە شوێن شەمەندەفەرەکە –
ئێستاش لە بیرمە کاتێ دەستت لەوە هەڵگرت شوێن شەمەندەفەرەکە بکەوی،
نەڕۆیشتی و چاوت بڕییە دەستم کە لە پەنجەرەکەوە ڕادەتڵەکا
هەتا شەمەندەفەر لە چاوان ون بوو.
گەلۆ دەتزانی ئەوە دواین چاوپێکەوتنمان دەبێت؟

باوە!
من بۆیە چووم بۆ عێراق
کە تۆ عێراقت خۆش دەویست
دڵت لە عێراق بوو، هەر بۆیەش ویستت من بچمە ئەوێ
بەڵام بۆچی لە کاتێکدا لە وڵاتی دڵخوازت بووم
وا بەتەنیات هێشتمەوە و کۆچی دواییت کرد!

باوە!
تا ئەو کاتەی زیندووم
هەرگیز پەیامی خۆشەویستی و ئاشتیت لە بیر ناکەم
هەرگیز ئەوەم لە بیر ناچێ کە هەمیشە پێت دەگوتم:
"بە ڕۆحی ئەوینەوە لەگەڵ خەڵکدا بجووڵێوە؛ نموونەیەکی باش بە؛
جیاوازی لەنێو خەڵک دامەنێ، ئێمە هەموو گەڵای سەر لقی تاقە دارێکین."

باوە!

من بەهەمان ئەو ئوسووڵەوە دەژیم کە تۆ لەگەڵیاندا ژیای

بۆ ئەوانیش دەمرم، وەک تۆ مردی

بۆ ئەوەش کە بەو ئوسووڵە ئەمەکدار بمێنمەوە نابێ هیچ بکەم جگە لە کەمترین قەرزدانەوەم

کە لە ئامێزگرتنێک بێت وا پێت قەرزدارم

باوە!

سڵاو لە تۆ و ئەوانی تر

سڵاو لە گۆڕەکەت و گۆڕی ئەوانی تر

سڵاوی منداڵە تاقانەکەت کە بەجێت هێشت

سڵاو لە بەغدا، ئەو شارەی تۆ خۆشت دەویست و منیش بۆ هەمیشە خۆشم دەوێت

لەبەر تۆ!

بەهیە فەرەجولا زەکی

بەغدا، عێراق

وەرگێڕانی (کوردی) لەبەر وەرگێڕاوی (ئینگلیزی) ڕێزداران هۆمەر دزەیی، مایکڵ ل. شایەت و ستانلی ف. شایەت بەڕێوە چووە، کە ئەوانیش لەبەر دەقی سەرەکی (عەرەبی) وەریان گێڕاوە.

# باوە

باوە! لە پشتی دیجلەوە سڵاوت لێ بێ! سڵاوێک کە لە ناخی تاقانەکەتەوە هەڵقووڵا بێ! سڵاوێک لە دڵێکی بیمارەوە! سڵاو لەو گیانەی لەنێو شەپۆلی هەتاهەتاییدا مەلە دەکا، سڵاو لەو لەشەی بێ جووڵە لەنێو خاکدایە!

باوم! باوم مرد، برووسکەی دڵگرانیش ڕۆیشت و هەواڵی لەبەین چوونی پاشماوەی هیوای بەدڵی خەمین گەیاند... باوم مرد و لە میسر گڕی ژیانی پڕ بەرامەی خامۆش بوو، بەمەش چرای داگیرساوی ئاواتم لە عێراق کوژایەوە... ئەو مرد و کە زیندوو بوو پەیامبەری خەندە بوو بۆ سەر لێوان، کە مردیش بووە پەیامبەری ئەشک بۆ چاوان...

باوە! تەنانەت لە ساتی مەرگیشدا ناتبینم! لە ساتی ماڵئاواییشدا ماچ لە نێوچاوانت ناکەم، لە ساتی ماڵئاواییدا بەرەو مەنزڵگەی دوورت، دەریای بێ بن و وڵاتی دوور لە نێوانماندایە!

باوە! ئاواتی گیان، ئەی ئەو گیانەی لە سنووری ئەرزدا جێی نەبووەوە بۆیە بەدوای بۆشاییەک لە ئاسماندا گەڕا. بۆ خۆت بەدەستی مەرگەوە دا و بۆ هەتاهەتا نووستی؟ بۆ بەتەنیا جێمت هێشت لەو کاتەدا بەتۆوە کۆمەڵێک نەبەز بووم... دەنگم بۆشایی دەگرێتەوە و لە ئەرز و ئاسمان دەنگ دەداتەوە. بەڵام گوێم لە هیچ وەڵامێک نییە، ئەدی باوم کوانێ؟

باوە! تۆ هەواڵی شاراوەت لە ئاسمان وەردەگرت، ئەرێ لە تەختەی ئەجەلدا وادەی سەفەری خۆت لە دنیای تەمەن کورتەوە بۆ دوارۆژی بێ کۆتا خوێندەوە، بۆیە کاتێ شەمەندەفەرەکە کەوتە جووڵە بەدوامدا گریایت لە

(*) لێرە بە دواوە وەرگێڕانی بابەتەکان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی لە کردەوەی شاخەوان کەرکووکییە.

کـاتێکدا تۆ ئەو پیـاوە بووی کـە گـاڵتـەی بەڕەشـەبا دەکـرد و بەدوای شـەمـەندەفـەرەکەدا ڕات کرد لە کاتێکدا کـە تۆ ئەو پیاوە سـەنگینە بووی کە بەردەوام سۆز و هەڵسوکەوتت لەژێر ڕکێفی ئەقڵی گەورەتدا بوون. بەچاوێکی ماندووەوە سـەیرمت کرد لـە کاتێکدا هـەرگیز زەمـانەی ناجێگیر سـەری لێت نەشـێـواندبوو... بەڵێ تۆ هـەسـتت بەمـەرگ کـردبوو بـەڵام نـهێنیی مـەرگت لە زیندووەکان شاردەوە.

باوە! لەبەرئەوەی عێراقت خۆش گەرەکە بۆیە چوونە عێراقت هەڵبژارد، ئەو وڵاتەی کـە جگەرگـۆشـەکـەی خـۆت پێی بەخـشی، ئەو وڵاتەی پێت وا بوو خاکێکی بەپیتە بۆ ئاواتەکەی گیانت... بۆ منت لە وڵاتی دڵت بەجێ هێشت و خۆت بۆ وڵاتی نەمری کۆچت کرد؟

باوە! تا لە ژیاندا مابم پەیامەکەتم لە بیر ناچێتەوە، پەیامی خۆشەویستی و ئاشتیخوازی، هەتاهەتایە ئەوەم لە بیر دەبێ کە تۆ لـە سەرەمەرگدا بەدەستی خۆت بۆمت نووسیوە: "بەگیانی خۆشەویستی لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوت بکە. ببە بەنموونەیەکی باش، جیاوازییەکانی نێوان خەڵک وەلانێ... ئێمە هەموو گەڵای یەک دارین..."

باوە! هەر وەکو تۆ بەم بنەمایانە دەژیم و بۆشیان دەمرم. ئەگەر زیندووان بـەوەفـاداری قــەرزاری مــردووان بن، ئەوا ئـەو قــەرزەی تۆ کــە نایخــۆم تێکۆشـانێکی هاوشـێـوەی تێکۆشانی تۆیە و بانگهێشـتنە بۆ خۆشـەویستی هاوشێوەی بانگهێشتنەکەی تۆ و،بیرەوەرییەکی جوانە کە تۆ ئاسوودە بکا و کارێکە لە پێناو مرۆڤایەتی کە خوا پێی خۆش بێت.

باوە! لەنێو چوواندا سڵاوت لێ بێ، لەنێو گۆڕی دڵسۆزاندا سڵاو لە گۆڕت، سڵاو لە تاقانە بریندارەکەت، سڵاو لەو بەغدایەی خۆشت دەویست و منیش بۆ تۆ خۆشم دەوێ.

## بێگەرد

نووسینی شاعیری عێراقی
فاتینە ئەنئائیب "سەدووف"

ڕووناکـــیی چاوان چەندەم پێ خـــۆشـــە
ئازاری دڵســـــۆزانـەم هـەر بۆ بـەها بێ
بەویستی خـۆمــە گـیـان فـیـدا دەکـەم
چوون فـــیـــداکــاریی تۆ با بەفــیـــدا بێ
گــیــانی خـــۆت کـرده قـــوربانی بۆ ئەو
بەناهەق تووش کــرای هـەرچی عـــەنا بێ
بەتەنیـــا بەرگـــەی ئەو ئەزیەتەت گـــرت
کـــە پیـــاو نایتـــوانێ چۆن بۆ ژن دەبێ
گــــیـــانێکت دەرخـــست بەرزه بەڕێزه
ســـــرووش بەرزتی کــــرد هـەتا بالا بێ
وەک هـەتاو هـاتی چاو بەکـــێش بکەی
ژیان دەبەخـــــشی – دەبا ڕۆشنا بێ
شـادمــانیت ویست لووتبەرزییـــان کـرد
لێت تێ نەگـــەشتن ڕەنجـیـــان بەبا بێ
خـــۆت زۆر بەڕوونی خـــســـتـــە بەرچاوان
بەسەریاندا دەسووڕێی تا گشت دڵشا بێ
گومـانیـان لێت کـرد بلیمـەتیـان کـوشت
مـــاڵیـــان وێران بێ قـــوڕ بەســـەریان بێ

بەڵام گـــیـــانی تۆ کـــە بەرزەفــــڕە
هـەمــیــشــە دەژی، دەبا هـەر شـــاد بێ
دەمــخــواست لە چەرخی ئێــمــە ژیاباى
بـەڵام کــار دەبێ هـەر ویســـتی خــوا بێ
ئـەی ڕووناکـــــیـی چاو لـە دوای تۆ بـا
دڵـی خـــــەڵکـەکـــــە پـڕ لـە ڕیا بـی
وام لـێ هـات چـاوم هـیـــــچێ نـەبیـنن
جگە لەو شـتـەی زیادکـەری شـەقـا بی
بۆیە پیـــاڵەی دەســـتی خـــۆم شکاند
دەبا هـەسـتـەکـانم هـەر وا پەنـهـان بێ
دڵیـــــشـم پاراسـت بۆیـە ڕۆژێ نـەبـوو
هـەرچەند دەســـووتا تاڵیــــبی ئاو بێ
ســوێندم خــواردووە گلەی خــۆم نەکـەم
چ لای بەخــــشـندە چ خـــــراپکار بێ
ئەو خـــەڵکەی نازانن کــە ژیان چیـیـە
ژینیـــان وەک کــۆیلە و کـــەنیـــزەک وابێ
هـیــــوام ئـەوە بـوو لـەگــــەڵمـــان بژی
بـەڵام خـــوا چیی ویست دەبێ هەر وابێ
کــۆت و بەندکـراو هـەرگـیــز ناخــوازن
خـــۆیان ڕزگـــار کـــەن پلەیان باڵا بێ
لە بەخێـوکـردنی لەش داهـێنانیـان کـرد
گیـانیـشیـان دەبێ هەر لە داکـشان بێ
چەندیان حـەز لێیـە لە توێک و ڕووکـەش
کــاری گـەمــژە و گـێـژ هەر دەبێ وا بێ

بۆم دەرکەوت گەمژەن خۆم دوورەوە خست
بەرزە نەفسێکی پڕ لە ئیبا بێ
نیاز خراپان، هەردەم خەریکن
بێ فێڵ و درۆ کاریان ڕانابێ
حەزیان لە ژینی نێو بەهەشتانە
بەڵام مەحاڵە جێیان تێیدا بێ
کەڵەکەبازی دادی وان نادا
دڵەکەی منیش با پڕ نەقا بێ
ڕووناکیی چاوان گوڵ بووی هەڵوەری
بەبێ ئەوەی هیچ تاوانت تیا بێ
هەست بەڕۆحت دەکەم لەنێو جێگەمدا
بەبێ یادی تۆ ژین ڕووناک نابێ
گیان ڕزگار دەکەی لە چاڵێک تێی کەوت
چاڵێک لەمێژە تێی هەڵدێرا بێ
زۆر ئازاریان دا تاوانی نەبوو
دەبێ هەتا کەی وەفا خەتا بێ
بەدوای گیانی تۆ لە هەوا دەسووڕێم
لە سرووشی تۆوە دەبێ تێر ئاو بێ
زایەڵەی دەنگی تۆ فێنکیی دڵمە
چارەی دڵ سووتان بەبێ ئاو نابێ
سڵاوت لێ بێ پەرۆشی دیدارتم
کە بەبێ دیدار دڵ نەوا نابێ

## وەرگێڕانی[1] پوختەیەکی کتێبی "پەیامێکی شارستانی"
### لە نووسینی حەزرەتی عەبدولبەها

ڕاستە، شارستانیی ڕاستەقینە باڵی خۆی بەسەر گشت جیهاندا دەکێشێ، ئەوەش کاتێک کە ژمارەیەک لە سەرکردە مەزنە بەهیمەتەکانی- ئەوانەی وەک هەتاوی درەوشاوەی جیهانی خوێنگەرمی و پیاوەتین- بەبڕوایەکی نەگۆڕ و هیمەتێکی جێگیرەوە- تەنیا بۆ چاکە و شادمانیی هەموو مرۆڤایەتی شان دەدەنە بەر دامەزراندنی ئاشتەواییی گشتی. بۆیە باسی ئاشتەواییی گشتی دەخەنە سەر خوانی ڕاوێژ و بەهەموو شێوە و ڕێیەک کار بۆ گرێدانی کۆنگرەیەک دەکەن کە هەموو وڵاتانی دنیا کۆ بکاتەوە. پەیماننامەیەکی بەهێزیش دروست دەکەن و گرێبەندێکی مەحکەم بە ڕووی خەڵکی گێتیدا دەدەن و ڕەزامەندیی دەستەی مرۆڤانە لەسەر ئەو پەیماننامەیە بەدەست دێنن. پێویستە گشت دانیشتوانی سەر ئەم زەوینە ئەم بابەتە- کە لە ڕاستیدا هۆی ئاشتی و ئارامیی جیهانە و تەواوترین و ڕاستترینە بەبابەتێکی پیرۆز بژمێرن و هەموو هێزگەلی دنیا لە پێناو جێگیرکردن و مانەوەی ئەم پەیمانە مەزنەدا کۆ بکەنەوە. دەشبێ ئەم پەیماننامە گشتییە سنوور و سەروەریی گشت وڵاتان دیاری و جێگیر بکا، پێوەندی و بنەماکانی هەڵسوکەوتی نێوانیان ئاشکرا بکا، هەروەها گشت ئەو پەیماننامە و بۆنانە دیاری بکا کە بڕیار لەسەر پرەنسیپگەلی پێوەندیی نێوان حکوومەتەکان دەدەن، بڕی هێزی شەڕوانی هەر حکوومەتێکیش دیاری بکا، لەبەرئەوەی زۆریی ئامادەییی

(١) جاری یەکەم خاتوو بەهیە فەرەجوڵا کوردی وەری گێڕاوە و دواتر دووبارە پێداچوونەوەی بۆ کراوە.

شەڕوانی و توانای سەربازی لەلای دەوڵەتێک دەبێتە هۆی ورووژاندنی ترس و دڵەڕاوکێی دەوڵەتانی تر. بۆیە پێویستە بنیاتی ئەم پەیماننامە دروستە لەسەر بنەمای ئەوە بێت کە هەر دەوڵەتێک یەکێ لە مەرجەکانی شکاند ئەوە هەموو وڵاتانی دنیا کار بۆ توانەوەی بکەن و دەستەی مرۆڤایەتی بەگشتی و بەهەموو هێزێکەوە کار بۆ ڕووخاندنی ئەو دەوڵەتە بکەن. هەر کاتێکیش لەشی نەخۆشی جیهان ئەم دەرمانە مەزنەی بۆ فەراهەم بوو ئەوە بێگومان ڕاستیی تەواو و سارێژبوونێکی بەردەوامی دەست دەکەوێ.

جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەگەر جیهان نیعمەتێکی وای دەست کەوت، ئەوە هیچ حکوومەتێک پێویستی بەئامادەکردنی پێداویستییەکانی شەڕ و کوشتار نابێت، ناچار نابێت ئامێرگەلی شەڕی نوێ بۆ بەزاندنی مرۆڤایەتی دروست بکات، بگرە تەنیا ژمارەیەکی کەمی سەربازی بەسە بۆ پاراستنی تەناهیی وڵات و سزادانی خەڵکی تێکدەر و خراپەکار و ڕێگرتن لە ئاشووبی نێوخۆیی. بەمەش، یەکەم: بەندەگەلی خوا و هەموو خەڵکی لەژێر باری گرانی خەرجیی زۆری شەڕی وڵاتان دێنە دەر، دووەم: خەڵکانێک هەموو کاتی خۆیان بۆ دروستکردنی ئامێری تێکدەر کە نیشانەی دڕندەیی و خوێنخوارین و بەتەواوی دژی بەهرەی جیهانی مرۆڤانەن بەفیڕۆ نادەن. بگرە هەوڵ دەدەن بۆ دابینکردنی هۆکارگەلی ژیانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانییان و دەبنە هۆی سەرکەوتنی ڕەگەزی مرۆڤ، گشت وڵاتانی جیهان لەسەر تەختی موڵکداری و بەوپەڕی شانازییەوە جێگیر دەبن و هەموو هۆز و نەتەوەکان لەنێو بێشکەی ئاسوودەییدا پاڵ دەدەنەوە.

## پوختەیەکی کتێبی
## مژدە بێ لە جیهان، دوورکەوتن لە شەڕ و پێکهاتنی گەلان
## شێخ فەرەجوڵا زەکیی کوردی

"لەباربردنی شەڕ کارێکە لە توانای مرۆڤدا نییە، لەبەرئەوەی ئەو کارە تەنیا لە کاتێکدا بەئاکام دەگا کە هەموو خەڵک لەسەر یەک بابەت کۆک بن و جیاوازییان لە نێواندا نەمێنێ و، بۆچوونە مەزهەبییەکانیان یەک بگرێتەوە، تا ڕق و قینی نێو دەروونیان کە بەرهەمی مشتومڕ و ناکۆکی و لادان لە ڕێڕەوی گفتوگۆ و بەزاندنی سنووری نێوانرۆییە کە بووەتە هۆی پەنابردنە بەر تیر لەیەک گرتن لە جیاتیی قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە، هەر کاتێکیش ئەم ناکۆکییانە و ئەو ناجۆرییانە لەبەین بران و خەڵک دوای جیابوونەوە بەیەک گەیشتن و دوای دووبەرەکی یەکیان گرتەوە و ڕۆژی چاوەڕوانکراو هاتە پێش و بەڵێنەکان هاتنە دی و خەڵکێک هاتنە کایەوە کە بانگەواز بۆ دینی خوا بکەن و هەمووان لەسەر باوەڕکردن بەو ئاینە کۆک بوون، لەو کاتەدا قسە تەنیا لەبارەی ئاشتییەوە دەبێت و بەڵێنەکان بەجێ دەگەن و تێکدەریی سنووردار بەکۆتا دێ. پێش ئەمەش هیچ شەڕێک کۆتایی پێ نایەت و خاوەن هەوڵەکان ماندوو دەبن و ڕاستخوازانیش شەکەت دەبن[١]...

ئیتر، یەکێ لە پێداویستییەکانی کامەرانیی گەلان و ڕێککەوتنی جیهان وازهێنانە لە شەڕ و گرێدانی ئاشتەواییی مەزنە و ئەمەش پێویست و ئەرکێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە شەڕ ڕزگار بن و لە تێچووە قەبەکانی قورتار بن و ئەو

(١) فەرەجوڵا زەکیی کوردی، مژدە بێ لە جیهان، دوورکەوتن لە شەڕ و پێکهاتنی گەلان، چاپخانەی زانستیی کوردستان، ١٣٢٩ کۆچی، ل ٨٦.

پارە زۆر و گیانە پاکانەی لە شەڕدا بەهەدەر دەدران بپارێزرێن و ئەو پارانە و ئەو پیاوانەی لە شەڕدا خەسار دەبوون بۆ بەرزڕاگرتنی زانست و پێشخستنی زانینی کامەرانیبەخش بەجیهان و ڕێکخەری گەلان تەرخان بکرێن[٢]."

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١١٠.

ناوی کۆوارەکەت سەرنجمی بەکێش کرد، بۆیە ویستم بیر لە (دادوەریی کۆمەڵایەتی) و پشکی دنیای نەگبەت لەم دادوەرییە بکەمەوە و بڕوانمە ئەو ئەگەرانەی داهاتوو لە هەگبەی خۆیدا بۆمانی دەهێنێ ئەگەر ئێمە، خوا یار بێ، بتوانین ئەم نموونە باڵایە بەدی بهێنین کە بۆی تێ دەکۆشین و لە پێناویدا ئەم کۆوارە جوامێرەت بۆ خەڵک دەرهێناوە و دادوەرییش زۆر جۆری هەن.

دادوەریی دەروونی نایەتە دی، ئەگەر مرۆڤ ڕێژە و دووریی نێوان سۆز و هەستەکانی نەپارێزێت و خۆی بەدوور نەگرێ لە زێدەڕۆیی لە سۆزێک و فەرامۆشکردنی یەکێکی تر و خۆی بەشێوەیەک دانەڕێژی کە هەموو و بەشەکانی بەڕێکی و بەگونجاوی کار بکەن.

دادوەریی عەقڵیش ئەوەیە مرۆڤ بەسیفەتی دادوەری خۆی جوان بکا و بەبێ هۆیەکی بەپاساو و پێویستییەک لایەنداری بۆچوونێک نەبێت و یەکێکی تر وەلاوە نێت. دادوەری خۆشەویستترین شتە لای خوا و گەڕان بەدوای ڕاستیدا ئەرکی یەکەمی هەر کەسێکە کە ڕێز لە ئەقڵ و بوونی خۆی بنێت و دوورکەوتنەوە لە دەمارگیری و نەریتەکان لەلایەن ئەقڵی نوێی نوێخوازەوە ویستراوە.

دادوەریی کۆمەڵایەتییش ئەوەیە کە هاوسەنگی لەنێو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا دروست بکا و گشت ئامرازەکانی کۆمەڵگە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی فەراهەم بکرێ بێ لایەنداری بۆ توێژێک، هەروەها کارکردنە بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی چینێک لەلایەن چینێکی ترەوە.

دادوەریی سیاسی، دادوەرییەکی کۆمەڵایەتیی فرەوانترە، لەبەرئەوەی جیهان خۆی بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی گەورە هەرچەندە ڕەنگ و

ڕەگەزەکانیشی جیاواز بن و خەڵکیش هەموویان گەلای یەک دارن کە مرۆڤایەتییە.

چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، وەسفێک کە بەری پێنووسێکی بەهرەمەند بوو بۆ حاڵەتێکی مرۆڤانە و تێکۆشانی تاڵی ئەو حاڵەتە سەرنجمی ڕاکێشا، ئەو لە دەسپێکی کتێبە بەنرخەکەیدا نووسیویەتی:

"لەم سەردەمەدا، دنیا کەوتووەتە بەر ڕەشەبایەک کە پێشتر لە تیژییا هاوتای نەبووە و لە تواناد نییە بەرەو کوێیە ڕێڕەوەکەی، ئاکامە ڕاستەوخۆکانیشی زۆر قورسن. هەتا دێت و بەهێزتر دەبێ و ڕۆژ بەڕۆژ تاو دەستێنێ هەرچەندە پەنهانە و تێگەیشتن لێی گرانە، مرۆڤایەتیش کە گیرۆدەی دەستی هێزی تێکدەریەتی لەنێو چڕنووکی نیشانەکانی تووڕەیی زاڵیدا لە گیانەلایە. ئەوەتا نە دەتوانێ سەرچاوەکەی بدۆزێتەوە و نە دەتوانێ لە نیشانەکانی بگا و نە ئاکامەکانی بپشکنێ- واقی وڕماوە و ماندوویەتی تەواو بەسەریدا زاڵ بووە و بێ ئومێدیش لە گشت لاوە تەنگی پێ هەڵچنیوە- ئەو ڕەشەبا بەتینە مەزنە کە دوورترین ناوچەکانی زەوی و نێوانڕۆترینیانی لە ڕووی بیروباوەڕەوە خستووەتە بەر هەڵمەتی خۆیەوە، وا خەریکە ڕەگ و ڕیشەی ئەو ناوچانە لەبن دەردێنێ و هاوسەنگی دەشڵەقێنێ و سەری لە گەلانی تێک داوە و بنەماکانی وڵاتەکانی دەڕمێنێت و شارەکانی تێک دەدا و پاشاکانی دەربەدەر دەکا و قەلاکانی دەڕووخێنێ و ڕێکخستنەکانی لەبن دەردێنێ و ڕووناکییەکانی بەتاریکی دەگۆڕێ و گیانی دانیشتوانی دەفلیقێنێتەوە... لەم ساتە یەکلاکەرەوەیەدا خەڵکی سەر زەوی ناتوانن لە هەڵگرتنی بەرپرسیی ڕابردوو خۆیان ڕزگار بکەن و ناشتوانن لە هەڵگرتنی باری گرانی داهاتوو خۆیان بدزنەوە."

مافی خۆمانە، دوای خوێندنەوەی ئەم وێنە ڕاستگۆیەی جیهان چەندان پرسیارمان هەبێ بەڵام من تەنیا یەک پرسیار دەپرسم و دەڵێم: ئەدی دادوەری لە کوێیە؟

دادوەریی نێودەوڵەتی لە کوێیە لە کاتێکدا ئەم هەموو کۆنگرانە دەبەسترێن

و تەواو دەبن و دووبارە دەبەستریێنەوە و پەیماننامە بەمەرەکەبی ساختە لەسەر پارچە کاغەزدا دەنووسرێن و هەر کە بایەک هەڵی کرد ئەوا با دەیانبا. چڵێسی و قین و ڕق، لە کەشێکدا ڕەوشتە جوانەکەی بریتییە لە فێڵ و دەستبڕین و دادوەرییەکەی بریتییە لە ستەم و زۆرداری و حەق تێیدا هێز و دەستدرێژییە و چاکەکەی سوود و هەلپەرستییە و جوانییەکەی قسەڵۆک و دەنگۆیە. دادوەری لە نێوان زێدەڕۆیی و بێباکیی نێوان چاوبرسێتی و خۆبەدەستەوەداندا بزر بووە. گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دیموکرات بن یا دیکتاتۆری، دەستیان داوەتە پەرستنی سێ خواکەیان، کە کردوویانن بەجێگرەوەی خوا و لە میحرابە پیرۆزەکاندا دایانناون، کە بریتین لە نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری و سۆسیالیزم، دوای ئەوەش دەستیان داوەتە گەڕان بەدوای ئاشتی و چاکسازی و دادوەری. بەڵام لەم دواییەدا بەچاوی خۆیان دییان کە ئەو خوا جێگرەوانە کەڵکیان بڕا و ناتوانن ببنە ڕێگر لەو واقیعە تاڵ و ڕاستییە ڕوونەی دەڵێ جیهان – زوو یا درەنگ – بەرەو یەکگرتنێکی گەورە دەچێ کە گشت گەلانی تێدا بەشدار دەبن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تێکچڕژاوە ئاڵۆسکاوەکانیان بەبێ ئەوەی قوربانی بەبەرژەوەندییە تایبەتەکانیان بدەن، بەوەشی کە گۆی زەوی ئەوەندە نابات و دەکەوێتە ژێر حوکمڕانیی یەک خێزان. ئەم وشیارییە نوێیە وای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان بیر لە دامەزراندنی دادگەی دادوەریی نێودەوڵەتی بکاتەوە و بیر لە دروستکردنی پۆلیسی نێودەوڵەتی و دەزگە و دامەزراوەی تری گشتیشی دروست کرد بۆ پاراستنی دادوەری و بەدیهێنانی و دامەزراندنی ئاشتی و تەبایی لەنێو گەلانی جیاجیادا.

ئەوەتا من بەچاوی نەستم دەبینم– هەرچەندە ئەمڕۆ ئامراز بەدەستەوە نین– دادگەی نێودەوڵەتی– یا ماڵی دادوەریی گشتی– کێشەی نێودەوڵەتیی نێوان گەلان چارەسەر دەکەن و بەهێز لە ملهوڕی دوور دەخاتەوە و بەدەستی دەوڵەتی تەعەداکەردا دەکێشێ. ئەم کارەش فەراهەم نابێت بەبێ هاوکاریی پۆلیسێکی نێودەوڵەتی لە هەموو وڵاتانی کۆمکاری جیهان پێک هاتبێت بەبێ

گوێدان بەڕەنگ و ڕەگەز و پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی و ڕۆھەلات و ڕۆئاوا. ئەم دامەزراوەیە زۆر پێویستە ھەبێ ئەگەر دنیا بیەوێ ئەوە ببینێ کە زۆر لەمێژە چاوەڕوانی دەکا و بەئاواتەوەیە بۆی، کە ئاشتییە.

بەلام قوربان دادوەریی کۆمەلایەتی لە کوێیە؟ ئەوەتا ئەم نەریتانە ھەیکەلی کۆمەڵگەکەمان دەکۆڵن و خورافات مێشکیان تەنیوە و نیمچە ڕاستی و درۆ سەریان قاڵ کردووە و ئیفلیجی بەسەر دەزگەکانیدا زاڵ بووە؟ کوا لە کوێیە لە کاتێکدا ئافرەت- کە نیوەکەی تری مرۆڤایەتییە- ھەر ئەوەتا ھەندێ لە مافەکانی خۆی بەزەحمەت لە چنگی پیاوان ھێناوەتە دەر؟ کۆمەڵگەی نوێ سەلماندوویەتی کە بەبێ ئەوەی ئافرەت مافی تەواوی خۆی لە خوێندن – کە خۆی قوتابخانەی یەکەمە – و ماف – کە ھاوبەشی پیاوە- وەرنەگرێت و نەبێتە ھاوشانی ھاوبەشەکەی تری- کە پیاوە، باری دنیا ڕاست نابێتەوە و دادوەریی تێدا بەدی نایەت. ئەم کۆمەڵگەی ئێمەیە کۆمەڵگەی ھەلی یەکسانە و تیایدا بەتوانایان، وەک ئەوەی لە ھیچ سەردەمێکی پێشتردا نەبووە، بەڕوونی دەردەکەون. ئەم سەردەمە ئەگەر بەباشی نیشانە و دیاردەکانی بخوێنینەوە دەشێ بەسەردەمی ڕێخۆشکەر بۆ ھەزارەی خۆشبەختی ناوی ببەین، ئەوەی مەسیحی سەروەر بەڵێنی ھاتنە دیی داوە، بەسەردەمی ئەو بەھەشتە پان و بەرینەشی ناو ببەین کە سەروەرمان محەمەد بەڵێنی پێمان داوە کە تیایدا پیاو و ژن وەک دوو باڵی باڵدارێک تیایدا یەکسان دەبن.

قوربان کوا دادوەریی کۆمەلایەتی لە کاتێکدا ئەم ھەموو چینە لەسەر بنەمای ئەرستۆکراتیی ئابووری لە یەکتر جیا دەکرێنەوە نەک لەسەر بنەمای ئەرستۆکراتییەکی دروستی بیرمەندانە؟

ئیمامی عەلی سلاوی لێ بێ گوتوویەتی "ئەگەر ھەژاری پیاوێک با دەمکوشت"، ئەمڕۆش جەماوەر دەڵێن "ئەگەر دەوڵەمەندی پیاوێک با دەمانکوشت"، لە نێوان ئەم دوو گوتەیەدا ماوەیەک ھەیە درێژیی ھەزار ساڵ و زیاتریش دەبێ، بەلام لە نێوان بناخەکانیاندا ماوەیەکی زۆر کەم ھەیە کە ماوەی نێوان دەوڵەمەندیی لە ڕادەبەدەر و ھەژاریی بێ سنوورە! ئەمە یەکێکە

لەو کێشـانەی زیادیان کردووە و زیادیش دەکـەن. ئەگـەر گەلانی کریسـتیـان بەقسـەی مەسیحیـان بکردایە کە گوتی "ئەوەی هـی سیزار و با بۆ سیزار بێ و ئەوەی هـی خـوایە هـی خـوایە" و گـەلانی مـوسـڵـمـانیش بەشـەرعی خـوا و پێغـەمبـەریان بکردایە و هەر گەل و تـایەفـە و تیرەیەکیش مـافەکانی خوایان بدایەتە خوا ئەوا باری مرۆڤایەتیی گومڕا بەم بارەی ئێستەی نەدەگەیشت و کێشـە ئابوورییـەکە هـەرگیـز ئەوەندە گەورە نـەدەبووە و بەشێوەیەکی سـادە دەمایەوە.

قوربان کوا دادوەریی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا دەمارگرژیی ڕەگەز بەتەواوی زاڵە تەنانەت بەسەر پێشکەوتووترین گەلانی دنیاشدا. تاک بەهۆی ڕەنگ و ئەو خوێنـەی لە دەمـارەکـانیدایە تاوانبـار دەکرێ و نابێ ڕەشـپێست هـەمـان ئەو مـافـانەی هەبێ لە ژیاندا کە سپیپێست هەیەتی، کە خۆی بەبەرز و باڵاترین ڕەگەزەکانی سەر زەوی دەزانێت و پێی وایە کە ئەرکی سەرشـانیـەتی هـەمـوو گەلانی تر بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیەوە.

ئەمەیە دادوەری و ئەمـانەن جێی و ڕێی. ئەگە مرۆڤایەتیش بیکەنە مەبەست نەک ئامـراز و ڕاسـتـیی ڕووت نەک خـووی جـوان، ئـەوا ئەو کـات وا دەکـەن عەرەبانە ئەسپەکە ڕاکێشێ. جێی سەرسوڕمـانیش نییە کە عەرەبانە نەتوانێ ئەسپ ڕاکێشێ. بەڵام جێی سەرسوڕمان ئەوەیە کاتی هیچ جۆرە دادوەرییەک نەیەتە دی لـەگـەڵ هـەوڵی زۆری خـەڵک گـرتنە بەری ڕێگەی جۆراوجـۆر بۆ ئەم مـەبەسـتـە، ئەگـەرچی جـاروبار وەک تارمایی بـەبەرچاوانماندا تێپەڕی کردبێ. لەوانەشـە لـە پێناویدا کـاری سـەخت بکەیـن و ملهـوڕیش ئەنجـام بدەین، کـە لەگەڵ ئەودا نـەگونجـاوە، دوایی سـەرسـوڕمـان نیشـان بـدەین کە بۆ دادوەری لەنێـو دەروون و کـۆمـەڵگە و دنیـاکەمـاندا نـەهـاتووەتە دی. بەهۆی کـۆشـشی زۆرمـان بۆ بەدیهێنانی دادوەری، دادوەریمـان لێ بوو بەمـەبەست و ئامـانجێک بۆ تیـرەکـانمان کـە زۆربـەی کـات نـایگەنێ و هـەندێ جـاریش بەسـەریدا تێ دەپەڕن و بەڵام هـەرگیـز نایپێکن. ئەم ناڕێکییـەش کـە هـەمـوو کارەکـانمانی گرتووەتەوە و ئەو ملمـلانێیـەی دووچاری باوەڕ و پرەنسـیپ و بۆچوونەکانمان

هاتووه و ئەو تەنگژانەی خەریکن دەگەنە پتەوترین سیستەمەکانی ئاینی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیمان و ئەو کۆنگرانەی بەرق و ناکۆکییەوە دەست پێ دەکەن و بەرق و ناکۆکیی زیاترەوە تەواو دەبن و ئەو هەموو ڕاڕایی و بیرە بیرە بەرامبەر ئەگەرەکانی داهاتووی نزیک و دوور، هەموو ئەمانە دیمەنێکی دیمەنگەلی تێکۆشانن لەم سەردەمی شکستەدا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی باڵای چاکەی مرۆڤایەتی و بنیاتنانی ژیانێکی خۆشتر کە لە سایەی ئاشتییەکی بەردەوام و سەرتاسەریدا گەشە بکا.

بەغدا

## پوختەیەک لە کتێبی مرواریی بەهادار
## نووسینی شێخ ئەبیلفەزل محەمەدی کوڕی
## محەمەد ڕەزا گوڵپایگانی

"... لای خاوەن دیدەکان ڕوون و جێگیرە کە کاتێ ڕەشەبای ئاشووب هەڵی کرد و گەردەلوولەکانی تاقیکردنەوە تاویان سەند و دڕندەی زلهێز هێرشی کردە سەر بڕواداری سەرکوێت و چڕنووکی تیژ و کەڵبەکانی لێ دەرهێنا و مەرگ ددانی پێشان دا، لەو کاتەدا گومانکەر لە دڵنیا و داهێنەر لە لاساییکەرەوە و جێگیر لە لەناوچوو و ڕاستی لە درۆ جیا دەکرێتەوە، لەم سەردەمەی خۆشمان زۆر کەسی پاگژ و خاوەن دڵی خاوێنی جێگیرمان دی لە گەرمەی هێرشی ئەو ڕەشەبایانە و تاوسەندنیان زۆر بەخۆشحاڵییەوە گیانی خۆیان لە پێناوی خوادا بەخشی و خوێنی خۆیان لە خۆشەویستیی خوادا ڕشت، ژیانیان بەلاوە بێ نرخ بوو و بەوپەڕی چالاکییەوە پێشوازیی مەرگیان کرد و بەپەلە بەرەو شانۆی قوربانیدان و پەیمانگەی لەناوچوون بە ڕووی خۆشەوە چوون، دڵیان پڕ هیوا بوو، تەنانەت خەڵک سەریان لە خۆڕاگرییان سوڕما و لە دیتنی ئارامگرتنیان ئەبڵەق بوون، ئەمانە نە ئاینی خۆیان گۆڕی و نە باوەڕی خۆیان شاردەوە و بەڕاستی ئەمە گەواهیدەری کردەنییە لەسەر دروستیی ئاینەکەیان و ڕاستیی دڵنیاییان.

نیشانەی لەوەش ڕوونتر لەسەر پایەبەرزیی دڵنیاییان و بەرزیی ئاستی ئاینەکەیان، توانای ئەوانە لە گۆڕینی دڵی بەندەگەل و توانای گۆڕینی باوەڕە چەوتەکانیانە بەباوەڕی ڕاست و گۆڕینی ڕەوشتە ناجۆرە کێوییەکانیانە بەڕەوشتی جوانی ویستراو، خوای گەورە لە ڕێی ئەوانەوە بڕێکی زۆری ڕەوشتی کۆن و باوەڕی ناشیرینی چەسپاوی لای گەلانی کۆنی سڕیوەتەوە کە

فەیلەسووفەکان بە هێزی بیر و زانیاریی فرەوانیشیانەوە نەیانتوانیوە بیانسڕنەوە، چونکە خوای گەورە توانای بەجێگەیاندنی وتەکانی و بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی و جێگیرکردنی فەرمانەکانی و دەرخستنی بەڵگەکانی خۆی بەئەولیا بەخشیوە و بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە هێزی مرۆڤ نییە، بۆیە جگە لە توانای خوایی پشت بەهیچ شتێکی وەکو زانست و زانینی دەستکەوت و پارە و سامانی دنیایی و هێز و پاڵپشتیی شاهان و پشتگیریی هۆز و دەمارگیریی نەتەوەیی نییە، بەمەش ماوی ئاینەکەیان بڵند کردەوە و لەسەر هیچ کۆڵەکەیەک جگە لەوانەی باسمان کرد ڕایان نەگرت، ئەم ڕاستییە خەڵکی نەفام لە بڕوادار جیا دەکاتەوە و گوماندار لە دڵنیاش جیا دەکاتەوە.

هەر کەسێکیش لە حاڵی چینی یەکەمی بڕوادارانی وەک هاوەڵانی پەیامبەران، وەکو هاوەڵانی عیسا و هاوەڵانی پێغەمبەری سەروەرمان سڵاویان لێ بێت، دەتوانێ هەست بەهەندێ ئاسەواری ئەو هێزە پڕ هێزە بکا و لە توانای سەرسوڕهێنەری خوایی بگا، ئەوەتا قوتابییانی سەروەرمان عیسا سڵاوی لێ بێت ئاینی خوایان بڵاو کردەوە و بڕوا پووچە چەسپیوەکانی گەلانیان گۆڕی و نەریتە کێوییە زاڵەکانیان لەلای خەڵک گۆڕی، بەبێ ئەوەی کتێبی چاپکراو بەسەر خەڵکدا دابەش بکەن یان بەئامێرگەلی سەرسوڕهێن ئەبڵەقیان بکەن، یا قوتابخانەی زانستییان بۆ بکەنەوە یان پشت بە هێزی سەربازی ببەستن، یان هاژەی گوللەتۆپ یا تەقەتەقی شمشێر هاوکاریان بێت، زۆری تریش لەوەش خەڵکی هاوچەرخ پشتیان پێ دەبەستن و خەڵکی ئێستا پەنای بۆ دەبەن. ئەوان ئاینی خوایان لە ڕێی بڕوای خۆیانەوە بڵاو کردەوە و کوفریان بە هێزی دڵنیایی خۆیان لەناوبرد و بەخوێنی خۆیان فەرمانی خوایان بەجێ گەیاند و بەبەخشینی گیان ناویان بەرز کردەوە، کەچی حەبری جوولەکان و زانای مەجووسان و فەیلەسووفانی یۆنان و دانایانی ڕۆم توانای لابردنی تەنیا یەکێک لەو باوەڕ و نەریتە پووچانەیان نەبوو کە ئەمڕۆ نەوەکانی ئەوان پێکەنینیان پێیان دێت و گاڵتەیان پێ دەکەن.

هەروەها هاوەڵانی پێغەمبەر سڵاوی لێ بێ، بەڕووناکیی ئەم هێزە

ئاسمانییه تاریکیی کوفریان لەسەر زەوی لادا و تۆوی فرەخواییبان پێی بڕی، بۆ تێگەیشتنی هەندێک لە نهێنییەکانی ئەم بەخششە مەزن و بەهرە گەورەیە تەنیا ئەوە بەسە کە لە ژیننامەی شەریفی پێغەمبەر و پیاوانی و هەواڵە دروستەکانیاندا هاتووە، وەک ئەوەی کاتێ گەورە پیاوانی ئەنسار ساڵێک پێش هیجرەت چاویان بەپێغەمبەر سڵاوی لێ بێ کەوت و باوەڕیان هێنا داوایان لێ کرد لە هاوەڵانی یەکێکیان لەگەڵدا بنێرێ کە فێری نوێژیان بکا و ڕێنوێنییان بکا و بانگەوازی خەڵکی مەدینە بۆ ئیسلام بکا، ئەویش موسعەبی کوڕی عومەیری لەگەڵدا ناردن کە لاوێکی نەخوێندەوار بوو و لە ڕووی ڕەوانبێژی و وتارخوێنییەوە بێ بەهرە بوو، جگە لە نوێژەکان و هەندێ ئایەتی قورئان هیچی تری لەبەر نەبوو، ئەو بانگهێشتنی خەڵکی مەدینەی بۆ برواهێنان بەئیسلام کرد کەچی زۆربەی خەڵکی مەدینە بڕوایان هێنا پێش ئەوەی پێغەمبەر (سڵاوی لێ بێ) بگاتە ئەوێ، وەک ئەوەی خەڵکی کەللەڕەقن بەزەبری شمشێر بیانکاتە موسڵمان.

هەروەها لە سەردەمی خۆشماندا هەندێ نەخوێندەوامان دی کە خوا ئەو هێزە سەرسوڕهێنەی پێیان داوە، بە هێزی باوەڕی خۆیان و ڕاستگۆییبان بەسەر دڵی میللەتانی کۆنی نغرۆی تاریکیی وەهم و بیابانی نەریتدا زاڵ بوون و ئەو بیروباوەڕە پووچە بۆماوانەی ئەوانیان بەباوەڕی دروستی بەڵگەدار گۆڕی و گومانیان ڕەواندنەوە و باوەڕیان تەواو بوو و خووەکانیان نوێ بوونەوە و سەلیقەیان خۆش بوو و بەرچاویان ڕوون بووەوە و دەروونیان ئاسوودە بوو، نەزانییان بەڕووناکیی باوەڕ گۆڕا و لاوازییان بوو بە هێز و خیانەت و چڵێسییان بوون بەدەستپاکی و وشکییان بوو بەخۆش مەحشەری و ترسنۆکییان بووە ئازایەتی و دڕندایەتییان بووە نەرمونیانی، بەگشتی هەموو خووە کۆنە پووچەکانیان گۆڕان بەئەخلاقی بەرز و باوەڕە بۆماوە بێ بنەماکانیان بوونە باوەڕی دروستی سەلمێنراو، بەجۆرێک کە مرۆڤی ژێر هەست بەگۆڕینی هەڵسوکەوت و لەدایکبوونەوەیان بکا و دان بەوەدا دەنێ کە لە مەرگ زیندووبوونەوە و دوای ئەوەی زبڵ بوون ڕوانەوە. هەموو ئەمانەش کە

بۆتمان باس کرد بەری باوەڕی تەواون کە لە ئاکامی ئەو خواپەرستییەوە دروست دەبێت کە داوا لە پێغەمبەری دەستپاک کراوە و "واعبد ربك حتى يأتيك اليقين". ئەمەش بەسە بۆ ئەوانەی بینان."[1]

(١) ئەبولفەزڵ، بژاردەیەک لە نووسینەکانی ئەبولفەزڵ (دەزگەی بڵاوکردنەوەی بەهایی لە بەلجیکا، برۆکسل، ١٩٨٠) ل ٤٣-٧٣.

# پاشکۆی سێیەم

وێنە و دۆکیومێنت



لەگەڵ باوکم شێخ فەرەجوڵا زەکیی کوردیی مەریوانی لە قاهیرە



لەگەڵ چەند قوتابییەکم لە (دار المعلمات) لە بەغدا



لەگەڵ دایکم، شەوکەت
فەرەجولاّ، لە بەغدا



ئەحمەد خانەقای خەڵکی
کەرکووک، کە بەهائولاّی زۆر
خۆش دەویست



ئەمین حەسەن ڕەواندزی
(١٨٩٨-١٩٥٥) هاوسەرەکەی و
ناجیە (١٩٠٨-١٩٧٩)
لای چەپ: ئەمین ١٩٤٣ لای
ڕاست ناجیە ١٩٦٠



پیرۆز و هێڤی، منداڵانی
ئەمین و ناجیە، ١٩٦٠



ماجید مستەفا، خاڵی فوئاد عارف. ئەو و هاوسەرەکەی، دوای مردنی باوکم لە ڕادەبەدەر لەگەڵمدا دڵئاوا بوون



یونس ڕەئووف دڵدار، شاعیری گەورەی کورد کە لە بەغدا دەرسی زمانی کوردیی پێ دەگوتم



شێخ مەحموودی حەفید، کە باوکم زۆری خۆش دەویست
(بە مۆڵەتی میهرەبانانەی عەبدولقادر بریفکانی، دووبارە
چاپ کراوەتەوە و لە کتێبەکەی بەناوی مێژووی وێنەداری
بزووتنەوەی نوێی نەتەوایەتیی کوردییەوە، وەرگیراوە
١٩٩٩)



دوڕییه عه‌ونی، کوردێکی زۆر به‌هه‌ست



قاسم ئەمین، کوردێک کە
داکۆکیی لە مافی ژنان
دەکرد



ڕێورەسمی کۆتاییی
خوێندنی قوتابخانە



له سلێمانی له یەکەم سەردانمدا، دەوروبەری ١٩٤١



له سلێمانی لەسەر سەربانی ماڵێک، دەوروبەری ١٩٤٢



فاتنة النائب، خاتوونه شاعیری دۆستی عێراقیم لەگەڵ ئەو ژنانەی وا هاتبوونە خواحافیزیم، کاتێ بەغدام بەجێ هێشت، ١٩٤٩
(فاتنة النائب لە دەستە ڕاستمە)



لەگەڵ ژنانی کورد لە مەریوان، ١٩٧٠



پیاوانی هۆزەکەمان لە مەریوان. کوڕە لاوەکەی مێزەری سپیی بە سەرەوەیە،
ئامۆزامە.



جلوبەرگی کوردی کە حەفسە
خاتوون براژنی شێخ مەحموود پێی
دام (ئێستاکە لە مۆزەخانەی کوردی
لە برووکلین، ولآتە یەکگرتووەکان
پێشان دەدرێ)



برازاکانی هۆمەر دزەیی



لەگەڵ عەلی نەخجەوانی لای چەپم و موحسین عینایەت لای ڕاستم



پێشاندانی جلوبەرگ و قاڵیی کوردی،
لە مۆزەخانەی کوردی لە برووکلین، نیویۆرک




شاییی من و ڕۆبێرت گولیکی هاوسەرم، ١٧ی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٠ لەسەر کێکەکە نووسراوە: "ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا، یەک بگرن بەهیە و ڕۆبێرت"



لەگەڵ کوڕە بچکۆلە خۆشەویستەکەم، حوسەین، ١٩٥١



شێخ فەرەجوڵا زەکی کوردیی
مەریوانی



شێخ فەرەجوڵا لەگەڵ
پسپۆڕێکی ئەڵمانیایی،
قاهیرە، سەرەتای ١٩٣٠یەکان



کۆبوونەوەی بەهائییان لە قاهیرە، ١٩٣٢، شێخ فەرەجولاّ لای دەستە چەپ
مێزەری سپیی لە سەرە



شێخ محێدینی کوردی
قاهیرە، ١٩٢٥



شێخ محێدینی کوردی، میرزا مەحموودی زەرقانی، شێخ حەسەن عەبدو



لەگەڵ منداڵانی
سوورپێست، ئاریزۆنا،
١٩٧٠



محێدینی کوردی لەگەڵ بەهائییانی عەنتاب

تورکیا، ١٩٣١ یا ١٩٣٣



وێنەیەکی تری شێخ محێدین

هۆمەر دزەیی لەگەڵ
ڕووناکی خێزانی



لەگەڵ ئەبولحەمید خەمیر مستەفا، دوو تونسی کە ئاینی بەهایی
لای شێخ محێدین کوردی فێر بوون




بەشێک لە وشە شاراوەکانی بەهائوڵڵا، ژمارە ٦٤، لە ئەسڵی عەرەبیدا
(خۆشنووس: بورهان زاهیری و مۆڵەت پێدراو بۆ چاپ لەم کتێبە)




بەهائولاّ خاوێنکردنەوەکان، بەشێک لە نووسراوەکانی بەهائولاّ،
ژمارە ٤، لە ئەسڵی فارسیدا (خۆشنووس: بورهان زەهرایی،
مۆڵەت پێدراو بۆ چاپ لەم کتێبە)



وێنەیەکی عەتا سادقی گۆران:
ژنێکی کورد کە خەریکی چێشت لێنانە
(بەمۆڵەتی میهرەبانانەی هونەرمەندەکە)



وێنەی نیگارکێشییەکی عەتا سادقی گۆران

ژنێکی کورد بەجلوبەرگی شینەوە

(بەمۆڵەتی میهرەبانانەی هونەرمەندەکە)



دایکم لەگەڵ کچانی کورد لە سلێمانی، زۆربەیان قوتابیی خۆم بوون



لەگەڵ کچانی کورد لە سلێمانی



وریا، جان و زۆزک ڕەواندزی، مندالآنی ئەمین و ناجیە، پاریس، ١٩٨٤




ئێلیزابێس داهی، بەهاییەکی سوورپێستی نەڤاجۆ

(لە کۆبوونەوەی بەهائییاندا)



ئەحمەد شەوقی، شازادەی شاعیران، هاوولاتییەکی کورد



جۆلای سوورپێستەکان و نەوەکەم، ئاریزۆنا، ساڵی نەوەتەکان



هو الأبهى الأعلى

حبيبي الجليل ايدك الله تعالى بالقوة الملكوتية النازلة من سماء امره
الأقدس الأسمى وشيّد ظهرك بجنود جبروته الأعز الأعلى .
وبعد فليعلم حبيبي الجليل اني سمعت ماحدث هناك وتحملته في محبة مولاك
وتأسفت على ماورد عليك من الذين لا تحب الآخيرهم وسعدهم ولا ترجو
من الله تعالى الا عزّهم ومجدهم ولاتسعى الا في اعلاء كلمتهم ولا تجتهد الا
فيما يأول الى سعادتهم . الا انه هو الجهل احاط بنا الشرقيين بدرجة لا
نعرف خيرنا من شرّنا ولا حبيبنا من عدونا حتى احاطت بنا البلايا من
كل الجهات وغلب علينا من لا يرحمنا في جميع الأحوال . فليصبر حبيبي
حفظه الله وليستقم على امره فانه تعالى وعد الصابرين الغلبة والنصر
وبشّر المستقيمين بنزول ملائكة الرحمة ( الذين قالوا ربنا الله تتنزل عليهم
الملائكة ) الآن كل ذلك سببه ترك الحكمة المنزلة في كتاب الله
والتساهل في اتباع اوامر الله ومخالفة الأحكام الصريحة النازلة في
الواح الله . وقد جعل الله الحكمة درعًا لاوليائه وحصنًا لأحبائه
وقوامًا لأمره وسياجًا لدينه وسراجًا منيرًا لكل قائم على اعلاء
كلمته وحبلاً متينا لمن يقوم على حفظ شريعته . فعليك بالحكمة
ثم عليك بالحكمة لتجد قدامك سراجًا منيرا ومن يؤتى الحكمة فقد اوتي
خيرًا كثيرًا . وقد صدرت الألواح العزيزة افتخارًا لكم وابقاءً
لذكركم وازديادًا لسروركم وتكميلاً لحبوركم اقدمها لكم بيدي
ان شاء الله تعالى في وقت مقابلتكم وحضوركم وابلغكم ماسمعته
شفاهًا من ذاك اللسان الكريم والخطاب العظيم مايزيدكم قوة
وتأييدًا وشرفًا وتسديدًا . ابلغ سلامي وتحيتي واكرامي على حضرة

وێنەی بەفاکس هەڵگیراوی نامەیەک کە میرزا ئەبولفەزڵی گوڵپایەگانی بۆ باوکمی نووسیوە



86

الطاهرة

أيا قرةَ العينِ كم أستطيبُ — عذابيَ مخلصةً للبراءْ
أفدي بروحيَ مختارةً — كما قد فديتِ وبالفداءْ
فضحيتِ بالنفس من أجلهِ — وحُملتِ ظلماً صنوفَ العناءْ
تكبدتِ وحدكِ ما لم تطقه — قلوبُ الرجالِ فكيف النساءْ
وأبديتِ روحاً عظيم السمو — وطارك الوحي نحو العلاءْ
وأشرقتِ كالشمس فتانةً — تبثُّ الحياةَ، تريقُ الضياءْ
أردتِ السعادةَ فاستكبروا — ولم يفهموكِ فخابَ الرجاءْ
وأظهرتِ نفسكِ رقراقةً — تطوّفُ للكل ترجو الهناءْ
أساؤوا الظنونَ فيا ويلهم — أماتوا العباقرةَ الأبرياءْ
ولكن روحكِ في نجوةٍ — تعيشُ بخلدٍ جميلِ الرواءْ
تمنيتُ عيشكِ في عهدنا — ولكن ربي له ما يشاءْ

أيا قرةَ العين قد أفعمتْ — قلوبُ الأنام بسمِّ الرياءْ
وباتتْ عيونيَ لا تلتقي — سوى ما يزيدُ ركامَ الشقاءْ
فحطمتُ كأسيَ في لحظةٍ — وصنتُ المشاعر بالانطواءْ
وصنتُ الفؤادَ فما تاقَ يوماً — برغم التلهبِ نحو استقاءْ
وأقسمتُ بالله ألا أبوحَ — الى من رعاني ولا من أساءْ
همُ الناسُ لم يعرفوا ما الحياةُ — وعاشوا عبيداً وكن الإماءْ
قيود تخللهم لم يروموا — فكانوا وما فكروا بارتقاءْ
وقد أبدعوا في رقيِّ الجسوم — وأردوا عقولهم [illegible] انتشاءْ
وقد أولعوا باجتناء القشورِ — وعافوا اللبابَ فيا للغباءْ

- - -

عرفتهمُ غضةً فابتعدتُ — ففي النفس عزٌّ وفيها إباءْ
نواياهمُ السوءُ، ما فكروا — بغير الخديعة والابتغاءْ
يودون أن يلعبوا بالجنان — ولكن محالٌ بلوغُ السماءْ

وێنەی فاکسی شیعرێک بە دەستنووسی فاتنة النائب

87

فليس الخداع لهم نافعًا … وليس لقلبي غيرُ النقاءْ

- - - - - - -

أيا قرةَ العينِ يا زهرةً … ذوت دون جرمٍ قبيلَ المساءْ
أحسّ بروحك في مخدعي … تنير الدياجي فتحلو الأجواءْ
فتنقذُ روحيَ من وحدةٍ … تردتْ البرح وطال البقاءْ
وقد عذبوها ولم تقترف … وكانت ذنوبيَ عهد الوفاء
سأتبع روحك في صومعة … وأنهل وحيك نهل الظماءْ
وينصبُّ صوتك في خافقي … فغنيه السحرُ ويحتاجُ ماءْ
أحبكِ تائقةً للقا … ولي في لقائكِ كلُّ العزاء

## وراء الضباب !

تقرّبْ إليّ ، تقرّبْ إليا … فإني أراكَ بعيداً قصيا
أيا نورَ ربي تجلى لقلبي … فما زال قلبي رقيقاً نقيا
تملكتَ قلبي وأعماقَ روحي … ولكن عينيَّ ترجوك هيا
أتى لي الحياةَ فهذا الضباب … يغطي السعادة عن ناظريا
وراءَ الضبابِ يلوحُ المرادُ … فأيان يبدو قريباً جليًا ؟
يراه الفؤادُ ويهفو بشوقه … ليسقيه كأساً ويرويه ريا

أ ف
١ شباط ١٩٤٦





چیاکانی چەهریق [چاری]




Southern, Central, and Eastern Kurdistan. © Kurdish Library, 1992


Western and Northern Kurdistan
Areas with Kurdish Majority
Scale:
© Kurdish Library, 1992
TURKEY
SYRIA
IRAN
IRAQ
Western Kurdistan
Northern Kurdistan
L. Van
Euphrates R.
Murat R.
Araxes R.
Tigris River
ERZURUM
KARS
Ardahan
ERZINCAN
DARSIM
(Tunceli)
BINGÖL
ELAZIG
MALATYA
ADIYAMAN
MARAS
ANTEP
(SANLI) URFA
Siverek
DIYARBAKIR
MARDIN
Batman
SIIRT
BITLIS
MUS
VAN
AGRI
(Kose)
Hakkâri
Cizre
Nesibin
Qamishli
Hasaka
Salmâs



زارۆیەکی کورد



کچی برای ئێلیزابێس داهی



لەگەڵ ئەبولحەمید
خەمیر و مستەفا
بوشوشە، دوو تونسی کە
ئاینی بەهایی لای شێخ
محێدین کوردی فێر بوون



هودا شەعراوی



مارسەرۆت



فاتنة النائب "سەدوف"

# پێڕست


سوپاسنامە ........ 7
وشەیەک ........ 8
پێشەکیی وەرگێڕ ........ 9
پێشەکی ........ 14
بەشی یەکەم ئەوینی کوردستان ........ 21
بەشی دووەم: باوکم، شێخ فەرەجوڵا زەکی کوردی مەریوانی ........ 36
بەشی سێیەم: کورد و ئاینی بەهایی ........ 53
بەشی چوارەم: بڕوا سەرەکییەکانی ئاینی بەهایی ........ 88
بەشی پێنجەم: ناوجەرگی ئاینی بەهایی ........ 110
بەشی شەشەم: قورەتولعەین ........ 123
پاشکۆی یەکەم: بەزمانی عەرەبی ........ 165
پاشکۆی دووەم: بەزمانی کوردی ........ 179
پاشکۆی سێیەم: وێنە و دۆکیومێنت ........ 205